تصوير ابو عبد الرحمن الكردي

قەدەر

لە ڕووناکیی "قورئان" و "سوننەت"دا

محمد فتح اللە گولەن
دایناوە

فاروق ڕسول یحیی
کردوویە بە کوردی

ئەم کتێبە:

- زانای پایەبەرز مامۆستا (محمد فتح الله گولەن) بە زمانی تورکی دایناوە.
- مامۆستا (ئیحسان قاسم صالحی) لە تورکیەوە وەرگێڕاوە بۆ عەرەبی.
- (فاروق رسول یحیی) لە عەرەبیەوە کردوویە بە کوردی.
- چاپی یەکەم: (١٤٢١ك – ٢٠٠١ز).
- مافی لەچاپدانی هی وەرگێڕە.

قەدەر

لە ڕووناکیی "قورئان" و "سوننەت"دا

زانای پایەبەرز

محمد فتح الله گولەن

دایناوە

فاروق رسول یحیی

کردوویە بە کوردی

به ناوی خوای بەخشندەی میهرەبان

وتەیەکی پێویست

سوپاس و ستایشی هەتاهەتایی و شایان بۆ خوای گەورە و، دروودی نەبڕاوەی ئەو خواوەندەش بۆ سەر گیانی پێغەمبەری خۆشەویست و سەرووەرمان حەزرەتی محمدی ئەمین ﷺ و بۆ گیانی سەرجەم ئال و یاران و شوێنکەوتوانی.

چەند ساڵێك پێش ئێستا مامۆستای بەڕێز (ئیحسان قاسم سالحی) ئەم کتێبەی لە تورکیەوە کردبوو بە عەرەبی و، پاشان بەوپەڕی لەخۆبوردەیی وتەوازوعەوە داوای لێ کردم پێش چاپکردنی کتێبەکە بە دارشتنی وەرگێڕانە عەرەبیەکەیدا بڕۆمەوە و لەو لایەنەوە پێشنیارەکانم بخەمە ڕوو. منیش بەڵێنم دا کە خواستەکەی بهێنمەدی و کتێبەکەی بۆ بخوێنمەوە.

لێتان ناشارمەوە کە یەکەم جار بەو نیازەوە دەستم بە خوێندنەوەی کرد. بەڵام دوایی کە هەر جارەو لاپەڕەیەکی نوێم لێ دەخوێندەوە پتر نرخ و بەهای کتێبەکەم بۆ دەردەکەوت و زیاتر وەڵامی پرسیارەکانی خۆمم بە ڕوونی تێدا دەبینیەوە کە لە مێژە لەناو کتێبەکاندا بە دوایاندا عەودالْ بووم! بۆیە ئەم کتێبە سەرنجی ڕاکێشام و، ڕوخسەتی وەرگێڕانیم لە مامۆستای ناوبراو وەرگرت و، بە پشتیوانیی خوای گەورە دوای کەمتر لە ساڵێك دەستنووسی ئەم وەرگێڕانە کوردیەشمان هێنایە بەرهەم. بەڵام لەو ساتە وەختەوە هەر بۆ دەرفەتێك دەگەڕێم لەچاپی بدەم و خوێنەرانی بەڕێزیش بە زمانی کوردی سوود و بەهرەی لێ وەربگرن. وا ئێستا خوای گەورە ئەو دەرووەشی کردەوە و، بەم شێوەیە خستمانە بەر دیدی ئێوەی خوێنەری بەڕێزەوە، بەو هیوایەی کە سوودی چاوەڕوان کراوی بۆ ئێوەش تێدا بێت و، دوعای وەرگرتن و لێخۆشبوونیش بفەرموون بۆ دانەری کتێبەکە و وەرگێڕی هەردوو زمانەکە و هەر کەسێکی تریش کە ڕۆڵی ئیجابیی لە ئامادەکردنی ئەم بەرهەمەدا بووە.

وصلى الله على سيدنا محمد النبي الأمي وعلى آله وصحبه وسلم.

والحمد لله رب العالمين.

فاروق رسول يحيى

بسم الله الرحـــمن الرحيم

پێشەکی

هەر لە دێر زەمانەوە مەسەلەی "قەدەر" بە جێی بێ‌هەڵخلیسکان دانراوە. بۆیە زانایانی ئیسلام تەنها گرنگترینی بناغەکانی "قەدەر"یان بە ئایەت و فەرموودە پیرۆزەکان و بە چەشنێکی پوخت و کورت خستووەتە ڕوو، بێ ئەوەی خۆیان لە قەرەی لایەنە قووڵ و پەرش و بڵاوەکانی بدەن، تاکو خەڵکی عەوام و نەشارەزا لەو ڕێگا پێچاوپێچانەی قەدەردا سەرگەردان و ون نەبن کاتێ بیر لە درێژەپێدانە وردەکانی قەدەر دەکەنەوە یان لێیان دەکۆڵنەوە.

بەڵام ڕۆژ لە دوای ڕۆژ "بیری ماددی" لە سەرانسەری جیهاندا بە ڕادەیەك پەرەی سەند کە بوو بە بناغەی سیستەم و ڕژێمی هەندێ دەوڵەت و، بەردی بناغەی خوێندنیش لە ئاستی سەرتاسەری جیهاندا. هەر لەم کاتەدا زەنگی مەترسی و ئینزاریش لای خۆمان دەستی بە لێدان کرد؛ چونکە ئەم بیرە، وردە وردە، مەڵبەندەکانی فێرکردنی ناو جیهانی ئیسلامیشی گرتەوە و بە چەشنێك تەشەنەی کرد وەك بڵێیت شێوازێك بێت کە پێویست بێت چاوی لێ بکرێت! ئەوەبوو ئەم بیرە لە ڕێی بڵاوکردنەوەی گومان و دوودڵی‌یەکانەوە، گیانی ڕەخنەی لە ناوەندە گشتی و تایبەتی‌یەکاندا گەشە پێدا و، ماددی‌یەکانیش بابەتەکانی قەدەریان قۆزتەوە و وەك بوارێکی لەبار و زەوی‌یەکی نەرم‌ونۆڵ و بەکەڵك بۆ ئەو مەبەستە بەکاریان هێنا و، بە هەموو هێزێکەوە هێرشەکانیان لەوێوە ئاراستە کرد، لە کاتێکدا کە موسڵمانان خۆیان لە تاوتوێ‌کردن و لێدوانی ئەو چەشنە باس و بابەتانە دەپاراست و دوورەپەرێزی‌یان لێ دەکرد.

خۆ ئەم وەچە نوێ‌یانەی ئێستا کە لە خوێندنی ئایینی بێ‌بەش کراون و لێی دابڕاون، تابڵێیت لاواز و بێ‌چەك و بێ‌پارێزگارین لە بەرامبەر ئەم هێرشە سەخت و چڕانەدا. بۆیە بە سەرسامی و سەرگەردانی مانەوە، تەنانەت بەشێکی زۆریشیان نەیانتوانی هێندە خۆیان ڕابگرن کە پارێزگاری لە خۆیشیان بکەن و نەکەونە خوارەوە بۆ ناو گێژاوی ئینکاری و سەرسەختی!

دیارە حاڵی بەرە(جبهة)ی ئێمەش لە شوێنەکانی تر باشتر نەبوو، چونکە پێشتر خۆی بۆ ئەم زۆرانبازی و ململانێ‌یە ئامادە نەکردبوو، هەروەك ئەو زانیاری‌یانەش کە هەر لە

مێژە لە لامـان کەڵەکە بووبوون هیـچ سـوودێکیان تێدا نەبوو لـە ڕووبەڕووبوونـەوەی چەکە نوێکانی هێرشی ئێستادا. ئەمە جگە لەوەی کە بـەرەی بەرامبەرمان: (یەکـەم) بـە چەشـنێکی ڕێکخراوی ورد و بـە کـەسـایەتی‌یەکی مەعنـەویی جیهانی‌یـەوە هـاتبووە پێشـەوە و.. (دووهـەمیش) ئامـانجی ئـەو تەنـها ڕووخـاندن و کـاولکـاری بـوو لـە بریـی ئاوەدانکردنەوە، کە ئەمەیان کارێکی قورس و دژوارە و.. (سێ‌هەمیش) تەوژمی ئیلحاد هێندە بـەهێز و پەرەسێن بوو کـە بە وێنەی پەتا بڵاو دەبووەوە و بـە خێرایی تەشـەنەی دەکرد.

کەواتە ئەو دوو "بەرە" دژ بە یەکە لەم ململانێ‌یەدا هاوتای یەکتری نـەبوون، بـەڵکو بەرەی ئەولا خاوەنی کێش و قورسایی‌یەکی لەبەرچاو بوو، ئەمـەش هـانی غیرەتمـەندان و کەسانی خاوەن ویژدانی دا کە خەمی چارەنووسی نەتەوەکەمان بخۆن، بە تایبـەت کاتێ کە ئەم بیرە بە وێنەی گڕ گرتنی پووش و پەڵاش لەناو چینەکانی خەڵکی‌دا پەرەی سەند و تەنانەت چایخانە و کۆڕە گشتی‌یەکانیشی گرتەوە.

ئا لـەم کاتـە ناسـك و سـەختەدا، زانـای مـەزن و پایەبـەرز مامۆستا "محمـد فتـح الله گولـــەن" لـە شـێوەی پرسـیار و وەڵام و گفت‌وگـۆدا دەسـتی دایـە ئامۆژگـاری و پێشکەش‌کردنی وانە و ڕێنمایی‌یەکانی و، لە کۆڕەپانێکی یەکجار فراوانی کـار کردن‌دا بۆ ئەم مەبەستە لـێ برا، هەر لە کورسیی وەعز و ئامۆژگاریی مزگەوتەکانەوە بۆ چایخانـە گشتی‌یەکان کە لە هەموو شوێنە جیاجیاکانی شاردا بـڵاون و، تا دەگاتـە ناوەنـدەکـانی زانکۆ و چینەکانی ڕۆشنبیران. ئێمـە لـەو شایەتانەین کـە ئـەم کـارە سـەرومڕ و خزمەتـە مەزنەیمان بە چاوی خۆمان بینـی، چونکـە هـەر پرسیارێك لـە هەرکەسێکەوە و بـە هـەر شێوازێك و بێ دوودڵی ئاراستە بکرایە، یەکسـەر وەڵامـی تێر و تەسـەل و شیفابەخشـی ئەو پرسیارەی دەدرایەوە، بە تایبەت ئەو پرسیارانەی کە لە بابەتەکانی قەدەرەوە ئاراستە دەکران و بەهۆی ئەو تەم و مژەی کە بە سـەریانەوەیە، دەبن بەمایەی پێ‌هەڵخلیسـکانی ئەوانـەی لێـی دەدوێن. هـەموو ئـەو وەڵامانـەش هێنـدە ڕوون و ئاشـکرابوون توانی‌یـان چلکی ئەو گومان و دوودڵی‌یانە لابـەن کـە لـە ژیری و زەینـەکان نیشتبوون، هـەروەك بیرەکانیشیان لە چەپەڵی‌یە سەر لـێ‌شێوێنەکانی گشـت جۆرەکـانی "گومڕایی" خـاوێن دەکردەوە. بـە چـاوی خۆمـان ئـەو ئاڵوگۆڕانـەمان دەبینی کـە لـەو خەڵکەدا بـەرچاو دەکـەوت، چونکـە سـەرجەمی ئـەم دانیشـتنانە بەگوێ‌پێ‌نـەدان و پشت‌گوێ‌خسـتنی باسەکان لە لایەن دانیشتووانەوە، بە تایبەت لە چایخانەکان‌دا، تەنانـەت هـەندێ جار بـە دەربڕینی ڕێز لـێ‌نەنان و گوێ‌ڕانەگرتن، یان بەرپەرچدانەوەی دەسـتکرد و غەڵبەغەڵب

دروست کردن، ئەو کۆڕانە دەستی پێ دەکرد، بەلام پاش ماوەیەك و وردە وردە دانیشتووان دەبوون بە گوێبیستی جیددی و ئینجا کشومات بۆ گوێڕاگرتن لەو گفتوگۆیانە دادەنیشتن، دەتوت بالندە بەسەریانەوە نیشتووەتەوە!

ئەو پرسیار و وەڵامانەش لەسەر شریتی کاسێت تۆمار دەکران و پاشان دەستاودەستیان پێ دەکرا و، لەم ڕێیەوە خوای گەورە گەلێ کەسی سەرگەردانی لە زۆنگاوی گومڕایی دەرهێنا و، ئنجا ئەوانیش بوون بەهۆی ڕزگاربوونی هاوەڵەکانیان. چونکە ئەو قسە و گوفتارانەی کە لەو گفتوگۆیانەدا ئاراستە دەکران چەند وشەیەکی سارد و سڕ و تەعبیری وشکی مەنتیقی و بێ گیان نەبوون، بەڵکو چەند "بەر"ێك بوون کە درەختی دڵێکی خەمبار گرتبوونی و بە فرمێسکەکانی چاوێك ئاودێری کرابوون کە لەناوچوونی تەواوەتیی "جیل"ێکی بەدبەختی بینیبوو، ئەو جیلەی کە تەسلیمبوون و ملکەچیی لەدەست دابوو، هەروەك بناغەکانی ڕێز و ئیحترامیشی لێك هەڵوەشابوون و لە هەڵدێرەکانی ئینکاری و سەرسەختیدا کەوتبووە خوارەوە!

بەڵێ، ئەو وشانە گەرم‌وگوڕی و حەیەوییەت و سۆز و میهرەبانییەکی ئەوتۆیان لەگەڵ خۆ هەڵگرتبوو کە بوون بەهۆی گێڕانەوەی زۆر کەس بۆ لای هەست و شعوری ڕاست و دروستی خۆیان، تەنانەت هانی دان ئیمانی کەسانی نزیکی خۆیشیان - بە ئیزنی خوا - ڕزگار بکەن.. هەروەها ئەو وشانە لەڕینەوە و ڕاچڵەکینی ویژدانێك بوون کە لە دەرمانخانەی قورئانی حەکیمدا دەرمانێکی ئەوتۆی هەڵبژارد کاریگەریی ئاشکرای بۆ چارەسەریی ژیریی ئەوکەسانە تێدا بێت کە گوفتاری ئاراستە دەکردن لەوانەی کە هەندێکیان تەنانەت داب و ڕێ و شوێنی پرسیارکردنیشیان نەدەزانی! ئیتر بە وێنەی پزیشکی شارەزا و کارامە مەڵهەمی سارێژکاری لەسەر زامەکانیان دادەنا و بە سۆز و میهرێکی لەڕادەبەدەریشەوە دەرمانی شیفابەخشی پێ دەنۆشین، بە فەزڵی خوای گەورەش چەندین ئەنجامی جوان و ڕەنگینی لە "جیهانی ڕۆح"ی گوێبیستاندا بەرهەم دەهێنا.

ئەم کتێبەی بەردەستمان "بابەتی قەدەر" لە ڕوخسارە پێناسەیی‌یەکەیدا و لە ڕووبەرێکی فراوانی بە ئەندازەی گەردووندا پێش‌چاوی گوێبیستان دەخات، چونکە ئەو ڕێسا یەکجار وردە دەردەخات کە لە سەرتاسەری گەردووندا هەیە، هەر لە گەردیلە و ناوك و تۆوەکانەوە تا دەگاتە هەسارە و گەلەستێرەکان و، ڕوونی دەکاتەوە کە هەموو بوونەوەرێك هەر لە سەرەتای دروست‌بوونیەوە تەصمیم و نەخشەی بۆ کێشراوە. هەروەها دەریدەخات کە: ڕوون‌بوونەوەی "واتای قەدەر" لە ناخی

مرۆڤدا و شی كردنەوەی نهێنییەكانی - یەك لە دوای یەك - خاڵێكی تری بنەڕەتییە لەم مەسەلەیەدا. هەروەك سەرنجیش بۆ جیاوازییەكانی چەمكی "قەدەر" ڕادەكێشێت لە لای ئەو كەسەی كە لە سەرەتای ڕێگادایە و ئەو كەسەش كە چەند قۆناغێكی دووری لە قووڵایی ئیمان و نهێنیی ئیخلاس و نقوم‌بوونی لە خواپەرستیدا بڕیوە تا گەیشتووەتە دوا پلەكان.

جگە لەمانە، خوێنەر لەوەش ئاگادار دەكاتەوە كە زانینی هەندێ لە وردەكارییەكانی عیلمی قیافەت و شی كردنەوەی هەندێ لە نهێنی و ئەركەكانی ماهییەتی ڕۆح لە ڕێی ڕوخسار و سەروسیمای مرۆڤەوە، ئەویش هەر لە بابەتی قەدەرە.

لە لایەكی تریشەوە بوار بە بەشی "ویستی مرۆڤ" دەدات كە شتێكی هەندەكی و لاواز و گوێڕەیییە. لە هەمان كاتدا ئەهلی بەصیرەت لە پێوەر و حەقیقەتی شایەتیدانی "ویجدان" تێ دەگەیەنێت، هەر لە بەرپرسیاریی مرۆڤ لە كردەوەكانیەوە - بێ ئەوەی مافی لەخۆبایی‌بوونی بێت - تا دەگاتە كێشەی: ﴿أَلَسْتُ بِرَبِّكُمْ﴾؟

لە ڕاستیدا بەنرخیی وەڵامەكان جوانییەكی تر دەهاوێتە سەر بابەتەكە.

سێ بەشی یەكەمی ئەم كتێبە، زنجیرە پەند و ئامۆژگاری و وانە و ڕێنماییەكیان لە خۆدا كۆكردووەتەوە كە دانەری بەڕێز بەسەرپێییەوە ئاراستەی كردوون و ڕاستەوخۆ لەسەر شریتی كاسێت تۆمار كراون و ئنجا لەبەر كاسێتەكان نووسراونەتەوە و، پاشان خراونەتەوە بەردەستی مامۆستای دانەر، ئنجا دوای پوختەكاری و پێداچوونەوە، ئایەت و فەرموودە پیرۆزەكانیشی تەخریج كراون.

بەڵام بەشی چوارەمی ئەم كتێبە، وەڵامی ئەو پرسیارانەیە كە لە ڕێی چەند هۆكارێكی جیاجیا و لە چەند بابەتێكی جۆراوجۆردا ئاراستەی مامۆستای بەڕێز كراون.

پاشان دوای ڕێكخستنی بابەتەكانی ئەم كتێبە بەم شێوەیەی كە باس كرا، پێڕستەكانیشی بۆ دانرا و، بە تەواوەتی بوو بە كتێبێكی سەرچاوەیی.

هەرچەند ئێستا وا دەردەكەوێت كە هێرشە چڕ و پڕ و ڕێكخراوەكان ڕاوەستابن، بەڵام چرپەچرپەكانی نەفس و وەسوەسەكانی شەیتان گەلێ جار هێمنی و خاوێنیی جیهانی ناوخۆی دڵ و دەروونمان دەشێوێنن و لێڵی دەكەن، ئەمەش كارێك دەكات كە پێویستییەكانمان بەم دەرمانە شیفابەخشانە هەردەم زیاد بكەن.

لە ڕاستیدا ئەم كتێبە (قەدەر لە ڕووناكیی قورئان و سوننەتدا) تەنها وەڵامی چەند پرسیارێكی ئاراستەكراو نییە، بەڵكو بریتییە لە چەند تیشكێكی ئیمانیی ئەوتۆ كە "دڵ" و "ژیری" و "ویجدان" دڵنیایی خۆیانی تێدا دەبیننەوە.

ئالێرەوەیە كە پێویستیی گەرم‌وگوڕ و بەردەوام بەم كتێبە هەمیشە هەر دەمێنێت، لە ڕاستیدا كاركردن لە ئاستێكی جیهانیدا بۆ ئیمان و قورئان، دوای ئەمە دەست پێ دەكات. چونكە سەرتاسەری جیهان بە تایبەت ئەورووپا و ئەمریكا پێویستیان بەم حەقیقەتانەیە كە هیچ شتێكی لە بارەوە نازانن. بۆیە - پشت بەخوا - ئەم ڕاستییانە بۆ زمانەكانی تر وەردەگێڕین، تاكو سوود بە ڕووبەرێكی فراوانتری گرۆی ئادەمیزاد بگەیەنن.

ئێمەش ئەم بۆنەیە بە هەل دەزانین كە سوپاسی گەرم‌وگوڕ پێشكەشی مامۆستای بەڕێزمان بكەین و، نزای خێر بۆ گشت ئەو كەسانەش بكەین كە بوون بە مایەی بەرهەمهێنان و بەئەنجام گەیاندنی ئەم كارە پیرۆزە. هەروەك لە خوای گەورەی بەتوانا دەپاڕێمەوە كە تەمەنێكی بەپیت و بەرەكەت بە مامۆستامان ببەخشێت و لە تەواو كردنی بانگەوازەكەیدا سەری بخات. ئامین.

صەفوەت سەنیح

* * *

بەشی یەکەم:

قەدەر و لایەنە جیاجیاکانی

دەروازەیەك

"قەدەر" بریتی‌یە لە: تەقدیر و دەست‌نیشانکاریی خوای گەورەی خاوەن زانیاریی رەها سەبارەت بە "ڕابوردوو" و "ئێستا" و "داهاتوو". ئەو خوایەی کە هەموو ئەو شتانە بە وێنەی خاڵێکی بچووك وان لە پێش‌چاوی‌دا، بەڵکو هەر هیچ شتێك نی‌یە کە سەبارەت بە خوای گەورە ناوی: "ڕابوردوو" و "ئێستا" و "ئایندە"ی لێ بنرێت..

"قەدەر" بریتی‌یە لەم زانین و بینینە و، پاشان تۆمارکردنی تەواوەتیی هەرچی بووە و دەبێت، پێش ئەوەی ببێت، لە "کیتابی موبین"دا[1]. چونکە هەر تەنها خواوەندە کە بە زانست و تەقدیری خۆی دەوراندەوری بوونی هەموو شتێکی ناو بوونەوەری داوە و ئاگای لە هەموو ئەو شتانەیە کە دێنە "وجوود" هەر لە بچووکترین گەردیلەوە تا دەگاتە گەورەترینی گەلەستێرەکان و تەنانەت مرۆڤیش، پاشان ڕێکخستنی هەموو شتێك بەپێی "وجوودی عیلمی"یان و دەستنیشان‌کردن و پۆلێن‌کردن و تۆمارکردن و تەقدیرکردنیان لە لایەن خوای گەورەوە، بەوەی کە لە بازنەی "زانست"ی خۆیەوە دەریان‌دەهێنێت و دەیانخاتە بازنەی "توانست" و "ویست"ی خۆی. بەم کارەش ئەو بوونەوەرە دەهێنێتەڕوو لە جیهانی دەرەکی واتە لە جیهانی "وجوود"دا.

"باوەڕ بە قەدەر" یەکێکە لە شەش پایەکانی ئیمان، چونکە هەروەك مرۆڤ بە بێ‌گومانی و بە چەشنێکی بەدیهی باوەڕی بە "خوای گەورە و مەلائیکەتانی و کتێبەکانی و پێغەمبەرانی و زیندووبوونەوەی پاش مردن" هەیە، بە هەمان بێ‌گومانی و بەڵگەنەویستیش باوەڕی بە "قەدەر" هەیە. کەواتە ناگونجێ تەسەووری باوەڕ بە قەدەر لە دەرەوەی بازنەی باوەڕ بە پایەکانی تری ئیماندا بکرێت.

قەدەریش تەنها لەو شتانەدا دەکرێت بێت بە بابەتی باس و لێکۆڵینەوە کە تایبەتن بە مرۆڤەوە، وەك ئەو بیرکردنەوە و هەڵس‌وکەوت و جموجووڵانەی کە کاریگەریی

---

(١) بۆ تێگەیشتن لە "کیتابی موبین" بەم بۆچوونەی ئێرە، بڕوانە: سەرجەمی پەیامەکانی نوور – بەرگی یەکەم(وتەکان) ل ٧٨٣-٧٨٤ یان پەیامی: (من) پەراوێزی ل ٤١ - ٤٣.

"ویست"ی مرۆڤیان تێدایە. دیارە هەموو ئەو بابەتانەی کە پەیوەندی‌یان بە قەدەرەوە هەیە گرنگی و بەهایان لەوەدایە کە لەمەڕ "ویستی مرۆڤ" دەدوێن، دەنا هەر شتێك لە بارەی قەدەرەوە بوترێت وەك پێناساندنی شتی ناسراوی لێ دێت. واتە کاتێ کە بیر لە مرۆڤ و ویستی مرۆڤ ناکەینەوە ئەوا هەموو گوفتارێکمان سەبارەت بە قەدەر لە واتا و ناوەرۆك بەتاڵ دەبێت. چونکە هەروەك "بوونی مرۆڤ" واتا و ڕەنگێکی بەبەر بوونەوەر پۆشیوە، بە هەمان جۆر "ویستە جوزئی‌یە"کەشی گرنگیی بە مەسەلەی "قەدەر" داوە و ڕەنگێکی تایبەتیی پێ بەخشیوە.

لەبەر ئەوە، ئێمە لەم کتێبەدا لەو قەدەرە دەکۆڵینەوە کە پەیوەندیی بە "ویستی مرۆڤ"ەوە هەیە و، لە هەمان کاتدا بە دوای وەڵامی ئەو پرسیارانەشدا دەگەڕێین کە هەر لە مێژە سەبارەت بە "جوزئی ئیختیاری" بە زەینی مرۆڤدا هاتوون.

لە خوای گەورەی بەتوانا دەپاڕێینەوە کە تێگەیشتن و تێگەیاندنی قەدەرمان ئیلهام بکات لە ڕووناکیی ئەو ڕێبازەی کە ئەهلی سوننەت و جەماعەتی لەسەرە، هەر تەوفیقێکیش لەم چەشنە باس و لێکۆڵینەوانەدا دێتە ڕێمان هەر تەنها بەخشش و چاکەی خوای گەورەیە، هۆکاریشمان بۆ دەستکەوتنی ئەو تەوفیقەی خواوەند تەنها دەستەوسانی و هەژاریمانە.

* * *

١- واتاکانی قەدەر لە "زمان" و "زاراوە"دا..

قەدەر لە زمانی عەرەبی‌دا بە واتای "التقدير" واتە دەستنیشان کردن دێت. ئەوەتا دەڵێن: "قدّرَ الشيء بالشيء". واتە: ئەو شتەی بەوی تر هەڵسەنگاند و بە ئەندازەی ئەوی لێ کرد. هەروەها دەوترێ: "قدّرَ الأمرَ". واتە: کارەکەی سازاند و بەڕێی کرد و بڕیاری لەسەر دا. هەروەك بە واتای هێز و وزەش بەکار دێت. خۆ کاتێ کە ئەم وشەیە بە فراوانتر بەکار دەهێنرێت، ئەوا واتای: بڕیار لەسەردان و، جێبەجێ کردنی بڕیار، دەگرێتەخۆ.

ئنجا لە کۆی هەموو ئەم واتایانەوە بۆمان دەردەکەوێت کە قەدەر لە "زاراوە"ی ئیماندا بریتی‌یە لە: هەموو ئەو قەزا و حوکمانەی کە خوای گەورە دەستنیشانیان دەکات و بڕیاریان لەسەر دەدات.

ئەم ئایەتە مەزنانەی خوارەوە پشتی ئەم پێناسەیەی سەرەوە دەگرن:

﴿وعندَهُ مَفَاتحُ الغَيبِ لا يَعلَمُهَا إلاّ هو ويَعلَمُ مَا في البَرّ وَالبَحرِ ومَا تَسْقطُ مِن وَرَقةٍ إلاّ يَعلَمُهَا ولا حَبّةٍ في ظُلُماتِ الأرضِ وَلَا رَطْبٍ وَلَا يَابسٍ إلاّ في كتابٍ مُبين﴾(الانعام:٥٩).

﴿قُل لا أملكُ لِنَفْسِي ضَرّاً وَلانَفعاً إلاّ مَا شَاءَ الله، لِكُلِّ أُمَّةٍ أَجَلٌ اِذَا جَاءَ أَجَلُهُم لا يَستَأخِرُونَ سَاعَةً وَلا يَستَقدِمُونَ﴾(يونس:٤٩).

﴿وَمَا مِنْ غَائِبَةٍ فِي السَّمَاءِ والأَرضِ إلاّ فِي كِتَابٍ مُبِينٍ﴾(النمل:٧٥).

﴿إنّا نَحْنُ نُحيِي الْمَوتَى وَنَكْتُبُ مَا قَدَّمُوا وآثارَهُم وَكُلَّ شَيءٍ أحْصَيْنَاهُ فِي إمَامٍ مُبِينٍ﴾(يس:١٢).

﴿بَل هُوَ قُرآنٌ مَجيدٌ ۞ فِي لَوحٍ مَحفُوظ﴾(البروج:٢١-٢٢).

﴿وَيَقُولُونَ مَتَى هَذا الوَعْدُ إنْ كُنتُم صَادِقِينَ ۞ قُل إنَّمَا العِلْمُ عِنْدَ الله وَإنَّمَا أنَا نَذِيرٌ مُبِينٌ﴾(الملك:٢٥-٢٦).

قەزا و قەدەریش لە ڕوویەکەوە بە یەك واتا دێن، کەچی لە ڕوویەکی ترەوە و لە واتایەکی دیکەدا "قەدەر" هەموو ئەو شتانە دەگرێتەوە کە خواوەند تەقدیری کردوون، بەڵام "قەزا" جێبەجێ کردنی ئەم تەقدیرەیە و ئەنجامدان و ڕاپی کردنی فەرمانی ئەو دەستنیشانکارییەیە.

هەروەها "قەدەر" بریتییە لە گێڕانەوەی هەموو شتێك لە پێش بوونیدا، واتە گێڕانەوەی "وجوودە عیلمی"یەکەی بۆ خوای گەورە لە نەخشەیەکی "زانست"ی ئەودا. چونکە ئەو شتانەی کە ئامادە کراون بێنە ناو وجوودەوە و هەوڵ دەدەن جێی خۆیان لە زنجیرەی بوونەوەراندا بگرن، هەموویان لە لەوحی "کوژانەوە و نووسین"(المحو والإثبات)دا دەنووسرێن، کە لەوحێکە لە لایەن مەلائیکەتانەوە و لە ڕووی نووسینەکانی "لەوحی مەحفووظ"ەوە دەگیرێتەوە و دەنووسرێتەوە، کە ئەویش لە ناوەندی زانستی هەمەلایەنگیری خوای گەورەدایە. کەواتە "قەدەر" پێکەوەهاتنی "بەدیهێنانەکانی" خوای گەورەیە لەگەڵ "دەستکەوت"ی مرۆڤدا. واتە کاتێ کە مرۆڤ دەست دەداتە هەر کارێك ئەو کارە بە ویستی خۆی ئەنجام دەدات و خوای گەورەش بە ویستی خۆی ئەو کارەی بۆ بەدیدەهێنێت. کەواتە قەدەر بریتییە لە تەقدیری خوای گەورە بەهۆی زانستی ئەزەلی و ئەبەدیی خۆی سەبارەت بە بوونی هەموو شتێك پێش بوون و دوای بوونیشیان و چارەنووسی ئایندەشیان. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە ئەو بۆچوونەی پێی وایە: "قەدەر تەنها ناونیشانی زانستی خوایە" بۆچوونێکی ڕاست و دروست نییە. چونکە واتای قەدەر جگە لەوەی کە تەقدیر و دەستنیشانکردنی شتان دەگەیەنێت لە ڕێی "زانست"ی خواوەندەوە، ئەوەش دەگەیەنێت کە هەموو ئەو شتانە لە لایەن سیفەتەکانی تری وەك "بیستن و بینین و ویست و ئیرادە"ی خوای گەورەشەوە تەقدیر و دەستنیشان کراون. جا مادەم وایە،

ئەوا ئینکاری کردنی قەدەر لە ڕاستیدا ئینکاریی هەموو سیفەتەکانی خوای گەورە دەگەیەنێت. هەر لەبەر ئەمەشە کە بەشێکی زۆری لێکۆلەران بابەتی قەدەریان لە ناوەندی باسی خوایەتیی خوای گەورەدا ڕوون کردووەتەوە و وتوویانە: پێویست ناکات باسێکی سەربەخۆ بۆ قەدەر تەرخان بکرێت، چونکە زەروورەت داخوازی ئەوەیە مەسەلەی "قەدەر" لە ناوەندی باسی "ئولووهییەت"دا پێشچاو بخرێت.

بەڵام ئێمە وەك ئەوان ناڕوانینە مەسەلەکە، چونکە ئەم گۆشەی ڕوانینە لەوانەیە لە ڕوویەکەوە بۆنی ئەوەی لێ بێت کە "قەدەر" لە ناوەندی پایەکانی ئیماندا دانەنرێت.

لەبەر ئەوەیە کە دەڵێین: هەروەك باوەڕمان بە "خوای گەورە و مەلائیکەتانی و کتێبەکانی و پێغەمبەرانی و زیندووبوونەوەی پاش مردن" هەیە، بە هەمان جۆر باوەڕیشمان بە "قەدەر" هەیە. ئەمەش بۆ ئەوەی گوفتارێکمان لە زار دەرنەچێت کە چ بە پوختی و چ بە دووروودرێژی و چ بە هەر شێوەیەك ئاماژەی تێدا بێت بۆ ئینکاریی "ئیمان بە قەدەر" وەك پایەیەك لە پایەکانی ئیمان.

خۆ ئەگەر ئەسڵی مەسەلەکە ڕەچاو بکەین، ئەوا دەبینین ئیمامی ئەحمەدی کوڕی حەنبەل دەفەرموێ: "القدر من القدرة". کەواتە ئەو کەسەی ئینکاریی قەدەر بکات ئەوا ئینکاریی گەلێ کاروباری ئەوتۆ دەکات کە تایبەتن بە ئولووهییەتی خوای گەورەوە. واتە عەقیدەی ئولووهییەت لە دڵدا لەق دەبێت و سیستەم و بیر و بناغەی چەمکە ئیمانییەکانیش یەك لە دوای یەك لە بن هەڵدەوەشێن.

ئا لێرەوەیە کە "قەدەر" بە بابەتێکی گرنگ دانراوە. ئەوانەش کە لە ناوەندی چەمکەکانی ئەهلی سوننەت و جەماعەتدا لە قەدەر نەکۆڵیونەتەوە، لە ڕێ ترازاون و دووچاری گومڕایی بوون. عەقلانییەتی موعتەزیلەکان و حەتمییەتی جەبرییەکان هەندێکن لەو گومڕایی و لە ڕێ ترازانە.

٢- ئەو قەدەرە "جەبری"یەی کە بەسەر گەردووندا زاڵە.

ئەو فەرمانڕەوایەی کە فەرمانی لە سەرتاسەری گەردووندا زاڵە، بریتییە لە قەدەر و تەقدیر و ڕێسا و پێکەوەگونجان و نەخشە و تەرازوو و هاوسەنگی و ڕێکی.

ئایەتە مەزنەکانی قورئان ئەم "قەدەر"ە ڕێکخەرەی گەردوونمان تێدەگەیەنن:

﴿اللهُ يَعلَمُ مَا تَحمِلُ كُلُّ أُنثى وَمَا تَغِيضُ الأرحَامُ وَمَا تَزدَادُ وَكُلُّ شَيءٍ عِندَهُ بِمِقدَار ۞ عَالِمُ الغَيبِ وَالشَّهَادَةِ الكَبِيرُ المُتَعَال ۞ سَواءٌ مِنكُم مَن أَسَرَّ القَولَ وَمَنْ جَهَرَ بِهِ وَمَنْ هُوَ مُستَخفٍ بِاللَّيلِ وَسَارِبٌ بِالنَّهَارِ﴾(الرعد:٨-١٠).

﴿وَإِنْ مِن شَيءٍ إِلا عِندَنَا خَزَائِنُهُ وَمَانُنَزِّلُهُ إِلاَّ بِقَدَرٍ مَعْلُومٍ﴾(الحجر:٢١).

﴿وَالسَّمَاءَ رَفَعَهَا وَوَضَعَ الْمِيزَانَ﴾(الرحمن:٧).

بەڵێ، قەدەر هێندە فراوانە کە هەموو گەردوون دەگرێتەوە و شموولی هەموو شتێکی ناوی دەکات، بە ڕادەیەك کە ناتوانرێت تەسەووری هیچ شتێك بکرێت کە لە دەرەوەی قەدەردا بێت. چونکە خوای گەورەی بەدیهێنەری گەردوون بە زانینی هەمەلایەنگری خۆی تەرازوو و ڕێکی و ڕێسا و ڕێکخستن و ئەندازەیەکی دیاری کراوی لە هەموو شتێکدا داناوە، هەر لە چەکەرەکردنی ناوك و دەغڵ و دانەکانەوە تا دەگاتە بووژانەوەی بەهاری ڕەنگین و، هەر لە نەخشاندنی شێوە و ڕوخساری مرۆڤ لەناو ڕەحمی دایکاندا تا دەگاتە لەدایكبوونی ئەستێرەکان لە گەلەستێرە(مجرة) مەزنەکاندا. تەنانەت هەموو ئەو کتێبانەی کە لە سەدان هەزار دانە تێپەڕ دەبن و زانا لێکۆڵەرەکانی سەرتاسەری جیهان دایانناون، لە ڕاستیدا، تەرجەمە و ڕوونکەرەوەی ئەم ڕێسا و ڕێكوپێکی و تەقدیرە هەمەلایەنە و گشتگیرەن.

ئەم قەدەرەی کە بە سەر گەردووندا زاڵ و فەرمانڕەوایە، شتێکە دوور و نزیك.. دۆست و دوژمن.. ئیمانداری باوەڕدار و کافری سەرسەخت باوەڕی پێ دەکەن، تەنانەت "مارکس"یش کاتێ کە لە "حەتمییەت" دەدوێت لە ڕاستیدا ئەم قەدەرە فەرمانڕەوایەی گەردوون پێشچاو دەخات!

هەرچەند هەندێ لە زانایانی موسڵمانی وەك "ابن خلدون" دان بە جۆرە حەتمییەتێکدا دەنێن، تەنانەت ژیانی کۆمەڵایەتیش دەخەنە ژێر ڕکێفی ئەو حەتمییەتە، بە وێنەی چەمکی "حەتمییەتی مێژوویی" کە لە خۆرئاوادا باوە، کەچی ئێمە لە ناوەندی چەمکی "ئەهلی سوننەت و جەماعەت"دا ئەم حەتمییەتە بە چەند مەرجێکی تایبەتییەوە دەبەستینەوە و بە شێوەیەکی ڕەها(مطلق) وەری ناگرین، مەگەر لەگەڵ ئەو مەرجانەدا. دەبێ بیشزانرێت کە ئێمە دان بە بوونی قەدەرێکدا دەنێین کە فەرمانڕەوا و زاڵە بەسەر هەموو شتێك تەنانەت بەسەر ویستی مرۆڤیشدا.

بێ گومان ئێمە کاتێ کە دەست بە بنیاتنانی پرۆژەیەك یان دروست کردنی کاتژمێرێك دەکەین، یەکەم هەنگاومان بە دانانی نەخشە و تەصمیم دەست پێ دەکەین. بۆیە لە پێشدا بە تەقدیری خۆمان حساب بۆ هەموو ئەو شتانە دەکەین کە لەوانەیە لە دوارۆژ و قۆناغەکانی ئەو کارەدا بێنە ڕێمان. جا لە کاتێکدا کە ئەم تەصمیم و نەخشەکێشانە لە بینایەکی ئاسایی و ئامێرێکی سادەدا ئاوا پێویست بێت، ئیتر چۆن دەکرێ ئەم هەموو سیستەم و ڕێسا ورد و هاوسەنگییە سەرسووڕهێنەرانە بەبێ نەخشەو پلان و بەرنامە تەسەوور بکرێن کە بە هەموو بوونەوەرانەوە هەر لە گەردیلەکانەوە تا

دەگاتە مرۆڤ بە ئاشکرا دەبینرێن و لە بەرچاودان؟ ئایا بڵێیت ئەم ڕێسا ناوازەیەی کە بە گەردوونەوە دەبینرێت شان و شکۆی لە ڕێسای بینا و سیستەمی کاتژمێرەکە کەمتر بێت؟!

ناوك و تۆوەکان - لە ڕاستیدا - چەند وردیلە سندووقێکی پڕ لە "قەدەر"ن! ئەوەتا لاپەڕەکانی ژیانی هەموو تۆوێك، بەڵکو ژیانی درەختێکی تەواوەتی لەو تۆوەدا دانراوە. تەنانەت گەر ئەو ناوك و تۆوانە بخرێنە ناو خاکەوە ئەوا دەمیان بە هەزار جۆری ڕووەك و گوڵی ڕەنگاوڕەنگ دەپشکوێت، هەرچەندەش لە ڕووی پێکهاتن و دروستبوونیانەوە لە یەك دەچن و لە هەمان ماددە و کەرەسەی سادە دروست کراون. کەواتە هەموو تۆوێك کە چەکەرە دەکات و دەمی دەپشکوێت، لە بەردەم چاوی سەرنجدا ئەو پۆشاکە پێش چاو دەخات کە قەدەر بە ئەندازە و باڵای ئەوی بڕیوە، یاخود بەپێی ئەو شێوە و ڕوخسارە عیلمی و مەعنەوییە پێك دێت کە قەدەر بۆی دەست نیشان کردووە. خۆ ئەگەر هەزاران کەسی بەرگدروو بە درێژایی چەندین ساڵی دووروودرێژ کار بکەن، هێشتا هەر ناتوانن تەنانەت بەرگ و پۆشاکی تەواوەتیی تەنها یەك دانە درەخت بدوورن و ئامادەی بکەن، کەچی گشت درەخت و ڕووەکەکان، هەر لە سەرەتای دروستبوونیانەوە تا ئێستا، بەرگ و پۆشاك بۆ خۆیان بەرهەم دێنن. کەواتە چار نییە دەبێ ئەم کارە بۆ قەدەری فەرمانڕەوا و زاڵی ناو گەردوون بگێڕینەوە، دەنا جگە لە "قەدەر" بە چی دەکرێت ئەم کارە لێك بدرێتەوە؟

بیر لەم کۆشکە مەزنەی گەردوون بکەرەوە. ئەوەتا ئەو کەسەی کە لە بەردەم تەلەسکۆبدا ڕاوەستاوە، هەموو ئەو دوورییە یەکجار زۆرانە دەبینێت کە ماوەی پێنج ملیۆن ساڵی ڕووناکی لێمانەوە دوورن! واتە گەر ئەستێرەی "نیبلووز" بکوژێتەوە ئەوا تەنها دوای پێنج ملیۆن ساڵ دەتوانرێت کوژانەوەکەی ببینرێت! یان گەر تۆ بۆ خۆت ببیت بە "ڕووناکی" و بتەوێت بڕۆیت بۆ ئەوێ، ئەوا دوای پێنج ملیۆن ساڵ دەتوانیت بگەیتە ئەوێ! جا ئایا ئەم گەردوونە مەزن و ڕێسا وردە، مرۆڤ تووشی سەرسووڕمان و سەرسامی ناکات؟!

لە لایەکی ترەوە دەبینین کە ئەم جیهانە فراوانە پەیوەندییەکی بەتینی لەگەڵ ئەم مرۆڤەدا هەیە کە جیهانێکی بچووکە و جێنشینی سەرزەوییە، بە ڕادەیەك کە ئەم پەیوەندییە خەستوخۆڵەی نێوانیان "تەقدیری موتڵەق" و "زانستی هەمەلایەنگر"ی ئەو خواوەندە ڕوون دەکاتەوە کە بە وردترین ڕێسا و ناوازەترین تەرازوو و ڕەنگینترین تەقدیر و کارسازی، زەوی و ئاسمانەکانی ڕاگیر کردووە. ئەوەتا ئەو پێکەوەگونجانە

ورد و ئاشکرایەی نێوان ئەندامەکانی جەستەی مرۆڤ دەتوانرێت لە گشت بەشەکانی گەردوونیشدا ببینرێت.

"جین"(١) لەسەر حەق بووە کاتێ کە وتوویەتی:

(ئەو کەسەی جیهانی گەردیلەکان و جیهانی مرۆڤ و گشت جیهانەکانی تری رێکخستووە، بەپێی چەندین پێوەری ئەندازەیی ورد دایناوە و نەخشەی بۆ کێشاوە. چونکە ئەندازیاری‌یەکی فەرمانڕەوا بە سەرتاسەری گەردوونەوە دەبینرێت).

جا ئایا ئەم ئەندازیاری‌یە هەستیار و وردەی کە بەسەر گەردووندا زاڵ و فەرمانڕەوایە، سەروزیاد نی‌یە بۆ چەسپاندنی بوونی ئەو خواوەندە ئەزەلی‌یەی کە گەردوونی بەپێی ئەو نەخشەیە بەدی‌هێناوە؟

با ئەم مەسەلەیە بە گوێرەی تێگەیشتنی عەوامی خەڵکی پێش‌چاو بخەین :

گەر ئێوە خۆتان بۆ بنیاتنانی خانوویەك ئامادە کردبێت، با ئەو بینایە ساکاریش بێت، ئەوا بێ گومان یەکەم هەنگاوتان بەوە دەست پێ دەکات کە سەردانی ئەو کەسانە دەکەن لەو کارەدا جێی متمانە و برواتانن و پرس‌وڕایان پێش هەموو شتێك دەخەن. چونکە هەر هەڵەیەك لە تەقدیر کردنی ئەو بینایەدا هەبێت - با کەمیش بێت - لەوانەیە ببێت بەهۆی رووخاندنی خانووەکە لە کاتی تەواوبوونی‌دا. بۆیە تەقدیر کردنی ئەو حسابانە بۆ ئەو بیناکاری‌یە، کارێکی گەلێ پێویستە.

کەواتە ئەم "بینا" سادە و ئاسایی‌یە، پێویستی بە: تەقدیر و تەصمیم و نەخشەیەکی ئەوتۆیە کە لەگەڵی‌دا بگونجێت، خۆ ئێوەش هەتا پێداویستی‌یە بنەڕەتی‌یەکانی بۆ ئامادە نەکەن دەست نادەنە بنیاتنانی. تەنانەت دەبێ - زیاد لەوەش - چاودێری ئەو نەخشە و پلانە بکەن کە بۆ ئاوەدان کردنەوەی ئەو شارەی ئێوە دارێژراوە، هەروەك دەبێ شوێنی بنیاتنان و شێوە و دیکۆری دەرەوەی خانووەکەش رەچاو بکەن.. ئەمانە و شتانی تری جگە لەمانەش کە بۆ بنیاتنانی هەر خانوویەك پێویستن - با خانووەکە سادە و ساکاریش بێت - دەبێ لە سەرەتاوە رەچاو بکرێن.

لە کاتێك‌دا کە ئەم تەقدیرانە بۆ ئەم بینایە پێویست بێت رەچاو بکرێن، دەبێ بینای گەورەی فراوانی گەردوون پێویستی بە وردترین حساب و پێوەر و تەقدیر هەبێت. ئایا نموونەت لەسەر ئەمە دەوێت؟

(١) (جین): زانایەکی ئینگلیزە لە بوارەکانی: گەردوونناسی و بیرکاری و فیزیادا. لە نێوان ساڵەکانی: (١٨٧٧-١٩٤٦ز)دا ژیاوە. چەند کتێبێکی دوای خۆی بەجێ‌هێشتووە، هەروەك چەندین باس و لێکۆڵینەوەی جیاجیای ئەنجام داوە لە بارەی چۆنێتیی پێکهاتنی بۆشایی ئاسمان و گەردوون و ئەستێرەکان. (وەرگێڕ)

سەیری قاشێك "سێو" بكەن كە دەیخەنە ناو دەمتان و سەرنج لەو پەیوەندییە وردەی نێوان خۆتان و ئەو قاشە سێوە بدەن: تامی سێوەكە و، دەمی ئێوە.. ڤیتامینەكانی ناوی و، جەستەی ئێوە.. تەنانەت سێبەری درەختەكەی و، پێویستیی ئێوەش بە سێبەرەكەی.. پێویستیی درەختەكەی بەو گازە ژەهراوییەی كە لەگەڵ هەناسەدا دەریدەدەن و، پاكژكردنی هەواش لە لایەن ئەو درەختەوە و، پاشان هەوا هەڵمژین و هەناسەدانتان لە ڕێی ئەم هەوا پوخت و پاكژكراوەیەوە.. ئەمانە و سەدان پەیوەندیی تر كە - بۆ نموونە - لە نێوان "ئێمە" و "سێو"دا هەیە و لێرەدا چەردەیەكمان لێ پێش‌چاو خستن.

خۆ ئەگەر بتانەوێت ئەم مەسەلەیە لە بازنەیەكی تەسكی وەك ئەم نموونەیەدا، یان لە مەیدانێكی فراوانی نێوان ئەستێرەكاندا وەربگرن، ئەوا لە هەر هەموویاندا جگە لە: سیستەمێكی ناوازە و.. هاوسەنگییەكی ورد و.. تەقدیركاری لە هەموو شتێكدا، هیچی تر نابینن.

گەر سەرنج لە هەر "زیندەنۆو"(حیوان منوي)ێك بدەیت دەبینیت هەرگیز درۆ ناكات، چونكە بەپێی سیستەم و پلانێكی دیاریكراو دەجوولێتەوە. خۆ ئەگەر بڵێت: "دەبم بە مرۆڤ" ڕاست دەكات دەبێت بە مرۆڤ، چونكە ئەو گوفتارە لە خۆڕا و بە هەڕەمەكی ناڵێت، بەڵكو بە زمانی كرۆمۆسۆمەكان و ئەو كارمەندییە دوور لە هەڵەیەی (DNA و RNA) دەیڵێت كە خانەكان ئاراستە دەكەن بۆ پێكهێنانی دەمی مرۆڤ و لێوەكانی و چاوەكانی و لووت و گوێچكەی و سیما و ڕوخسار و هەموو شتێكی تری.

هەروەها دووریيەكانی ناو بۆشایی ئاسمانیش لە لای گەردوونناسە فیزیایيەكان ئاشكرایە و، لە هێزە موگناتیسییەكان و مەوداكانیشیان لەو دوورییە ئەندازەییە فراوانەدا و لە توندیی هێزەكانی ناویشیان شارەزا و ئاگادارن. دۆزینەوەی "كۆمپیوتەر" گەلێ یارمەتیی مرۆڤی دا كە بزانێت هەموو بەدیهاتوویەك لەم گەردوونەدا لە سەرەتای دروستبوونییەوە بەپێی نەخشە و پلانێكی دارێژراو ڕێكدەخرێت، ئەم نەخشە و پلانە لە هەموو شتێكی گەردووندا ڕەچاو كراوە، هەر لە گەردیلەكانەوە تا دەگاتە گەلەستێرەكان، چونكە هەموو شتێك لە "لەوحی مەحفووظ"دا تۆمار و دەستنیشان كراوە. ئەمەش بریتییە لەوەی كە پێی دەڵێن: "قەدەر".

لەوانەیە باشتر وابێت ئەم مەسەلەیە پتر ڕوون بكەینەوە.

ئەوەی كە تا ئێستا باسمان كرد لە بارەی "قەدەری جەبری"یەوەیە، واتە ئەو قەدەرەی كە دەسەڵات و كاریگەریی مرۆڤی تێدا نییە، ئەم قەدەرە شتێكی گەردوونییە و

"ویستی مرۆڤ" ڕەچاو ناکات، بەڵکو خوای گەورە بە "ویست"ی خۆی هەرچی‌یەکی بوێت بەدیی‌دەهێنێت و هەر کارێکی بوێت دەیکات. لەسەر ئەو کارانەش کەس پرسیاری لێ ناکات، چونکە هەر خۆی قاهیر و جەبار و زاڵ و بەدەستەڵاتە. خۆ هەرچەند هەموو بەدیهاتوویەك حیکمەتی تێدا ڕەچاو کراوە، بەڵام ئەم حیکمەتە پابەند(موقەییەد) نی‌یە، چونکە خواوەند خۆی ﴿فَعَّالٌ لِما يُريد﴾ە. ئەوەتا گۆی زەوی لە سەرەتای دروست‌بوونیەوە و بە فەرمان و دانەبەری ئەم قەدەرە جەبری‌یە، بە دەوری خۆی‌دا دەخوولێتەوە و لە هەمان کاتیش‌دا بە دەوری خۆریش‌دا دەسووڕێت، بێ ئەوەی کەس مافی ئەوەی هەبێت پێی بڵێت: ڕابووەستە و مەجووڵێ .. هەروەها خۆر و مانگ لە پێشبڕکێ‌دان و کەس ناتوانێت ڕێ لەم پێشبڕکێ‌یەیان بگرێت، چونکە هەر تەنها قەدەری جەبری‌یە کە بەسەر ئەم بزووتن و پێشبڕکێ‌یەدا زاڵ و دەستەڵاتدارە. کەواتە هەموو شتێك بە ناچاری سەری بۆ ئەم قەدەرە نەوی کردووە.

٣- قەدەر مەسەلەیەکی "ویجدانی"یە.

دەتوانرێت بە چەندەها بەڵگەی زانستیی جۆراوجۆر "بوون"ی خوای گەورە و، پێغەمبەرێتیی حەزرەتی "محمد المصطفى" ﷺ، تەنانەت زیندووبوونەوەی پاش مردنیش بچەسپێنرێت، بەڵام "قەدەر" وانی‌یە؛ چونکە مەسەلەیەکی حاڵی و ویجدانی‌یە، نەك زانستی و نەزەری!

ئەوەتا مرۆڤ بە ئەندازەی پلەی ئیمانەکەی خۆی، ئیمانیش بە "قەدەر" دەهێنێت و بە ئەندازەی فراوانی و قووڵیی هەستە ئیمانی‌یەکانیشی تەسدیقی دەکات. زۆر کەس هەن کە ژیانیان لە چەندەها مەسەلە و بابەتی قووڵ‌دا بردووەتە سەر، کەچی هێشتا لە بچووکترین مەسەلەی قەدەر تێنەگەیشتوون. ئەوانە - بە ڕاستی - بێ‌بەختن، چونکە "قەدەر" هیچ جێگایەکی لە ناخی ویجدانی ئەواندا نەگرتووە، کەواتە شایانی بەزەیی‌پێداهاتنەوەن. بەڵام ئەو کەسەی کە بە ویستی خۆی ڕازی‌یە زیانی لێ بکەوێت، شایستەی ئەوە نی‌یە بە چاوی سۆز و بەزەیی‌یەوە سەیر بکرێت. ئەو جۆرە کەسانە کاروبارەکانی خوای گەورەیان بۆ ڕوون نەبووەتەوە کە لە پشت کاروبارەکانی خۆیانەوە دەست‌بەکارە، چونکە چاوەکانیان داخراوە و هیچ شتێك نابینێت، هەروەك ڕوانینیشیان هێندە کورت و کۆتایە کە ناگاتە حەقیقەتێکی مەزن کە بریتی‌یە لەوەی: هەر کردارێك دەکەن پێشتر بە تەقدیر و کارسازی‌یەکی زانستی‌یانە لە لایەن خوای گەورەوە نەخشە و پلانی بۆ دارێژراوە. جا ئەو جۆرە کەسانە بە شێوەیەکی سەرەتایی ژیانیان بەسەر دەبەن و، گەلێ دژوارە گرفتاری هەندێ لە چەمکە ئیعتیزالی‌یەکان نەبن.

٤- ئەو دەستكەوتەی كە "ئیمان بە قەدەر" بە مرۆڤی دەبەخشێت.

ئەو كەسەی بە تەواوەتی لە مەسەلەی قەدەر تێ گەیشتووە و لە ویجدانی خۆیدا نهێنی‌یە تایبەتی‌یەكانی قەدەری - بە وێنەی كردنەوەی گرێ - قۆناغ لە دوای قۆناغ شی كردووەتەوە.. ئەو كەسە لە كۆتایی‌دا هەموو شتێك بۆ خوای گەورە دەگێڕێتەوە، تا دەگاتە ئاستی ئەو تێگەیشتنەی كە ئەم ئایەتە پیرۆزە پێی دەبەخشێت:

﴿وَاللَّهُ خَلَقَكُمْ وَمَا تَعْمَلُونَ﴾(الصافات:٩٦).

بەڵێ، خوای گەورە بەدیهێنەری خۆمان و كردەوەكانمانە؛ خواردن و خواردنەوە و نوستن و بێداری و بیركردنەوە و گوفتارمان، هەر هەموویان، بەدیهێنراوی خوای گەورەن. لە ڕاستی‌دا هەر شتێك پەیوەندیی بە "بەدیهێنان"ەوە بێت، بەوپەڕی دڵنیایی و بێ گومانی، بەدیهاتووی خوای گەورەیە. ئەو كەسەی كە یەك‌بەیەكی نهێنی‌یەكانی قەدەری شی كردووەتەوە و گەیشتووەتە كۆتایی، لە هەڵس‌و كەوتی ویجدانیی خۆیدا ئەم حەقیقەتە وەك خۆری ڕووناكی ناوجەرگەی ئاسمان بە ڕوونی دەبینێت. جا لەبەر ئەوەی ئەم ڕاستی‌یە بەم جۆرەیە، ئەوا ئەو كەسەی لەم بوارەدا گەشتووەتە كۆتایی، گەلێ دژوارە كە دووچاری "جەبری‌یەت" نەبێت!

بەڵام دەبێ بزانیت كە هەرچەندە مرۆڤ هەموو كارەكان بۆ خوای گەورە بگێڕێتەوە، هەر لە ئەنجامدا "ویستە جوزئی"یەكەی خۆی لە بەردەمدا ڕاست دەبێتەوە و بەرپرسیاری‌یەكەی ئەستۆی یاد دەخاتەوە! تاكو تێی‌بگەیەنێت كە بەرپرسیاری كردەوەكانیەتی و هەرگیز ئەم بەرپرسیاری‌یەی لەسەر هەڵناگیرێت.. هەر لە هەمان كاتیش‌دا و بۆ ئەوەی مرۆڤ بەهۆی كردەوە چاكەكانیەوە لە خۆی بایی نەبێت، "قەدەر" ڕووبەڕووی دەبێتەوە و پێی دەڵێت: (لە خۆت بایی مەبە، چونكە تۆ "بكەر"ی ئەم كردەوە چاكانە نیت)! ئیتر لەم ڕێیەوە لە "غروور" و "لەخۆبایی‌بوون" ڕزگاری دەكات. هەر تەنها بەم جۆرە مرۆڤ دەگاتە "هاوسەنگی" لەم مەسەلەیەدا و هەر تەنها بە پارێزگاری كردنیش لەم هاوسەنگی‌یە دەتوانێت ژیان و ڕەفتارەكانی خۆی ڕێك بخات.

هەرچی كردەوەی چاك هەن هەر هەموویان تەنها "كار" و "تەقدیر"ی خوای گەورەن، كەواتە مرۆڤ ناتوانێت خۆی بكات بە خاوەنیان، دەنا گرفتاری شیركی پەنهان دەبێت، چونكە هەر تەنها خوای گەورەیە كە ڕاستەوخۆ كردەوە چاكەكان بە مرۆڤ دەبەخشێت، نابینیت دەروونی بەدخوازی مرۆڤ(النفس الأمارة بالسوء) هەرگیز داوای كردەوەی چاك ناكات؟ ئاشكرایە كە مەبەست بە كردەوەی چاك لێرەدا ئەو كردەوانەن كە لە زاتی خۆیاندا چاك و جوانن، دەنا مەبەست ئەو شتانە نی‌یە كە

ئارەزووی دەروونی بەدخواز بە جوانیان دەزانێت! بەڵێ، ڕق‌بوونەوە لە "جوانی"ی ڕاستەقینە لە سروشتی دەروونی بەدخوازدا ڕیشەکی داکوتاوە و دوژمنایەتی کردنیشی بەرامبەر کردەوەی چاك هەروا بەردەوام دەبێت، چونکە لەسەر ئەو سروشتە بەدیهێنراوە.

"دەروونی بەدخواز" خۆی داوای کردەوە خراپەکان دەکات، بۆیە بەرپرسیاریی ئەو کردەوانەی دەکەوێتە ئەستۆ. ئەم ئایەتە پیرۆزەی خوارەوە ئەم دوو بناغەیەی لە خۆدا کۆکردووەتەوە و بە جوانی ڕوونیان دەکاتەوە:

﴿مَا أَصَابَكَ مِن حَسَنَةٍ فَمِنَ اللهِ وَمَا أَصَابَكَ مِن سَيِّئَةٍ فَمِن نَفْسِكَ﴾(النساء:٧٩).

لەبەر ئەوە، هەرگیز مافی ئەوەت نی‌یە بەو کردەوە چاکانە لە خۆت بایی ببیت کە ناگەڕێنەوە بۆ تۆ، چونکە ئەو کردەوە چاکانە ڕاستەوخۆ هی تۆ نین. خۆ هەرشتێك "باش و جوان" بێت تەنها چاکەکاریی خوای گەورەیە لەگەڵ تۆدا کردوویەتی، ئاشکرایشە چاکەکاریی خواوەند داخوازی شوکرانەبژێری و تەوازوعە، نەك لەخۆباییبوون!

سەبارەت بە کردەوە خراپەکان و گوناهەکانیشت ئەوا "ویستە جوزئی"یەکەت مەرجێکی ئاسایی‌یە لە بەدیهێنانیاندا، بۆیە بەرپرسیاریی ئەو کردەوانە دەکەوێتە ئەستۆی نەفسەوە. چونکە تۆ بۆ خۆت ئارەزووت لە چ کردەوەیەك بووە و نەفسیشت مەیلی بەلادا ڕۆشتووە یان بیری لێ کردووەتەوە کە ئەنجامی بدات یاخود هەر هەڵس‌وکەوتێك لە مەیل و ئارەزووەکانتدا، خوای گەورە ئەوەی بەدیهێناوە.

ئەم جۆرە شتانە مەگەر لە ناخی خۆماندا و بە هەست‌پێکردنی "ویجدانی" و "حالی" واتە: بە کردەوە، دەنا ناتوانین لێیان تێ‌بگەین. واتە تەنها یەك شایەت هەیە لەسەر ئەو مەیلەی کە بە دڵتدا هاتووە یاخود بەسەر ئەو هەڵس‌وکەوتەی لەو مەیلەدا ئەنجامت داوە، ئەویش "ویجدان"ی خۆتە. جا خوای گەورە ئەم ویجدانەی خۆتی کردووە بە شایەت لەسەر زانیاریی خۆی سەبارەت بە کردەوەکانت.

مرۆڤی سەرەتاییش لە بابەتەکانی ئیماندا، بە هەمان جۆر باوەڕی بە "قەدەر" هەیە، بەڵام بەو جۆرەی کە لە گۆشەی "قەدەر"ەوە دەڕوانێتە ڕووداوەکانی کاتی "ڕابوردوو" و ئەو "گیروگرفتانە"ش کە دێنە ڕێی، ئەوەتا دەڵێت: (ئەو بەڵا و موسیبەتانەی کە دووچاریان بووم تەقدیری خوای گەورەن). بەم جۆرە ڕزگاری دەبێت.. بەڵام کاتێ سەیری ئاییندە و گوناهەکان دەکات لە گۆشەی "ویستی جوزئی"ی خۆیەوە بۆیان دەڕوانێت و دەڵێت: (هەرچۆن بووە خوای گەورە چیی بۆ تەقدیر کردووم، بەدەستی دەهێنم). بەم جۆرە، خۆی ناهاوێتە ناو باوەشی تەمەڵی‌یەوە و

"قەدەر" ناکات بە بیانوویەك بۆ پاساودانی ئەو کردەوە خراپەی نییەتی لێ هێناوە بیکات. چونکە خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿وأنْ ليسَ لِلإنسَانِ إلاّ مَا سَعَى﴾(النجم:٣٩).
بەڵێ، خوای گەورە بەدیهێنەری هەموو چاکە و خراپەیەکە، چونکە "بەدیهێنان" تەنها تایبەتە بە خواوەندەوە، بەڵام بەرپرسیاریی کردەوەی خراپ لە ئەستۆی ئەو کەسەدایە کە "ویستوویەتی" بیکات. ئەو چەشنە ئیمانە، بناغەی ئیمانی مرۆڤی سەرەتاییە..
بەڵام دوای ئەمە، نابێت مرۆڤی سەرەتایی لەم ئەندازەیە زیاتر دەم لە مەسەلەی قەدەر بدات و مافی ئەوەی نییە قسە لە مەسەلە و بابەتە فەرعییەکانی بکات، چونکە قەدەر جێی پێهەڵخلیسکانە و بابەتێکی گەلێ وردە. ئیمامی ئەعزەم حەزرەتی ئەبوو حەنیفەی نوعمان - خوا لێی ڕازی بێت - ڕێی بە قوتابییەکانی خۆی نەدەدا کە لەم چەشنە بابەتانە بدوێن. کاتێ کە لێیان پرسی: ئەی خۆت بۆچی لێیان دەدوێیت؟ وەڵامی دانەوە: (کاتێ کە من قسەی تێدا دەکەم هێندە بە ترس و لەرزەوە دەدوێم دەڵێی باڵندە بەسەر سەرمەوە نیشتووەتەوە). مەبەستی ئەوەیە کە: ئێوە کاتێ لە قەدەر دەدوێن نیازتان سەرکەوتنە بەسەر بەرامبەرەکەتاندا، بۆیە ڕێتان پێ نادەم قسەی تێدا بکەن. دەبێ ئەوەش بزانرێت کە وردیی لەڕادەبەدەری ئەم بابەتە و مەترسیی لێدوانی، هەرگیز خاوێنیی مەنتیقییەتی مەسەلە باسکراوەکە لێڵ ناکات، چونکە مەبەست ئەوەیە کە نابێ ئەم چەشنە بابەتانە، بە تایبەت مەسەلەی قەدەر، هەروا بە هەڕەمەکی باس بکرێن، بەڵکو دەبێ کەسێك قسەیان تێدا بکات کە بە وێنەی شارەزایی مرۆڤی کیمیاگەر و کارامەیی زەڕەنگەر، لەو مەسەلە و بابەتانەدا کارامە و شارەزا بێت.

٥ - "قەدەر" و "ویستی جوزئی" دژایەتییان لە نێواندا نییە.

"قەدەر" و "ویستی مرۆڤ" لە بناغەدا نەك هەر پێچەوانەی یەکتر نین، بەڵکو شانبەشانی یەکتریشن. خۆ ئەگەر ڕۆشتنی مرۆڤ بە کردەوە چاکەکانی بۆ ناو بەهەشت و بە کردەوە خراپەکانیشی بۆ ناو دۆزەخ بە "مەسەلە"یەك دابنرێت، ئەوا مەسەلەکە ئەوە دەگەیەنێت کە خواوەندی پەروەردگاری هەموو جیهانەکان بە زمانی "قەدەر" تەسدیقی دەکات، هەروەك لە لایەکی تریشەوە پشتگیریی خواوەند دەگەیەنێت بۆ "ویستی مرۆڤ"..

بەو واتایەی کە مرۆڤ هێزێکی تێدایە هانی دەدات بۆ کردەوە باش و جوانەکان و پاشان بۆ چوونە بەهەشت. هەروەها بە پێچەوانەشەوە، واتە هێزێکی ئەوتۆشی تێدایە کە بەرەو کردەوە خراپەکان و گوناهباری دەیداتە بەر و لە ئەنجامدا دەیخاتە ناو دۆزەخ. جا ئەم "هێز"ە بناغەی "تەقدیر" پێك دەهێنێت کە ئەویش جگە لە "ویستی مرۆڤ" هیچ

شتێکی تر نی‌یە. خۆ بوونی ئەم "ویست"ەش نە پێچەوانەی تەقدیری خواوەندە و نە ڕێشی لێ دەگرێت.

لە ڕاستیدا دەتوانین سەبارەت بە هەموو کردەوەکانمان بەم جۆرە بیر بکەینەوە. بۆ نموونە: گەر بمانەوێت دەستمان بەرز بکەینەوە ئەوا دەتوانین بەرزی بکەینەوە گەر هیچ ڕێگرێك لە گۆڕێ دا نەبێت.. هەروەها دەشتوانین بدوێین گەر بمانەوێت. واتە ئەنجامدانی کردەوەکانمان دەیچەسپێنێت کە ئێمە "ویست"ێکمان هەیە. گەر بتەوێت دەتوانیت ناوی: "جوزئی ئیختیاری" یان "ئارەزوو" یان "خواست"ی لێ بنێیت، ئەنجام هەر یەکێکە با ناوەکانیشی جیا بن، چونکە ئەو "ویست"ەی کە ماهییەتەکەشی نازانین چی‌یە، بە وێنەی خۆری ئاسمان، ڕوون و هەستپێ کراوە.

بەڵێ، گەر لە ڕووی "تەقدیری خواوەند"ەوە بڕوانینە مەسەلەکە، دەبینین وەك ئەوە وایە کە خوای گەورە بە مرۆڤ بڵێت: (من دەزانم کە تۆ لە فلان کاتدا ویستی خۆت لەو کارە دیاری کراوەدا دەخەیتە کار، بۆیە ئەو کارەت بەو شکڵ و شێوەیە بۆ تەقدیر دەکەم). ئەمەش لە ناوەڕۆکدا پشتگیریی "قەدەری خواوەند"ە بۆ "ویستی مرۆڤ"!

بەڵێ، خوای گەورە هەر خۆی بەدیهێنەری هەموو شتێکە. جا مادەم بە هەموو شتێك ئاگادارە ئەوا "تەقدیر"ی خۆی بۆ ئەو شوێنە ئاراستە دەکات کە مرۆڤ ویستی خۆی بۆ ئاراستە کردووە. واتە "قەدەر" پشتی "ویستی مرۆڤ" دەگرێت و بەتاڵی ناکاتەوە. بە واتایەکی تر دەوراندەوری "ویست"ی مرۆڤی داوە و پشتی دەگرێت و هەرگیز پێچەوانەی نی‌یە.

٦ - "قەدەر" جۆرێکە لە "زانستی خوایی".

قەدەر بریتی‌یە لەو نەخشە و پلان و ڕێکخستنەی کە خوای گەورە لە زانستی خۆیدا بۆ هەموو شتێکی داڕشتووە. خۆ ئاشکرایشە کە هەر شتێك زانرا، ئەوە ناگەیەنێت کە تەنها بەو زانینە هاتووەتە وجوود و بەدیهێنراوە. چونکە گەر نەخشەی هەزار خانووبەرە بزانیت و پلانی کاری سەدان کارگە لەبەر بکەیت، ئەوا هەرگیز بەم زانینەت و بەم نەخشە و پلانەی کە لە زەینی تۆدا هەن، هیچ شتێك نایەتە وجوود. چونکە دروست کردنی ئەو خانووبەرە و کارگانە پێویستیان بە: "ویست" و "توانست" هەیە. دەنا بە پێچەوانەی ئەمەوە، گشت ئەو پلان و نەخشە جۆراوجۆرانە تەنها چەند زانیاری‌یەك دەبن کە تایبەتن بە خۆتەوە، بە ئەندێشەی خۆت بەناویاندا دەگەڕێیت و، هەر ڕێگرێك ڕێ لە ئەندێشەت بگرێت، بە هۆیەوە هەموو ئەو خانووبەرە و کارانەش تیا دەچن، تەنانەت گەر هێزی ئەندێشەت لە کار بکەوێت ئەوا وەك ئەوە وایە کە هەر هیچ زانست و نەخشە و پلانێك ڕووی نەدابێت!

هەروەها ئەوەش دەخەینە ڕوو كە "قەدەر" لە جۆری "زانستی خوای گەورە"یە. خۆ هەمیشە "زانین شوێنكەوتەی زانراوە". واتە "زانراو" لەسەر هەر چۆنێتییەك بێت بەو چۆنێتییە "زانین" دەورەی دەدات و پەیوەندیی پێوە دەكات. نەك بە پێچەوانەوە "زانراو" شوێنكەوتەی "زانست" بێت!

جا مادەم ئەمە وایە، ئەوا خوای گەورە هەموو ئەو كردارانە و چۆنێتییەكانیشیان "دەزانێت" كە ئێمە بە "ویست"ی خۆمان ئەنجامیان دەدەین و، "تەقدیر"ەكەشی بەپێی ئەو زانینە دادەنێت. چونكە زانستی خوای گەورە هەمەلایەنگیرە و دەورانی دەوری هەموو شتێكی داوە. تەنانەت دەستەواژەی: (ئەم شتە دەگەڕێتەوە بۆ زانستی خوا) بێ ئەدەبییە بەرامبەر بە خوای گەورە! چونكە هیچ شتێك نییە لە زانستی خواوەند بەدەر بێت. كەواتە تەنها بۆ نزیكخستنەوەی ئەم مەسەلەیە لە ژیرییەوە و بە مەبەستی تێگەیاندن دەتوانین ئەم دەستەواژەیە بەكار بهێنین.

با – بۆ نموونە – بیر لە شەمەندەفەرێك بكەینەوە كە ماوەی نێوان دوو وێستگای دەستنیشانكراو بە كاتێكی زانراو دەبڕێت. ئەم ئەنجامە زۆر لە پێش كەوتنەڕێی شەمەندەفەرەكە حساب كراوە و زانراوە، ئەو زانیارییانەش هەندێ جار لە چەند لیستە و تۆمارێكدا چاپ دەكرێن. جا ئەم ئەنجامە "زانراو"ە بریتییە لە: نەخشە و پلان. خۆ ئەگەر ئەم نموونەیە بۆ سەر مەسەلەكەی خۆمان قیاس بكەین، دەڵێین: ئەم ئەنجامە بریتییە لە قەدەر، یاخود "قەدەر" ئەم ئەنجامەیە. بەڵام دەبێ بزانین كە ئەم "زانیاری"یانەی پێشترمان هەرگیز هێزێكی جەبری نین شەمەندەفەرەكە بخەنە گەڕ و بیجوولێنن. بەو واتایەی هۆی ڕۆشتنی شەمەندەفەرەكە بەرەو وێستگا دیاریكراوەكە ئەوە نییە كە ئەم نەخشە و پلانە وا داڕێژراوە! بەڵكو بە پێچەوانەوە: لەبەر ئەوەی شەمەندەفەرەكە لەو كاتانەدا دەگاتە ئەو وێستگایانەی كە لەم نەخشە و پلانەدا – واتە لە قەدەری شەمەندەفەرەكەدا – ناویان هەیە، ئەوا بەو جۆرە لە نەخشە و پلانەكاندا ماوەی گەیشتنی بۆ ئەو وێستگایانە تۆمار كراوە، چونكە "زانین شوێنكەوتەی زانراوە" كەواتە هەر شتێك لە سەر هەر چۆنێتییەك بێت بەو جۆرە "دەزانرێت" و هەر بەو پێیەش تەقدیری بۆ دادەنرێت.

ئەوەندە هەیە دەبێ بزانین كە "زانین"ی خوای گەورە لە بەرزاییەوە و لە یەك كاتدا دەڕوانێتە هەموو ئەو شتانەی كە ڕوویانداوە و ئەوانەش كە ڕوو دەدەن، وەك ئەوەی كە بڕوانێتە یەك خاڵ. كەواتە هۆكار و ئەنجام.. عیللەت و مەعلوول.. سەرەتا و كۆتایی، هەموویان لە یەك خاڵی زانستی ئەودان، بۆیە لە زانستی خوادا: سەرەتا و

کۆتایی.. پاش و پێش.. نییە. واتە زانستی خوای گەورە دەورانەدوری هەموو شتێکی داوە، لە هەموو لایەکی ئەو شتەوە.
جا خوای گەورە "تەقدیری خۆی" بەپێی ئەم "زانست"ە هەمەلایەنگرە دادەڕێژێت. لەبەر ئەوە، ئەم تەقدیر و دەستنیشانکارییەی خواوەند حسابی بۆ "ویستی مرۆڤ" کردووە لەو کردارانەیدا کە مرۆڤ بە ویستی خۆی ئەنجامیان دەدات. واتە "تەقدیر"ی خوای گەورە "ویستی مرۆڤ" لە حسابی خۆی دەرناکات و بەتاڵی ناکاتەوە.
کردارەکانی مرۆڤ هەر هەموویان پێشتر لە "لەوحی مەحفووظ"دا تۆمار کراون. ئنجا دوای ئەوە هەر شتێکی بۆ تەقدیر کراوە و بە ئەستۆیدا هەڵواسراوە بریتییە لەو کردارانەی کە لەبەر ئەم لەوحی مەحفووظەدا گیراونەتەوە و نووسراونەتەوە، وەك بە ڕوونی لەم ئایەتە پیرۆزەوە دەردەکەوێت:
﴿وَكُلَّ إِنسَانٍ أَلْزَمْنَاهُ طَائِرَهُ فِي عُنُقِهِ وَنُخْرِجُ لَهُ يَوْمَ الْقِيَامَةِ كِتَاباً يَلْقَاهُ مَنشُوراً﴾(الإسراء:١٣).
بەڵێ، هەر کردارێك کە مرۆڤ دەیکات، پێشتر نووسراوە. ئەوەندە هەیە مرۆڤ بە کردەوەکانی ئەو شتانە دەخاتە دۆخی جێبەجێ کردنەوە کە لە بارەیەوە نووسراون. ئەم قەدەرە نووسراوەش بریتییە لەو زانستەی خوای گەورە کە پێشتر زانیویەتی ئەم مرۆڤە چ کردەوەیەك دەکات. دیارە ئەم زانینەش هێزێك نییە کە مرۆڤ ناچاری ئەنجامدانی کردەوەکان بکات. خۆ ئەگەر بەراوردێك بکرێت لە نێوان ئەو نووسراوەی کە بە ئەستۆی مرۆڤدا هەڵواسراوە و ئەو نووسینەش کە مەلائیکەتان کردەوەکانی مرۆڤی پێ تۆمار دەکەن، دەردەکەوێت کە مرۆڤ سەرجەمی ئەو کردەوانەی ئەنجام داوە کە لە نووسینی یەکەمدا تۆمار کرابوون. جا خوای گەرەش ئەم کتێبە نووسراوە بە مرۆڤ دەخوێنێتەوە و بەپێی ئەوە لێپرسینەوەی لەگەڵدا دەکات.
بەم بۆنەیەوە دەمەوێت ئاماژە بۆ ئەمەی خوارەوە بکەم:
ئەوانەی کە بە "جیددی" مامەڵە لەگەڵ مەسەلەکانی "ڕۆح"دا دەکەن، دەڵێن: ڕۆح هاوڕێی جەستەیە. بەو واتایەی کە هاودەم لەگەڵ جەستەی میسالیدا ڕوویەکی تر لە مرۆڤدا هەیە تایبەتە بەو تەقدیر و دەستنیشانکردنانەی کە تایبەتن بە ژیانیەوە. کەواتە هەرکات توانرا ماهییەت و ئەرکی ڕۆح بە تەواوەتی بزانرێت، ئەوا دەشتوانرێت - تا ڕادەیەك - ئەو شتانە بزانرێن کە بۆی تەقدیر کراون.
ئنجا ئەوانەش کە بە "عیلمی قیافەت"ەوە سەرقاڵن - واتە ئەو ناوەرۆکانەی کە لە پشت لایەنی مادیی مرۆڤەوەن، وەك هێڵەکانی ناولەپی دەستی - دەڵێن: ئەم جۆرە شتانە بریتین لە شکانەوە(إنعكاسات)ی قەدەر بەسەر جەستەی مرۆڤەوە. واتە دەتوانن -

تا ڕادەیەك - با ئەو ڕادەیە "جوزئی"ش بێت ئیدیعای ئەو ڕووداوانە بكەن كە دێنە ڕێی مرۆڤ. تەنانەت ئەوانەی كە بەسیرەتێكی تیژ و فیراسەتێكی بەهێزیان پێ دراوە، هەر تەنها بەوەی كە سەیری سیما و ڕوخساری مرۆڤ بكەن، دەتوانن پەی بە هەندێ موقەددەراتی مرۆڤ ببەن. ئەم جۆرە زانینانەش هەرگیز بە زانینی "غەیب" دانانرێت، چونكە هەموو ئەو جۆرە كەسانە لەو باوەڕەدان كە سەرجەمی نهێنییەكانی قەدەر لە شێوەی چەند نیشانە و ئاماژەیەك لە جەستەی مرۆڤدا دانراون، چونكە "غەیب" بە واتا ڕاستەقینەكەی خۆی هەرگیز بەم چەشنە مەعلوماتانەوە نابەسترێتەوە. بەو واتایەی كە ئەو شتانەی باسمان كردن هەرگیز پێچەوانەی دەستووری "لا يعلم الغيب إلا الله" نین. چونكە هەوڵدانی زانینی قەدەری مرۆڤ لە ڕێی ئاماژە و نیشانەكانی جەستەیەوە زانستێك بووە تەنانەت لە سەردەمی پێغەمبەریشدا ﷺ برەوی بووە و ئەو كەسەی شارەزای ئەم زانستە بووە پێی وتراوە "قائف". بە ڕادەیەك كە پێغەمبەریش ﷺ ئینكاریی ئەم زانینەی نەكردووە، تەنانەت هەر بۆ خۆی "قائیف"ێكی هێنا و ئنجا "ئوسامە" و باوكی كە ناوی "زەیدی كوڕی حاریثە" بوو بە ڕاكشاوی پیشانی ئەو قائیفەی دان دوای ئەوەی كە پێغەمبەر ﷺ هەردووكیانی داپۆشی و تەنها پێیان بەدەرەوە بوو. لەبەر ئەوەی ئوسامە وەك باوكی سپی پێست نەبوو، خەڵكیش موناقەشەیان لەم جیاوازییەدا دەكرد:

"عوروە" لە حەزرەتی عائیشەوە - خوایان لێ ڕازی بێت - دەگێڕێتەوە كە فەرموویەتی: جارێكیان پێغەمبەر ﷺ خۆی ئامادە بوو كە قائیفێك هاتە ماڵەكەمان و ئوسامەی كوڕی زەید و زەیدی كوڕی حاریثە ڕاكشابوون. قائیفەكە وتی: ئەم پێیانە لەیەكترن. پێغەمبەریش ﷺ زۆر دڵخۆش بوو بەمە و سەری لێ سووڕما و ئەم هەواڵەشی بە عائیشە دا[1].

٧ - ئەركی سەرشانی "ویست"ی مرۆڤ.

ئێمە وا ناڕوانینە "ویست"ی مرۆڤ كە خاوەنی "بوون"(وجود) بێت. ئەمەش بیروباوەڕی ئەهلی سوننەت و جەماعەتە كە نوێنەری بیروباوەڕی زۆربەی نەتەوەی ئیسلامە.

ئێمە باوەڕمان وایە كە: هەموو ئەندامێكی جەستەمان لە ڕاستیدا هەیە و خاوەنی "بوون"ە و خوای گەورەی بەدیهێنەر بەدیی هێناوە. بۆنموونە: من "سەر"م هەیە، كەواتە دارای وجوودە و لە لایەن خوای گەورەوە بەدیهێنراوە.. هەروەها "لووت"م هەیە و

(١) البخاري، فضائل أصحاب النبي، ١٧.

ئەویش لە لایەن خواوەندەوە بەدیهێنراوە.. بە هەمان جۆر "دەست"م هەیە.. دوو "چاو"م هەیە.. بە هەمان جۆر هەموو ئەندامەکانی جەستەم دارای وجوودن و لە لایەن خوای گەورەوە بەدیهێنراون.

بەڵام ناتوانین بەو جۆرە لە "ویست" بدوێین. بەڵێ، ڕاستە ئێمە خاوەنی "ویست"ێکین، بەڵام ئەم ویستە "وجوودی خاریجی"ی نییە. کەواتە بەدیهاتووش نییە، هەر لەبەر ئەوەشە کە ناتوانین ویستی خۆمان وەك شتێکی خاوەن وجوود ببینین..

چونکە ئەو شتانەی کە "نەبوو" (واتە: نامەوجوود)ن ئەوانەن کە بەدینەهێنراون بەڵام لە "زانین"ی خوای گەورەدا "زانراو"ن، واتە تەنها وجوودی عیلمییان هەیە، ئەوەندە هەیە ویست و توانستی خواوەند پەیوەندییان پێوە نەکردووە (تا وجوودی دەرەکیشیان ببێت).

خۆ ئەگەر لە ڕاستیدا ئەمە بە پێچەوانەوە بوایە، واتە ویستی مرۆڤ کتومت وەك ئەندامەکانی جەستەمان خاوەنی "بوونی دەرەکی" بوایە، ئەوا ئەم کارە سەری لە "جەبر"ەوە دەردەچوو. واتە ئەگەر ویستی ئێمە بە وێنەی ئەندامەکانمان بەدیهاتوو بوایە و خواوەند لە بەدیهێنانیدا پرس و ڕای پێ نەکردینایە و سەربەستیی تێدا پێ نەبەخشینایە، ئەوا هیچ کردارێکی مرۆڤ بەرپرسیارێتی ڕووی تێ نەدەکرد و کەسیش مافی داواکردنی پاداشتی نەدەبوو لەسەر کردەوە چاکەکانی، چونکە بە ناچارەکی کردوونی و لە هەڵبژاردنی کردەوەی چاك یان خراپدا سەربەست نەدەبوو. کەچی کاتێ لە ویستی خۆمان ورد دەبینەوە، دەزانین وا نییە.

کەواتە "ویستی مرۆڤ" خۆی لە خۆیدا بەدیهێنراو نییە و بوونی دەرەکیی نەدراوەتێ، بەڵکو بوونێکی گوێزەیی(وجود إعتباري)ی پێ دراوە، بە وێنەی هێڵەکانی زانستی "ئەندازیاری" کە تەنها خاوەنی بوونێکی گوێزەیی و گریمان کراون. واتە ویستی مرۆڤ و جوزئە ئیختیارییەکەی خاوەنی وجوودێکی گوێزەیی گریمان کراون، خۆ ئەم چەشنە وجوودەش هەرگیز ناتوانرێت بە هیچ پێوەر و کێشانەیەك پێوانە بکرێت.

بەم جۆرە دەرکەوت کە: "ویستی مرۆڤ" خاوەنی بوونێکی گوێزەیی بێ کێش و قورساییە، کەچی مەرجێکی عادەتییە بۆ کاروبارەکانی خواوەند و بەدیهێنانی شتان لە لایەن خوای گەورەوە. واتە هەرکات مرۆڤ لە سنووری ویستی خۆیدا ئەو کارەی ڕاپەڕاند کە تایبەتە بە خۆیەوە - ئیتر ئەو کارە چ بریتی بێت لە "مەیل" یان "هەڵس وکەوت لەو مەیلەدا"[1] - ئەوا خوای گەورە ئەو کارە بەدیدەهێنێت کە

---

(١) لە پەیامی "قەدەر"ی مامۆستا نوورسیدا ئەم باسە بە پوختی هێنراوە. (وەرگێڕ)

مرۆڤەکە "ویستوویەتی". تا لێرەوەیە کە "ویستی مرۆڤ" گرنگییەکی مەزنی بەدەست هێناوە، چونکە کاری بەدیهێنان - کە هی خوای گەورەیە - بەم "مەیل"ە یان بەم "هەڵس و کەوت کردنە لەو مەیلەدا" بەستراوەتەوە، هەرچەندەش ئەم مەیل و هەڵس و کەوتە بۆ خۆیان خاوەنی "بوونی دەرەکی" نین.

با نموونەیەك بۆ ئەمە بهێنینەوە:

ئەو نەخشە و پلانی بیناسازییەی کە لە بەردەستماندایە، هەرگیز کار ناکاتە سەر دروستکردنی ئەو بینایە. خۆ ئەگەر ئێوە بە ڕۆژ و بە شەو ئەم نەخشەیە هەڵبگرن و لە بەرچاوتاندا دایبنێن، هەرگیز کاری بنیاتنانەکە ڕاناپەڕێنێت، واتە لەم لایەنەوە ئەو نەخشە و تەصمیمە هیچ نرخ و گرنگییەکیان نییە. بەڵام هەر ئەوەندەی دەستتان دایە کاری بنیاتنان یەکسەر نەخشە و تەصمیمەکە گرنگی بەدەست دەهێنن، چونکە کاری بیناسازییەکە بە بێ بوونی ئەو نەخشەیە بەڕێ ناکرێت!

ویستی مرۆڤیش وەکو ئەم نەخشەی بیناسازییە وایە، چونکە لە ڕاستیدا بریتییە لە چەند هێڵێکی گریمانکراو. ئەو شتەش کە ئێمە ناوی: "جوزئی ئیختیاری" یان "ئیرادەی جوزئی"مان لێ ناوە، لە ڕاستیدا بریتییە لەم نەخشە و هێڵە گریمانکراوانە. بەڵام هاتنەدی و بەرجەستەبوونی ئەم نەخشەیە - واتە بەدیهێنانەکەی - تەنها بە دەستی خوای گەورەیە، واتە ئەو بەدیی دەهێنێت. بەو واتایەی بەدیهێنانی کارەکە لە لایەن خواوەندەوە بەپێی ئەو نەخشەیە ئەنجام دەدرێت. لە ڕاستیشدا "بەرپرسیارێتیی مرۆڤ لە کردەوەکانی" لەم ئەرك و کارمەندییەی "ویستی مرۆڤ"ەوە سەرچاوە دەگرێت.

خۆ هەرچەندە ویستی ئێمە نرخ و گرنگییەکی ئەوتۆی نییە، کەچی خوای گەورە کارەکانمان بەپێی نەخشەی، ئەو ویستەمان بۆ بەدی دەهێنێت. هەر لەبەر ئەوەشە ئێمە "هۆکارێتی"ی خۆمان بەو شتە دەبەخشین کە لە لایەن خواوەندەوە بەدی دەهێنرێت. ئەوەتا پاداشتی ئەو کردەوە چاکانە دەدرێینەوە کە ئێمە بووین بە "هۆکار"ی بەدیهێنانیان، هەروەك سزاش دەدرێین لەسەر ئەو کردەوە خراپانەی کە ئێمە بووین بە "هۆکار"ی بەدیهێنانیان. تا لێرەوەیە کە گەلێ ئەنجامی مەزن و گرنگ دەدرێنە پاڵ ئەم "ویست"ەی کە خۆی لە خۆیدا شتێکی نەزەری و گریمانکراوە و تەنها مەرجێکی عادییە بۆ بەدیهێنانی شتان. کەواتە هەرگیز بە چەشنێکی ڕەها و موتڵەق "جەبر" لە گۆڕێدا نییە. چونکە بەدیهێنەر هەر تەنها خوای گەورەیە، بەڵام ویستی مرۆڤی کردووە بە مەرجێك بۆ ئەو بەدیهێنانە. لەبەر ئەوە، دەبێ مرۆڤ بە وردی بیر لەم خاڵە بکاتەوە و، هاوسەنگیی نێوان "قەدەری خوا" و "ویستی مرۆڤ" لە پێش چاودا ڕابگرێت.

لە ڕاستی دا ئێمە لێرەدا یەکێك لە مەسەلە ئاڵۆزەکانی قەدەرمان خستووەتە ڕوو، کەواتە با هەوڵ بدەین بە چەند نموونەیەك ئەم بابەتە ڕوون بکەینەوە:

وا دابنێ ئێوە پەنجەتان دا لە سویچی مەکینەیەکی گەورەی کارەبا، لە کاتێکدا کە دەزانن کەسانێکی تری غەیری ئێوە ئەم مەکینەیەی بە سیستەمێکی هێندە ورد ئامادە کردووە کە هەر تەنها بە دەستلێدانی ئێوە هەموو دەورو بەر ڕووناك دەکاتەوە. جا ئەم کارە جوزئی یەی ئێوە و ئەو ئەنجامە مەزنەش کە لەو کارە جوزئی یەوە دەرکەوت، بە ڕواڵەت هیچ پەیوەندی یەکی ئەوتۆیان لە نێواندا نی یە کە ژێری پەسەندی بکات. واتە هیچ پەیوەندی یەکی وا لە نێوان "هۆکار" و "ئەنجام"دا نی یە کە بە لای عەقڵەوە پەسەند بێت، بە وێنەی موعجیزاتی پێغەمبەران، دروودیان لەسەر بێت.

دەتوانین ئەمە بەو شتانە قیاس بکەین کە پەیوەندی یان بە جیهانی ماددیی ئێمەوە هەیە. بۆ نموونە: سەیری ئەو پاروو بکە کە دەیخەیتە ناو دەمتەوە، پاشان بۆ ئەنجامەکانی بڕوانە لە جەستەی خۆتدا..

ئێوە دەڵێن: (خۆراکمان خوارد). بەڵام من دەڵێم: (نەخێر نەمان خوارد، بەڵکو خوای گەورە دەرخواردی داین). لەوانەشە هەر لە ڕووی ڕێزەوە قسەکەی من پەسەند بکەن. بەڵام گەر ئێمە بە وردی لە مەسەلەکە بکۆڵینەوە دەبینین قسەکەی من ڕاستە.. ئایا چۆن؟.. با بزانین:

ئێمە پاروەکە لە دەممان نزیك دەخەینەوە. دەبا بزانین کێ ئەم پارووەی بە ئێمە بەخشی؟ ئەو قۆناغانەی کە ئەم پاروو بڕیونی چین، تا وای لێ هاتووە بۆ خواردن بشێت؟ چۆن خۆر بووە بە کوڵێنەر و پێگەیەنەری؟ ئەو هەل و مەرجانە چین کە وای لە زەوی کرد بەم جۆرە بیهێنێتە دەرەوە؟ بە ئاو و هەوای کێ هەناسەدانتان بۆ مسۆگەر کرد؟... هتد.

پاشان هەر ئەوەندەی پارووەکە بەر دەمتان دەکەوێت یەکسەر کارەکانی ئەوێ دەست پێ دەکات، لە کاتێکدا کە ئێوە هیچ زانیاری و ئاگا و خەبەرێکتان لەو کارلێکانەی دوای ئەوە نی یە. خۆ ئەگەر بتانەوێت ئەو کارلێکانە خۆتان ئەنجامی بدەن و ئەو خواردەمەنی یە بە ویستی خۆتان ئامادە بکەن، ئەوا لەوانەیە گەلێ کاری گەورە و کارلێکی گرنگتان لە بیر بچێت.. لەوانەیە زمانی خۆتان بگەزن.. لەوانەیە خواردنێکی ئامادەنەبوو بەرەو گەدە و لەوێشەوە بەرەو ڕیخۆڵەکان ڕەوانە بکەن. کەچی ئەم پارووە خواردنە هەر ئەوەندەی دەگاتە ناو دەم، تەنانەت کە هێشتا نەگەیشتووەتە ئەوێش، یەکسەر لیکەلوو(غـــدة)ەکان لیك دەردەدەن و ئەم ڕژێنە لیکانەش گەلێ کارلێکی گرنگ ئەنجام دەدەن کە بەپێی جۆری خواردنەکە ئەوانیش جیاجیان، چونکە

لیكەلووەكان بەپێی جۆر و چۆنێتیی خواردنەكە ئەم ڕژێنانە دەردەدەن. بێ گومان كاری گەدە لەمەش ئالۆزترە. ئەوەتا بە تەواوترین شێوە، كاری خۆی ڕادەپەڕێنێت و پاشان دوازدەگرێ و گلاندەكانی پەنكریاس و جگەر كاری خۆیان دەگرنە ئەستۆ، بەم چەشنە هەریەكەیان ئیشەكەی خۆی جێبەجێ دەكات. تەنانەت جگەر هەر بە تەنها خۆی نزیكەی سێ سەد ئەرك ڕادەپەڕێنێت! بەم جۆرە هەموو یەكێك لەوانە، بە بێدەنگی و بێ هیچ قرە و غەڵبەغەڵبێك، كاری سەرشانی جێبەجێ دەكات، بە ڕادەیەك كە خۆیشمان هەست بەو كارانە ناكەین و ئاگامان لێ یان نییە.. ئنجا ڕیخۆڵەكان كاری خۆیان دەگرنە ئەستۆ و بە جوانترین شێوە جێبەجێی دەكەن، چونكە كاری هەرس و هەڵمژین دەگرنە ئەستۆ لە ڕێی ئەو مژۆڵانەی كە خۆراكی هەرس كراو بۆ ناو خوێن دەگوێزنەوە، شان بە شانی ئەمەش ماددە زیانبەخشەكان جیا دەكەنەوە و فڕێیان دەدەنە دەرەوە، كە ئەمەش لەو گورچیلەیەدا بەڕێ دەكرێت كە لە نێوان حەوانەوە و كاركردندا ئیشی بە نۆرەی تێدا بەڕێوە دەچێت، چونكە نیوەی كرێكارەكانی وەك سپێر(إحتیاط) دادەنێت و نیوەكەی تریشی لە كارێكی سەرومڕدان.

وا ئێستا پارووەكەمان خستە ناو دەمان، دەبینین هەر كارلێكێكی - هەر لە سەرەتاوە تا كۆتایی - بەسەردا دێت هیچ دەستتێوەردانێكی ئێمەی تێدا نییە، تەنانەت گەر بە تەواویش ئەو كارلێكانە بزانین. دیارە هەر تەنها خوای گەورەیە كە بەدیهێنەری هەموو ئەو كارانەیە.

لەبەر ئەوە، پرسیارەكەمان دووپات دەكەینەوە و دەڵێین: ئەم دوانە كامیان ڕاستە: (خواردنەكەم خوارد) یان (خوای گەورە دەرخواردی دام)؟! ئەوەندە هەیە ئێمە لە گوفتارەكانماندا ڕێگای "مەجاز" دەگرینەبەر و دەڵێین: خواردنەكەمان خوارد. دەنا گەر ئەم وشەیە بە واتا "حەقیقی"یەكەی خۆی بەكار بهێنین دەبێ بڵێین: خوای گەورە دەرخواردی داین.

بەم جۆرە گەر بێت و لەم گۆشەیەوە بڕوانینە مەسەلەكەمان، دەبینین جیاوازییەكی ئەوتۆ لە نێوان ئەم مەسەلەیە و ئەو كارانەماندا نییە كە بە ویستی خۆمان ئەنجامیان دەدەین. هەر لەبەر ئەوەش بوو كە ئەم مەسەلەیەمان لە ڕوویەكەوە شوبهاند بە "موعجیزە"، چونكە بواری لەیەكچوونی هەردوو مەسەلەكە نەبوونی پەیوەندییەكی وەهایە كە "ژیری" پێی قبووڵ بێت لە نێوان "هۆكار" و "بەهۆكراو"دا. واتە "تەناسوبی عیللییەت" بۆ هیچ كامیان لە گۆڕێدا نییە. وا تەشبیهی ئەم مەسەلەیە بەمەی خوارەوە دەكەین: گریمان مێرووولەیەكی بچووك لە تەنیشتی كۆشكێكی مەزندا ببینرێت و، یەكێكیش بڵێت: ئەم كۆشكە مەزنە ئەم مێرووولەیە بنیاتی ناوە! دیارە ناگونجێ باوەڕ بەم

گوفتارە بکرێت، چونکە یاسای "تەناسوبی عیللییەت"ی تێدا نەهاتووەتەدی. جا ئەو موعجیزانەی کە پێغەمبەران - درووودیان لەسەر بێت - پێش چاویان خستوون هەموویان لەم جۆرەن، بۆیە دەبن بە بەڵگە لە سەر پێغەمبەرێتیی ئەوان. واتە دەزانین کە هەرگیز ناگونجێ ئەم کارە دەراسایانە لەسەر دەستی مرۆڤ ڕوو بدەن، بۆیە ناچارین بڵێین - کە لە ڕاستیشدا هەر وەهایە -: ئەم موعجیزانە لە لایەن خواوەندەوە بەو پێغەمبەرانە بەخشراون. جا بەم پێیە هەموو ئەو کردارانەشمان کە لەسەر هێڵە گریمانکراوەکەی ویستی جوزئیمان بنیاتنراون، وەك ئەمەی پێشووان.

بۆ نموونە: بە ئاماژەکردنی پەنجەی پیرۆزی پێغەمبەر ﷺ "مانگ لە سەردەمی پێغەمبەردا ﷺ بوو بە دوو لەتەوە و پێغەمبەریش ﷺ فەرمووی: بڕوانن"[1]. هەروەك دەبینین پەنجەکانی هەمان دەستی پیرۆز، دەبێت بە دە کانیاوی ئەوتۆ کە بە خوڕ ئاویان لێ هەڵدەقوڵێت: "ئەنەس - خوای لێ ڕازی بێت - دەفەرموێ: بە چاوی خۆم بۆ ئەو ئاوەم دەڕوانی کە لە نێوان پەنجەکانیەوە هەڵدەقوڵا"[2].

جا هەروەك ناتوانین ئەم ئەنجامانە بۆ ئەو شتانە بگێڕینەوە کە لە ڕووی ڕواڵەتەوە بە "هۆکار" دادەنرێن، بە هەمان جۆر ناشتوانرێت هەموو کردارەکانمان، کە لەسەر بناغەی ویستی ئێمە بنیاتنراون، بگێڕینەوە بۆ خۆمان. کەواتە بکەر و بەدیهێنەر لە هەردوو حاڵەتەکەدا هەر تەنها خوای گەورەیە. خۆ ئەمەش ئایەتی پیرۆزی: ﴿واللهُ خَلَقَكُم وَمَا تَعْمَلُونَ﴾مان بیر دەخاتەوە.

ئیمان بەم مەسەلەیە یەکێکە لە پێداویستی و داخوازییەکانی ئایین. پێغەمبەری خۆشەویستمان ﷺ ئاماژەی بۆ ئەم پێویستییە کردووە و، ئەو کەسانەش کە پێیان بەرەو فیکری "ئیعتیزال" دەخزێت بە "مەجووس"ی ئەم نەتەوەیە ناوی بردوون. ئەوەتا فەرموویەتی: "هەموو نەتەوەیەك مەجووسی تێدایە، مەجووسی نەتەوەکەی منیش ئەوانەن کە دەڵێن: قەدەر نییە"[3]. چونکە ئەوانە خێر و شەڕ بۆ خوای گەورە ناگێڕنەوە و پێیان وایە کە مرۆڤ بەدیهێنەری کردارەکانی خۆیەتی.

یەکەم جار وشەی "القَدَرية" بەوانە دەوترا کە باوەڕیان بە "جەبر" هەیە، بەڵام دوایی بەوانە وترا کە "ئینکاریی قەدەر" دەکەن، کە لە ڕاستیدا ئەمەیان لەگەڵ واتای فەرموودە پیرۆزەکەدا دەگونجێ. بەم جۆرە ئەم "ناو"ە خاوەنە ڕاستەقینەکەی خۆی

---

(١) (البخاري، المناقب ٢٧). (مسلم، صفات المنافقين ٤٣ - ٤٧).

(٢) (البخاري، الوضوء ٣٢،٤٦. المناقب ٢٥. الأشربة ٣١). (مسلم، الزهد ٧٤، فضائل ٤-٦).

(٣) (المسند ٨٦/٢، ١٢٥ و ٤٠٧/٥). (ابن ماجه: مقدمة ١٠).

دۆزی‌یەوە! لەم سەردەمەی خۆشماندا ئەم ناوە بە ڕێڕەوی موعتەزیلە دەوترێت، کە مەگەر چەند جیاوازی‌یەکی کەم، دەنا هەر لەسەر مەفهوومی پێشووی خۆی ماوەتەوە.

شان‌بەشانی ئەمەش ڕێڕەوی "جەبری"یەکان هەیە، کە "ئینکاریی ویستی مرۆڤ" دەکەن. خۆ وەك بە ڕوونی ئاشکرایە، ئەم بیرەش ڕاستیی نەپێکاوە.

بەڵام ڕێڕەوی ئەهلی سوننەت ناوەندەڕێ دەنوێنێت و، لە زیادەڕەوی و کەمڕەویی هەردوولا پارێزراوە و، ئەو ئەندازەیەی کە ڕاست و دروستە لە هەردوو ڕێڕەوەکەی تردا لەمیش‌دا هەیە و دەڵێت: خوای گەورە بەدیهێنەری کردەوەکانمانە، بەڵام داواکەر و داخوازی ئێمەین. بۆیە بەرپرسیاریی کردەوەکانمان لە ئەستۆی خۆماندایە.

٨ - ویستی خوای گەورە و.. ویستی مرۆڤ.

هەرچەندە مرۆڤ خاوەنی ویست و ئیختیار بێت، کەچی هەر "خەلق" و "ئەمر" بە دەستی خوایە و، گەر هەر شتێك فەرمانی خوای لەسەر نەبێت هەرگیز نایەتە وجوود.. گەر نەیویستایە بەدیهاتووانی بەردەوام بن و بمێننەوە، هەموو شتێك هەپروون هەپروون دەبوون..

کەواتە هەر خواوەند خۆی ملوانکەی گەوهەری "وجوود"ی بە گەردنی "عەدەم"دا هەڵواسیوە و دەرگاکانی ئاسمانی لەسەر تاریکستانی عەدەم خستووەتە سەرپشت و سەرانسەری گەردوونی بە وێنەی کتێب و پیشانگا پێش‌چاو خستووە و ڕووناکیشی ئاراستە کردوون، تاکو ئەو کتێبە بخوێنرێتەوە و پیشانگاکەش ببینرێت..

هەموو کانیاوەکان بە فەرمانی ئەو دەتەقێنەوە و.. لافاوەکانیش بە فەرمانی ئەو خوڕ دەبنەوە و.. چیاکانیش بە فەرمانی ئەو شەق دەبەن و بەردەکانیشی دێنە خوار و دەبن بە گڵ و باوەش بۆ ناوك و تۆوەکان دەگرنەوە.. دەشتایی و شیوەکانیش بە فەرمانی ئەو کاڵای ڕەنگاوڕەنگ دەپۆشن و سەرنجی زەوی و ئاسمان بۆ لای خۆیان ڕادەکێشن و.. هەر بە سروەی فەرمانی ئەویش سەرتاسەری زەوی وەك بەهەشتی لێ دێت و باخچە و بێستانەکان بە میوە و بەروبوومەکان پڕ دەبن و.. مەل و وردیلە باڵندەکانیش بە فەرمانی ئەو بە خەمباری دەخوێنن و.. تەنانەت هەموو زیندەوەرێك و گشت بێ گیانێکیش، هەریەکەیان بە زمانی خۆی، لە خوای گەورە دەلاڵێتەوە و ستایشی دەکات.

کەس ناتوانێت لافی خاوەنێتیی ئەم گەردوونە بێ‌پەی و فراوانە لێ بدات کە لێواری دیار نی‌یە. ئەم گۆی زەوی‌یە بە مەزنی‌یەکەی و ڕووبار و لافاو و دەریاکانیەوە، تەنها چەند دڵۆپێکی میهرەبانیی ئەون.. هەموو بوونەوەرانی گیاندار و بێ گیانیش تەنها گەردیلەیەکن لە گەنجینەکانی سامانی ئەو، چونکە نیعمەتەکانی ئەو خواوەندە لە ژمارە

نایەن و لە ڕەنـووس‌دا جێـیان نایێتـەوە. کەواتـە شـوکرانە و سـوپاس و پێزانین تەنـها بۆ ئەوە، لەسەر ئەم هەموو نیعمەتانەی کە بە هەموانی بەخشیوە..

هەروەها تەنها هەر ئەو خواوەندەیە کە خاوەنی کارسازی و هەڵس‌وکەوتی فراوان و بینراوە لە هەموو بەشێکی گەردووندا و، بەخشەری سەرجەمی ئەو نیعمەتانەشـە کە بـە هەموو بوونەوەرێکی بەخشیوە..

هـەروەها هـەموو ئـەو کـردەوە چـاك و پیرۆز و بەپیتانـەی کـە بـە کـردەوەی مـرۆڤ هاتوونەتـەدی، هـەموویان هـی خـوای گـەورەن، چونکـە بەخشـینی دڵنیـایی بـە دڵانـی ئیماندار و، زانـین و تێگەیشـتنیش بـە ژیریی پێشـەوایانی حەقیقـەت و، ڕشـتنی ڕەوشـتی بەرز و حیکمەتی ڕاست ـ درووست بەسەریاندا و، ڕێنمایی سـەرانی عاشـق بـۆ سـوجدە بۆبردنی.. هەموو ئەم کارانە، تایبەتن بە خوای گەورەوە..

هەموو کار و کۆششێکی ئەو کەسەش کە عینایـەتی خـوا ناناسێت و ڕێـزی شـایانی لـێ ناگرێت، هەمووی بێ ئەنجامە و تەنانەت هەر شـتێك خـوای گـەورە عینایـەتی خـۆی ئاراستە نەکات، سەرابێکی فانی‌یە. چونکە کردەوەکانی مرۆڤ تەنـها بـە بیرکردنـەوەی لە ڕەزامەندیی خوای گەورە دەبن بە عیبادەت و، ئەم عیبادەتانـەش لـە ڕێـی چـاودێری و پارێزگاریی خواوەندەوە هێندە فراوان و گەورە دەبن کە دەبن بـەهۆی ڕزگـاربوونی ئـەو کەسانەی بوونەتە هۆکاری پەیدابوونیان. بە پێچەوانـەی ئەمەشـەوە هـەرگیز نـاتوانرێت مرۆڤ بگاتـە هیـچ شـتێك و بەسـەر ڕاسـتە شـەقامدا تێ‌بپەڕێت. واتـە پێچەوانـەی ئەمـە ئەندێشەیەکی دوور لە حەقیقەتە..

دەستەواژەکانی: "من فلانە کارم کرد" و "من ئەو کـارەم ڕێك‌خسـت" و "مـن فلانـە کەسم ئاراستـەی فلانـە کـار کـرد".. ئـەم چەشـنە وتانـە کـە شـانازی و لـەخۆبایی‌بوونی مرۆڤ دەنوێنن، هەر تەنها دەرچوونیان لە زاری مـرۆڤ، کـارێك دەکـات شـەیتان پێـی ئەو مرۆڤەیان پێ‌هەڵبخلیسکێنێت و لە ڕێ بیترازێنێت!

ئەو خواوەنـدە بـەرز و بەتوانایـەی کـە بچووکترین شت دەخاتەگەڕ بۆ ئـەنجامدانی گەورەترین ئەرك و کارمـەندی.. ئـەو کەسـەی کـە بـە مێرووڵەیـەك کۆشـکی فیرعـەونی دارماند.. ئاڵای موڵکی ئەو خواوەندە لە هەموو گۆشەیەکی گەردووندا دەشـەکێتەوە. دەسا زەرەرمەندی بۆ ئەو کەسەی کە ناچێتە ژێر ئاڵاکەیەوە. لە خوا داواکارین سـایەی ئەو ئاڵایەمان هەر لەسەر بهێڵێتەوە.

بەڵێ، ئاسمان و زەوی لـە ژێـر فەرمانی ئـەودان. ئێمـەش بـە دەسـت و پـێ و چـاو و گوێ و زمان و دڵ و ویژدان و هەناومانەوە، موڵکی ئەوین. ئـەم ئەندامانـەی جەسـتەمان

تەنها چەند پارچە گۆشتێکن لە موڵکی یەکجار فراوانی ئەودا و چەند هۆکارێکی خاوەن هەستی تەواو بچووکن.

جا هەروەك هەموو ئەمانە تەنها هی خوای گەورەن، بە هەمان جۆر هەموو ئەو بەروبووم و سوودانەش کە لەم ئەندامانەوە پەیدا دەبن، هەموویان تایبەتن بە خواوەندەوە. چونکە ئێمە چۆن دەتوانین بڵێین: "زمانمان، دەنگمان، چاومان، گوێمان" گەر خۆی ئەم ئەندام و هەست و نەستانەی پێ نەبەخشینایە و ئەم بەروبووومانەشی لەو هەست و نەستانەوە نەهێنایەتەبەر؟ ئایا ئەو کاتە بەشی ئێمە لەو بەروبوومانەی کە لافی خاوەنێتییان لێ دەدەین چەند دەبوو؟ خۆ سەرانسەری دنیا بە فەرمانی ئەو دەجووڵێتەوە و سەرتاسەری گۆی زەویش لە ڕێژنەی بەخششی ئەو پڕ بووە.

کەواتە گێڕانەوەی "وجوود" بۆ لای غەیری خوای گەورە کوفرێکی هێندە ستەمە کە لێخۆشبوونی بۆ نییە و، چاونووقاندنیش سەبارەت بە بینینی دەستی چاکەی ئەو لە پشتی هەموو بەخششێکەوە، شیرکێکی ئابڕووبەرە.

دەسا ئەی خاوەنی ئەو سۆز و میهرەبانییە فراوانەی کە تەنانەت شەیتانیش تەماعی تێ دەکات!

پەردە لەسەر چاوی ئەوانە لابدە کە دەڵێن: "من.. من".. هەروەها درەوشانەوەکانی خۆت بۆ ئەو کەسانەش دەربخە کە بە ڕێزلێنان و پێزانینەوە دەڕوانە کاروبارەکانت و.. دڵانی خاڵی و بەتاڵیش بە ناسینی خۆت پڕ بکە! ئامین.

٩ – قەدەر لە ڕووناکیی ئایەتەکانی قورئان و فەرموودە پیرۆزەکاندا.

گەر لە ڕووناکیی ئەو ئایەت و فەرموودانەی کە لەمەولا باسیان دەکەین مەسەلەی "قەدەر" شی نەکرێتەوە، ئەوا باسەکە لەگەڵ مەزهەبی ئەهلی سوننەت و جەماعەتدا یەك ناگرێتەوە و، ناتوانین پارێزگاری لە خۆمان بکەین و بەرەو چەمکەکانی "ئیعتیزال" یان "جەبر" نەترازێین. بۆیە لەم بەشەی باسەکەماندا هەوڵ دەدەین ئەو ئایەت و فەرموودە پیرۆزانە شی بکەینەوە و بیانخەینە بەر باس و لێکۆڵینەوە کە پەیوەندییان بەم بابەتەوە هەیە.

خوای گەورە فەرموویەتی:

﴿مَا أَصَابَ مِن مُصِيبَةٍ فِي الأَرضِ وَلَا فِي أَنْفُسِكُم إلاَّ فِي كِتَابٍ مِن قَبلِ أن نَبْرَأَهَا إنَّ ذَلكَ عَلَى اللهِ يَسِيرٌ﴾(الحديد:٢٢).

بەڵێ، هەموو شتێك پێش ئەوەی پەیدا ببێت تۆمار کراوە و هیچ شتێکیش نییە کە بەپێی ئەو تۆمارە ئاڵوگۆڕی بەسەردا نەیەت.

شارێگاکەی حەزرەتی محمد ﷺ داخوازی ئەم باوەڕەیە، بەڵام هەموو لادانێك لەم ڕاستە شەقامە لە ڕاستیدا، بەپێی گەورەیی و بچووکیی ئەو لادانە، بە: پێ ترازان و گومڕایی دادەنرێت.

لە سەرەتای ئەم کتێبەدا ئایەتە پیرۆزەکانمان خستە پێش چاو، وا ئێستاش هەندێ فەرموودەی پیرۆز دەهێنین کە تەفسیری ئەو ئایەتانە دەکەن.

١) عبداللّٰهی کوڕی عەمری کوڕی عاص - خوایان لێ ڕازی بێت - دەگێڕێتەوە کە پێغەمبەر ﷺ فەرموویەتی:

(کتبَ اللهُ مقاديرَ الخلائقِ قبلَ أنْ يخلقَ السموات والأرض بخمسين ألف سنة. قال: وعرشه على الماء)[1].

لە ڕاستیدا ئێمە ئەو پێوەر و تەرازووە نازانین کە ئەم پەنجا هەزار ساڵەی پێ حساب دەکرێت. لەوانەیە پەنجا هەزار ساڵ یان پەنجا ملیۆن ساڵی زەمانی ئەم دنیایەی ئێمە بێت، لەوانەشە کینایە بێت لە "زۆری". ئێمە ناتوانین هیچ کام لەو واتایانە دەستنیشان بکەین. ئەوەندە هەیە کە دەزانین پەنجا هەزار ساڵ پێش بەدیهێنانی ئاسمانەکان و زەوی و پێش بەدیهێنانی بەری درەختەکەشیان کە مرۆڤە، هەموو شتێك تەقدیر و دەستنیشان کراوە.

لەبەر ئەوەی لە کتێبێکی تردا ئەم بڕگەیەی فەرموودەکەمان ڕوون کردووەتەوە کە دەفەرموێ: "وكان عرشه على الماء"، ئەوا پێویست بە دووپاتبوونەوەی ناکات. بەڵام سەبارەت بە وشەی: "الماء" لە فەرموودەکەدا دەڵێین: لەوانەیە وەك هەندێ وتوویانە: مەبەست "العماء"[2] بێت. لەوانەشە ماددەی "ئەثیر" بێت. واتە عەرشی خوای گەورە لە سەر "ئەثیر" بووە کە ئەصلی ماددەی هەموو بەشەکانی گەردیلەیە. لەوانەیە هەموو بوونەوەران لە شکڵ و شێوە و دۆخی بوونێکی ئەثیریدا بووبن. ئێمە هیچ زانیارییەکمان لەم بارەیەوە بە هیچ جۆرێك نییە و ناشتوانین بمانبێت. چونکە نە خۆمان و نە باوکە ئادەممان، تەنانەت سەرانسەری گەردوونیش، ئەو کاتە بەدی نەهاتبوون.

---

(١) رواه مسلم. القدر ١٦. (واتە: خوای گەورە پەنجا هەزار ساڵ پێش ئەوەی ئاسمانەکان و زەوی بەدیبهێنێت، تەقدیری هەموو بەدیهاتووانی نووسیوە و، عەرشەکەی خۆیشی لەسەر ئاو بووە).

(٢) العماء: السحاب. واتە هەور. لەوانەشە - وەك وتراوە - "العمى" بێت ئەو کاتەش واتاکەی بریتی دەبێت لەوەی کە: "هیچ شتێکی سابت و چەسپاو نەبووە" چونکە لەبەر ئەوەی "شت نەبووە" لە بەدیهاتووان نادیار بووە. بەو واتایەی کە خوای گەورە هەر بووە پێش ئەوەی مەخلووقاتیش بەدیبهێنێت و کەسی تر غەیری ئەو نەبووە. بڕوانە "تفسير ابن كثير" ٤/٢٤٠. (وەرگێڕی چاپی عەرەبی)

٢) عوبادەی كوڕی صامت - خوای لـێ ڕازی بێت - كاتێ لـە سـەرەمەرگـدا منداڵەكانی دەورەیان دابوو، وەسیەتی بۆ دەكردن و "ئیمـان بـە قـەدەر"ی وەك ئەمانـەتێك پێ دەسپاردن و دەیوت:

يا بنيَ! إنكَ لن تَجِدَ طعمَ حقيقة الإيمان حتى تعلمَ أنَّ ما أصابَكَ لم يكنْ لِيُخطِئَكَ وما أخطأَكَ لم يكنْ لِيُصيبَكَ. سمعْتُ رسول الله ﷺ يقولُ: (إنَّ أوّلَ ما خلَقَ اللهُ القَلَمَ، فقال اكتبْ. قالَ: رَبِّ وماذا أكتُبُ؟ قالَ: اكتبْ مقاديرَ كلِّ شيءٍ حتى تقومَ السّاعة). يا بنيَ! إنّي سمعتُ رسول الله ﷺ يقولُ: (مَنْ ماتَ على غيرِ هذا فَلَيسَ مِنّي)(١).

٣) ئەو حەدیثەی كە حەزرەتی عبداللەی كوڕی عەبباس - خوایان لـێ ڕازی بێت - ڕیوایەتی دەكات، گەلـێ گرنگە بۆ ئەم باسـەمان كە باسـی "قـەدەر"ە و، تەفسیری ئـەو ئایەتەش دەكات كە نەختێك پێش ئێستا باس كرا.

عبداللەی كـوڕی عـەبباس - خوایـان لـێ ڕازی بێـت - دەفـەرموێت: ڕۆژێكیـان لـە پشتی پێغەمبەرەوە ﷺ بووم، پێی فەرمووم:

(يا غلام! إنّي أعلِّمُكَ كلمات: احفظِ اللهَ يحفظْكَ، احفظِ اللهَ تَجِدْهُ تُجاهَكَ، إذا سألتَ فاسألِ اللهَ وإذا استعنتَ فاستَعِنْ باللهِ. واعلم أنَّ الأمةَ لو اجتمعَتْ على أنْ ينفعوكَ بشيءٍ لم ينفعوكَ إلاّ بشيءٍ قد كتبَهُ اللهُ لكَ، ولو اجتمعوا على أنْ يضرُّوكَ بشيءٍ لم يضرُّوكَ إلاّ بشيءٍ قد كتَبَهُ اللهُ عليكَ، رُفِعَتِ الأقلامُ وجفَّتِ الصُّحُفُ)(٢).

واتە: مافی ڕەوا بە فەرمان و داخوازییەكانی خوای گەورە بدە، تاكو شـتێك بـەرەو ئەودنیا ڕەوانە بكەیت كە لەوێ سوودت پێ بگەیـەنێت. خۆ ئەگـەر هـەر شـتێكت داوا كـرد، جگـە لـە خـوای گـەورە لـە كەسـی داوا مەكە، زەلیلـی و ملكـەچی بـۆ غـەیری خواوەند مەنوێنە و جگە لە خۆی بـۆ هیـچ مەبەسـتێك پەنا بـۆ كـەس مەبـە. چونكـە هـەر تەنـها خـوای گەورەیـە كـە داخوازییەكـەت بـۆ دەهێنێتـەدی و گـرێ وگرفتەكەشـت بـۆ چارەسـەر دەكـات. كەواتـە گـەر هـەر خواستێكت هـەبوو تەنـها لـەوی داوا بكـە. خـۆ ئەگەر لە هەر كەسێكی تری داوا بكەیت لە ئـەنجامدا كارەكـە هـەر دەگەڕێتـەوە بـۆ لای

(١) رواه أبو داود. السنة ١٦. واتە: كوڕم! تۆ هەرگیز تامی حەقیقەتی ئیمان ناچێژیت هـەتا نەزانیت كە ئەو شتەی دێتە ڕێت. نەدەبوو لابدرایە و نەهاتایەتە ڕێت و، ئەو شتەش كە نایەتە ڕێت هەرگیز نـابێت بێتـە ڕێـت. لـە پێغەمبەرم ﷺ بیست دەیفەرموو: "خوای گەورە یەكەم جار "قەڵەم"ی بەدیهێنا و پێی فەرموو: بنووسە! قەڵـەم وتی: چی بنووسم ئەی پەروەردگارم؟ فەرمووی: تەقدیراتی هەموو شتێك بنووسە كە تا قیامەت دێتە وجـوود". كوڕم! گوێم لـێ بوو پێغەمبەر ﷺ دەیفەرموو: هەر كەسێك لەسەر غەیری ئەم باوەڕە بمرێت، لە من نییە.

(٢) رواه الترمذي، القيامة ٥٩. المسند ٢٩٣/١، ٣٠٣ - ٣٠٧.

خواوەند. کەواتە هەر تەنها خوای گەورەیە کارەکەت بۆ ئەنجام دەدات. لەبەر ئەوە هەرگیز رەنجت بەبا مەدە و دەستەوداوێنی ئەو هۆکارانە مەبە کە لە نێوان تۆ و خوای گەورەدان، بەڵکو بە کردار و گوفتار هەموو هۆکارێك لەو ناوەندەدا لا بە و باش بزانە کە سەرجەمی هۆکارەکان وەك تۆ دەستەوسانن و، هەر خواوەند خۆیەتی کە دەتوانێت خواستەکانت بۆ بهێنێتەدی، چونکە کلیل و جڵەوی ئاسمانەکان و زەوی تەنها بە دەستی خۆیەتی و جگە لە خۆی کەسی تر کاری تەقدیر و دەستنیشان کردنی شتانی لە توانا و دەسەڵاتدا نییە و.. هەر خۆی بەدیهێنەرە و هەر خۆشی بەدیهاتووانی دەخاتە گریان و پێکەنین و هەر ئەو عیززەت دەبەخشێت بەو کەسەی ویستی لەسەری بێت و ئەوانەش زەلیل دەکات کە خۆی دەیەوێت زەلیل بن. بە رادەیەك کە ئەگەر هەموو خەڵکی بە هەڵەداوان و پێشبڕکێ بێن بە دەنگەوە تاکو سوودت پێ بگەیەنن یان فریات بکەون یاخود لەو بەڵایە رزگارت بکەن کە پێوەی دەتلێیتەوە، ئەوا هەموو ئەو کردارە چاکانەیان لە ناوەندی تەقدیری خواوەندایە و ئەگەر ئەو نەیویستایە، ئەوان نەیاندەتوانی ئەو سوودانەت پێ بگەیەنن، ئەو کردارە خراپانەش بە هەمان جۆر کە خەڵکی دەیانویست ئەنجامیان بدەن. چونکە ئەوەی خرابووە ئەستۆی قەڵەمەوە کە بیاننووسێت هەموویانی نووسی و نووسینەکانیش وشك بوونەوە. واتە تازە هیچ ئاڵ و گۆڕێك لەو نووسینانەدا ناکرێت.

پێغەمبەر ﷺ بەم فەرموودە پیرۆزەی کە یەکێکە لە "جوامع الکلم"، ئیبن عەبباسی زانا و عەللامەی نەتەوەی ئیسلام لە قووڵترین "مەسەلەی قەدەر" تێدەگەیەنێت.

جا ئەوانەی کە لە دواپلەکانی بەندایەتی و ئیخلاسدان ئاوا لە "قەدەر" تێدەگەن.

بەڵێ، قەدەر مەسەلەیەکی حاڵی و ویجدانییە. واتە هەموو مرۆڤێك لە ناخ و ویجدانی خۆیدا هەست بە هەموو ئەم راستییە ناوبراوانە دەکات، تەنانەت ویجدانی پڕە لەم راستییانە. بە رادەیەکی ئەوتۆ کە دەتوانرێ بوترێت: بابەتی قەدەر یەکێکە لەو مەسەلانەی کە پێغەمبەر ﷺ زۆر جەختی لەسەر کردووە و، شەش کتێبەکانی فەرموودەش پڕن لەم چەشنە حەدیثانە. کەواتە دەبێ "قەدەر" لە رۆشنایی ئەو فەرموودانەدا باس بکرێت، چونکە ئەم باسە شایانی ئەوەیە بە تەواوی لێی بکۆڵرێتەوە و تاوتوێ بکرێت. تەنانەت ئەم کارە گەلێ پێویستە.

مەجووسەکان باوەڕیان وایە کە دوو هێزی جیاواز هەن: یەکێکیان هی کاری خێرە و ئەوی تریشیان هی کاری شەڕە. خۆ ئەم چەشنە ئیمانە خوای گەورە دەخاتە زۆران و ململانێ لەگەڵ شەیتاندا و وا پیشان دەدات کە - پەنا بەخوا - هیچ کامیان دەست لە کاری ئەوی تر وەرنەدات!

کەچی ئایینی ئیسلام بە تەواوەتی دژ و پێچەوانەی ئەم بیر و باوەڕەیە، تەنانەت ئیعلانی جیهادیشی بەرامبەر بەم چەشنە بیر و بۆچوونانە ڕاگەیاندووە. ئەوەتا ئێمە باوەڕمان وایە کە خوای گەورە تاك و تەنیایە و چ لە زاتی خۆیدا و چ لە کردەوەکانیدا هیچ شەریك و هاوبەشێکی نییە و جگە لە خۆی هیچ کەسێکی دیکە پەروەردگار نییە و هەر ئەوە کە بە ویستی خۆی و چۆنی بوێت دەستکاریی مولکی خۆی دەکات و هەموو دەسەڵاتێك هەر تەنها هی ئەوە و هەموو هێزێکیش هەر تەنها بە دەستی خۆیەتی. ئەم حەقیقەتەش لەو ذیکرەوە وەردەگرین کە لە سوننەتدا هاتووە و بەیانی و ئێواران دەخوێنرێت و بریتییە لە: "لا إله إلا الله وحده لا شريك له له الملك وله الحمد وهو على كل شيء قدير"[1].

ئێمە لە ڕووناکیی ئەم حەدیثە پیرۆزەوە باوەڕمان بە: تەوحیدی خوایەتی و، تەوحیدی سیفەتە مەزنەکانی و، تەوحیدی کردارە حەکیمەکانی هەیە.

گێڕانەوەی هەموو شتێك بۆ خوای گەورەی تاك و تەنیا، مەسەلەیەکی گرنگە لە ئیمانەکەماندا، تەنانەت بریتییە لە کاکڵە و پوختەی ئیمانەکەمان.

٤) ئێستا با لە گۆشەی ئەم ڕیوایەتەی ئیمامی عەلییەوە - خوای لێ ڕازی بێت - بڕوانینە ئەم مەسەلەیە:

حەزرەتی عەلی - خوای لێ ڕازی بێت - دەفەرموێ: بە بۆنەی بەخاك سپاردنی یەکێك لە هاوەڵەکانەوە، لە گۆڕستانی "بقيع الغرقد"دا بووین، پێغەمبەریش ﷺ تەشریفی هێنا بۆ لامان و دانیشت و ئێمەش بە دەوریدا دانیشتین. لەو کاتەدا چیلکەیەکی بەدەستەوە بوو، ئنجا سەری داخست و، بە چیلکەکەی دەستی خەتی بچووك بچووکی یەك لە دوای یەکی لە گڵەکەی بەردەمیدا دەکێشا. پاشان فەرمووی: (ما منكم من أحدٍ، ما من نفسٍ منفوسةٍ، إلاّ وقد كتبَ الله مكانَها من الجنةِ والنار، إلاّ وقد كُتِبَتْ شقيَّةً أو سعيدةً). واتە: هیچ کەسێك نییە لە ئێوە کە شوێنی لە بەهەشت یان لە دۆزەخدا دیاری نەکرا بێت و بە "بەدبەخت" یان "بەختەوەر" نەنووسرابێت. لەم کاتەدا پیاوێك عەرزی کرد: ئەی پێغەمبەری خوا! ئایا ئیتر بۆچی ئێمە چاوەڕوانی ئەو نووسراوە نەکەین و واز لە کردەوەکانمان نەهێنین؟ پێغەمبەر ﷺ فەرمووی: هەر کەسێك لە ئەهلی سەعادەت و بەختەوەری بێت دەچێت کرداری ئەهلی سەعادەت دەکات و ئەو کەسەش کە لە ئەهلی شەقاوەت و بەدبەختی بێت دەچێت کردەوەی ئەهلی شەقاوەت دەکات. ئەوەبوو فەرمووی: (اعملوا؛ فكلٌ مُيَسَّرٌ

(١) البخاري، التهجد ٢١، الأذان ١٥٥.

لِما خُلِقَ له: أمَّا أهلُ السعادة فَيُيَسَّرُونَ لِعملِ أهلِ السعادة، وأمَّا أهلُ الشَّقاوةِ فَيُيَسَّرُونَ لِعملِ أهلِ الشقاوة)! پاشان ئەم ئایەتەی خوێندەوە:

﴿فأمّا مَن أعطَى وَاتقَى ۞ وَصَدّقَ بالحُسنَى ۞ فَسَنُيَسِّرُهُ لليُسرَى ۞ وأمّا مَن بَخِلَ واستَغنَى ۞ وَكذّبَ بالحُسنى ۞ فَسَنُيَسِّرُهُ للعُسرَى﴾(الليل:٥-١٠)[(١)].

بەڵێ، ئەو کەسەی کە بۆ بەهەشت خولقێنرابێت، دڵی بە نەشوەی عیبادەت و خواپەرستی پڕ دەبێت و بە تەواوەتی نەفرەت لەو شتانە دەکات کە خواوەند نەهیی لێ کردوون، بۆیە گرتنەبەری ڕێگای مزگەوتی بۆ ئاسان دەکرێت و ڕێگای ئەو شتانەشی لێ دەبێت بە زەحمەت کە نەهییان لێ کراوە..

بەڵێ، کار بکەن.. چونکە هەر کەسێك ئەو کارەی بۆ ئاسان دەکرێت کە بۆ ئەنجامدانی بەدیهێنراوە، ئەوەتا ڕێی بەهەشت لە مزگەوتەوە تێپەڕ دەبێت و بە شوێنپێ هەڵگرتنی پێغەمبەر ﷺ دەگاتە قۆناغ. خۆ ئەو کەسەی کە لە ژیانیدا سوژدەی بۆ خوای گەورە نەبردووە و دڵ و ویژدانی نەکردووە بە ئاوێنەیەکی ئەوتۆ فەرمانەکانی بەدیهێنەریان تێدا ڕەنگ بداتەوە، هەرگیز پێی ناوترێت ڕێی بەهەشتی گرتووەتە بەر. واتە ئەو کەسەی لە ئەهلی سەعادەت بێت لە ئەنجامدا ئەو کردارانە جێبەجێ دەکات کە شایستەی ئەوەی دەکەن بچێتە بەهەشت. ئەو کەسەش لە ئەهلی شەقاوەت بێت لە ئاکامدا چەند کارێك ئەنجام دەدات کە بە هۆیانەوە شایستەیی چوونە ناو دۆزەخ بەدەست بهێنێت. هەر لەبەر ئەوەش بوو کە پێغەمبەر ﷺ بەیانی و ئێوارە ئەم دوعایەی دەخوێند: (اللهم! أحسِنْ عاقبَتَنا في الأمورِ كُلِّها وأجِرْنا مِنْ خِزيِ الدنيا وعذابِ الآخرة)[(٢)]. دەبینین پێغەمبەر ﷺ ئایەتەکانی (٥-١٠)ی سوورەتی "الليل" دەهێنێت و دەیانکات بە بەڵگە لە سەر فەرموودە پیرۆزەکەی خۆی. ئەمەش گشت ئەو واتا مەزنانەی خوارەوەمان یاد دەخاتەوە:

هەر کەسێك ماڵ و سامانی خۆی و هەرچییەکی هەیە لە پێناوی خوای گەورەدا ببەخشێت و بەختی بکات، ئەوا دەڕواتە ناو بازنەی "تەقوا" و، سوود لە یاساکانی خوا وەردەگرێت. واتە دڵی پڕ دەبێت لە تەقوا و ڕێزلێنان، کە ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی پەنا باتە بەر پارێزگاریی خواوەند و، ئیتر دەزانێت پەنا و پشتیوانی تەنها خوای گەورەیە. واتە گەر مرۆڤ لە ڕێی بەندایەتی و ملکەچبوونیەوە بۆ خوای گەورە لە لایەن

(١) رواه البخاري: التفسير (٩٢)، ٧ القدر ٦ التوحيد٥٤. ورواه مسلم: القدر ٦ – ٨.

(٢) (واتە: خوایە گیان! ئەنجامی هەموو کارێکمان بە باشی کۆتایی پێ بهێنە و، لە ڕسوایی دنیا و سزای دواڕۆژ پەنامان بدە) موسنەدی ئیمامی ئەحمەد ١٨١/٤.

خواوەندەوە لە هەموو کارێکیدا تەوفیقی بەدەست هێنا و پشتی بە خوا بەست و باوەڕی بە ناوە جوانەکانی خواوەند و هەموو ئەو شتانە هێنا کە بە دڵنیایی دەزانرێت بەشێکن لە دین و ئیمان، ئەوا خوای گەورە ڕێی بۆ ئاسان دەکات و بە وێنەی ئەو لافاوەی کە دەڕوات تا دەڕژێتە شوێنی دیاری کراوی خۆی، ئەمیش بەرەو ئامانجەکانی دەڕوات هەتا پێیان دەگات و، لە شوێنی خۆیدا چێژ و لەزەت لە هەموو کردەوەکانی چەشنی: "نوێژ و زەکات و حەج و جیهاد"ی وەردەگرێت. تەنانەت ئەو کەسانەی کە پەی بە لەزەت و خۆشحاڵیی ئەم شتانە نابەن بە سەرسامیەوە دەڕوانە ئەم مرۆڤە یاخود بە "شێت" ناوی دەبەن! تا وای لێ دێت نەترسانی ئەو کەسە لە مردن و، سەخاوەتی لەڕادەبەدەری ئەو دەبێت بە ویردی سەر زمانی خەڵکی، تەنانەت کارەکانی ڕۆژانەی و وازهێنانی لە چێژ و لەزەتە تایبەتی‌یەکانی خۆی بە کاری دەراسا(خارق) لە قەڵەم دەدرێت.. هەموو ئەمانەی بۆ ئەنجام دەدرێت چونکە خوای گەورە ڕێگایەکی بۆ ئاسان کردووە کە بەرەو پێشتری بهات..

بەڵام بە پێچەوانەی ئەمەوە، واتە گەر مرۆڤ ڕەزیلی بکات و هیچ شتێك بە کەس نەدات، با باش بزانێت کە هیچ شتێك نادرێت بە کەسێك کە نەبەخشێت و شت بە کەس نەدات! خۆ ئەگەر بیدایە، ئەوا خوای گەورەش دەیدایێ و پێی دەبەخشی.. ئایا چیی پێ دەبەخشی؟.. دیارە "حوسنا" واتە: "عاقیبەتخێری"ی پێ دەبەخشی..

جا ئەو کەسەی نەیبەخشی و خۆی بە دەوڵەمەند زانی، واتە لە ناخی دەروونی خۆیدا "بوون"ی خۆی دەبینی و وای دادەنا کە پێویستی بە خوای گەورە نی‌یە، لە کاتێکدا کە دەبوو "بوون"ی ئەوی ببینیایە و پشتی پێ بەستایە.. بە واتایەکی تر وەکو قاروون لە خۆی بایی بێت کە وتبوی: ﴿إنما أوتيتُه على عِلمٍ عِندي﴾(القصص:٧٨).. هەروەها هاتوچۆی مزگەوت بە کۆنەپەرستی لە قەڵەم بدات و بە چاوی سووك بڕوانێتە ئەهلی مزگەوت و.. "حوسنا" واتە خاوەنی ناوە جوانەکان - کە خوای گەورەیە - بە درۆ بخاتەوە و.. باوەڕ بەو پێغەمبەرە خۆشەویستە ﷺ نەکات کە تیشکۆی درەوشانەوەی ناوە جوانەکانە و.. بایەخ بەو قورئانە پیرۆزە نەدات کە ڕوونکەرەوەی ئەزەلیی درەوشانەوەی ناوە جوانەکانی خوایە.. ئەو کەسەی ئەمە حاڵیەتی، ڕێگای سەختی دەخرێتە پێش. لەوانەشە هەندێ جار ژیانێکی ئایینی وەك نوێژکردن و ڕۆژووگرتنیشی ببێت، بەڵام بە بێزاری و تەمبەڵی‌یەوە بیانکات و حەز نەکات لەناو پێخەف و نوێنەکەیدا بێتە دەرەوە بۆ نوێژی بەیانی. ئنجا تا بەم جۆرە کات و ژیانی لێ بڕوات لە ئەنجامدا وای لێ دێت کە جەماعەت و خواپەرستیش واز لێ دەهێنێت، تەنانەت هەندێ جار کە فەرمانێکی خواوەند لە بەردەم خۆیدا دەبینێتەوە بە وێنەی

کەسێکی لێ دێت کە بوورێتەوە و، بە پێچەوانەی ئەوەی لێی داوا کراوە ڕەفتار دەکات و، لە دەمی بچووکترین تەکلیفی خواوەندا بێزاری پیشان دەدات، چونکە ڕێگای سەختی خراوەتە پێش. ئەو کەسەی کە ئەمە حالیەتی کتومت وەك کەسێك وایە کە بە کۆڵێکی قورسەوە بۆ سەر چیایەك سەر بکەوێت، وەك ئەم ئایەتە پیرۆزە وەصفی کردووە: ﴿سأرهقه صَعُوداً﴾(المدثر:١٧).

بەڵێ، هەندێ کەس هەن کانی "خەڵووز" دەدۆزنەوە و بەردەوام بە دوایشیدا دەگەڕێن.. هەندێ کەسی تریش کانی "زیو".. هەندێکی تر "مس".. هەندێکی تر "زێڕ" دەدۆزنەوە، بەڵام گەلێ کەسی دیکەش هەن کە نوقمی ناو "زێڕابە چەپەڵەکان" دەبن!

ئەو شتانەی کە ڕێگا بۆ مرۆڤ ئاسان دەکەن، بریتین لە: پارێزگاریی دڵساغی و، دەستبەردار نەبوون لە ڕاستگۆیی و ڕاستی(الصدق) و، ڕوو کردنی تەواوەتی ڕووەو خوای گەورە و، بەخشین لە پێناویدا و، چاوەڕوانیی گیرابوون(الإستجابة) لە لایەن خواوەندەوە و، باوەڕهێنان بە ناوە جوانەکانی و، دوورەپەرێزیی لەوەی کە مرۆڤ پێی وابێت پێویستی بە خوا نییە و، بە ویستە لاوازەکەی و زانستە کەمەکەیەوە بەخۆی نەنازێت و، باوەڕی وابێت کە هەموو شتێکی لە لایەن خواوەندەوە پێ بەخشراوە و، خۆی و سامانیشی لە پێناوی خوای گەورەدا بەخت بکات..

بەڵێ، ئەمانە هەندێکن لەو شتانەی کە ڕێگا بۆ مرۆڤ ئاسان دەکەن. هەر کردارێکی پێچەوانەی ئەمانەش بە ڕادەیەك ڕێگا لە مرۆڤ سەخت و دژوار دەکەن کە نەتوانێت پیایدا تێپەڕێت.

حەزرەتی عەلی - خوای لێ ڕازی بێت - کە ئەم فەرموودەیە ڕیوایەت دەکات، دەفەرموێ: دوای ئەوەی کە هاوەڵەکان ئەم فەرموودەیەیان لە پێغەمبەر ﷺ بیست، لە خواپەرستیدا گەیشتنە پلەیەکی بەرز و، چاکیان لێ کرد بە لادا و بە ڕۆژ و بە شەو خەریکی خواپەرستی دەبوون. بەو واتایەی کە تێگەیشتن لەوەی: مرۆڤ هەر ڕێگایەك بگرێتە بەر دەگاتە کۆتایی ئەو ڕێیە. واتە هەر کەسێك هەنگاو بنێت و بڕوات، لە ئەنجامدا هەر دەگات.

بەڵێ، هاوەڵەکانی پێغەمبەر ﷺ بەم جۆرە لە "قەدەر" گەیشتبوون. خۆ ئەم چەشنە ئیمانە هەرگیز مرۆڤ بەرەو تەمبەڵی ناداتە بەر، بەڵکو ڕووەو کار و تێکۆشانی بەردەوام هانی دەدات. چونکە ئەو هاوەڵانە بە باشی تێگەیشتبوون لەوەی کە: هەر ڕێگایەك بگرینە بەر ئەوا ئەنجام و کۆتایی ئەو ڕێگایەمان بۆ تەقدیر کراوە، بۆیە هەمیشە تێدەکۆشان تاکو بگەنە ئەنجام و دوا قۆناغی ئەو ڕێیە.

ئەوەتا زەرەرمەندی بۆ ئەوانەیە كە ڕێی مزگەوتیان نەگرتوەتەبەر و سوژدەیان بۆ خوای گەورە نەبردووە و بە ڕێی ئیماندارانەدا نەڕۆشتوون و هەموو كات و جەژنەكانیان لە چایخانە و مەلها و مەیخانەكاندا بەسەر دەبەن. ڕێی ئەم جۆرە كەسانە ڕێی گومڕایی‌یە و ئەنجام و كۆتایی‌یەكەشی بریتی‌یە لە "سەقەر"(١).

سوپاس و ستایشێكی زۆر و لەژمارەبەدەر بۆ خوای گەورە كە ڕێی ئیسلامی بۆ ئاسان كردین و خستینیە سەر ڕێی مزگەوت، بە وێنەی ئەوەی كە شەونمی لەسەر گەڵا ناسكەكان داناوە و، دڵیشمانی كردووە بە ئاوێنەیەكی ڕووناكی‌دەرەوەی نوورەكانی قورئانی پیرۆز كە خۆری هەموو خۆرەكانە و، بە فەزڵ و بەخشایشی خۆیشی نیعمەتی شوێن‌كەوتنی پێغەمبەرە ئازیز و خۆشەویستەكەی خۆی ﷺ پێ بەخشیوین. هەر لەو خوایەش دەپاڕێینەوە كە نیعمەتەكەمان بۆ تەواو بكات و بەردەوامیی نیعمەت و شوكرانەی نیعمەتیشمان پێ ببەخشێت.

٥) حەزرەتی عبداللّٰهی كوڕی عەمری كوڕی عاص - خوایان لێ ڕازی بێت - دەگێڕێتەوە و دەفەرموێ: "جارێكیان پێغەمبەر ﷺ هاتە دەرەوە بۆ لامان و دوو كتێبیشی بەدەستەوە بوو. فەرمووی: دەزانن ئەم دوو كتێبە چین؟ عەرزمان كرد: نەخێر ئەی پێغەمبەری خوا! مەگەر خۆت پێمان بڵێیت. پێغەمبەر ﷺ سەبارەت بەوەی دەستی ڕاستی فەرمووی: (ئەمە كتێبێكە لە لایەن پەروەردگاری هەموو جیهانەكانەوە، ناوی ئەهلی بەهەشت و ناوی باوك و تیرە و عەشرەتەكانیشیانی تێدایە، پاشان مۆر لە ئاخرەكەی نراوە؛ نە لێیان زیاد دەكرێت و نە هەرگیز لێشیان كەم دەكرێت). ئنجا سەبارەت بەوەی دەستی چەپیشی فەرمووی: (ئەمەش كتێبێكە لە لایەن پەروەردگاری هەموو جیهانەكانەوە ناوی ئەهلی دۆزەخ و ناوی باوك و تیرە و هۆزەكانیشیانی تێدایە و، پاشان مۆر لە ئاخرەكەی دراوە؛ هەرگیز كەسیان لێ زیاد و كەم ناكرێت). هاوەڵەكانی عەرزیان كرد: ئەگەر هەموو شتێك بڕابێتەوە و كۆتایی پێ هاتبێت ئیتر ئەی پێغەمبەری خوا كردەوەكانمان بۆچی بكەین؟! فەرمووی: (ڕاست بن و خۆتان لە كردەوەی چاك نزیك بخەنەوە، چونكە مرۆڤی بەهەشتی هەر كردەوەیەكی كردبێت لە ئەنجامدا بە كردەوەی ئەهلی بەهەشت كۆتایی بە كردەوەكانی دەهێنرێت.. ئەهلی دۆزەخیش، با هەر كردەوەیەكی ئەنجام دابێت، لە كۆتایی‌دا بە كردەوەی ئەهلی دۆزەخ دوایی بە كردارەكانی دەهێنرێت). پاشان پێغەمبەر ﷺ دەستەكانی ڕاتەكاند و ئەو دوو كتێبەی لادا و، ئنجا فەرمووی: (خوای گەورە لە كاری بەندەكانی بووەتەوە و،

---

(١) ئەو واتایەی كە لەم بڕگەیەی سەرەوەدا هاتن ئاماژەن بۆ ئایەتەكانی (٢٦-٣٠)ی سوورەتی "المدثر".

تاقمێکیان لە بەهەشت و تاقمێکیان لە دۆزەخدان)[1].

وا هەوڵ دەدەین ئەم مەسەلەیە بە ڕووداوێك ڕوون بکەمەوە کە خۆم دیومە و تیای‌دا ژیاوم:

لای سەری خۆشەویستێکمەوە ئامادە بووم کە بەدەم نەخۆشیی "مۆمکردنی جگەر"(تشمع الكبد)ەوە گیانی دەدا. لەتاو زۆریی ئازار پێچی دەدا و زمانیشی هێندە ئاوسا بوو کە لەناو دەمی‌دا هەڵ نەدەسووڕا! بەڵام زانیم شتێك دووپات دەکاتەوە، کە گوێی خۆمم لێ نزیك خستەوە هەستم کرد وەك بڵێی دڵی لە بریی زمانی دەیوت: "لا إله الا الله"! چونکە بە ژیانی غەریبی دەژیا و لەو غەریبی‌یەش‌دا گرفتاری نەخۆشی‌یەك بووبوو کە ئومێد وایە پلەی شەهادەتی دەستبخات. لەو کاتەش‌دا خۆشەویستانی دەورەیان لێ دابوو هەموویان دوعای خێریان بۆ دەکرد. وەك بڵێی خوای گەورە هەموو هۆکارێکی چوونە بەهەشتی بۆ ئامادە کردبوو. ئەوەبوو لە دەمی جێ‌بەجێ‌کردنی فەرزی حەج‌دا نەخۆش کەوت و، کە گەڕایەوە پێش ئەوەی چاوی بە خزمەکانی بکەوێت، یەکسەر لە خەستەخانەی "ئیزمیر"دا خستیان. ئەم مرۆڤە دەستکەوتێکی گەورە چاوەڕوانی بوو، هەر چەندەش لە ڕواڵەت‌دا بە مەزلووم و داماو پێش‌چاو دەکەوت. (من خۆم بەپێی ڕواڵەتی حاڵی شایەتیی ئیمانی بۆ دەدەم و، گەر ڕێم پێ بدرێت ئامادەم لە ڕۆژی قیامەتیش‌دا هەمان شایەتیی بۆ بدەم).

بەڵێ، گەر مرۆڤ ئەهلی بەهەشت بێت، خوای گەورە بە کردەوەی ئەهلی بەهەشت کۆتایی بە کردەوەکانی دەهێنێت. بەڵام گەر وا نەبێت ئەوا عاقیبەتی بە پێچەوانەی ئەوی یەکەمەوە دەبێت. لە خوای گەورە دەپاڕێینەوە کە نائومێدی کردەوەی چاکمان نەکات و کردەوەی ئەهلی بەهەشتیشمان پێ ببەخشێت. ئامین.

ئێمە باسی "ویستی مرۆڤ" و "بەدیهێنانی کردەوەکانمان لە لایەن خوای گەورەوە" کرد. لە ڕاستی‌دا ئەو شتەی کە ناوی "ویست"مان لێ ناوە نازانین حەقیقەتەکەی چی‌یە، تەنانەت چۆنێتی‌یەکەشی سەبارەت بە ئێمە شتێکی نەزانراوە، چونکە خاوەنی "بوون"ێکی گوێرەیی‌یە نەك دەرەکی. لەگەڵ ئەوەش‌دا ئەم ویستەی مرۆڤ بووە بە مەرجێکی عادەتی بۆ بەدیهێنانی کردارەکانمان لە لایەن خواوەندەوە. لەبەر ئەوە و لەم ڕووەوە گرنگیی بەدەست هێناوە..

بەڵام ئایا ئەو ئەرك و کارمەندی‌یانەی کە لە ئەستۆی ویستی مرۆڤ‌دان، چین؟ هەروەها ڕۆڵیان لەو کردارانەدا چی‌یە کە مرۆڤ دەیانکات؟ ئەمانە هیچیان بە

---

(١) رواه الترمذي: القدر ٨ ، مسند الإمام أحمد بن حنبل ١٦٧/٢.

تەواوەتی دەستنیشان نەکراون. بەڵام ئەو شتەی کە دەتوانین بە دڵنیاییەوە دانی پێدا بنێین بریتی‌یە لەوەی کە: خوای گەورە بە کردەوە چاکەکانمان دەمانخاتە بەهەشت و، بە کردەوە خراپەکانیشمان بەرەو دۆزەخ - خوا بمانپارێزێت لێی - دەماندات بەر. چونکە هەروەك چاکەکاران بەهۆی "ویست"ی خۆیانەوە دەبن بە شایستەی چوونە بەهەشت، خراپکارانیش بە هەمان جۆر بەهۆی "ویست"ەکەیانەوە دەڕۆنە دۆزەخ. وەك لە ئایەتەکانی (١٣-١٤)ی سوورەتی "الإنفطار"دا هاتووە[1].

بەڵام ئایا کاری مرۆڤ لەم حاڵەدا (واتە لە ویستی‌دا) چی‌یە؟ هەروەها ئەندازەی دەستوەردانی لە خێر و شەڕدا چەندەیە؟ تا چەندەش دەبێت بەهۆی ئەو بەدیهێنانەی کە خواوەندی بەدیهێنەر ئەنجامی دەدات؟ هەموو ئەم پرسیارانە و پرسیارەکانی تری هاوچەشنیان بە ناچاری حەواڵەی خواوەندی "علام الغیوب" دەکەین.

بەڵام دەڵێین: کتێبێك زووتر نووسراوە و ئەم کتێبەش بە چەند شێوە و جۆرێکی جۆراوجۆردا تێپەڕیوە، چونکە پێش بەدیهێنانی ئاسمانەکان و زەوی، نەخشە و پلانێکی گشتی بڕیار دراوە و نووسراوە و، موقەددەراتی هەموو یەکێك بە ئەستۆیاندا هەڵواسراوە. ئێمە ناتوانین لە دەرەوەی شتان و ڕووداوەکانەوە بیر لە "خۆمان" و "ویستمان" بکەینەوە، بۆیە کاتێ دەوترێت: "قەدەر" ئەوا ئێمە خۆمان و سەرجەمی ویست و ئارەزووەکانیشمان - بە واقیعی - لە ناوەندی ئەو بازنەیەداین و لەگەڵ شتان و ڕووداوەکانداین. چونکە هەر شتێك پەیوەندیی بە ئێمەوە بێت و لە ناوەندی ئەو ڕووداوانەدا بێت کە دێنە وجوود، پابەندە بە ویستی خۆمانەوە. هەرچەندەش ناتوانین پێوەرێك بۆ ئەو "ویست"ە دابنێین، بەڵام هەرگیز گومانمان لە بوونی‌دا نی‌یە.

"قەدەر" بریتی‌یە لە ڕوانینی خوای گەورە لە ڕوانگەیەکی بەرزەوە بۆ هەموو شتێك - کە ویستی ئێمەش دەگرێتەوە - و بینینی "سەرەتا" و "کۆتایی" بە وێنەی کاتی "ئێستا". قەدەر، بەم واتایە، جێی چەمکی "ئیعتیزال" و "جەبر"ی تێدا نابێتەوە. بەو واتایەی کە هەموو ئەو کردارانەی پەیوەندی‌یان بە ویستی ئێمەوە هەیە، بە وێنەی گشت ئەو کردارانەی تر کە پەیوەندی‌یان بە ویستمانەوە نی‌یە، هەر هەموویان لای خوای گەورەوە زانراون و تەقدیر کراون. بەڵام ئەو کردەوانەی بە ویستی خۆمان دەیانکەین - مەودای فراوانی‌یان هەر چەندەش بێت - مەیل و ویستی مرۆڤی تێدا ڕەچاو کراوە و بەپێی ئەو ویست و مەیلە تەقدیر کراون.

وتمان خوای گەورە چەند نووسینێکی جۆراوجۆری هەیە. چونکە ئەو شتانەی کە قەڵەمی قەدەر لە "لەوحی مەحفووظ"دا نووسیونی، مەلائیکەتە بەڕێزەکان بە

---

(١) مەبەست ئەم دوو ئایەتەیە: ﴿إنَّ الأبرارَ لفي نَعيمٍ ۞ وإنَّ الفُجّارَ لفي جَحيمٍ﴾.

قەڵەمەکانی خۆیان لە بەری دەنووسنەوە. جا ئەم کتێبانەی کە مەلائیکەتان نووسیویانن هی هەرکەسە و بە ئەستۆی خۆیدا هەڵواسراوە. واتە هەموو کردەوەکانی سەرتاسەری درێژایی ژیانیان پێش ئەوەی ڕوو بدەن لەم کتێبەدا نووسراون: لە کوێ و.. چۆن و.. کەی ئەنجام دەدرێن. خۆ ئاشکرایشە کە "ویست"ی مرۆڤ لەم نووسینە جیا نییە، بەڵکو لە ناوەندیدایە، واتە هەموو ئەو کردەوانەی کە لەو کتێبەدا نووسراون مرۆڤ بە ویستی خۆی دەیانکات و پاشان مەلائیکەتان ئەو کردەوانە تۆمار دەکەن کە ئەنجامدراون[1]. پاشان گەر بێت و هەردوو نووسراوەکە بەراورد بکرێن ئەوا وەکو یەك دەردەچن. چونکە ئەو کتێبەی کە لە لایەن خواوەندی عەلیم و خەبیرەوە نووسراوە، کە زانینی ئەو هەموو شتێکی ناو بوونەوەری گرتووەتەوە و ئاگای لە هەموویانە، هەرگیزاوهەرگیز پێچەوانەی ئەو کتێبە نابێت کە مەلائیکەتان دوای ئەنجامدانی کردەوەکانی مرۆڤ تۆماریان کردووە. چونکە لەبەر ئەوەی پێشتر هەموو کردەوەیەکی مرۆڤ لە "زانین"ی خوای گەورەدا "زانراو"ە، ئەوا هەموو ئەو کردەوانە لە کتێبی یەکەمدا نووسراون. بەڵام کتێبی دووهەم لەو کاتەدا نووسراون کە ئەو کردەوانە ئەنجام دەدەین. جا ئەم دوو کتێبە تەنانەت لە بچووکترین پیتیشیاندا وەکو یەك وان و لە یەکتر دەچن! ئێمە ئەم مەسەلەیە بەم جۆرە دەردەخەین و جەختی لەسەر دەکەین، تاکو نەبین بەهۆی هیچ تێگەیشتنێکی هەڵە و ناتەواو.

یەکێك لە ڕووەکانی ئەم نووسینە لە شێوەی عەهد و پەیمانێکدا نووسراوە کە لێمان وەرگیراوە کاتێ کە لە جیهانی "ڕۆح" یان جیهانی "میسال" یان جیهانی "گەردیلەکان"دا بووین. ئێمە هەمیشە لە ویجدانی خۆماندا هەست بە ڕەنگدانەوەکانی ئەم نووسینە دەکەین. ئەوەبوو خوای گەورە ویستی وابوو کە لە سەرووی کات و زەمانەوە بڕیارێك بدات و ئێمەش بە "بَلـــى" وەڵامی ئەو بڕیارەی خوای گەورەمان دایەوە. ئەم ئایەتە پیرۆزەی خوارەوە ئەم مەبەستەمان بۆ ڕوون دەکاتەوە:

﴿وإذ أخذَ ربُّكَ مِن بَني آدمَ مِن ظُهورهِم ذُرِّيَّتَهُم وَأَشهَدَهُم على أنفُسِهِم أَلَستُ بِرَبِّكُم قَالُوا بَلى شَهِدنا أن تقولوا يوم القيامة إنّا كنّا عن هذا غافلين ۞ أو تقولوا إنما أشركَ آباؤنا من قَبل وكنّا ذريةً من بعدهم أفتهلكنا بما فَعَل الْمُبطِلون﴾(الاعراف:١٧٢-١٧٣).

کەواتە مرۆڤ کە هێشتا لە پشتی باب و باپیرانیدا بووە، یان هێشتا لە جیهانی "ڕۆح"دا بووە و پێی نەناوەتە ناو زیندەتۆو(حيوان منوي)ەوە، یان هێشتا لە جیهانی گەردیلەکاندا بووە.. پەیمانی لێ وەرگیراوە. لەوانەشە ئەم پەیمانەی لە کاتی ڕۆشتنی

(١) سەیری سوورەتی الكهف: ٤٩، الجاثية: ٢٩، ق: ١٨، الإنفطار: ١١ - ١٢ بکە.

ئاوی مەنی بۆ ناو ڕەحم و دروستبوونی ئاوەڵمە بە فووپێداكردنی مەلائیكەت، لێی وەرگیرابێت. واتە دەگونجێ ئەم پەیمانەی لە یەكێك لەو مەنزڵ و قۆناغانەدا لێی وەرگیرابێت كە مرۆڤیان پێدا تێ دەپەڕێت، یان لە هەموویاندا. شایەت لەسەر ئەمەش: مرۆڤ خۆیەتی.. ویجدانیەتی.

ئایەتە پیرۆزەكە بە وشەی: ﴿رَبُّكَ﴾ ئاماژە بۆ گەلێ واتا دەكات. یەكێك لەوانە بریتی‌یە لەوەی كە: ئەو كەسەی پێت دەگەیەنێت و بەرەو كەماڵ دەتداتە بەر و لە ماددەی "أثــیر" گەردیلەكانی وجوودت بەدی‌دەهێنێت و شتانی جوزئیی تۆیشی پێك‌هێناوە، ئنجا پێكهاتووەكانیشتی لێ بنیات ناوە.. ئەو كەسەی كە لە دایك: "هێلكە و گەرا" و، لە باوك: "ئاوی مەنی"ی بەدی‌هێناوە و لە ناوەندی تێپەڕبوونت بە چەندین تاریكستانی یەك لە دوای یەكدا شوێنی لەبار و گونجاوی بۆ ئامادە كردوویت، هەتا گەیاندیتیە ئەوەی بتوانیت لە ژینگەیەكی بێ هەوادا بە هەناسەی دایك هەناسە بدەیت و بە خۆراكی ئەویش خۆراكی بۆ دابین كردیت و لە ڕێی خوێنی دایكتەوە پاشەڕۆ زیادەكانی وجوودی خۆتی لە كۆڵ كردیتەوە.. ئەو كەسەی كە دوای پێ‌بڕینی چەند قۆناغێكی دیاری‌كراو بەرەو پلەی بەرزی "أعلی علیین" تۆی دایە بەر.. ئەو كەسەی كە زیندەوەرانی تری پابەندی ناو سروشتی خۆیان كرد، كەچی تۆی - بە بۆنەی "پەروەردە" و پێگەیاندنی خۆیەوە - بە چەندین پلەدا بۆ لای خۆی سەرخستووە و دڵیشتی بە ئیمان ئاوەدان كردووەتەوە، تاكو ماددە و واتا و ناوەڕۆكت تەواوەتی و كەماڵ بەدەست بهێنن. ئنجا بە كردەوە چاكەكانت ڕواڵەتی دەرەوە و ناوەوەشتی ڕووناك كردووەتەوە و، بۆ ئەو ڕێگا ڕاستەش ڕێنمایی كردوویت كە دەتگەیەنێتە خزمەتی پێغەمبەری سەردارمان حەزرەتی محمد المصطفی ﷺ و، چوونە ژێر باڵی پەروەردەكەی خۆیشی بۆ دەستەبەر كردوویت و، لە سەرووی هەموو ئەمانەشەوە نیعمەتی ڕۆشتن و شوێن‌پێ هەڵگرتن و پەروەردەی ئەو پێغەمبەرەی ﷺ پێ بەخشیویت هەتا گەیاندوویتیە چڵەپۆپەی پلەی ویلایەت.. بەم جۆرە هەنگاو لە دوای هەنگاو پێت دەگەیەنێت و پەروەردگارێتیی خۆیت بۆ دەردەخات. جا ئەم پەروەردگار(رب)ە میهرەبانەیە كە لە سەرەتادا پەیمانی لێ وەرگرتوویت و تۆی كردووە بە شایەت لەسەر ئەوەی كە: هەر تەنها خۆی پەروەردگارە.

﴿ألستُ بربّكم﴾(الاعراف:١٧٢). ئایا شایەتی دەدەن كە هەر من پەروەردگارم و جگە لە من هیچ كەسێك نی‌یە پەروەردگاری ئەم بارودۆخ و كاروبارە تێكەڵاوانە بێت و.. غەیری من هیچ كەس نی‌یە بتوانێت لە سەرەتا و كۆتاییدا هاوسەنگیی ئەم ڕووداوانە

ڕابگرێت و.. جگە لە من کەسی تر نییە ئەم مرۆڤە بەهەشتییەی لە گڵێکی چڕ و پڕ بەدیهێنابێت کە تەنانەت پێشی مەلائیکەتیش دەداتەوە؟

بەو واتایەی کە ئەی گرۆی مرۆڤ! هەر لە تەوقی سەرتانەوە تا پاژنەی پێتان سەرنج بدەن و بۆی بڕوانن.. ببینن ئایا جگە لە من بەدیهێنەرێك هەیە بتوانێت لەسەر ئەم شێوەیە بەدیتان بهێنێت؟ جگە لە من کەس هەیە بتوانێت خۆی لەم کارەدا هەڵبقورتێنێت؟ غەیری من کەس دەتوانێت ئەم کەماڵی بەدیهاتنەتان پێ ببەخشێت کە لە جوانترین شێوە و ڕوخساردایە؟ ئایا سەیری ڕوخساری دەموچاوی خۆتان کردووە کە هێندە نیشانەی جوداکەرەوەی تێدا دانراوە لە ملیارەها مرۆڤی تر جیاتان بکاتەوە، لە کاتێکدا کە ئەندازەی دەموچاو لە ئەندازەی یەك لەپی دەست تێ ناپەڕێت؟ ئایا کێ دەتوانێت ئەم موعجیزانە بەدیبهێنێت؟ خۆ تەنانەت خەتی سەر پەنجەکانی ملیارەها کەس لە یەکتر جیایە، جا کێ دەتوانێت ئاوا لە یەکیان جیا بکاتەوە؟

بەم جۆرە، دوای ئەوەی کە خوای "پەروەردگار" ڕوونی دەکاتەوە بۆ خەڵکی کە هەر تەنها خۆی پەروەردگارە، دەچێت خۆیان دەگرێت بە شایەت لەسەر ئەم پەروەردگارییە و دەفەرموێ: ﴿ألستُ بربّکم﴾؟ خۆ ئەو شتەی پرسیارەکەی ئاراستە کراوە، هەرچییەك بێت: ڕۆح بێت، یان گەردیلەکان، یان مەنی، یان ئاوڵمەی ناو ڕەحمی دایك، یان ماددەی ئەثیر.. وەلآم تەنها هەر: ﴿بلی﴾یە! واتە: بەڵێ ئەی پەروەردگار! هەر تەنها تۆی پەروەردگاری ڕاستەقینە و جگە لە تۆ کەسی تر نییە پێمان بگەیەنێت و بەرەو کەماڵ بمانبات.

بەم جۆرە، ئەم شایەتییە لەناو "ویجدان"دا تۆمار دەکرێت و دەنووسرێت و بە چەشنێك تیایدا جێگیر دەبێت کە هەرگیز نەتوانرێت بسڕێتەوە.

پێغەمبەری خۆشەویست ﷺ ئاماژەی بۆ ئەم نووسینە کردووە لەو فەرموودەیەیدا کە فەرموویەتی (کُلُّ مَولودٍ یولَدُ علی الفِطرة، ثُـمَّ أبـواهُ یُهَوِّدانِـهِ أو یُنَصِّرانِـهِ أو یُمَجِّسانِهِ)(١).

بەڵێ، هەموو کەسێك لەسەر فیطرەت لە دایك دەبێت. ویجدانی ئامادەیی تێدایە بۆ ئیمانهێنان بە خوای گەورە و، بە وێنەی لاپەڕەیەکی سپییە کە هێشتا هیچ شتێکی تێدا نەنووسراوە و ئامادەی ئەوەیە کە خاوێنترین دەستەواژە، یان پارچە شیعرێکی تێدا بنووسرێت کە ژیریی مرۆڤی تێدا سەرسام ببێت. بەڵێ بەم جۆرە لە دایك دەبێت.. بەڵام دوای ئەمە چی ڕوو دەدات؟ ئەوە ڕوو دەدات کە لە لایەن نزیکترین کەسی وەك باوك و

(١) البخاري: الجنائز ٩٣. أبو داود: السنة ١٧. الترمذي: القدر ٥.

دایك و مام و خاڵ، بەڵكو لە لایەن دوورترین كەسیشەوە، كاری تێدەكرێت و دەیكەن بە جوولەكە یان گاور یان مەجووس. خۆ گەر ئەو دەستەواژانە بەكار بهێنین كە لەم سەردەمەدا برەویان هەیە، دەڵێین: هەموو ئەوانە ئەم كەسە لەدایكبووە خاوێنە بەرەو باوەشی شیوعییەت و ماسۆنییەت و سەرمایەداری و... هتد دەدەنە بەر. واتە هێندە كاریگەرییان لەسەری دەبێت كە تەنانەت لە ئایینی خوای گەورەش دووری دەخەنەوە و بەرەو جۆرەها ڕێگای تری دەبەن و چەپەڵی دەكەن.

هەموو خاوەن فیطرەتێكی ساغ لە ویژدانی خۆیدا دەنگی ئەم شایەتییە دەبیستێت لە سەر پەروەردگاریتیی خوای گەورە.. ئێمە لە یەكبەیەكی لاپەڕەكانی قەوارە و بوونی خۆماندا هەست بەم پەیمانە دەكەین. هەر لەبەر ئەمەشە كە: "ویجدان" بە یەكێك لەو چوار بناغە گشتی و سەرەكییە دادەنێین كە بەدیهێنەری خۆمان پێ دەناسێنن و، هەر لە خۆیدا بە بەڵگەیەكی سەربەخۆی وەردەگرین لەسەر بوونی خوای گەورە[1].

بەڵێ "گەردوون" كتێبێكە بە خوای گەورە ئاشنامان دەكات.. بە هەمان جۆر "قورئانی پیرۆز"یش كتێبێكی ترە و خواوەندمان پێ دەناسێنێت.. "پێغەمبەر"ی خۆشەویستیشمان ﷺ بەڵگەیەكی گۆیای خاوەن گوفتارە بۆ ناسینی ئەو خواوەندە ڕێنماییمان دەكات.

جگە لەمانەش كتێبێكی تر هەیە كە دەنگی نییە و هەرگیز درۆش ناكات، بەڵام لە قوڵاییی ناخمانەوە دەنگی دێت - هەروەك "كانت"[2] و "بریگسۆن"[3] و فەیلەسووفەكانی تری هاوچەشنیان ناسینی خوا دەگێڕنەوە بۆ دەرەوەی كتێب و سروشت و بیرەكان - جا ئەم كتێبە بریتییە لە: "ویجدان".. لەم شایەتە ڕاستگۆیەی كە هەمیشە زمانی بە وشەی: ﴿بلى﴾ تەڕ و شیرین و پاراوە و بەڵگەیەكی هێندە ڕوونە

---

(١) بڕوانە كتێبی: "ڕاستیی تەوحید یان تەوحیدی ڕاستەقینە" ل ١٦٣-١٦٦. (وەرگێڕ)

(٢) (عەمانوئیل كانت): فەیلەسووفێكی ئیمانداری ئەڵمانییە. لە نێوان ساڵەكانی: (١٧٢٤-١٨٠٤ ز)دا ژیاوە. لە بواری فەلسەفەدا نووسینەكانی پێشكەش كردووە. هەستی ناوناخی مرۆڤ(وجدان)ی كردووە بە بەڵگە لەسەر بوونی خوای گەورە. بۆ زیادە شارەزابوون لە بۆچوونەكانی ئەم فەیلەسووفە لەم ڕووەوە بڕوانە كتێبی: (قصة الإيمان بين الفلسفة والعلم والقرآن) ل ١٦٠-١٧٤. (وەرگێڕ)

(٣) (هێنری لوی بریگسۆن): فەیلەسووفێكی فەرەنسییە. ساڵی (١٨٥٩ز) لە پاریس لەدایك بووە. دوای ئەوەی كە ماوەیەكی ژیانی لە بوارەكانی بیركاری و زانستە سروشتییەكاندا بەسەر بردووە ئنجا ڕووی كردووەتە بواری "فەلسەفە" و گەلێ كتێبی تێدا داناوە كە یەكێكیان ناوی: (سەرچاوەی ئایین و ئەخلاق)ە و بە دوا قۆناغی فیكریی ئەم فەیلەسووفە دادەنرێت. ساڵی (١٩٢٨ز) خەڵاتی نۆبڵی وەرگرتووە. ساڵی (١٩٤١ز) كۆچی دوایی كردووە. بۆ زیادە شارەزابوون لە بۆچوونەكانی ئەم فەیلەسووفە لەم ڕووەوە بڕوانە كتێبی: (قصة الإيمان بين الفلسفة والعلم والقرآن) ل ١٧٤-١٨٠. (وەرگێڕ)

لەسەر خوای گەورە کە هەر کەسێك پەیی پێ بەات و لە ناخی خۆیدا هەستی پێ بکات پێویستی بە هیچ بەڵگەیەکی تر نامێنێت. سرەوتن و دڵنیایی ئەم ویجدانەش تەنها لەوەدایە کە خوای گەورە بدۆزێتەوە.

بەم جۆرە، هەموو کەسێك کە لە دایك دەبێت ئەم شایەتەی لە گەڵدایە.

لەبەر ئەوەیە کە ئێمە پێمان باشە بەم واتایە لە: "مَنْ عَرَفَ نَفسَهُ فقد عرفَ رَبَّـهُ"(١) تێ بگەین. واتە هەر کەس لە زمانی ویجدانی خۆی تێ بگات، ئەوا خوای گەورەش دەناسێت و پێی ئاشنا دەبێت.

"نیازیی میسری"(٢) لە شیعرێکدا بەم واتایەی خوارەوە ئەو بۆچوونەی دەربڕیوە کە تیایدا دەڵێت:

(بە سەری ڕووت و پێی پەتی لە دەشت و دەر و چۆڵایی و بیابانەکاندا تەنیا بە دوای ئەودا دەگەڕام، بەڵام کە پەردە لە نێواندا لادرا، بینیم ئەوەی من بە دوایدا عەودالّم لەناو ناخی ویجدانی خۆمدا دانراوە)(٣)!

ئەم بیرە بەم بەیتانەی نیازیی میسری گەیشتە چڵەپۆپە. ئەوەبوو ملیۆنەها کەس لە ئەولیایان بە ڕێنمایی ئەم کتێبە پڕ لە نهێنییەی "ویجدان" چەندین ماوەی بێ کۆتایی و یەك لە دوای یەکیان بڕی.

ئەم گۆشە مەزنەی لایەنە پەروەردگارییە ناسکەکەی ناو ناخی خۆمان، کە پێی دەڵێین "ویجدان"، هەر هێندەی بە پێناسەکەیەوە - کە هەموو گرێ کوێرەیەك دەکاتەوە

---

(١) قال ابن تيمية موضوع، و قال النووي قبله ليس بثابت وذكر بعض الأصحاب أن الشيخ محي الدين (بن عربي) قال: هذا الحديث وإنْ لم يصح من طريق الرواية فقد صح عندنا من طريق الكشف. وفي أدب الدين والدنيا للماوردي عن عائشة (رضي الله عنها) سئل النبي ﷺ من أعرف الناس بربه؟ قال: أعرفهم بنفسه. كشف الخفاء ٢٥٣٢.

(٢) نیازیی میسری: (١٦١٨-١٦٩٤ز) زانا و شاعیرێکی زاهیدە، لە گوندێکی سەر بە پارێزگای 'مەلاتیە'ی کوردستانی تورکیا لە دایك بووە. خوێندنی لە 'ئەزهەر' تەواو کردووە، هەر لەبەر ئەوەش پێی وتراوە: "میسری'. کە لە میسر گەڕاوەتەوە دەستی کردووە بە ڕێنمایی موسڵمانان لە یەکێك لە قوتابخانەکانی ئەو کاتەی ئەستەمبوڵدا، هەر لەوێش تەریقەتی "خەلوەتی"ی دامەزراندووە کە پێیشی دەوترێت: "تەریقەتی نیازی" و "تەریقەتی میسری". جگە لە "دیوانی شیعر" و 'مەکتووبات"ەکەی، چەند بەرهەمێکی تری هەیە وەك: "موائد العرفان"، "عوائد الإحسان"، "هداية الإخوان". (وەرگێڕ)

(٣) هەر بەم واتایە "حەفظی شیرازی"ش وتوویەتی:

سالـها دل طلبِ جـامِ جم أز مـا مى كرد — آنچه خود داشت زِ بيگانه تمنا مى كرد
گوهرى كز صدفِ كَون و مكان بيرون بود — طلب أز گم‌شـدگانِ لبِ دريا مى كرد!

بڕوانە: (ديوان حافظ شيرازى) ص ١٠٦ چاپ: كتابفروشى إسلاميه - تهران - ١٣٢٧ هـ.ش. (وەرگێڕ)

– لە دڵماندا دەبووژێتەوە، یەکسەر دەبینین بەهەشت خۆی پێش‌چاو دەخات و بۆن و بەرامەکەی بەسەرماندا هەڵ دەکات بە ڕادەیەك کە هەست دەکەین و دەبینین: جیلوەی حوزووری ئیلاهیی تێدا بەرجەستە بووە. هەروەك لە هەمان کاتدا هەست بە نەفرەت دەکەین لە دۆزەخ و هەر کردارێك مرۆڤ بەرەو دۆزەخ ببات. ئەم نەفرەتەش ڕۆژ لە دوای ڕۆژ زیاد دەکات تا "ویجدان" وای لێ دێت دەبێت بە ڕابەرێك و دەستمان دەگرێت و بۆ هەموو گۆشەیەکی گەردوونمان دەبات و واتاکانی هەموو شتێکی ناو گەردوونیش دەخاتە پێش چاوەکانمان.

جا هەر مرۆڤێك کە دێتە دنیا ئەم بەڵگەیەشی لەگەڵدایە کە دەیگەیەنێتە بەرزایی و چڵەپۆپەکان. بەڵام ئەو بێئاگایەی کە نوقمی ماددە بووە و لەناو ئەزموونگەکاندا بە دوای خوای گەورەدا دەگەڕێت و گوێی خۆی لە دەنگی "ویجدان" دەئاخنێت و تەنانەت هەر ویجدانیشی ناخاتە کار، تا ئەو ویجدانەی وای لێ هاتووە کە چەپەڵ بووە و پووکاوەتەوە.. ئەو کەسە، بێ هیچ گومانێك، لە حەقیقەتی ئەم بەڵگەیە تێناگات و ناتوانێت سوودی چاوەڕوانکراوی لێ ببینێت.

ئایەتی پیرۆزی: ﴿أَلَسْتُ بِرَبِّكُمْ﴾ گەلێ حەدیثی پیرۆز ڕوونیان کردووەتەوە کە لە نزیکەی سی کەسی هاوەڵە بەڕێزەکانەوە ڕیوایەت کراون و، ئەم سەردارانەمان هەندێکیانن: ئیمامی عەلی و، ئەبوو سەعیدی خودری و، سوراقەی کوڕی مالیك و، حەزرەتی عائیشەی دایکمان و، عبداللهی کوڕی زوبەیر و، عبداللهی کوڕی عەبباس و، عبداللهی کوڕی مەسعوود و، عبداللهی کوڕی عەمر، خوایان لێ ڕازی بێت. وا ئەم حەدیثەیان لێ باس دەکەین:

حەزرەتی عومەری کوڕی خەتتاب دەفەرموێ: گوێم لێ بوو لە بارەی ئەم ئایەتەوە پرسیار لە پێغەمبەر ﷺ کرا. ئەویش فەرمووی: (خوای گەورە حەزرەتی ئادەمی دروست کرد و ئنجا دەستی بەسەر پشتیدا هێنا و وەچەیەکی لێ هێنایەدەر و فەرمووی: ئەمانەم بۆ بەهەشت دروست کردووە و ئەوانیش کردەوەی ئەهلی بەهەشت دەکەن. پاشان دەستی بەسەر پشتیدا هێنا و وەچەیەکی تری لێ هێنایەدەر و فەرمووی: ئەمانەم بۆ دۆزەخ دروست کردووە و ئەوانیش کردەوەی ئەهلی دۆزەخ دەکەن)[1].

لە ڕیوایەتەکەی "ئوبەی کوڕی کەعب"دا سەبارەت بەم فەرمایشتەی خوای گەورە کە دەفەرموێ: ﴿وَإِذْ أَخَذَ رَبُّكَ﴾... تا کۆتایی ئایەتەکە، پێغەمبەر ﷺ فەرموویەتی:

(١) موسنەدی ئیمام ئەحمەد: ١/٢٧٢. تەفسیری "ابن كثير": ٣/٥٠٣.

(خوای گەورە نەوەی ئادەمی کۆکردووەتەوە و کردوونی بە "ڕۆح". پاشان فـەزڵی دان بەسەر بەدیهاتووانی تردا و ئنجا خستنیە گوفتار و ئەوانیش قسەیان کرد، پاشان عـەهد و پـەیمانی لـێ وەرگرتـن و خۆیـانی کـرد بـە شـایەت لەسـەر خۆیـان سـەبارەت بـە پەروەردگارێتیی خواوەند و فەرمووی: ﴿ألستُ بربّكــم﴾ ئەوانیش لـە وەڵامدا وتیـان: ﴿بلى﴾.. تا کۆتایی فەرمودەکە[1].

٦) فەرموودەیەکی تر هەیە یەکێك لـە هاوەڵـە مەزنـەکان ڕیوایـەتی کـردووە کـە پێغەمبەر ﷺ فەرموویەتی:

(الشقيُّ مَن شَقِيَ في بطنِ أمِّهِ، والسَّعيدُ مَنْ سَعِدَ في بطنِها)[2].

بـەڵێ، "مـارکس" شـەیتانێکە لەسـەر شـێوەی ئـادەمیزاددا و، مرۆڤایـەتی لـە ڕێ دەردەکات. بۆیە هەر کە لە سکی دایکیدا بووە، مۆری شەقاوەت و بەدبـەختیی لەسـەر دراوە..

ڕابەرەکانی سەدەی بیستەمیش وەك: "حەسـەن بـەننا"[3] و "سـەیید قوتـب"[4] و ئەو

---

(١) الفتح الرباني في ترتيب مسند الإمام أحمد بن حنبل الشيباني لأحمد عبدالرحمن البنا ١٤٦/١٨.

(٢) رواه الهيثمي في مجمع الزوائد ١٩٣/٧ و رواه البزار و الطبراني في الصغير. و رجال البزار رجال الصحيح. (واتە: بەدبەخت ئەو کەسەیە کە لە سکی دایکیدا بەدبەخت بووە و، بەختـەوەریش ئـەو کەسـەیە کە لـە سکی دایکیدا بەختەوەر بووە).

(٣) (حسن البنـا): یەکێکە لـە کەسایەتییە ناودارەکانی بانگـەوازی ئیسلام لـەم چەرخـەدا. کوڕی زانای موحەددیثی میسری: (أحمد عبدالرحمن البنا)یە، لـە سـاڵی ١٩٠٦ز لـە دایك بووە. کۆلیجی (دار العلوم)ی قاهیرەی تەواو کردووە. ساڵی ١٩٢٨ز لە شاری ئیسماعیلیە کۆمەڵی (برایانی موسـڵمان)ی دامـەزراندووە و پاشـان لە قاهیرە و شـارەکانی تری میسردا چـەندین لقـی تـری بۆ ئـەو کۆمەڵـە کردووەتەوە. سـاڵی ١٩٤٨ز خۆی و کۆمەڵەکەی لە جەنگی فەلەستیندا بەشداریی جیهادی جوولەکـەیان کـردووە. سـاڵی دوای ئەوە لـە ١٢/٢/١٩٤٩زدا لە لایەن دەسـتێکی پەنهانـەوە شـەهید کـرا. لـە وڵاتـە عەرەبییـەکان و چـەندین شـوێنی تـری جیـهاندا بانگەوازەکەی بڵاوبووەتـەوە و ڕۆڵێکـی لەبـەرچاوی بـووە لـەم ڕابوونـە ئیسـلامییەی ئێسـتای جیـهاندا، جگـە لەمـەش چـەند کتێـب و نامیلکەیـەکی دوای خـۆی بەجێهێشـتووە کـە بـەناوبانگترییان یادداشتنامەیەکە بە ناوی: (مذكرات الدعوة والداعية). (وەرگێر).

(٤) (سەیید قوطب): ئەدیب و نووسەر و کەسایەتییەکی ئیسلامیی ناوداری میسرییە. سـاڵی ١٩٠٦ز لـە یەکێك لـە گوندەکانی پارێزگای ئەسیوط لە دایك بووە. کۆلیجی (دار العلوم) تەواو کردووە. لە پێشدا لـە لایـەن دەوڵـەتـەوە بایـەخێکی زۆری پێ دراوە، بـەڵام کـە لـە سـاڵی ١٩٥١ز پەیوەندیی بـە کۆمەڵــی (برایـانی موسڵمان)ەوە کرد هەڵوێستی دەوڵەت بەرامبەری گۆڕا و چەند جارێك دووچـاری گرتن و ئەشکەنجەی ناو بەندیخانەکانی ئەو سەردەمەی میسر کرا، هەتا لە بەرواری ٢٨/٨/١٩٦٦زدا فەرمانی لەسێدارەدانی دەرکرا و شەوی دوای ئەوە لە سێدارە درا. گەلێ بەرهـەمی دوای خۆی بەجێهێشتووە، بەناوبانگترییان تەفسیرێکە بە

ڕابەرەش کە بەناو "سەعید"ە و بە نازناو و کۆمەڵەکەشی لە تورکیادا ڕابەرێکی تابلێی مەزنە[1] و، هاوچەشنە زۆرەکانی تری ئەمانە، هەر هەموویان، کە هێشتا لە سکی دایکیاندا بوون، بە مۆری سەعادەت و بەختەوەری شەرەفمەند بوون.

بەڵێ، بەختەوەر و بەدبەخت ئەوانەن کە هێشتا لە سکی دایکیاندا بوون: "بەختەوەر" یان "بەدبەخت" بوون. بەڵام ئەم نووسینە پێش وەختەی چارەنووسیان "ویست"ی مرۆڤی تێدا ڕەچاو کراوە، چ لایەنی ڕق و ئینکاری ئەو مرۆڤە بێت، چ سۆز و مەردایەتیی ئەو بێت.

٧) لە فەرموودەیەکی پێغەمبەری خۆشەویستدا ﷺ کە هەر دوو ئیمامی بوخاری و موسلیم ڕیوایەتیان کردووە، ئەو گفتوگۆیە باس کراوە کە لە نێوان حەزرەتی ئادەم و حەزرەتی مووسادا - علیهما السلام - ڕووی داوە و، ئەو چارەنووسە پێشوەختە ڕوون دەکاتەوە کە ئێمە خەریکین باسی دەکەین:

"طاووس" - کە زانایەکی دوای سەردەمی هاوەڵەکانە - دەڵێت: لە ئەبوو هورەیرەم بیست کە دەیوت: پێغەمبەر ﷺ فەرموویەتی: (گفتوگۆیەك لە نێوان ئادەم و مووسادا ڕووی دا. مووسا پێی وت: ئەی ئادەم! تۆ باوکمانی کەچی نائومێدت کردین و لە بەهەشت بەدەرت نایین! ئادەم پێی وت: ئەی مووسا! خوای گەورە بە گفتوگۆ

ناوی: (في ظلال القرآن) و کتێبێکە بە ناوی (معالم في الطريــــق). گەلێ کتێب و لێکۆڵینەوە و بڕوانامەی زانکۆیی‌ش لە بارەی لایەنە جۆراوجۆرەکانی ژیانیەوە نووسراوە، فراوانترینیان تا ئێستا کتێبێکە بە ناوی: (سيد قطب من الميلاد إلى الإستشهاد) نووسینی: دکتۆر صلاح الخالدي. (وەرگێڕ).

(١) مەبەست زانای گەورەی کورد: بديع الزمان مامۆستا سەعیدی نوورسی‌یە، کە لە گوندی (نوورس)ی سەر بە پارێزگای (بەدلیس)ی کوردستانی تورکیا لە دایك بووە و، لە نێوان ساڵەکانی (١٨٧٦-١٩٦٠ز)دا ژیاوە. گەورەترین زانایە کە لە دوای مەولانا خالیدی نەقشبەندی لەناو نەتەوەی کورددا هاتووەتە دنیاوە و، یەکێکە لە کەسایەتی‌یە جیهانی‌یە گەورەکانی بانگەوازی ئیسلام لەم چەرخەدا. ئەو پیلانەی کە دوژمنان بۆ سڕینەوەی ئیسلام لە وڵاتی تورکیادا دایانڕشتبوو لەم زانایە توانیی ڕووبەڕووی ببێتەوە و، خۆی و قوتابییانی (قوتابییانی نوور) بوون بە بەردی بناغەی بووژانەوەی بانگەوازی ئیسلام و، هەموو زەبر و زەنگێکی مستەفا کەمال و دام و دەزگا چەوسێنەرەکانی و سی‌وپێنج ساڵی بەندی و زیندانی تاکە کەسی و ڕەهەندەیی و دەست‌بەسەری و دەیان دادگای تۆقێنەر نەیانتوانی چۆکی پێ دابدەن. تەنانەت توانیی بانگەوازی ئیسلام بگەیەنێتە ئاستێکی ئەوتۆ کە پیلانی دوژمنان پووچەڵ بکاتەوە. زیاتر لە سەدوسی کتێب و نامیلکەی دوای خۆی بەجێ‌هێشتووە، کە بە زۆربەی زمانە زیندووەکانی جیهان - کە یەکێکیان زمانی کوردی‌یە - بڵاو بوونەتەوە. تا ئێستا زیاتر لە شەش کۆنگرەی جیهانی و دەیان کۆڕی زانستی و پێشبڕکێی ڕۆشنبیری لە ئاستی جیهاندا لەسەر کراوە و دەیان کتێب و سەدان لێکۆڵینەوەی لەسەر نووسراوە و چەندین بەڵگەنامەی زانکۆیی‌شی لە خوێندنی باڵادا لەسەر وەرگیراوە. (وەرگێڕ)

لەگەڵ کردنی خۆی پلەوپایەی تۆی لە پێغەمبەرانی تر جیا کردەوە و هەڵی بژاردیت و بە دەستی خۆی هێلی بۆ کێشایت، ئایا لەسەر شتێك لۆمەم دەکەیت کە چل ساڵ پێش ئەوەی خواوەند دروستم بکات تەقدیری کردبوو بیهێنێتە ڕێم؟ بەم جۆرە حەزرەتی ئادەم لە مووسای بردەوە)[1].

هەر لە کۆنەوە پێشینانمان ئەم وتوویژەیان ڕوون کردووەتەوە. وا لێرەدا قسەکانیان بە پوختی دەهێنین:

- بۆیە ئادەم مووسای بەزاند چونکە باوکیەتی.
- حەزرەتی ئادەم و مووسا هەریەکەیان خاوەنی شەریعەتێکن کە تایبەتە بە خۆیەوە، لەوانەیە شتێك لە شەریعەتی یەکێکیاندا بە گوناه دابنرێت، بەڵام لە شەریعەتی ئەوی تریاندا گوناه نەبێت. لەبەر ئەمە ئادەم مووسای بەزاند.
- بەهەشت خانەی تەکلیف نیە وەکو دنیا، کەواتە ئادەم لە بەهەشتدا هیچ تەکلیفێکی لە ئەستۆدا نەبووە. کەچی مووسا بەپێی دەستوورێك وتوویژی لەگەڵ ئادەمدا کردووە کە تایبەتە بە خانەی دنیاوە. بۆیە بەڵگەکەی حەزرەتی ئادەم پەسەند کرا.
- حەزرەتی ئادەم ویستی مووسا تێبگەیەنێت کە خێر و شەڕ هەردووکیان لە لای خواوەندەوەیە. کە دیارە ئەم هەڵوێستەی ئادەم ڕاستە، بۆیە مووسای بەزاند.

جگە لەمانەش گەلێ ڕاڤە و ڕوونکردنەوەی تر لەسەر ئەم فەرموودەیە هەیە[2].

ئێمە لەبەر ڕێزگرتنمان لە زانایانی سەلەف موناقەشەی ئەم بۆچوونانە ناکەین کە لە شەرحی ئەم فەرموودە پیرۆزە ناوبراوانەدا وتوویانە، ئەمە جگە لەوەی کە ئەم چەشنە تەوجیهات و بۆچوونانە لەو جۆرە شتانە نین کە بتوانرێت کێشانە و پێوانە بکرێن. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا نامانەوێت هەروا ئەم باسە بەجێبهێڵین بێ ئەوەی ئاماژە بۆ حیکمەتێکی ورد بکەین کە تیایدایە. چونکە فەرموودەکە مەسەلەیەکی ورد و پەنهانی قەدەرمان تێدەگەیەنێت کە بریتیە لە: (سَبق الكتـــــاب) واتە هەموو شتێك لە پێش پەیدابوونیدا نووسراوە. ئەم فەرموودەیە بەراوردی نێوان بەڵگەکانی حەزرەتی ئادەم و مووسا دەکات، پاشان پێغەمبەر ﷺ لە ئەنجامی بەراوردەکەدا سێ جار فەرمووی: "ئادەم لە مووسای بردەوە". بەڵام نەیفەرموو: قسەکەی مووسا هەڵەیە. تاکو سەرنج بۆ شموولییەتی بەڵگەکەی حەزرەتی ئادەم ڕابکێشێت.

---

(١) رواه البخاري: التفسير ٢٠، القدر ١١، الأنبياء ٣١، التوحيد٣٧. و رواه مسلم: القدر ١٣.

(٢) بروانە: شرح مسلم للنووي ١٦/٤٤٠-٤٤٢.

لە ڕاستیدا قەدەر دوو ڕووی هەیە:

یەكەمیان:

ڕووی تەقدیر و دەستنیشانكردنی هەموو شتێك لە لایەن خوای گەورەوە بە زانستی هەمەلایەنگری خۆی. واتە ئەو ڕووەی كە لە خوای گەورەیە.

دووهەمیان:

ئەو ڕووەی قەدەر كە پەیوەندیی بە ویستی مرۆڤەوە هەیە.

جا حەزرەتی مووسا - درروودی لەسەر بێت - كاتێ كردنەدەرەوەی حەزرەتی ئادەمی لە بەهەشت لێكدایەوە تەنها ئەو ڕووەی قەدەری خوێندەوە كە پەیوەندیی بە ویستی مرۆڤەوە هەیە. بەڵام حەزرەتی ئادەم لە هەردوو ڕووەكەوە ڕوانییە قەدەر، واتە ڕووی "تەقدیری خواوەند" و ڕووی "ویستی مرۆڤ". واتە لە مەقامی ڕەچاوكردنی هەردوو ڕووەكەوە لەگەڵ حەزرەتی مووسادا وتوویژی كرد. جا لەبەر ئەوەی ڕوانگەی ڕوانینەكەی ئەو فراوانتر بوو ئەوا لە حەزرەتی مووسای بردەوە.

هەرچەند ویستی مرۆڤ خاوەنی بوونی دەرەكی(وجوودی خاریجی) نییە، كەچی هەرچی خراپە و گوناهباری دەكرێت دەخرێتە ئەستۆیەوە، چونكە ئەو ویستە مەرجێكە لە بەدیهێنانی ئەو كردەوانەدا لە لایەن خوای گەورەوە.

ئەم ئایەتە پیرۆزە تەرازوویەكمان بۆ ئەمە دەداتێ كە دەفەرموێ:

﴿مَا أَصَابَكَ مِنْ حَسَنَةٍ فَمِنَ اللهِ ومَا أَصَابَكَ مِن سَيِّئَةٍ فَمِنْ نَفْسِكَ﴾(النساء:٧٩)..

بەڵام لایەنێكی تر لە مەسەلەكەدا هەیە، كە بریتییە لە "مەشیئەتی خوایی" واتە: ویستی خوای گەورە، وەك ئەم ئایەتە پیرۆزە ڕایدەگەیەنێت:

﴿وَمَا تَشَاؤُونَ إِلاَّ أَنْ يَشَاءَ اللهُ﴾(الإنسان:٣٠).

بەڵێ، خوای گەورە خاوەنی حیكمەتی ڕەهایە و فەرمان و ویستی خۆی لە سەرووی هەموو ویستەكانی ترەوە ڕایی دەكات. خۆ ئەوەش كە ناوی "ویستی مرۆڤ"تان لێ ناوە لە ڕاستیدا وەكو دڵۆپێكی بچووك وایە كە ئەگەر تێكەڵ بە دەریایەكی پڕ و گەورە بكرێت ماهییەتەكەی دەرناكەوێت، چونكە خۆی لە خۆیدا هەر هیچ نییە، بەڵام خوای گەورە ئەم جیهانەی لەسەر ئەم ویستە هیچە بنیات ناوە. ئا لێرەوەیە كە ویستی هیچی مرۆڤ گرنگییەكی مەزنی بە ئەندازەی جیهانی بەدەست هێناوە.

لەبەر ئەمە، دەبێ بەم شموولییەتە بڕوانینە "قەدەر" كە ڕوانینی "مەقامی جەمع"ە لە نێوان هەردوو ئایەتەكەدا. خۆ ئەم ئایەتە پیرۆزانەی خوارەوە ئەم مەسەلەیەمان بۆ ڕوون دەكەنەوە:

﴿كَلاَّ إِنَّهُ تَذكِرَة ۞ فَمَنْ شَاءَ ذَكَرَهُ ۞ وَمَا يَذكرُونَ إلاَّ أنْ يَشَاءَ اللهُ هوَ أَهلُ التَّقْـوَى وأهلُ المَغفِرَة﴾(المدثر:٥٤-٥٦).

کاتێ کە بە ئیمامی غەزالی وترا: ئێمە کردەوە ناکەین بەڵکو ئیرادە دەکەین، لە وەڵامدا فەرمووی: ئەی ئایا کێ ئەو ویست و ئیرادەیەی بە ئێوە دا؟

بێ گومان ئێمە تەکلیفمان لە ئەستۆدایە و، کاتێ کە کردەوەکانمان ئەنجام دەدەین وەك ئەوە وایە خۆمان بکەری کردەوەکان بین! بەڵام سنوور و حەقیقەتی ئەم تەکلیفە مەگەر ئەو کەسەی لە ئەستۆی ناوین دەنا کەس بە تەواوی نایزانێت. ئەوەتا شتێکی ئەوتۆی بە ئێمە داوە کە دەگونجێ ببێت بە سەرچاوەی "خێر" یان سەرچاوەی "شەڕ". کەواتە بە تەواوەتی نازانین ئەم شتەی کە بە ئێمەی داوە ڕووی دەرەوەیە یان دیوی ناوەوەیە. بەڵام دەبینین باشترین کوتاڵی لێ دەچنرێت و هەر کەسێکیش جڵەوی ئەو شتە بگرێتە دەست، تاجی شاهانەی لەسەر دەکرێت. کەواتە ئەم شتە لە ڕوویەکەوە بە هیچ دانانرێت و لە لایەکی تریشەوە بە شتێکی زۆر دادەنرێت. ئەمەش "مەقامی جەمع" داخوازیەتی کاتێ دەڕوانرێتە ئەم مەسەلەیە. جا هەر کەس لە هەردوو ڕووەکەوە لێی بدوێت ئەوا مەسەلەی قەدەری کۆکردووەتەوە. بەڵام ئەوانەی بەم جۆرە لێی نەدواون، بوون بە "ئەهلی جەبر" یان "موعتەزیلە".

بەڵێ، "کیتاب"ێك پێش وەخت نووسراوە. بەڵام لە تەنیشتی ئەم کتێبەی کە بە لای ئێمەوە نەزانراوە، کتێبێکی تر هەیە بە گەردنماندا هەڵواسراوە. چۆنێتیەکەی ئەویش - بە هەمان جۆر - سەبارەت بە ئێمەوە نەزانراوە.

بەدیهێنەری "خێر" و "شەڕ" هەر خوای گەورەیە. بەڵام بە "شەڕ" ڕازی نی‌یە و بە "خێر" ڕازی‌یە. جا ئەو کەسەی ویستی لەسەر کرداری شەڕە، مرۆڤەکە خۆیەتی. کەچی خوای گەورە نایەوێت مرۆڤ کردەوەی شەڕ بکات، بەڵام کاتێ مرۆڤ ویستی لەسەر کردەوەی شەڕ دەبێت ئەوا خوای گەورە بۆی بەدیدەهێنێت.

٨) با چەند نموونەیەکی تر بهێنینەوە تاکو ئەم مەسەلەیە زیاتر ڕوون ببێتەوە:

کاتێ ئەم ئایەتە پیرۆزە نازڵ بوو:

﴿إِنَّكُم وَمَا تَعبُدونَ مِن دُونِ اللهِ حَصَبُ جَهَنَّمَ أَنْتُمْ لَهَا وَارِدُونَ﴾(الانبياء:٩٨).

بتپەرستەکان سەریان لێ شێوا و گرفتاری سەرسامی بوون! چونکە ئایەتەکە ڕوو دەکاتە ئەوان و دەفەرموێ: خۆتان و ئەو بتانەی کە بە خواکانی خۆتانی دادەنێن و دەیانپەرستن و هەموو ئەو پاڵەوانێتی و شانازی‌یانەش کە دەیاندەنە پاڵ ئەو بتانە و

سەركەوتن و دەستكەوتەكانیان بۆ دەگێڕنەوە.. واتە: هەر شتێك كە جگە لە خوای گەورە ئێوە دەیانپەرستن.. هەر هەموویان، تەختە و سووتەمەنیی دۆزەخن!

ئەم ئایەتە یەكەم جار و ڕاستەوخۆ ڕووی لەو بتانەیە كە ناو كەعبەی پیرۆزیان لێ پڕ كرابوو كە ژمارەیان گەیشتبووە سێسەدو شەست بت! جا ئەم ئایەتە هەڕەشەی ئاگری دۆزەخ لەو بتانە دەكات كە مایەی شانازی و سەربەرزیی بتپەرستان بووە. خۆ بێگومان دەبوو بەرامبەر بەم هەڕەشەیە بە بێدەنگی دانەنیشتنایە و شتێكیان ڕووبەڕووی ئەم تەحەددییە ئاشكرایە بوتایە. بەڵام هیچ چارەیەكیان بە دەستەوە نەبوو، چونكە تواناى بەرەنگاربوونەوەی ئەم ئایەتەیان لە خۆیاندا شك نەدەبرد.

پاشان "عبداللّٰهی كوڕی زەبەعری"یان[1] كەوتەوە یاد كە لە ڕادەبەدەر توانای گوفتار و قەناعەت پێ كردنی تێدابوو. ڕۆشتن بۆ لای و جەختیان لێ كرد كە پێغەمبەریان ﷺ بۆ بێدەنگ بكات و پێیانوت: شەرەف و سەربەرزیی ئێمە لە دەستی تۆدایە! ئەوە بوو بە گوێی كردن و بیری كردەوە لەوەی كە بە یارییەكی مەنتیقی بكەوێتە گفتوگۆ لەگەڵ پێغەمبەردا ﷺ. پێیوت:

- تۆ پێتوایە كە خوا ئەم ئایەتەی بۆ نازڵ كردوویت: ﴿إِنَّكُم وَمَا تَعبُدونَ مِن دُونِ الله حَصَبُ جَهَنَّمَ أَنْتُمْ لَهَا وَارِدُونَ﴾. خۆ مانگ و خۆر و مەلائیكەت و عوزەیر و عیسای كوڕی مەریەمیش لە لایەن خەڵكانێكەوە پەرستراون، ئایا هەموو ئەوانەش لەگەڵ بتەكانی ئێمەدا دەخرێنە ناو دۆزەخەوە؟

یەكسەر ئەم ئایەتە پیرۆزە نازڵ بوو كە دەفەرموێ:

﴿إِنَّ الذينَ سَبَقَتْ لَهُم مِنا الحسنى أُولَئِكَ عنها مُبعَدُونَ﴾(الانبياء:١٠١)[2]!

بەڵێ، ئەوانەی كە چمكی بەرگ و پۆشاكەكانیان تۆزی دنیای لێ نەنیشتووە، دوورن لە دۆزەخەوە.. ئەو مەلائیكەتانەی كە بۆ ماوەی چاوترووكاندنێكیش لە خوای خۆیان غافڵ و بێئاگا نابن، دوورن لە دۆزەخەوە.. حەزرەتی مەسیحیش - علیه السلام - كە گیان و وشەی خوای گەورەیە و فووی ژیانی بە مرۆڤایەتیدا كردووە و دڵە مردووەكانی زیندوو كردووەتەوە و، حەزرەتی عوزەیریش - علیه السلام - كە

---

(١) عبداللّٰهی كوڕی زەبەعری دوایی موسڵمان بووە و بە یەكێك لە شاعیرە موسڵمانە بەناوبانگەكان دادەنرێت و، شیعرێكیشی بۆ عوزر هێنانەوە و سڕینەوەی ئەو كارەی پێشووی هۆنیوەتەوە. بڕوانە: (ابن كثير ٥/٣٧٦). (وەرگێڕ)

(٢) (تفسير ابن كثير) ٥/٣٧٤-٣٧٥.

پێغەمبەرێکی مەزنە، هەردوو کیان، بە ئەندازەی دووریی ئەزەل لە ئەبەدەوە، لە دۆزەخەوە دوورن. جا ئەو کەسانەی کە هەڵگری بیر و باوەڕی چەوت و هەڵەن، ئەنجامی ئەو هەڵەیەیان بە چاوی خۆیان دەبینن. بەڵام پێغەمبەران و مەلائیکەتان - علیهم السلام - وەك ئەوان نین، چونکە پێشتر بە "حوسنا" کتێبەکەیان بۆ پڕ کراوەتەوە. جا ئەوەی کە پەیوەندیی بە باسەکەی خۆمانەوە هەیە ئەم تەعبیرە قورئانییەیە: "السبق بالحسنى".

٩) حەزرەتی عبدالرحمنی کوڕی عەوف - خوای لێ ڕازی بێت - دەگێڕێتەوە و دەفەرموێ: کاتێ کە وەنەوز گرتوومی و ئاگام لە لای خۆم نەمابوو، دوو کەسی سامناك لە بەردەممدا ڕاوەستان و بەرەو شوێنێك منیان دایەبەر، وتم: بۆ کوێم دەبەن؟ وتیان: (بۆلای عەزیزی ئەمین.. بۆ حساب)! کتوپڕ پیاوێك پەیدا بوو لەو دوانەی پرسی: ئەم پیاوە - کە مەبەستی من بوو - بۆ کوێ دەبەن؟ ئەوانیش هەمان وەڵامیان دایەوە و وتیان: (بۆ لای عەزیزی ئەمین). پیاوەکە وتی: نەخێر نابێت بیبەن، چونکە ئەو کە هێشتا لە سکی دایکیدا بووە "سەبقی حوسنا"ی بۆ نووسراوە. پاش ئەمە بێدار بوومەوە.

ئەم فەرموودە پیرۆزەی خوارەوە - کە هەوڵ دەدەین بە درێژی ڕوونی بکەینەوە - ئەو ڕووداوەی پێشوو ڕوون دەکاتەوە.

فەرموودەکەش بریتییە لەمە:

(بە خوا هی واتان تێدایە - لە ڕیوایەتێکدا: پیاوی وا هەیە - کردەوەکانی هی ئەهلی دۆزەخن تا هێندەی باڵێك "گەزێك"ی دەمێنێت بو دۆزەخ، بەڵام کیتابەکەی پێشتر بە ئەهلی بەهەشتی نووسیوە و ئەمیش لە ئەنجامدا کردەوەی ئەهلی بەهەشت دەکات و دەڕواتە ناویەوە. پیاوی واش هەیە کردەوەی ئەهلی بەهەشت دەکات تا هێندەی باڵێك یان دوو باڵی دەمێنێت پێی بگات، کەچی کیتابەکەی پێشتر بە ئەهلی دۆزەخی نووسیوە، دەبینیت لە ئەنجامدا کردەوەی ئەهلی دۆزەخ دەکات و دەچێتە ناویەوە)(١).

ئاشکرایە کە حەزرەتی عبدالرحمنی کوڕی عەوف یەکێکە لەو دە کەسەی کە مژدەی بەهەشتیان دراوەتێ. ئەوەش کە مەبەستمانە لەو ڕووداوەدا نووسینی پێش وەختی کیتابەکەیەتی (سبق الكتاب).

---

(١) رواه البخاري: القدر ١. ومسلم: القدر ١.

١٠) عامری کوڕی سەعدی کوڕی ئەبو وەققاص ئەم ڕووداوەمان لە باوکیەوە بۆ دەگێڕێتەوە:

جارێکیان سەعد - خوای لێ ڕازی بێت - بە ڕێدا دەڕۆیشت، گوێی لێ بوو پیاوێك جوێنی بە حەزرەتی عەلی و تەلحە و زوبەیر دەدا - خوا لە هەموویان ڕازی بێت - سەعد پێی فەرموو: تۆ جنێو بە کەسانێك دەدەیت کە پێشتر لە لایەن خواوەندەوە ئەوەیان بۆ نووسرابوو کە خۆی بۆی نووسیبوون. دەسا بەخوا یان واز لە جنێوپێدانیان دەهێنیت یان دوعات لێ دەکەم. پیاوەکە وتی "بڕوانە! دەمترسێنێت.. دەڵێی پێغەمبەرە"! حەزرەتی سەعدیش فەرمووی: خوایە گیان! ئەگەر ئەم پیاوە جنێو بە کەسانێك دەدات کە لە لایەن تۆوە پێشوەخت ئەوەیان بۆ نووسراوە کە خۆت بۆت نووسیون، هەر ئەمڕۆ پێی بنوێنە و بیکە بە پەند و عیبرەت. ئەمەی وت و ڕۆشت. یەکسەر حوشترێکی مێینە خۆی کرد بە ناو خەڵکەکەدا و ئەوانیش ڕێیان بۆ چۆڵ کرد و ڕۆشت ئەو پیاوەی شێلا و دایە بەر لەقە. چاوم لێ بوو خەڵکی بە دوای سەعددا ڕایان کرد و وتیان: ئەی ئەبوو ئیسحاق! خوای گەورە دوعاکەی گیرا کردیت(١).

بەڵێ، ئەو هاوەڵە بەڕێزانەی پێغەمبەر ﷺ لە لایەن خوای گەورەوە بە "حوسنا" کیتابی پێشوەختیان نووسرابوو. چونکە حەزرەتی عەلیی سەردارمان: حەیدەری کەڕڕاڕ و، ڕیش سپیی کەڵە مەردان و، زاوای پێغەمبەری خۆشەویستە ﷺ کە گەلێ سەنا و ستایشی جوانی لە بارەوە فەرمووە..

حەزرەتی تەلحەش ئەو مرۆڤەیە کە: لە جەنگی ئوحوددا بە دەستی شکاوەوە بەرگریی لە پێغەمبەر ﷺ دەکرد و، شەرەفمەندی ئەو فەرمایشتەی پێغەمبەر بوو ﷺ کە دەفەرموێ: (فریای تەلحە بکەون)(٢)..

حەزرەتی زوبەیریش پێغەمبەر ﷺ بە "حەواری"ی خۆی وەسفی کردووە و فەرموویەتی: (هەموو پێغەمبەرێك حەوارییەکی هەیە، حەواریی منیش زوبەیرە)(٣).

سەعدی کوڕی ئەبو وەققاصیش، کە بیستنی ئەو گوفتارە نابەجێیەی پێ قبووڵ نەکرا سەبارەت بەو هاوەڵە خاوێن و بەرزانەوە، خاڵۆزای پێغەمبەرە ﷺ و لە جەنگی ئوحودیشدا بەرگریی لێ کردووە و پێغەمبەر ﷺ لە بارەیەوە فەرموویەتی: (إرمِ فداك

---

(١) أخرجه الطبراني وقال الهيثمي رجاله رجال الصحيح. بڕوانە: حياة الصحابة للكاندهلوي ٤٦٩/٢.

(٢) البداية والنهاية لابن كثير ٣٣/٤-٣٤.

(٣) رواه البخاري: الجهاد ٤٠، ٤١، ١٣٥، فضائل الصحابة ١٣، المغازي ٢٩. ومسلم: فضائل الصحابة ٤٨.

أبي وأمي)[1]. هەروەها فەرموویەتی: (خوایە! هەر کاتێ سەعد لێت پاڕایەوە دوعاکەی گیرا بکە)[2]. هەر لەبەر ئەوەش بووە کە خەڵکی دەترسان سەعد دوعایان لێ بکات..

هەموو ئەوانە لە لایەن خواوەندەوە، پێشوەخت، بە باشی کۆتاییی بە کردەوەکانیان هێنراوە. واتە: "سبقت لهم من الله الحسنى". بەو واتایەی کە لە دەرگای میهرەبانییەوە و بە لوتفی خواوەند و بێ ئیزن وەرگرتن دەڕۆنە ناو بەهەشتەوە.

زووتر وتمان خوای گەورە بەپێی زانستی ئەزەلیی خۆی موقەددەرات و کردەوەکانی بەندەکانی خۆی نووسیوە. جا ئەوانەش کە "سبقت لهم من الله الحسنى"ن، لەوانە جیا نابنەوە. چونکە خوای گەورە بەو زانستە ئەزەلی‌یەی خۆی دەزانێت کە ئەوانە بە ویستی خۆیان چ کردارێك دەکەن، چاك بێت یان خراپ. ئیتر خواوەند ئەو چەشنە عاقیبەتەی بۆ تەقدیر کردوون. ئەمەش کارێکی سەیر نی‌یە، چونکە خوای گەورە زانای پەنهانەکان و شتانی ئاشکرا و نادیارە، تەنانەت زانیاریی خوا هەموو شتێك دەگرێتەوە لە پێش و لە دوای دروستبوونیشی، ئەم زانینەشی لە تۆماری "قەدەر"دا دەردەخات. پاشان بەندەکەی بەپێی ئەو نووسراوە ڕەفتار دەکات کە لە کتێبەکەیدا نووسراوە، ئنجا مەلائیکەتان ئەو کردەوانە دەنووسن کە مرۆڤەکە دەیانکات. دوای ئەوە هەردوو تۆمارەکە پێکەوە دەردەکەون و وەکو یەك دەردەچن.

اللهم الحقنا بالذين سبقت لهم منك الحسنى.. آمين.

* * *

---

(١) رواه البخاري: الجهاد ٨٠. ومسلم: فضائل الصحابة ٤١، ٤٢.

(٢) رواه الترمذي، المناقب ٢٦.

بەشی دووهەم

پەیوەندیی "قەزا" بە "قەدەر"ەوە

"قەزا" و "قەدەر" چەند لایەنێکی جیاجیایان هەیە، بەڵام دەتوانرێت لە چوار کۆمەڵدا ئەو لایەنانە کۆبکرێنەوە:

١ – قەزا و قەدەر لە ڕووی زانستی خواوەندەوە.

٢ – قەزا و قەدەر لەو ڕووەوە کە خوای گەورە هەموو شتێك دەنووسێت.

٣ – قەزا و قەدەر لە ڕووی ویستی خواوەندەوە.

٤ – قەزا و قەدەر لە ڕووی بەدیهێنانەوە.

گەلێ مەسەلە و بابەتی زۆر هەن کە تێهەڵکێشی یەکترین و دەچنە ژێر یەکێك لەم چوار بناغەیەوە، بەڵام بۆ ئەوەی لە درێژەداندا بە باسی شتانی جوزئی نوقم نەبین، ئەوا وەك بابەتێکی سەربەخۆ لێیان نادوێین.

وا ئێستا، بە جیاجیا و یەك لە دوای یەك، درێژە بەم چوار بناغەیە دەدەین:

١ – قەزا و قەدەر لە ڕووی "زانست"ی خواوەندەوە.

حەز دەکەم ئەم باسە بە فەرموودەیەکی پیرۆز دەست پێ بکەم کە زووتر باسمان کردووە و بریتی‌یە لەمەی خوارەوە: "ما منكم من أحدٍ ما من نفسٍ منفوسة، إلاّ وقد كتبَ اللهُ مكانــها في الجنة والنــار"[(١)]. بەو واتایەی کە خوای گەورە پێش ئەوەی مرۆڤ دروست بکات شوێنی ئەو مرۆڤە دەزانێت لە بەهەشت یان لە دۆزەخدا.

دەبا لە ڕووی زانستی ئەزەلیی خواوەندەوە درێژە بە باسی قەزا و قەدەر بدەین:

خوای گەورە زانایە بە هەموو شتێك؛ هەرچی شت هەیە بەپێی زانستەکەی خۆی تەقدیر و دەست‌نیشانی دەکات. هەندێ مەسەلەی ئەوتۆش هەیە کە بە فەزڵ و چاکەکاریی خۆی بە ئێمەی دەبەخشێت و قەزا و حوکم و فەرمانی خۆیمان لەسەر جێ‌بەجێ دەکات و، بە تایبەتی تەکلیفی قورئانی پیرۆزمان دەخاتە ئەستۆ. بەڵام دەروونەکانی ئێمە زۆربەی ئەو مەسەلانەیان پێ خۆش نی‌یە و حەزیان لێ ناکەن، کەچی خوای گەورە و زانا و ئاگادار بە هەموو شتێك هیچ فەرمان و بڕیارێکمان بۆ دەرناکات گەر چەندەها دانست و سوود و بەرژەوەندی‌یان بۆ ئێمە تێدا نەبێت. واتە

---

(١) رواه مسلم: القدر ٧.

هەموو ئـەو شتانەی کـە خـوای گـەورە تـەقدیر و دەستنیشـانیان دەکـات ئـەم سـوود و بەرژەوەندییانەیان تێدا ڕەچاو کراوە، بەڵام ئێمە ئاگامان لە هیچ کامیان نییە، چونکـە ئێمە "نەزان" و خوای گەورەش "زانا"یە بـە هـەموو شتێك. "زانسـت"ی خـوای گـەورە سەبارەت بە هەر شتێك هاودەمە لەگەڵ "دانست"ەکەشی لـەو شتەدا، واتـە "زانـایی" و "دانـایی" دوو شـتن هـەرگیز لـە یـەکتر جیـا نابنـەوە، حیکمـەت و بەرژەوەندییـەکان هەمیشە شوێنکەوتەی زانستی خواوەندن. ئەوەندە هەیـە خـوای گـەورە ناچـار نییـە کـە هـەر شتێك دەکـات بـەپێی حیکمـەت و بەرژەوەندییـەکان ئـەنجامیان بـدات، بـەڵام هەروەك زانستەکەی دەورانـدەوری هەموو شـتێکی داوە، دانستەکەشـی هـەموو شـتێکی گرتووەتەوە. واتە: "زانایە" بە هەموو شـتێك.. هـەر وەك لـە هـەموو شتێکدا "دانایـە" و ناگونجێ هیچیان لە یەکتر جیا ببنەوە.

خوای گەورە لە هەموو شتێکدا حیکمـەتێکی هەیـە، چونکـە خـوای گـەورە کـاری نابەجێ ناکات.

کەواتە هەمیشـە "دانسـت" گوێڕایـەڵی "زانسـت"ەکەیەتی و، لـە هـەر شـوێنێکدا "زانسـت" دەربکـەوێت و "توانسـت" و "ویسـت" ببووژێنـەوە، دەبینیـت "دانسـت"یـش لەوێ تـابلێی درەخشـانە و دەبریسـکێتەوە. بـەڵام زۆربـەی جـار تـەکلیف و داواکـاریی خواوەند بە لای دەروونەکانمانەوە ناخۆشە، چونکە هیچ زانیارییەکمان لـە بـارەی ئـەم سوود و بەرژەوەندییانەوە نییە و لـە ڕووی ئـەنجام و ئاکامەکانیشـەوە جوانیـی ئـەم تەکلیفانە نازانین، واتە نـازانین ئەمانـە لـە جۆری "حَسَـنٌ لغيرهـا"ن، وەك لـە زاراوە فیقهییەکاندا باس کـراوە. چونکـە مـرۆڤ گـەر لـەم گۆشـەیەوە، واتـە لـە ڕووی ئەنجامەکانەوە بۆ ئەو شتانە بڕوانێت، ئـەوا گەلـێ حیکمـەت و بـەرژەوەندییان تێـدا دەبینێت. بـەڵام خراپکـاری و گوناهـەکان پـەیوەندییان بـە دەسـتکەوت(کسـب)ی تایبەتی خۆمانەوە هەیە.

ئەم ئایەتە پیرۆزەی خوارەوە بە تەواوی ئەم مەسەلەیە ڕوون دەکاتەوە:

﴿كُتبَ عَلَيكُمُ القِتَالُ وَهُوَ كُرْهٌ لَكُم وعَسى أن تَكرهُوا شَـيئاً وَهوَ خَيرٌ لكُم وَعَسـى أن تحُبُّوا شيئاً وَهُوَ شرٌّ لكم واللهُ يَعْلَمُ وأنتم لا تعلمون﴾(البقرة:٢١٦).

واتە زۆر شت هـەن کـە هەرچـەندە بە ڕواڵـەت ناشیرین و بێزراون، کـەچی گەلـێ بەرژەوەندی و سوودیان تێدایە. بۆ نموونە: دەسـتنوێژگرتن لـە کـاتی سـەرمادا و بڕینـی ڕێی دوور بۆ گەیشـتن بـە جەماعـەت لـە مزگـەوتدا و چاوەڕوانکردنی نوێـژ لـە دوای نوێژ و شتانی تری وەك ئەمانە، بە لای نەفسەوە، قورس و ناخۆش و بێزراون. کـەچی لـە

ژێـر ئـەم قورسـی و ناڕەحەتی‌یەدا چـەندین هـەنگاوی یـەك لـە دوای یـەك هـەن بـۆ نزیك‌بوونـەوەی مـرۆڤ لـە بەهەشـت و بـەهرەوەربوونی - قۆنـاغ لـە دوای قۆناغ - لـە میهرەبانیی خـوای گـەورە. هـەروەها هـەندێ شتی تریـش هـەن کـە دەروونـی مـرۆڤ حەزیان لـێ دەکات و مرۆڤ دەورووژێنن و بەرەو جیـهانی ئارەزووبـازی دەیدەنـە بـەر، کـەچی ئەنجامەکـەیان بریتـی دەبێـت لـەوەی کـە مـرۆڤ دەخەنـە شـیوەکانی دۆزەخ و هەنگاو لە دوای هەنگاو لە میهرەبانیی خوای گەورە دووری دەخەنەوە.

حـەزرەتی عومـەری کـوڕی خـەتتاب - خـوای لـێ ڕازی بێـت - تێگـەیشـتنی ئـەم مەسەلەیەی پێکاوە کاتێ کە بەم واتا و ناوەرۆکەی خوارەوە فەرموویەتی:

"نازانم ئایا بە خێر ڕۆژم لـێ بووەتـەوە یـان بـە شـەڕ، خۆ هـەر کامیشیان بێـت هـەر گوێی پێ نادەم، چونکە لەوانەیە ئەو شتەی کـە دەروونم پێی باشـە لـە ڕاستی‌دا خراپ بێت و، ئەوەش کە بە خراپی دادەنێت لە ڕاستی‌دا خێری تێدا بێت"!

بناغەی ئەم کارە بریتی‌یە لە: ملکەچبوون بۆ هەر شتێك کە خوای گـەورە بڕیـاری لەسەر داوە و نەگەڕان بە دوای حیکمەتی شتێکی نەزانراودا. ڕاستە، دەبـێ ئێمـە هـەوڵ بۆ کردەوەی چاك بدەین و نیازی باش لە دڵماندا هەڵبگرین و، نابێ بە ڕوالـەتی ئـەمر و نەهی‌یەوە خۆمـان بخەڵـەتێنین، بـەڵکو پێویسـتە گوێڕایـەڵیی تـەواوەتیی فەرمانـەکانی خوای گەورە بکەین.

باشترین نموونەی ئەم بوارە ڕێکەوتنەکـەی حودەیبییەیە؛ چونکـە چـەند هەڵوێسـت و تابلۆیەکی ئەوتۆی تێدایـە گـەر بێـت و لـە ڕووی مولکـەوە، واتـە لـە ڕووی ڕوالەتـەوە، سـەیر بکرێـن هـەرگیز دەروونـی مـرۆڤ حـەزیان پـێ ناکـات، بـەڵام گـەر لـە ڕووی مەلـەکووت و لایەنـە "لـەدونی"یەکانـەوە بۆیـان بڕوانین، تێدەگـەین کـە ئەوانـە، وەك قورئان ناوی لـێ ناون: "فتح قریب"ن.

بەڵێ، لەواندیە دەروونـی مـرۆڤ ڕووی ڕوالـەتی حودەیبییـەی پـێ قبـووڵ نـەکرێت؛ دەڵێیت هەر شتێك کە دژایـەتیی ئیسـلامی تێدا بێـت لـەو ڕێکەوتنـەدا کۆبووەتـەوە، لـە کاتێك‌دا کـە بچووکـترین مـافی هاوەڵـە بـەڕێزەکانی تێدا ڕەچـاو نـەکراوە کـە ئامادەن هەموو شتێکی بەنرخی خۆیان لـە پێنـاوی ئایینـەکەیاندا بـەخت بکـەن! خۆ ئـەوان لـەو کاتەدا هەموو هەست و نەستێکیان ئامـادە و تاسـەمەندی تـەوافی کەعبـەی پیرۆز بوو..

بەڵێ، ئەو هاوەڵە بەڕێزانە چەندەها ساڵە بە تاسووقی ئەم دەرفەتەوە چاوەڕوانی دەکـەن، کەچی وا دوژمنان ڕێ لە هێنانەدیی ئەم خواستەیان دەگرن. بۆیە لە دەروونەوە هەستیان بە سەختی و قورسیی گەڕانەوە دەکرد لەو شوێنە نزیکەی کەعبەوە بەرە و "مەدینە"! خۆ ئەو دەروونانەی کە خۆیان بۆ تەوافی کەعبە ئامادە کردبـوو هـەروا ئاسـان نـەبوو مـل بۆ

بەندەکانی ئەم ڕێکەوتننامەیە بدەن. بە تایبەت دوای ئەوەی کە بە چاوی خۆیان بینییان "ئەبوو جەندەل" هات و پەنای بۆ پێغەمبەر ﷺ هێنا، کەچی بە کۆت و زنجیرەکەیەوە درایەوە بە کافران! بێ گومان ئەم دیمەنە گەلێ ئازاری دەروونی هاوەڵە بەڕێزەکان دەدات.. بەو واتایەی کە هەرچی لە ڕواڵەتی حودەیبییەدا ڕووی دا بە پێچەوانەی حەز و ئارەزووی ئیماندارانەوە بوو.

بەڵام سەرەڕای ئەو تووڕەیی‌یەی کە لە دەروونی ئیمانداراندا گەیشتبووە چلەپۆپە، پێغەمبەری ئازیز ﷺ هێمنی و ئارامیی خۆی پاراستبوو، چونکە دڵنیابوو لەوەی کە ئەنجامی ئەم ڕێکەوتننامەیە بە خێری موسڵمانان تەواو دەبێت، کە ئەمەش ناوەرۆکی ئەو زەردەخەنە شیرینەی سەر لێوی بوو کە لە ژێر ڕوانینە ئازار بەخشەکانیەوە دەری‌خست! لە ڕاستیش‌دا تێگەیشتن لە هەموو لایەنەکانی ئەم مەسەلەیە کارێکی گەلێ دژوارە، تەنانەت حەزرەتی عومەری کوڕی خەتتاب - خوای لێ ڕازی بێت - کە لەو دەمەدا لە نهێنیی ئەم مەسەلەیە تێ نەگەیشتبوو، لە دوایی‌دا کە لێی تێ گەیشت تا کۆتایی ژیانی بۆ پەشیمانبوونەوەی لەو هەڵوێستەی کە لە حودەیبییەدا لێی دەرکەوت تۆبە و ئیستیغفاری دەکرد و خێر و صەدەقەی دەبەخشی‌یەوە!

جا دوای نازڵبوونی ئایەتە پیرۆزەکان، یەك لە دوای یەکی گرێ کوێرەکان کرانەوە و کێشە تەماوی‌یەکانیش بە هەموو لایەنە دیار و نادیارەکانی مەسەلەکەوە لای هاوەڵە بەڕێزەکان ڕوون بوونەوە..

بەڵێ، "حودەیبییە" خۆی لە خۆی‌دا "فەتح"ە، چونکە قورەیش وای لێ هات پەیمان لەگەڵ موسڵماناندا ببەستێت، خۆ ئەمەش لە خۆی‌دا دانانێکی ڕەسمی‌یە بە بوونی موسڵماناندا، هەروەك موسڵمانانیش عومرەی ساڵی داهاتوویان دەستەبەر کرد، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە کەعبە تەنها هی خەڵکی مەککە نی‌یە. هەر ئەمەش بوو کە گیانی ئازایەتیی بە بەری تیرە و هۆزەکانی تردا کرد. ئنجا ڕێکەوتنی حودەیبییە دەرفەتێکی گەلێ مەزن بوو بۆ موسڵمانان تاکو بانگەوازەکەیان بە هەموو لایەکدا بڵاو بکەنەوە، چونکە لەو ڕێکەوتننامەیەدا بڕیار درا ئەم دوو لایەنە تا دە ساڵی ڕەبەق شەڕ لەگەڵ یەکتری‌دا نەکەن. هەر بەو جۆرەش بوو، چونکە دوای ئەوە و لەم ماوە درێژ خایەنەدا ئایینی ئیسلام بە تیرە و هۆزەکان ڕاگەیەنرا و، ئەو تیرە و هۆزانەش یەك لە دوای یەك هاتنە ناو ئایینی ئیسلامەوە. کەواتە حودەیبییە لە ڕاستی‌دا فەتحێکی بەرجەستە و ئاشکرایە[1].

---

(١) البداية والنهاية لابن كثير ٤/١٨٨-٢٠٢.

نموونەیەکی تر لە بەسەرهاتی حەزرەتی یووسفەوە - دروودی لەسەر بێت - دەهێنین، تاکو لایەنی "مەلەکووتی"ی ڕووداوەکان ببینین و ڕووە جوانەکانیان بخەینە پێش‌چاو:

ئەوەبوو بۆ ئەوەی حەزرەتی یووسف - دروودی لەسەر بێت - ببێت بە عەزیزی میسر، دەبوو یەکەم جار بخرێتە ناو بیرەکەوە و، پاشان بە وێنەی کۆیلە بفرۆشرێت و، ئنجا بخرێتە بەندیخانەوە.. حەزرەتی یووسف - دروودی لەسەر بێت - ئازاری هەموو ئەمانەی چەشت و بە سەرکەوتنێکی ڕوونی ئەوتۆ کە شایانی پێغەمبەرێکی بەڕێز بێت، هەموو تاقیکردنەوەکانی بڕی. کەواتە لە پشتی هەموو ئەو ڕووداوانەی کە بە ڕواڵەت قورس و سەخت و نەفرەت لێ کراون، پلەیەك هەیە بۆی دەڕوات و سەردەکەوێت تاکو فەرمانڕەوایەتی بگرێتە دەست و ڕۆڵی خۆی لە چارەنووسی نەتەوەدا ببینێت، هەروەك لە ڕاستیش‌دا حەزرەتی یووسف - دروودی لەسەر بێت - گەیشتە ئەم پلەیە.

پێغەمبەری سەروەریشمان ﷺ لە بارودۆخێکی ئاوا سەخت‌دا کە ئازار و تەنگانە دەورەیان دابوو، تەنانەت گشت ڕووداوەکانیش لە دژی ئەو بوون، سەرکەوت بۆ میعراج.. کاتێك بوو کە موسڵمانان ئابلۆقەی کافرانیان لەسەر دانرابوو، لە هەمان کاتیش‌دا دوو کەس لەوانەی کە پشتگیری پێغەمبەر بوون ﷺ کۆچی دواییان کرد و، نە حەزرەتی "خديجة الكبرى" و نە "أبو طالب"ی مامی لە ژیاندا نەمان.. ئەمە سەرەڕای ئەو دڵشکاوی‌یەش کە لە گەشتەکەی طائیف‌دا تووشی بوو[1].

ئا لەم کاتەدا بوو کە بانگێشتنی ڕێزلێنان و شەرەفمەندانەی لە لایەن خوای گەورەوە بۆ هات تاکو بەرزی بکاتەوە بۆ ئاسمان. ئەوەبوو بەم میعراجە تا پلەی "قاب قوسين أو أدنى" (کە پلەیەکە لە نێوان ئیمکان و وجووب‌دا) بەرز بووەوە. بەڵێ، گەیشتە جێیەکی ئەوتۆ کە تەنانەت حەزرەتی جوبرەئیلیش - دروودی لەسەر بێت - نەیدەتوانی بە ئەندازەی پەنجەیەکیش بەرەو پێش بڕوات و تەنها بە بینین چاوی لە پێغەمبەرەوە بوو ﷺ[2]!

سەبارەت بە حەزرەتی مووساش - دروودی لەسەر بێت - ئەوا هەر لە دەمی لەدایك‌بوونیەوە گیرۆدەی بارودۆخە سەختەکان بوو، چونکە خرایە ناو زەمبیلەیەك و ئنجا خرایە ناو ڕووبار و پاشان خوای گەورە لە کۆشکی فیرعەونی دوژمنی مووسا و

(١) البداية والنهاية لابن كثير ٣/١٥١-١٦٦.

(٢) البداية والنهاية لابن كثير ٣/١٣٥-١٤٥.

دوژمنی هەرە گەورەی خوای گەورەدا جێگای کردەوە.. پاشان دوای ئەوەی کە زللەی لە مرۆڤێکی قیبطی وەشاند و کوشتی[1]، کەوتە ژیانی نامۆیی دوور لە کەس و کارەوە. بەڵێ، گۆڕینی نەوەی ئیسرائیل - کە وەك شەیتان وابوون - بە کەسانێکی مەلائیکەتئاسا، پێویستی بە برین و هەڵدانەوەی لاپەرەکانی ژیانێکی ئاوا سەخت بوو، تاکو حەزرەتی مووسای پێ ئامادە بکرێت بۆ ئەو ئەرکە دژوارە. جا هەرچەندە زنجیرەی ئەم ڕووداوانەی کە بە ڕێکی و یەك لە دوای یەك هاتنە ڕێی حەزرەتی مووسا - دروودی خوای لەسەر بێت - بە ڕواڵەت ناخۆشن و لەسەر دڵی مرۆڤ قورس و نەفرەت لێ کراون، کەچی خوای گەورە، چاکە و خێری ڕەها لەم سەرەتا پڕ لە ڕووداوە سەخت و بێزراوانە بەدیدەهێنێت.

ئەی حەزرەتی عیسا - دروودی لەسەر بێت - چۆن بەرز کرایەوە بۆ ئاسمان؟ ئەوەبوو دوای چەندەها گیروگرفت و تەنگ پێ هەڵچنین و چاودێری لەسەردانانی سامناك و یەك لە دوای یەك، خاچی بۆ ئامادە کرا تاکو پیایدا هەڵبواسرێت..

بەڵام خوای گەورە لەو کاتەدا، بە دەستی سۆز و میهرەبانیی خۆی، بەرزی کردەوە بۆ ئاسمان[2]. جا هەر وەك لەدایكبوونی حەزرەتی عیسا - دروودی لەسەر بێت - موعجیزەیەك بوو بۆ خۆی، ڕۆشتنیشی بۆ ئاسمان موعجیزەیەکی تری حەزرەتی عیسا بوو، دروودی لەسەر بێت.

هەمان شت لە نەتەوەی حەزرەتی محمدیشدا ﷺ ڕوودەدات و، پشت بەخوا، بە وێنەی نەتەوەکانی پێشوو، خوای گەورە چەندین خێر و بێریان لەم گیروگرفتانە بۆ بەدیدەهێنێت کە ئێستا پێوەی دەناڵێنن و، دوای برینی ئەم ڕووداوە گەورە و سەختانەی کە بە ڕواڵەت ئازاربەخش و نەفرەت لێ کراون، خوای گەورە دەرگای لێ دەکاتەوە و نیعمەتی سەرکەوتنیان پێ دەبەخشێت.

جا هەموو ڕووداوێك، هەر لە سەرەتاوە هەتا کۆتاییەکەی، لە زانستی خوای گەورەدا گەلێ نهێنیی زۆری وەك ئەمانەیان تێدایە. چونکە خوای گەورە کە هەرخۆی "ئەووەل و ئاخیر و ظاهیر و باطین"ە ڕووی مولك و مەلەکووتی هەموو شتێك دەزانێت و ئاگای لێیەتی. جا "قەدەر" ناونیشانێکی پڕ لە نهێنیی ئەم زانینەی خواوەندە بەم چۆنێتی‌یە. کەواتە "قەدەر" ناوێکی ترە بۆ حەقیقەتی "لەوحی مەحفووظ".

---

(١) بڕوانە سوورەتی (القصص: ١-٣٥).

(٢) بڕوانە سوورەتی (النساء: ١٥٨).

٢ – قەزا و قەدەر لەو ڕووەوە كە خوای گەورە هەموو شتێك دەنووسێت.

تەقدیر و دەستنیشانكاریی پێشوەختی خوای گەورە بۆ شتانی ئایندە و، ئنجا هاتنەدیی ئەو ڕووداوانە لەو كاتە دیاری كراوانەدا.. ئەم كارە – لە ڕاستیدا – نووسینێكە، لە ڕووی زانستی خواوەندەوە، تایبەتە بە قەزا و قەدەرەوە.. هەروەها نووسینی هەموو شتێكیش لە كاتی ڕوودانیدا، نووسینێكی ترە و پەیوەندیی بە لێپرسینەوەی مرۆڤەوە هەیە لەسەر كردەوەكانی.

بەڵێ، هەرچی ڕوو دەدات و هەر ڕووداوێكیش بەسەر ژیانماندا تێدەپەڕێت، هەر هەموویان، چركە بە چركە و یەك لە دوای یەك تۆمار دەكرێن و دەنووسرێن، دەڵێی تۆمارێكی هەڵواسراون بەسەر تەنافی شەو و ڕۆژی زەماندا. ئێمە ئەم نووسینە ناو دەنێین: "تەقدیری ڕۆژانە".

بەڵێ، هاوكات لەگەڵ نووسینی ئەو مەلائیكەتانەی كە قورئانی پیرۆز لە بارەیانەوە دەفەرموێ: ﴿كِرَاماً كَاتِبِينَ ۞ يعلَمُونَ مَا تَفْعَلُونَ﴾(الانفطار:١١-١٢) نووسینێكی تر هەیە كە بریتییە لە نووسینەوە و لەبەرگرتنەوەی چەند لەوحێكی قەدەری لەبەر نووسینەكەی "ئیمامی موبین" لە "كیتابی موبین"دا[(١)].

نووسینی یەكەم ئەم ئایەتە مەزنە پیرۆزە ڕوونی دەكاتەوە كە دەفەرموێ: ﴿وَكُلَّ إِنْسَانٍ أَلْزَمْنَاهُ طَائِرَهُ فِي عُنُقِهِ وَنُخْرِجُ لَهُ يَومَ القِيَامَةِ كِتَاباً يَلْقَاهُ مَنْشُوراً﴾(الإسراء:١٣). بەو واتایەی كە "نووسینێكی عیلمی" هەیە و خاوەنی وجوودی خاریجی نییە و بریتییە لەوەی كە پێی دەڵێن: "لەوحی مەحفووظ". نووسینێكی تریش هەیە كە مەلائیكەتە بەڕێزەكان دەینووسن و خاوەنی وجوودی خاریجییە و هەموو ئەو كردارانەی تێدا تۆمار دەكرێت كە مرۆڤ دەیانكات.

لە ڕاستیدا هەردوو نووسینەكە بە تەواوەتی وەكو یەك وان و تەنانەت جیاوازیی یەك دانە پیتیش لە نێوانیاندا نییە. واتە ئەو كردارانەی كە مرۆڤ دەیانكات هەر ئەوانەن كە پێشتر لە زانستی خوای گەورەدا تەقدیر كرابوون، ئەوەندە هەیە كە ویستی خۆمان دەبێتە هۆی ئەوەی وجوودی خاریجی بكات بە بەر ئەو نووسینەی كە تەنها وجوودی عیلمیی هەیە، چونكە ئەم نووسینەی دووهەم ویستی ئێمەی تێدا ڕەچاو كراوە.

لە ڕۆژی دادگای هەرە گەورەی حەشردا بەپێی بەراوردكردنی هەردوو نووسینەكە بڕیار لەسەر مرۆڤ دەردەكرێت و، ڕوون دەبێتەوە كە هەریەك لەو دوانە هەمان

---

(١) لە پەیامی (مـن) ل (٤١ – ٤٣)دا مەبەست بەم دوانە ڕوون كراوەتەوە، هەروەها بڕوانە: (وتەكان) ل ٧٨٣-٧٨٤. (وەرگێڕ)

نووسینی ترە و جیاوازی‌یان لە نێواندا نی‌یە. چونکە مەلائیکەتە بەرێزەکە دەفەرموێت: ئەی پەروەردگارم! من ئاوا و ئاوام نووسی. پەروەردگاری مەزنیش نووسینێك دەخاتە پێش چاو، ئنجا دەفەرموێت: منیش ئاوام نووسی، چونکە پێشتر دەمزانی کە ئەو کردارانە دەکات. واتە یەکێك لەو دوو نووسینە بە دەستی مەلائیکەتەوەیە و ئەوی تریشیان بە دەستی خواوەندی گەورە و پەروەردگارەوەیە.

جا ئەو نووسینەی کە لە لایەن ئەو مەلائیکەتە نووسەر و بەرێزانەوە تۆمار دەکرێت کە شان و شکۆیەکی بەرزیان هەیە و دانابەزنە ئاستی کاری نزم و بێ‌نرخ و هەرگیز گومان توخنی نووسینەکەیان ناکەوێت، ئەم نووسینە، ڕوویەکی تری قەزا و قەدەرە.

بەڵێ، خوای گەورە پلان و پرۆگرامی هەموو شتێك دادەنێت و "وجوودی عیلمی"ی دەداتێ، پاشان لە ڕێی پەیوەندی‌کردنی "توانست" و "ویست"ی خۆیەوە بەم وجوودە عیلمی‌یە "بوونی دەرەکی"شی پێ دەبەخشێت. لەبەر ئەوە، هەموو شتێك یەکەم جار بەپێی ئەو وجوودە عیلمی‌یە دەنووسرێت، ئنجا ئەو کردارانەی کە مرۆڤ دەیانکات بە تەواوی یەکاویەك دەردەچن لەگەڵ ئەو نووسینەدا و هەر ئەم کردارانەشن کە مەلائیکەتە بەرێزەکان دەیاننووسن. با هەوڵ بدەین ئەم مەسەلەیە لە ڕووناکیی ئەم ئایەتە پیرۆزەدا ڕوون بکەینەوە کە دەفەرموێت: ﴿وَلَقَد كَتَبْنَا فِي الزَّبُورِ مِن بَعدِ الذِّكرِ أَنَّ الأَرضَ يَرِثُهَا عِبَادِيَ الصَّالِحُونَ﴾(الانبیاء:١٠٥). "ذیکر" خۆی لە خۆیدا بە واتای ئامۆژگاری دێت، بەڵام لێرەدا بە واتای "تەورات" یان "لەوحی مەحفووظ" - کە واتایەکی گشتی ترە - بەکار هاتووە. جا بەپێی ئەم واتایە دەتوانرێت ئایەتەکە بەم شێوەیەی خوارەوە لێك‌بدرێتەوە:

دوای ئەوەی خوای گەورە شتانی ناو "لەوحی مەحفووظ"ی نووسی، ئنجا لەو کتێبانەدا کە بۆ پێغەمبەرانی - علیهم السلام - نارد چەند شتێکی لە بەر نووسینەکانی "لەوحی مەحفووظ" گرتەوە و بۆی نووسین کە ئەویش بریتی‌یە لەوەی: "بەندە چاکەکانم میراتگری زەوی دەبن". واتە میراتگری ڕاستەقینە و هەمیشەیی زەوی، بەندە چاکەکانی خواوەندن، بەڵام فەرمانڕەوایەتی کەسانی تر بۆ زەوی شتێکی کاتی‌یە، چونکە فەرمانڕەوایەتیی هەمیشەیی، کە بە بەردەوامی نوێ ببێتەوە، هی بەندە چاکەکان و ئەو نەتەوە و کۆمەڵگا باشانەن کە لەوانە پێك‌دێن. ئەمەش وەك یاسایەك لە "لەوحی مەحفووظ" دا بڕیاری لەسەر دراوە و لە "زەبوور"یش‌دا ئەم یاسایە تۆمار کراوە و لە لەوحی مەحفووظەوە بۆی هێنراوە.

بەڵێ، ئەو زەبوورەی کە دەستکاری نەکراوە و بۆ حەزرەتی داوود - دروودی لەسەر بێت - ڕەوانە کراوە، ئەم یاسایەی تێدا بووە.

ڕاستە، لەوانەیە چەند ڕژێمێك لەوانەی كە خوای گەورە پێیان ڕازی نی‌یە، لە خۆرهەڵات و خۆرئاوادا، سەر هەڵ بدەن.. لەوانەیە لە هەموو شوێنێكدا چەندین فیرعەون و كەسانی سەرسەخت و ملنەدەر پەیدا ببن.. بەڵام بۆ ماوەیەكی كاتی و دیاری كراو. ئەمەش ئەو یاسایە هەڵناوەشێنێتەوە كە لە لەوحی مەحفووظ و زەبووردا نووسراوە و قورئانی پیرۆزیش هەواڵەكەی ڕاگەیاندووە، چونكە مەبەست لەو میراتگری‌یە ناوبراوە: میراتی بەردەوام و فەرمانڕەوایەتیی درێژخایەنە. خۆ سەرهەڵدانی كاتیی فەرمانڕەوایەتی‌یە خراپەكان، لەسەر بناغەی حیكمەتێكی خوایی‌یە كە بریتی‌یە لە: بێداركردنەوە و یادخستنەوەی موسڵمانان تاكو بە پەلە و خێرا لەناو خۆیاندا یەك بگرن. ئەمەش یاسایەكی خوایی‌یە هەرگیز هیچ كەسێك ناتوانێت ئاڵوگۆڕی تێدا بكات.

كەواتە خاوەن ڕەوشتە بەرزەكان یان ئەوانەی بەشێكی زۆریان لەو ڕەوشتە بەرزانە هەیە، لە سەردەمی خۆیاندا دەبن بە فەرمانڕەوای زەوی. شایانی سەرنجە كە مەبەست لە "ڕەوشتە بەرزەكان" تەنها سەردانی مزگەوت و ڕەفتارەكانی وەك ئەوە نی‌یە، بەڵكو مەبەست ڕەفتاركردنە بە سەرجەم ڕەوشتە جوانەكانی پێغەمبەر ﷺ لە هەموو گۆشە و لایەكی ژیاندا. هەر تەنها بەم ڕەوشتە بەرزانەیە كە مرۆڤ پەی بە واتای شتان و ڕووداوەكان و پەیوەندیی مرۆڤ بە بوونەوەرانەوە دەبات، هەروەك لەم ڕێیەوە دەتوانێت هاوسەنگیی تەواوەتی ڕاگیر بكات لە نێوان ڕۆچوونی‌دا لە قوڵایی "دەروون" و بیركردنەوەی‌دا لە فراوانیی "ئاسۆكان"ی دەرەوە. بە واتایەكی تر ئەو كەسەی توانیبێتی پەی بە "خلود" ببات هەر ئەوە دەتوانێت چاكی و صەلاحەت، بە واتا ڕاستەقینەكەی، لەسەر زەوی‌دا بهێنێتەدی.

ئەوانەی كە تیرۆر و تۆقاندن و فەوزا و ئاژاوە لە شوێنە جیاجیاكانی جیهاندا دەنێنەوە و.. لە بەرامبەر تاوانەكانەوە تاوان ئەنجام دەدەن و.. بۆ مەبەستی ڕاكێشانی سەرنجی ڕای گشتی، چەندین درووشمی سیاسی هەڵدەواسن و.. بە "ژیری"ی خۆیان دەنازن و واز لە "شوورای" نێوانیان دەهێنن.. هەرگیز ئەوانە ناتوانن "فەرمانڕەوایەتی" بە واتا ڕاستەقینەكەی، دابمەزرێنن. پشت بەخوا ڕۆژێك لە ڕۆژان و لە دەمی هەڵهاتنی خۆری ئیسلامدا لەو بێ‌ئاگایی‌یەی خۆیان بە خەبەر دێن و، لەو كارانەیان پەشیمان دەبنەوە و دەزانن لە چ تاریكستانێكدا سەرگەردان بوون و، دان بە هەڵەی خۆیاندا دەنێن!

بەڵێ، ئەو مرۆڤەی کە بە "ڕیز لێگیراوی" بەدیهێنراوە، ڕۆژێك دێت کە ڕێگەی ڕاست بدۆزێتەوە. چونکە گەر وا نەبێت ئەوا ئەم یاسایە – پەنا بەخوا – هەڵە دەردەچێت. خۆ ئاشکرایشە کە یاسایەك خوای گەورە دایبنێت هەرگیز ئاڵوگۆڕی بەسەردا نایەت، چونکە: ﴿لا تَبديلَ لخَلقِ الله﴾(الروم:٣٠)[1].

بەڵام خوای گەورە یاسایەکی تری هەیە کە بریتی‌یە لە یاسای:

﴿إنَّ اللهَ لا يُغَيّر مَا بِقَومٍ حتى يُغَيِّرُوا مَا بأنفُسِهِم﴾(الرعد:١١).

کەواتە خوای گەورە زەلیلی بەسەر نەتەوەیەکدا ناهێنێت کە خاوەنی عیززەت و تاجی سەر بوو بێت، مەگەر ئەو نەتەوەیە ناوەوەی خۆی بگۆڕێت. ئەم یاسایە هەردوو واتا ئیجابی و سەلبی‌یەکە وەکو یەك دەگرێتەوە. کەواتە ئەو کەسەی دەیەوێت نازناوی "فاتح" بەدەست بهێنێت دەبا لە پێش‌دا قەڵای نەفسی خۆی فەتح بکات. خۆ ئەگەر نەیتوانی ناوەوەی خۆی فەتح بکات، ئەوا هیچ شتێکی لە دەرەوەی نەفسی خۆی‌دا پێ فەتح ناکرێت!

ئەو کەسانەی کە لە ناوەرۆکی ئەو "تەقوا" و "ئیحسان"ە تێ گەیشتوون کە لەم ئایەتە پیرۆزەدایە: ﴿إنَّ اللهَ مع الذينَ اتَّقَوا والَّذِينَ هُم مُحسِنُونَ﴾(النحل:١٢٨) هەر ئەوانەن کە شەرەفمەندی لەگەڵدابوونی خواوەندن.

ئایا "ئیحسان" چی‌یە؟

"ئیحسان" ئەوەیە کە کاتێ خوای گەورە دەپەرستیت وەکو ئەوەی بە چاو بیبینیت ئاوا بی‌پەرستیت.. ئیحسان بریتی‌یە لە نووری دیوی ناوەوەی مرۆڤ.. بریتی‌یە لە فراوانی و قووڵیی هەست و نەستەکان.. بریتی‌یە لەوەی مرۆڤ ئەو توانا و مەلەکەیە بەدەست بهێنێت کە بتوانێت ڕاستەوخۆ بڕواتە ناو دیوی ناوەوە، بێ ئەوەی بکەوێتە داوی دیلیی خۆپەرستیی نەفسەوە.. بریتی‌یە لە دەستکردن بە فەتحی دەرەوە لە ناوەوە.. پارێزگاری کردنی ئەم فەتحەیە لە هەموو قۆناغەکانی‌دا.. بە واتایەکی تر بریتی‌یە لە بەدەستهێنانی "صەلاحەت"ی تەواوەتی.

ئێمە لە مەسەلەی "نووسین"ی کردەوەکانەوە سەرمان کێشا بۆ ئەم باسە. بابەتە سەرەکی‌یەکەمان بریتی‌یە لەوەی کە ئەم یاسایە و یاساکانی تری هاوچەشنی، بە جۆرێکی هەرگیز نەگۆڕ، لە "لەوحی مەحفووظ"دا نووسراون.

---

(١) هەروەها: ﴿وَلَنْ تَجِدَ لِسُنَّةِ اللهِ تَبْدِيلاً﴾.

جا لەبەر گرنگیی ئەم مەسەلەیە - بێ ئەوەی سنووری پەیوەندیی ئەم باسە بە قەدەرەوە بشکێنین - ئەم ئایەتە پیرۆزەی خوارەوە دەهێنین:

﴿وَعَدَ اللهُ الَّذِينَ آمَنُوا مِنكُم وَعَمِلُوا الصَّالِحَاتِ لَيَسْتَخْلِفَنَّهُم فِي الأَرْضِ كَمَا اسْتَخْلَفَ الَّذِينَ مِن قَبْلِهِمْ وَلَيُمَكِّنَنَّ لَهُم دِينَهُمُ الَّذِي ارْتَضَى لَهُم وَلَيُبَدِّلَنَّهُمْ مِنْ بَعْدِ خَوْفِهِم أَمْناً يَعْبُدُونَنِي لا يُشْرِكُونَ بِي شَيْئاً وَمَن كَفَرَ بَعْدَ ذَلِكَ فَأُولَئِكَ هُمُ الفَاسِقُونَ﴾(النور:٥٥).

خوای گەورە لەم ئایەتەدا بەڵێن بەوانە دەدات کە باوەڕیان هێناوە و کردەوەی چاکیان کردووە. ئەمە بەڵێنێکی خوای گەورەیە. خۆ بەڵێنی خوای گەورەش - بێ هیچ گومانێك - ڕاستە و دەیباتە سەر. چونکە بەڵێن‌شکێنی سەبارەت بە خواوەندەوە مەحاڵە و خوای گەورە دەتوانێت بەڵێنەکەی بباتە سەر و فەرمانڕەوایە بەسەر هەموو شتێکدا.

کەواتە بێ گومان بەڵێنی جێ‌نشین کردنی زەوی بۆ ئەوانە دەباتە سەر کە باوەڕیان هێناوە و کردەوەی چاکیان ئەنجامداوە. ئەو کاتەش جڵەوی ژیانی کۆمەڵایەتی دەکەوێتە دەستتان و، ژیانی ئابووریش ئێوە ڕێکی دەخەن و، پەروەردەی تاك و خێزانیش سیستەمێکی نوێ بە خۆیەوە دەبینێت. ئەو کاتە ئێوە هەموو جیهان بەڕێوە دەبەن. چونکە هەموو شتێکی ئەم جیهانە لە ئەنجامدا بە دەستی ئێوە دەبێت. خۆ ئەوانەی کە لە دەوری مێزە بازنەیی‌یەکان(مێزگردەکان)دا دادەنیشن و جیهان لە نێوان خۆیاندا دابەش دەکەن، لەو ڕۆژەدا هەر بڕیارێك دەربکەن لە پێشدا دەم‌و چاوی ئێوە دەخوێننەوە و سەیری سەروسیمای ئێوە دەکەن و، جوگرافیای کۆمەڵیش بەپێی فەرمانەکانی ئێوە شکڵ و شێوەکانیان دەگرنەخۆ، تەنانەت هەوڵ دەدەن لە ڕێی ڕوانین و ئاماژەکانی ئێوەوە لە واتا و ناوەرۆکەکان بگەن و، هەر ئێوە - بە وێنەی مێژووی پێشینتان - خاوەن بڕیار دەبن لە دانان یان لابردنی هەر کەسێکدا و، پادشایانیش لە بەردەرگاکانی ئێوەدا بە ئاواتەکانیان دەگەن و، گوفتارەکانتان لەگەڵیاندا بە "فەرمان" دادەنێن لە ئێوەوە بۆ خۆیان و، هەر شتێك ئێوە بیڵێن یەکسەری جێ‌بەجێ دەکرێت و دێتەدی، هەر شتێکیش ئێوە نەتانەوێت یەکسەری و خێرایی لادەبرێت! کەواتە ئێوە ئەوانەن کە خوای گەورە لەو ڕۆژەدا توانا و دەسەڵاتی جێ‌نشینیتان پێ دەبەخشێت!

ئەم گوفتارە ئەندێشە و ئاوات و گوفتارێکی دوور لە واقیع نی‌یە.. چونکە ئەوانەی کە لە ڕابوردوودا "صەلاحەت"یان بەدەست هێنا، گەیشتنە ئەم چڵەپۆپەیە. خۆ ئەمەش

یاسایەکی خواییە و لە هەموو کات و شوێنێکدا دەستبەکارە. جا ئەگەر ئێوە هەرکات لە دەروونی خۆتاندا صەلاحەتان بەدەست هێنا، ئەوا ئەنجامەکانیشی دێنەدی و بە بێ گومانی بەرجەستە دەبن.

بەو واتایەی کە دوو نووسین هەیە، نووسینی یەکەمیان: ئەوەیە کە لە "لەوحی مەحفووظ"دا نووسراوە؛ هەموو شتێك بە "وجوودی عیلمی" لە لەوحی مەحفووظدا وجوودی هەیە.. نووسینی دووهەمیش: نووسینی ئەو ڕووداوانەیە کە یەك لە دوای یەك دێنە وجوودی دەرەکی. هەر تەنها ئەو کردەوانەش لەم نووسینەدا لێپرسینەوەیان لەسەر هەیە کە لەسەر بناغەی "ویستی مرۆڤ" ئەنجام دراون.

ئەم ئایەتە پیرۆزە هەردوو نووسینە کە پێکەوە باس دەکات:

﴿إِنَّا نَحنُ نُحيِي الموتَى ونَكتُبُ مَاقَدَّمُوا وآثَارَهُم وَكُــلُ شَــيءٍ أَحصَينَــاه فِي إِمَــامٍ مُبِين﴾(يس:١٢).

کەواتە هەموو ئەو کردارانەی کە مرۆڤ دەیانکات و ئەو صەدەقە بەردەوام و جارییانەش کە دوای خۆیان بەجێیان دەهێڵێت، هەر هەموویان – بە بێ جیاوازی – دەنووسرێن. کە ئەمەش بریتییە لە نووسینی دووهەم. جگە لەوەی کە هەموو شتێك پێشتر بە "وجوودە عیلمی"یەکەی نووسراوە، وەك لە خودی ئایەتەکەدا بە ڕوونی دیارە کە دەفەرموێ: ﴿وَكُل شَيءٍ أَحصَينَاهُ فِي إِمَــامٍ مُــبِين﴾. کەواتە هەموو شتێك، بە بێ پشت گوێخستنی هیچ کامیان، لە لەوحی مەحفووظدا نووسراوە، هەروەك ئەم ئایەتە پیرۆزەی خوارەوە ڕوونی دەکاتەوە:

﴿وَمَا مِن دَابَّةٍ فِي الأَرضِ وَلا طَائِرٍ يَطِيرُ بِجَنَاحَيهِ إِلاَّ أُمَمٌ أَمثَالُكُم مَا فَرَّطْنَا فِي الكِتَــاب مِن شَيءٍ ثُمَّ إِلَى رَبِّهِم يُحشَرُونَ﴾(الانعام:٣٨).

زۆربەی تەفسیرنووسان وشەی "الکتاب"ی ئەم ئایەتە پیرۆزەیان بە: "لەوحی مەحفووظ" لێكداوەتەوە، هەروەك هەندێکیشیان بە: "قورئان" ڕاڤەیان کردووە.

فەرموودەیەکی پیرۆز هەیە لە بارەی نووسینی دووهەمی لەمەڕ ئەو کردارانەی کە مرۆڤ بە "ویست"ی خۆی دەیانکات و، دەریدەخات کە دوای نووسینی یەکەم دێت.

ئەمەش دەقی فەرموودەکەیە:

"كانَ اللّهُ و لَم يكنْ شيٌ غيرَه، وكان عرشُه على الماءِ، وكتبَ في الذكرِ كُلَّ شــيءٍ، وخَلَقَ السَّمواتِ والأرضَ"[١].

(١) رواه البخاري: بدء الخلق ١، والترمذي: تفسير سورة المائدة ٥/٣.

کەواتە هەموو شتێك بەپێی دروستبوونی یەك لە دوای یەکیان دەنووسرێن. جا ئەم نووسینە ڕووی دووهەمی "قەدەر" پێكدەهێنێت.

٣ – قەزا و قەدەر لە ڕووی "ویست"ی خواوەندەوە.

یەکەم: ویستی خوای گەورە لە ئایەتە پیرۆزەکاندا:

وشەکانی: (شاءَ، یشاءُ، مشیئةً) واتای "ویست" دەگەیەنن و لەو وشانەن کە بە زۆری لە قورئانی پیرۆزدا بەکارهاتوون. خۆ پەیوەندیی "ویستی خوای گەورە" بە "قەدەر"ەوە دووریەکی تر دەهاوێتە سەر "قەدەر".

ئەسڵی ڕوودانی هەموو بەسەرهاتێك و پەیدابوونی هەموو شتێك بریتییە لە ویستی خوای گەورە.

قورئانی پیرۆز لە گەلێ ئایەتی خۆیدا ئەم ڕاستییەمان یاد دەخاتەوە. وا هەندێکیان لێ باس دەکەین.

أ – ﴿وَلاتقُولَنَّ لِشَيْءٍ إنّي فاعلٌ ذلكَ غَداً ۞ إلاّ أن يشَاءَ الله واذْكُر ربَّكَ إذا نَسِيتَ وَقُل عَسى أن يَهدِيَنِ رَبِّي لأقربَ من هَذا رشَداً﴾(الكهف:٢٣-٢٤).

بەو واتایەی کە: هەرکات بڕیارت دا کارێك بکەیت، دەبێ لە پێشدا ویستی خوای گەورە بکەیت بە بناغەی کارەکەت و بیبەستیت بە ئیرادەی خواوەندەوە. لە ڕاستیشدا گەر خوای گەورە ویستی لەسەر هەر شتێك نەبێت، هەرگیز تۆ ناتوانیت ئەنجامی بدەیت. کەواتە دەبێ مرۆڤ هەمیشە بەم جۆرە بیر بکاتەوە و دەست بە هەموو کارێك بکات.

بە بۆنەی ئەم ئایەتە پیرۆزەوە پێغەمبەری خۆشەویست ﷺ ئەم ڕووداوەی خوارەوەمان بۆ دەگێڕێتەوە:

(حەزرەتی سولەیمانی کوڕی داوود – دروودی خوایان لەسەر بێت – فەرمووی: دەبێ ئەمشەو بڕۆمە لای هەر سەد خێزانەکەم تاکو هەریەکەیان کوڕێکی ببێت لە پێناوی خوادا غەزا بکات. مەلائیکەت پێیوت: بڵێ: "إن شاء الله" کەچی حەزرەتی سولەیمان لە بیری چوو نەیوت. کاتێ کە ڕۆشتە لای خێزانەکانی، هیچیان منالیان نەبوو، یەکێکیان نەبێت کە منالێکی نیوە ئادەمیزادی بوو! پێغەمبەر ﷺ فەرمووی: گەر بیوتایە: "إن شاء الله" سوێندەکەی نەدەکەوت و باشتریش بوو بۆ هاتنەدیی خواستەکەی)[1].

(١) البخاري: النكاح ١١٩، الجهاد ٢٣. هەروەها: المسند لإمام أحمد: ٢/٢٢٩، ٢٧٥، ٥٠٦.

بەڵێ، دەبێ مرۆڤ باوەڕێکی تەواو دامەزراوی هەبێت بەوەی کە هیچ کەسێك ناتوانێت هیچ کارێك ئەنجام بدات گەر خواوەند "ویستی" لەسەری نەبێت. کەواتە ئەو مرۆڤەی لە لایەنە ڕواڵەتی و پەنهانەکانی شتان تێدەگات و دەتوانێت گوێ لە جیهانی ناوەوەی خۆی ڕابگرێت، باوەڕ بەم ڕاستی‌یە دەهێنێت و دەشبێت باوەڕی پێ بکات. بە چەشنێك کە تەنانەت بە ئەندازەی گەردیلەیەکیش پێچەوانەی ئەم ڕاستی‌یەی بە دڵدا نایەت.

ئێمە کاتێ بۆ شتان و ڕووداوەکان دەڕوانین و پەیوەندی‌یان پێوە دەکەین، بە یەقین و دڵنیایی‌یەوە هەست دەکەین و دەبینین کە ناتوانین تەنانەت یەك دانە پووشی بچووکیش لە جێی خۆی‌دا هەڵبگرین، گەر خوای گەورە ویستی لەسەری نەبێت. بەڵکو کاتێ وا هەیە هەموو پێشەکی‌یەکان ئامادە دەکەین و بیر لە هەموو لایەن و ڕووەکانی مەسەلەکە دەکەینەوە و بەو پێ‌یە نەخشە و پلانەکانی بۆ دادەڕێژین، هەتا وامان لێ دێت دەکەوینە ئەو باوەڕەی کە هەموو هەل و مەرجەکانمان جێ‌بەجێ کردبێت، کەچی دەبینین لەبەر گریمانێك کە هەرگیز بە خەیاڵ‌دا نەهاتووە، کارەکەمان سەرەونخوون هەڵدەگەڕێتەوە! بەو واتایەی کە هەموو گریمانەکان بە وردی حسابیان بۆ کرابوو، بەڵام ویستی خوای گەورە پەیوەندیی بەو کارەوە نەکردبوو. واتە گەر خوای گەورە "نەیەوێت" ئەو شتە بێتەدی بەو جۆرەی ئێمە دەمانەوێت، ئەوا هەرگیزاوهەرگیز نایەتەدی، با هەموو هەل و مەرجە ڕواڵەتی‌یەکانیشی بۆ ئامادە کرابێت. بەم جۆرە هەموو نەخشە و پلانەکانمان بێ ئەنجام دەردەچن. ئەم ڕاستی‌یەش، کە باسمان کرد، ئەم ئایەتە پیرۆزەی خوارەوە تێمان دەگەیەنێت کە دەفەرموێ: ﴿وَمَا تَشَاؤُونَ إِلاَّ أَن يَشَاءَ اللهُ﴾(الإنسان: ٣٠). واتە گەر هەرچی‌یەکتان هەیە بەختی بکەن و گشت ویستێکی خۆشتان بخەنە کار، ئەوا هەر تەنها ویستی خوای گەورە لەو کارەدا دەست‌بەکارە، چونکە هەموو ویست و هەوڵەکانتان هیچ جێگایەك ناگرێت گەر ویستی خواوەند پەیوەندی بە ئەنجامدانی ئەو کارەوە نەکات، بەڵام زۆر جار خوای گەورە بەزەیی پێمان‌دا دێتەوە و هۆکارەکانمان لێ وەردەگرێت کە خۆی کردوونی بە مەرجێکی عادی بۆ بەدیهێنانی شتان و، ویستی مرۆڤیشمان لێ گیرا دەکات کە وەك "دوعا" وایە. بەم جۆرە ویستی خوای گەورە پەیوەندی بە هەموو شتێك و بە هەموو بەشەکانی گشت ڕووداوێکەوە دەبەستێت، کەواتە بە تەواوی لەگەڵ ئەو ڕووداوانەدا تێکەڵ بوون.

"ویستی خوای گەورە" لە هەموو ڕووەکانی ژیان و گشت لاپەڕەکانی ژینی مرۆڤدا خۆی دەردەخات، هەروەك ئەم ئایەتە پیرۆزەی خوارەوە دەری‌دەبڕێت:

ب - ﴿تِلْكَ الرُّسُلُ فَضَّلْنَا بَعْضَهُمْ عَلَى بَعْضٍ مِنْهُمْ مَنْ كَلَّمَ اللهُ وَرَفَعَ بَعْضَهُمْ دَرَجَاتٍ وَآتَيْنَا عِيسَى ابْنَ مَرْيَمَ الْبَيِّنَاتِ وَأَيَّدْنَاهُ بِرُوحِ الْقُدُسِ وَلَوْ شَاءَ اللهُ مَا اقْتَتَلَ الَّذِينَ مِنْ بَعْدِهِمْ مِنْ بَعْدِ مَا جَاءَتْهُمُ الْبَيِّنَاتُ وَلَكِنِ اخْتَلَفُوا فَمِنْهُمْ مَنْ آمَنَ وَمِنْهُمْ مَنْ كَفَرَ وَلَوْ شَاءَ اللهُ مَا اقْتَتَلُوا وَلَكِنَّ اللهَ يَفْعَلُ مَا يُرِيدُ﴾(البقرة:٢٥٣).

کەواتە گەر "ویستی خوا" نەبوایە هەرگیز نەتاندەتوانی هیچ کردارێك ئەنجام بدەن. بۆ نموونە: گەر خوای گەورە ویستی لەسەر نەبوایە لەگەڵ یەکتردا نەدەجەنگان، خۆ مادەم لەناو خۆتاندا بەشەڕدا دێن و دەجەنگێن ئەوا هەموو کردارە ئیجابی و سەلبییەکانتان بە ویستی خوای گەورەوە گرێ دراون و هەر شتێك ویستی ئەوی لەسەر بێت دێتەدی و لەسەر ئەو کارانەش کە ئەنجامیان دەدات پرسیاری لێ ناکرێت، هەروەك لەو کارانەی کردوونی و دەیانکات پرس و ڕا بە کەس ناکات.

ئەم فەرموودە پیرۆزەی کە دێت دەستوورێکی بڕیاردراوە کە دەفەرموێت:

"ما شاءَ اللهُ كان وما لم يشأ لم يكـــن"(١). هەر شتێك خوای گەورە بیەوێت و ویستی لەسەری بێت، دەبێت و دێتە وجوود. هەر شتێکیش ویستی لەسەر نەبوونی بێت، نابێت و نایەتە وجوود.

شتێکی سەرنجڕاکێش لێرەدا هەیە، ئەویش پەیوەندی کردنی ویستی خوای گەورەیە بە "عەدەم"ەوە! هەر بۆیە ئەو شتەی خوای گەورە ویستی لەسەر "نەبوون"ی بێت، نابێت و "بوون" بە خۆیەوە نابینێت.. هەروەك ویستی لەسەر "بوون"ی هەر شتێك بوو، دێتە وجوود و "بوون"ی پێ دەبەخشرێت. بەڵێ، ویستی خوای گەورە پەیوەندی بە "وجوود" و "عەدەم"ەوە دەکات و، بەو جۆرە نییە کە هەندێ لێی تێ گەیشتوون گوایا: ویستی خوای گەورە گەر پەیوەندی بە شتێکەوە بکات ئەو شتە دەبێت و دێتە وجوود، بەڵام گەر پەیوەندیی پێوە نەکات نابێت و نایەتە وجوود. نەخێر، ئەم بۆچوونە هەڵەیە. چونکە هەرگیز شتێك لە گۆڕێدا نییە کە پێی بوترێ: "پەیوەندی نەکردنی ویستی خوای گەورە". لەبەر ئەوەی چ "وجوود" و چ "عەدەم" هەردووك لەناو دەستی ویستی خوای گەورەدان!

خۆ ئەگەر "موعتەزیلە" و "جەبرییە" لە ناوەرۆك و واتا وردەکانی فەرموودەکەی پێشوو تێ بگەیشتنایە، ئەوا نەدەکەوتنە ئەو هەڵە گەورە و زەقانەی کە دووچاری بوون، چونکە پێغەمبەری خۆشەویست ﷺ هەردوو کارەکە بە فیعلی: "كَينونة" لێك دەداتەوە.

(١) رواه أبو داود: الأدب ١٠٦.

هەروەها تەنها ئەم "ویست"ەی خوای گەورەیە کە لە مەسەلەی ئیمان و هیدایەتدا هەموو شتێك دەبڕێتەوە. ئەوەتا ئەو کەسانەی کە لەم گۆشەیەوە دەڕوانە ئەم مەسەلەیە، دەڵێن: "ئیمان" نوورێکە خوای گەورە دەیهاوێتە ناو دڵی هەرکام لە بەندەکانیەوە، دوای ئەوەی کە ئەو بەندەیەی جوزئی ئیختیاریی خۆی خستە کار. بەو واتایەی کە تۆ هەوڵ و تێکۆشانت دەخەیتە کار و خواوەندیش بۆت بەدیدەهێنێت.

بەڵێ، تۆ ناتوانیت ئەو نوورە لە خۆتدا دابگیرسێنیت و تا ئەبەد بە بەردەوامی بیهێڵیتەوە، بەڵکو هەر تەنها خوای گەورەیە کە - ئەگەر ویستی لەسەری بێت - دایدەگیرسێنێت و دڵی تۆی پێ ڕووناك دەکاتەوە. بەڵگەش لەسەر ئەمە، ئەم ئایەتە پیرۆزەیە کە دەفەرموێ:

ج - ﴿وَلَو شَاءَ رَبُّكَ لآمَنَ مَنْ فِي الأَرضِ كُلُّهُم جَمِيعاً أَفَأَنتَ تُكرِهُ النَّاسَ حَتَّى يَكُونُوا مُؤْمِنِينَ﴾(یونس:٩٩).

واتە: ئەو کەسەی کە پەروەردەی کردوویت و گەیاندوویتیە پلەی "کەماڵ" و فەرمانڕەوایە بەسەر هەموو شتێکدا، گەر بیەوێت، هیدایەتی هەموو خەڵکی دەدات.

ئایەتێکی تر لەم بارەیەوە هەیە کە بریتییە لە:

د - ﴿وَإِنْ كَانَ كَبُرَ عَلَيكَ إِعْرَاضُهُمْ فَإِنْ اسْتَطَعْتَ أَنْ تَبتَغِيَ نَفَقَاً فِي الأَرضِ أَو سُلَّماً فِي السَّمَاءِ فَتَأْتِيَهُمْ بآيَةٍ وَلَو شَاءَ اللهُ لَجَمَعَهُم عَلَى الهُدى فَلا تَكُونَنَّ مِنَ الْجَاهِلِينَ﴾(الانعام:٣٥).

ئەم بێدارکردنەوەیەی خواوەند بۆ خودی پێغەمبەر ﷺ لە ڕاستیدا بێدارکردنەوەیە بۆ هەموو خەڵکی سەبارەت بە هەر شێوەیەکی لەڕێترازان لە مەسەلەی قەدەردا.

بەڵێ، گەر پەروەردگاری تۆ بیویستایە: هیدایەتی هەموویانی دەدا و.. هەموویان سوژدەیان بۆ دەبرد و.. هەموو خەڵکی خاوەنی ویژدان و دڵ و دەروونی ڕووناك دەبوون و.. شەرەفمەندی بەندایەتیی بێ گەردیان بۆ خوای گەورە بەدەست دەهێنا و.. بە "ئیمان" و "ئیسلام" ڕێزیان لێ دەگیرا. بەڵام "ویستی خوای گەورە" لەسەر غەیری ئەمەیە، بۆیە پەیوەندیی بە "بەدیهێنان"ی ئەم جۆرە شتانەوە نەکردووە و نەیهێناونەتە دی.

هـ - ﴿وَأَنْزَلْنَا إِلَيْكَ الْكِتَابَ بِالْحَقِّ مُصَدِّقًا لِمَا بَيْنَ يَدَيْهِ مِنَ الْكِتَابِ وَمُهَيْمِناً عَلَيْهِ فَاحْكُمْ بَيْنَهُمْ بِمَا أَنْزَلَ اللهُ وَلا تَتَّبِعْ أَهْوَاءَهُمْ عَمَّا جَاءَكَ مِنَ الْحَقِّ لِكُلٍّ جَعَلْنَا مِنْكُمْ شِرْعَةً وَمِنْهَاجاً وَلَوْ شَاءَ اللهُ لَجَعَلَكُمْ أُمَّةً وَاحِدَةً وَلَكِنْ لِيَبْلُوَكُمْ فِي مَا آتاكُم فَاسْتَبِقُوا الْخَيْرَاتِ إِلَى اللهِ مَرْجِعُكُمْ جَمِيعاً فَيُنَبِّئُكُمْ بِمَا كُنْتُمْ فِيهِ تَخْتَلِفُونَ﴾(المائدة:٤٨).

بەڵێ، گەر پەروەردگارمان ویستی لەسەر بوایە ئەوا هەموو گرۆی مرۆڤی دەکرد بە یەك نەتەوە، بەڵام ویستی خواوەند لەسەر ئەوە بووە کە ببن بە چەند نەتەوەیەکی

جیاجیا، بۆیە نەتەوەكان بەم جۆرە و جیاجیا بۆ مەبەستی تاقیكردنەوە بەدیهێنراون.
سەبارەت بەوەش كە فەرمانڕەوایی دەوڵەتەكان و بەردەوامبوونیان و بە دوای یەكدا هاتنی كاربەدەستەكانی ئەم دەوڵەتانە هەموو بەپێی ویستی خواوەندن، ئەوا ئەم ئایەتە پیرۆزەی خوارەوە ڕوونی دەكاتەوە:

و - ﴿إِنْ يَمْسَسْكُمْ قَرْحٌ فَقَدْ مَسَّ الْقَوْمَ قَرْحٌ مِثْلُهُ وَتِلْكَ الأَيَّامُ نُداوِلُها بَيْنَ النَّاسِ وَلِيَعْلَمَ اللهُ الَّذِينَ آمَنُوا وَيَتَّخِذَ مِنْكُمْ شُهَداءَ واللهُ لا يُحِبُّ الظَّالِمِينَ﴾(آل عمران:١٤٠).

ئەم ئایەتە پیرۆزە "ویستی خوای گەورە" دەردەخات، هەرچەندەش بە ڕاشكاوی ئەم وشەیەی بەكار نەهێناوە، چونكە فەرمایشتی: ﴿وَتِلْكَ الأَيَّامُ نُداوِلُها﴾ بە ڕوونی دەری‌دەخات كە ئاڵوگۆڕی بارودۆخ و هەڵوێست و قۆناغەكانی خەڵكی، تەنها بە فەرمانی خواوەند دەبێت و لە دەستی ئەودایە و ڕۆژگارەكان یەك لە دوای یەك بەوپەڕی ئاسانی لە دەستی خوای گەورەدا ئاڵ و گۆڕیان پێ دەكرێت.

جا كاتێ كە ئێمە باسی هەموو ئەمانە دەكەین، ئایا نەفیی "ویستی مرۆڤ"یان تێدا كراوە؟ نەخێر. بەڵام ئێستا لەو بابەتە نادوێین، چونكە لێرەدا ئەو ئایەتانە دەهێنین كە پەیوەندی‌یان بە "ویستی خوای گەورە"وە هەیە.

جگە لەمانەی پێشوو، ئایەتێكی تر لەم بارەیەوە هەیە:

ز - ﴿إِنْ يَشَأْ يُذْهِبْكُمْ أَيُّهَا النَّاسُ وَيَأْتِ بِآخَرِينَ وَكَانَ اللهُ عَلَى ذَلِكَ قَدِيراً﴾(النساء:١٣٣).

بەڵێ، خوای گەورە دەتوانێت ئێوە لەناو بەرێت و لە بریی ئێوە كەسانی تر بهێنێت. هەروەك هاوەڵەكانی لابرد و ئەمەویەكان و پاش ئەوان عەبباسی‌یەكان و پاش ئەوانیش سەلجووقی‌یەكان و پاشان عوسمانی‌یەكانی هێنا، ئنجا ئەوانیشی لابرد و، ئێستا ئەمانەتە گەورە و میراتە موقەددەسەكە چاوەڕوانی دەستپاكانی نوێیە تاكو هەڵی بگرن. ئایا دەبێ ئەوانە كێ بن كە دەستی باڵایان لەم بوارەدا هەیە؟ ئایا بەشی "زیرەكی" و "ژیری" لەم مەیدانەدا چەندەیە؟ چەند كەس لەوانە هەوڵیان داوە بێ ئەوەی شكست بهێنن و ڕەنجەڕۆ بن؟

جا ئەو یاسا خواییەی كە هەرگیز ئاڵوگۆڕی بەسەردا نایەت، بریتی‌یە لە: مەودای پارێزگاری كردنی ئەو كەسانە بۆ هەل و مەرجە ئاسایی‌یەكان، كە بریتین لە هۆكارەكان و، ویستی خواوەند دایناون. چونكە چاودێری و پارێزگاری كردنی ئەو هەل و مەرجانە گەلێ گرنگن بۆ "مانەوە" و "هەڵگرتن"ی ئەركی ئایین و داكۆكی لێكردنی.

دەتوانین لەم ڕووەوە گەلێ نموونەی مێژوویی بۆ بەرزبوونەوە و شکستی نەتەوەکان بهێنینەوە، بەڵام نامانەوێت باسیان بکەین، تاکو سنووری مەسەلەکەی خۆمان نەشکێنین.

بەڵێ، گرنگترین کێشە لە ڕووی زەوی‌دا بریتی‌یە لە "پارێزگاری کردنی ئایین" چونکە هەر تەنها ئایینە کە ئامانج و ئەنجامی ژیانی ڕوون کردووەتەوە و هەر ئەویشە کە باشترین بناغە و دادگەرترین تەرازووی بۆ پەیوەندی‌یەکانی نێوان خەڵکی داناوە[١]. جا پارێزگاری کردنی ئەم پەیوەندی‌یانە، نەك هەر تەنها ژیان و بوونی خەڵکی، بەڵکو باشترین و تەواوترین جۆری ژیانیشیان بۆ دەستەبەر دەکات.

بەڵام هاندانی خەڵکی بۆ سڕینەوەی ماهیەتی ڕاستەقینە و سروشتی خۆیان و، دوورخستنەوەیان لە کەسایەتیی زاتی‌یان و، تواندنەوەیان لە قاڵبی چەند سیستەمێکی بیانی و چەند ڕۆشنبیری‌یەکی نامۆدا سەبارەت بەوان، ئەم کارە لە هەموو وزەیەکی زاتیی خۆیان دایاندەماڵێت و دەیانخاتە سواڵکردن لە بەردەرگای کەسانی تردا! لە کاتێك‌دا کە دەزانین سەرچاوەی هەموو ڕەوشتێکی جوان و کردار و ڕەفتارێکی باش و چاك تەنها هەر ئایینە. خۆ هەرچەند مرۆڤ لە ئایین دوور بکەوێتەوە، هەمیشە لە ناخی خۆی‌دا هەست بەو بۆشایی‌یە دەکات کە نەمانی ئایین دروستی کردووە. هەر نەتەوەیەکیش لە ئایین دوور بکەوێتەوە و پشتی تێ بکات بینای ماددی و مەعنەویی لە بن هەڵدەوەشێت و سەرەوژێر دەبێت.

دەوڵەتە کافرەکان لەوانەیە ببن بە خاوەنی ئابووریی بەهێز. بەڵام هیچ نەتەوەیەکی خاوەن ئایین، کە پشتی لە ئایینەکەی هەڵ کردبێت، هەرگیز ناتوانێت بە بێ ئایین ئەو چەشنە ئابووری‌یە بەهێزە بەدەست بهێنێت. چونکە چاودێریی بەشێکی ئەو هۆکارانەیان نەکردووە کە "ویستی خوای گەورە" وەك مەرجێکی سەرەکی بۆ ژیانی ئەوانی داناوە. ئەم ئایەتەی خوارەوە ئەم خاڵە ڕوون دەکاتەوە:

ح - ﴿يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمنوا مَنْ يَرتَدَّ مِنكُم عَن دِينِه فَسَوفَ يَأتِي اللهُ بقَومٍ يُحِبُّهُم وَيُحِبُّونَهُ أَذلَّةٍ عَلَى الْمُؤمِنِينَ أَعِزَّةٍ عَلى الكَافِرِينَ يُجَاهِدُونَ فِي سَبِيلِ اللهِ وَلَا يَخَافُونَ لومَةَ لائِمٍ ذلِكَ فَضْلُ اللهِ يُؤتِيهِ مَن يشَاءُ واللهُ واسِعٌ عَلِيم﴾(المائدة:٥٤).

وشەی: "إرتَدَّ، يرتَدَّ" واتای گەڕانەوە بەرەو دواوە دەگەیەنێت، واتە گەڕانەوە و پاشگەزبوونەوە لە ئایین. قورئانی پیرۆز، کە بەم وشەیە لەگەڵ هەموو ئیماندارێك

---

(١) ئاشکرایە کە مەبەست بە "ئایین" لێرەدا ئایینی ئیسلامە، کە تاکە ئایینە ئەو تایبەتکاری‌یەی تێدایە نووسەر باسی دەکات. (وەرگێڕ)

دەدوێت، هەموو واتاکانی ئەم وشەیەی مەبەستە. وەك: هەڵگەڕانەوە لە بیروباوەڕ.. لە کردەوە.. لە تەسەوور.. لە بیرکردنەوە. هەروەك چەندەها واتای زۆری تریشی لەخۆ گرتووە.

هەر کەسێك - یان هەر کۆمەڵێك - کە لە ژیانی ئایینیدا گەیشتبێتە ئاستێکی تایبەتی و بوو بێت بە بەشێك لە بانگەوازی خەڵکی بۆ لای خوای گەورە، کاتێ خۆی لە بەردەم ئەم ئایەتە پیرۆزەدا دەبینێتەوە هەست دەکات ئایەتەکە هەڕەشەی لێ دەکات کە نەگەڕێتەوە بۆ حاڵەتی پێش ئیمانەکەی. چونکە ئەو قۆناغانەی کە ئەو کەسە - یان ئەو کۆمەڵە - بڕیویانە تەنها لوتفێکی خوای گەورەیە و، ئەگەر چ تاك و چ کۆمەڵ جڵەوی بەردەوامبوونیان لەسەر کارەکەیان شل بکەن و نەتوانن پارێزگاریی خۆیان بکەن و، پاشە و پاش بەرە و دواوە بگەڕێنەوە، ئەوا خوای گەورە ئەم بانگەوازەیان لێ دەسێنێتەوە و بە "کەس"ێك یان "کۆمەڵ"ێکی تری دەسپێرێت!

هەروەها گەر "دەوڵەت"ێك ئایینی کردبێت بە گیانی "ژیان" و، ئەم فەرمانەی جێبەجێ کردبێت، ئەوا ڕووی گوفتاری ئەم ئایەتە سەرجەمی نەتەوەکە دەگرێتەوە و هەڕەشەکەش ڕووی لە هەموویانە. چونکە هەر نەتەوەیەك خواوەند عیززەت و سەربەرزیی لەبەر ئەوە پێ بەخشیبێت کە ئایینیان کردبێت بە مایەی ژیانیان، گەر ئەو نەتەوەیە دەست لەم ئایینە هەڵبگرن کە خوای گەورە بەهۆیەوە سەری بەرز کردوونەتەوە، ئەوا بێ گومان سەرنخوون دەبن و خوای گەورە لە بریی ئەوان "سەربەرزی" بە نەتەوەیەکی تر دەدات.

لە وشەی ﴿قَوْمٍ﴾دا "تەنوینی تەنکیر" ڕەچاو دەکرێت! واتە هەر قەومێك بێت، کە لەوانەیە خەڵکی نەیانناسن و بە خەیاڵیاندا نەیەت و نەزانن کەی و بە چ بارودۆخێك دێن و پەیدا دەبن، بەڵام وەسفەکانیان دیارە. کەواتە هەموو قەومێك پێشبڕکێ دەکەن و هەوڵ دەدەن ئەو قەومە بن کە خوای گەورە ستایشی کردوون. جا هەروەك هیچ قەومێك ناتوانێت لافی ئەوە لێ بدات کە بڵێت: مەبەستی ئایەتەکە ئێمەیە، هیچ کامیشیان لەوە نائومێد نابێت کە ئەو وەسفانە لە خۆیدا بهێنێتەدی.

وەسفەکانی ئەو قەومە ئەمانەی خوارەوەن:

سیفەتی یەکەم: ﴿يُحِبُّهُمْ﴾ واتە: "خوای گەورە خۆشی دەوێن". چونکە خواوەند دڵی خەڵکی وا لێ دەکات کە گومانی باشیان بەوان هەبێت. حەزرەتی ئەبوو هورەیرە - خوای لێ ڕازی بێت - لە پێغەمبەرەوە ﷺ دەگێڕێتەوە کە فەرموویەتی: "گەر خوای گەورە بەندەیەکی خۆش ویست بانگ لە جوبریل دەکات: خوای گەورە فلان بەندەی

خۆش دەوێت تۆیش خۆشت بوێت. ئیتر جوبریلیش خۆشی دەوێت و ئنجا بانگ لە ئەهلی ئاسمان دەکات و دەڵێت: خوای گەورە فلانە کەسی خۆش دەوێت دەسا ئێوەش خۆشتان بوێت، بەم جۆرە ئەوانیش خۆشیان دەوێت و، ئنجا لەسەر زەوی‌شدا قبووڵی لە دڵی خەڵکی‌دا بۆ دادەنرێت"[1]. ئەو کاتە هەموو خەڵکی سەیری چاوی ئەوان دەکەن و قسەکانیشیان لە دڵی ئەواندا کاریگەریی دەبێت و، تەنانەت هەر پێشنیارێك ئەوان بیکەن لای خەڵکی بە ئەمر و فەرمان وەردەگیرێت و، گەر هەر فەرمانێکیش دەربکەن یەکسەر جێ‌بەجێ دەکرێت و لە دڵ و ویژدانی خەڵکەکەدا جێگیر دەبێت.

سیفەتی دووهەم: ﴿يُحِبُّونَهُ﴾ واتە: "خوای گەورەیان خۆش دەوێت". بێ گومان نیشانەی ئەوەی کە خوا خۆشی دەون. بریتی‌یە لەوەی کە ئەمان خوای گەورەیان خۆش دەوێت. چونکە هەر کەسێك بە هەر ئەندازە و ڕێژەیەك خوای گەورەی خۆش بوێت ئەوا بە هەمان ڕێژە لای خوای گەورە خۆشەویست دەبێت.

سیفەتی سێ‌هەم: ﴿أَذِلَّةٍ على المؤمنين﴾. واتە: سەرجەمی ئیمانداران لە خۆیان بە باشتر دەزانن و دوودڵ نین لەوەدا کە سەریان بخەنە ژێر پێی ئیمانداران. خۆ هەتا بەم جۆرە لە پێناوی خوادا تەوازوع و نەوازش و خۆنەویستی بنوێنن، خوای گەورەش پتر سەربەرزی‌یان پێ‌دەبەخشێت.

سیفەتی چوارەم: ﴿أَعِزَّةٍ على الكافرين﴾. واتە: سەبارەت بە کافرانەوە سەریان بڵندە و لە بەردەمیاندا ملیان بۆ نەوی ناکەن. بەڵکو لە جیهادی بەردەوامدا دەبن لەگەڵیاندا. هەتا چەندە بۆ ئیمانداران تەوازوع بنوێنن، هەر بەو ئەندازەیەش بەسەر کافراندا سەریان بڵندە.

سیفەتی پێنجەم: ﴿يُجَاهِدُونَ فِي سبيلِ الله﴾. واتە: لە هەموو شوێن و جێگایەکدا و بەپێی بارودۆخی ئەو شوێن و جێگایانە، بە بەردەوامی هەر لە جیهاددا دەبن. چونکە ئەم ڕستەیە "جوملەی فیعلی"یە بەردەوامی و تازەبوونەوە دەگەیەنێت. واتە هەمیشە بە فیراسەت و بەصیرەت هەنگاو دەنێن و ڕەفتار دەکەن.

سیفەتی شەشەم: ﴿وَلا يَخافُونَ لَوْمَةَ لائم﴾. واتە: جگە لە خوای گەورە ترسیان لە هیچ کەسێکی تر نی‌یە و حساب بۆ قسەی کەسانی تر ناکەن و گوێی پێ نادەن، چونکە تەنها بیر لە "ڕەزامەندیی خوای گەورە" دەکەنەوە.

بەڵێ، ئەم سیفەتانەن کە لەو کۆمەڵە میسالی‌یەدا دێنەدی. جا هەر کۆمەڵێك ئەم سیفەتانەیان تێدا بەرجەستە بوو، ئەوا خوای گەورە ئەمانەتە موقەددەسەکەیان

---

(١) البخاري: بدء الخلق ٦. مسلم: البر ١٥٦.

دەخاتە ئەستۆ. ئەمەش یاسایەکی خواییە و هەرگیزاوهەرگیز ئاڵوگۆڕی تێدا نەبووە و نابێت. گەر ئەم سیفەتانە لە عەرەبدا بێنەدی ئەمانەتەکە دەگرنە ئەستۆ.. گەر لە تورکدا بێنەدی ئەو ئەمانەتەیان پێ دەبەخشرێت.. بە هەمان جۆر کورد و.. بۆشناق و.. ئەلبان.. هەر قەومێك ئەم سیفەتانەیان تێدا بێت ئەوا شایستەی هەڵگرتنی ئەمانەتەکە دەبن.

ئایەتێکی تر هەیە کە چەندین بناغە و دەستووری گشتی و هەمەلایەنەی لەخۆ گرتووە کە ئەمەی خوارەوەیە:

ط - ﴿**قُلِ اللَّهُمَّ مَالِكَ الْمُلْكِ تُؤْتِي الْمُلْكَ مَن تَشَاءُ وَتَنزِعُ الْمُلْكَ مِمَّن تَشَاءُ وَتُعِزُّ مَن تَشَاءُ وَتُذِلُّ مَن تَشَاءُ بِيَدِكَ الْخَيْرُ إِنَّكَ عَلَى كُلِّ شَيْءٍ قَدِيرٌ**﴾(آل عمران:٢٦).

بەڵێ، هەر نەتەوەیەك خاوەنی نوێنەرێك نەبێت کە نوێنەرایەتیی بکات ئەوا ئەو نەتەوەیە پارچەپارچەبوون و شپرزەیی چارەنووسیەتی. ئەگەر پادشایانیش دڵیان بە خواوەند و خاوەنی ڕاستەقینەی خۆیانەوە نەبەستن، ئەوا نەتەوەکانیان ماوەیەکی کەم دەمێننەوە و لەسەر پێ ڕادەوەستن.

وەك بڵێی لێرەدا - لە لایەکەوە - زەلیلیەك دەبینرێت بەهۆی ئەوەی "ویست" پێشچاو نەخراوە و، لە لایەکی تریشەوە وەك ئەوە وایە کە بڵێت: "مانەوە" تەنها بەهۆی "ویست"ەوە بەدەست دەهێنرێت. کەواتە ئەو ویستەی کە دەردەکەوێت و پێشچاو دەخرێت دەبێ بە نیشانە لەسەر فەرمانڕەوایەتیمان و، پارێزگاری کردنیشمان لەو فەرمانڕەوایەتییە تەنها بەوە دەبێت کە لە هەموو کردارێکدا هانا و پەنا بۆ لای خوای گەورە بەرین.

بەم جۆرە دەردەکەوێت کە دۆزینەوەی ئەم "هاوسەنگی"یە پابەندە بە پەیبردنی تەواوەتی بە: "قەدەر" و "ویستی جوزئی" و "ویستی خوایی" بە تایبەتی کە ناوی "بوعدی سێهەمی قەدەر"مان لێ نا.

لەم ئایەتە پیرۆزانەوە کە باس کران، لەوە تێ گەیشتین و بۆمان دەرکەوت کە: "ویستی خوایی" دەوراندەوری هەموو شتێکی گەورە و بچووکی ژیانی داوە، کەواتە ویستی خواوەند هەموو شتێکی گرتووەتەوە، تەنانەت "عەدەم"یش بریتییە لە دەرەوشانەوە و دەرکەوتنی ویستی خواوەند لەو ڕووەدا، چونکە خوای گەورە: ﴿**فَعَّالٌ لِمَا يُرِيدُ**﴾ە (البروج :١٦).

لەبەر ئەوە، هەرگیز ناگونجێ هیچ شتێك بە بێ "ویست"ی خوای گەورە پەیدا ببێت.

دەبێ ئەوەش بزانین کە "ویستی خوایی" هەندێ جار لە شێوەی سۆز و میهرەبانی‌دا و هەندێ جاری تریش لە شێوەی ئازار و سزادا دەردەکەوێت، هەریەکەیان لە شوێنی خۆی‌دا. ئەم ئایەتە پیرۆزانەی خوارەوە ئەممەمان بۆ ڕوون دەکەنەوە:

ی - ﴿ربُّكم أعْلَمُ بكُم إنْ يَشأْ يَرْحَمْكُم أو إنْ يَشأْ يُعَذِّبْكُم وَمَا أرسَلنَاكَ عَلَيهِم وَكِيلاً﴾(الاسراء:٥٤).

﴿وَلَقَدْ خَلَقنَا الإنسَانَ وَنَعلَمُ مَا تُوَسْوِسُ بِهِ نَفسُهُ وَنَحْنُ أقْرَبُ إلَيهِ مِن حَبلِ الوَرِيدِ﴾(ق:١٦).

﴿لله مَا فِي السَّموات ومَا فِي الأرضِ وإنْ تُبْدُوا مَا فِي أنْفُسِكُم أو تُخفُوهُ يُحَاسِبْكُم بِهِ الله فَيَغْفِرُ لِمَنْ يشَاءُ وَيُعَذِّبُ مَنْ يَشَاءُ وَالله عَلَى كُلِّ شَيءٍ قَدِيرٌ﴾(البقرة:٢٨٤).

بەڵێ "ویستی خوایی" هەمیشە سروودی سەر زاری پێغەمبەران بووە، دروودیان لەسەر بێت. قورئانی پیرۆز شایەتە لەسەر ئەمە:

ك - ﴿قُلْ لا أمْلِكُ لِنَفسِي نَفعاً وَلاضَرّاً إلاّ مَا شَاءَ اللهُ وَلَو كُنتُ أعلَمُ الغَيبَ لاستَكثَرتُ مِنَ الخَيرِ وَمَا مَسَّنِي السُوءُ إنْ أنَا إلاّ نَذيرٌ وبَشيرٌ لِقَومٍ يُؤْمِنُونَ﴾(الاعراف:١٨٨).

بەو واتایەی کە: "ویستی خوایی" بناغەی هەموو شتێکە، تەنانەت خۆیشم خاوەنی سوود و زیانی خۆم نیم چ جای هی خەڵکی، مەگەر خوای گەورە خۆی ویستی لەسەری بێت.

پێغەمبەری خۆشەویست ﷺ بە تەواوەتی و یەکجارەکی خۆی تەسلیمی "ویستی خوایی" کردبوو، بە ڕادەیەك کە فەرموویەتی: (لە یەکتر نزیك ببنەوە و لەگەڵ یەکدا ڕاست بن، ئەوەش بزانن کە هیچ کەس لە ئێوە کردەوەکەی ڕزگاری ناکات) هاوەڵەکان عەرزیان کرد: تۆیش ئەی پێغەمبەری خوا؟ فەرمووی: (منیش، مەگەر خوای گەورە سۆز و فەزڵی خۆیم فریا بخات)[1]!

ئا ئەمەیە تەرازووی پێغەمبەری خۆشەویست ﷺ لە بەردەم "ویستی خوایی"دا و، ئا بەم جۆرەش تێمان دەگەیەنێت و فێرمان دەکات. کەواتە دەبێ هەموو کەسێك خۆی و کردەوەکانی بەم تەرازووە هەڵبسەنگێنێت. بەڵێ، گەر پێغەمبەر ﷺ لە بەردەم "ویستی خوایی"دا بەم جۆرە بێت، دەبێ کەسانی تر چۆن بن؟

(١) رواه مسلم: صفات المنافقين ٧٦.

ئەو كەسانەی كە هەردەم دەڵێن: كردەوەی چاكی زۆرمان ئەنجامداوە، جا ئەگەر ئێمە نەچینە بەهەشت ئایا كێی تێدەچێت؟.. ئەو كەسانەی كە ئەمە و گوفتارەكانی تری وەك ئەمە لە زاریان دەردەچێت، كە جۆرە گوفتارێكە لەخۆباییبوون و خۆ بە گەورە گرتنیان پێوە دیارە.. ئامۆژگارییان دەكەین كە هەردەم فەرموودە پیرۆزەكەی پێشوو لەگەڵ ڕەفتارەكەی پێغەمبەر ﷺ لە بەردەم "ویستی خوایی"دا، بكەن بە نموونە و پێشڕەوی خۆیان. واتە: ملكەچبوون بۆ ویستی خوای گەورە مرۆڤ لە "كیبر" و "غروور" ڕزگار دەكات. كەواتە ئیماندار ناچارە كە "ویستی خوایی" بكات بە بناغەی هەموو كارێكی، چونكە هەر ئەو ویستەیە كە دەوراندەوری ڕووی ئاشكرا و پەنهانی هەموو شتێكی داوە و، هیچ شتێك نییە كە لە دەرەوەی ئەو ویستەوە بێت. بێ گومان پەیبردن بە "ویستی خوایی" بەپێی ئەو تەرازووانەی كە پێویستن، لە ڕاستیدا پێویستیی بە ئاستێكی دیاریكراوی زانیاری دەبێت و، گەر كەسێك نەگەیشتبێتە ئەم ئاستە گەلێ دژوارە بە تەواوەتی لە "ویستی خوایی" تێ بگات، بەڵكو هەر مەحاڵە بتوانێت پەیی پێ ببات. چونكە ئایا هەر ئەم مەسەلەیە یەكێك نەبوو لەو مەسەلانەی كە ئەو كۆمەڵانەی پێغەمبەرانیان - علیهم السلام - بۆ ڕەوانە كرا نەیانتوانی بە تەواوەتی لێی تێ بگەن و، لە ئەنجامدا بەرەنگاری پێغەمبەرەكانیان بوونەوە؟!

قورئانی پیرۆز لە سەدان ئایەتیدا ڕووە جۆراوجۆرەكانی "ویستی خوایی" ڕوون دەكاتەوە و لە بەسەرهاتی پێغەمبەران - علیهم السلام - و نەتەوەكانیاندا گەلێ نموونەی لەسەر دەهێنێتەوە. مەسەلەی "ویستی خوایی" لە قورئانی پیرۆزدا لە زۆر ڕووی وەك: ڕووی بیروباوەڕ و، ڕووی تەسەوور و، ڕووی كردەوە و، چەندین ڕووی ترەوە باس كراوە.

حەزرەتی نووح - دروودی لەسەر بێت - نموونەیەكی ئاشكرای ئەم مەسەلەیەیە. چونكە قورئانی پیرۆز باسی ئەوانە دەكات كە بەرەنگاری حەزرەتی نووح بوونەتەوە و گاڵتەیان بە هەڕەشەكانی كردووە، ئەوەتا قسەكانی ئەوان دەهێنێت و دەفەرموێ:

ل - ﴿قَالُوا يَا نُوحُ قَدْ جَادَلْتَنَا فَأَكْثَرْتَ جِدَالَنَا فَأْتِنَا بِمَا تَعِدُنَا إِنْ كُنتَ مِنَ الصَّادِقِينَ﴾(هود:٣٢).

حەزرەتی نووحیش بەمەی خوارەوە وەڵامی دانەوە:

﴿قَالَ إِنَّمَا يَأْتِيكُم بِهِ اللهُ إِنْ شَاءَ وَمَا أَنْتُمْ بِمُعْجِزِينَ ۞ وَلَا يَنفَعُكُم نُصْحِي إِنْ أَرَدْتُ أَنْ أَنصَحَ لَكُم إِنْ كَانَ اللهُ يُرِيدُ أَنْ يُغْوِيَكُم هُوَ رَبُّكُم وَإِلَيْهِ تُرْجَعُونَ﴾(هود:٣٣-٣٤).

بەم جۆرە، حەزرەتی نووح - دروودی لەسەر بێت - لەم وەڵامەیدا ئاماژە بۆ ئەو ڕاستییە دەکات کە: "ویستی خوای گەورە" لە سەرووی هەموو شتێکەوەیە. وەك بیەوێت پێیان بفەرموێ: من ئەو کەسە نیم کە ئەو سزایەتان بە سەردا دەبارێنێت. خۆ ئەگەر من بتوانیایە سزای کەسێك بدەم ئەوا هیچ کەسێك پرکێشیی نەدەکرد ڕەخنەم لێ بگرێت و لە قسەم دەربچێت و، لە هەمان کاتدا نهێنیی "تاقیکردنەوە"ش دەدرا بە بادا. بەڵام ئێوە بەهۆی خستنەکاری ئەو "ویستە جوزئی"یەی کە پێتان دراوە، یان تەسلیمی ئەو ویستەی خواوەند دەبن، یان پشتی لێ هەڵدەکەن. خۆ ئەگەر خوای گەورە بیەوێت بەهۆی نهێنیی "تاقیکردنەوە"وە لە ڕێتان بترازێنێت ئەوا گوفتار و ئامۆژگاریی من - تەنانەت ئەگەر گەوهەری بەنرخیش بن - (کە هەر وەهایشە؛ گوفتاری پێغەمبەران - دروودیان لەسەر بێت - گەلێ لە گەوهەر بەنرخترن) هیچ سوودێکتان پێ ناگەیەنێت، چونکە ویستی خواوەند لە سەرووی هەموو تەقدیر و تەکلیفێکەوەیە. هەر ئەو پەروەردگارتانە و ویستی لەسەر هەر شتێك و بە هەر چۆنێتییەك بێت، ئەو شتە بەو چۆنێتییە دەبێت. هەروەك دەگەڕێنەوە لای خۆی، با خۆشتان نەتانەوێت بگەڕێنەوە لای. من تەنها ئەوەندەم بەدەستە کە بانگ و ئامۆژگاری و ڕێنماییتان بکەم. کەواتە من و ئێوە لە بەردەم "ویستی خوای گەورە"دا یەکسانین.

ئەم ئایەتە پیرۆزە و ئایەتەکانی تری هاوچەشنی، گەلێ هەڵوێستی جۆراوجۆری پێغەمبەرانمان - علیهم السلام - لە بەردەم "ویستی خوایی"دا پیشان دەدەن. ئەوەتا حەزرەتی ئیبراهیمیش - دروودی لەسەر بێت - لە دەمی بانگکردنی قەومەکەیدا بۆ "تەوحید" دەچێت "ویستی خوایی"یان تێدەگەیەنێت!

م - ﴿وَحَاجَّهُ قَوْمُهُ قَالَ أَتُحَاجُّونِّي فِي اللهِ وَقَدْ هَدَانِ وَلاَ أَخَافُ مَا تُشْرِكُونَ بِهِ إِلاَّ أَن يَشَاءَ رَبِّي شَيْئاً وَسِعَ رَبِّي كُلَّ شَيْءٍ عِلْماً أَفَلاَ تَتَذَكَّرُونَ﴾(الأنعام: ٨٠).

حەزرەتی ئیبراهیم پێیان دەفەرموێ: من ناترسم لەو شیرك و هاوبەشەی کە ئێوە بۆ خوای دادەنێن، بەڵام لەو شتانە دەترسم کە خوای گەورە ویستی لەسەریان دەبێت. واتە لەوە دەترسم خوای گەورە فەرمانێکم لەسەر دەربکات، دەنا گەر هەموو بوونەوەران بەسەر تەوقی سەری مندا بتەقێنەوە، ئەوا هەرگیز ترس و بیم ناخەنە ناو دڵمەوە، چونکە لەو یەقین و دڵنیاییەدام کە هیچ شتێك زیانم پێ ناگەیەنێت، گەر خوای گەورە ویستی لەسەر زیانم نەبێت.

ئەم وانەیەی تەوحید کە حەزرەتی ئیبراهیم - درودی لەسەر بێت - هێناویەتیەوە، بە ڕوونی جەخت لەسەر "ویستی خوایی" دەکات.

ن - ﴿يَا أَبَتِ افْعَلْ مَا تُؤْمَرُ﴾(الصافات:١٠٢).

ئەمە وەڵامی حەزرەتی ئیسماعیلە - درودی لەسەر بێت - بۆ پێشنیارەکەی باوکی و یەکسەر دوای ئەوەش فەرموویەتی: ﴿سَتَجِدُنِي إِنْ شَاءَ اللَّهُ مِنَ الصَّابِرِينَ﴾(الصافات:١٠٢) کە بەمەش ئاماژەی بۆ "ویستی خوایی" کردووە. واتە ئارامگرتنی خۆی دەبەستێتەوە بە "ویستی خوای گەورە"وە.

کاتێ لە گەشتە دوو قۆڵی‌یەکەدا حەزرەتی خضر بە حەزرەتی مووسای فەرموو: ﴿إِنَّكَ لَنْ تَسْتَطِيعَ مَعِيَ صَبْراً﴾(الكهف:٦٧) حەزرەتی مووسا - درودی لەسەر بێت - لە وەڵامدا فەرمووی: ﴿ستجدُني إن شاءَ اللهُ صَابراً ولا أعصي لك أمراً﴾(الكهف:٦٩).

ئا لێرەدا مەودای لەیەکچوونی هەڵوێست و گوفتاری پێغەمبەرانمان - درودیان لەسەر بێت - بۆ دەردەکەوێت. ئەوەتا هەموویان لە هەمان هەست و پەی‌بردن و تێگەیشتنەوە دەدوێن و هەمان فەرمایشت دووپات دەکەنەوە، چونکە هەموویان وەکو یەك تەسلیمی "ویستی خوایی" بوون.

س - حەزرەتی یووسف - درودی لەسەر بێت - کاتێ دایك و باوکی دەعوەت کرد بۆ میسر، پێی وتن: ﴿أدخُلوا مصرَ إنْ شاءَ اللهُ آمِنِينَ﴾(یوسف:٩٩). دەبینیت ئا لەم کاتەش‌دا "ویستی خوایی" لە یاد ناکات.

گەر سەیری هەرکام لە پێغەمبەران - علیهم السلام - بکەین، بە ڕوونی "ویستی خوایی" لە زنجیرەی بیروباوەڕەکەیاندا دەبینین. چونکە خواوەند هەموویانی وەك یەك فێری ئەو شتانە کردووە کە پێی ڕاگەیاندوون.

بەڵێ، ویستی خوای گەورە هەموو شتێکە و بناغەی ویستی مرۆڤیشە. ڕەت کردنەوەشی - پەنا بەخوا - شیرك و هاوبەشی‌یە سەبارەت بە پەروەردگاریتی‌یەکەی. واتە ئەوە دەگەیەنێت کە خواوەند خۆی هەندێ لە کاربەڕێ‌کردنەکانی بە غەیری خۆی بسپێرێت.

* * *

دووهەم: "ویستی خوایی" لە فەرموودە پیرۆزەکاندا.

أ - ئیمامی ئەحمەدی کوڕی حەنبەل لە توفەیلی کوڕی سەخبەرەوە - کە برای دایکیی حەزرەتی عائیشەیە - دەگێڕێتەوە کە: لە خەونی‌دا بە لای کۆمەڵە کەسێکی جوولەکەدا تێپەڕی کردووە و لێی پرسیون ئێوە کێن؟ وتوویانە: ئێمە جوولەکەین.

ئەمیش وتوویەتی: بە ڕاستی ئێوە کۆمەڵێکی باشن گەر پێتان وا نەبوایە کە عوزەیر کوڕی خوایە. جوولەکەکانیش وتوویانە: ئێوەش کۆمەڵێکی باشن گەر لە قسەکانتاندا نەڵێن: "گەر خوا و محمد ویستیان لە سەری بێت". پاشان بە لای کۆمەڵە کەسێکی گاوردا تێپەڕی و لێی پرسین: ئێوە کێن؟ وتیان: ئێمە گاورین. ئەمیش پێی‌وتن: ئێوە کۆمەڵێکی باشن گەر نەتان‌وتایە: مەسیح کوڕی خوایە. ئەوانیش پێیان وت: ئێوەش کۆمەڵێکی باشن گەر لە گفت‌وگۆکانتاندا نەڵێن: "گەر خوا و محمد ویستیان لە سەری بێت". پاشان کە ڕۆژی لێ بووەوە ئەم خەونەی بۆ هەندێ کەس گێڕایەوە و، ئنجا ڕۆشتە خزمەتی پێغەمبەر ﷺ و بۆ ئەویشی گێڕایەوە. پێغەمبەر ﷺ فەرمووی: "ئەم خەونەت بۆ کەس گێڕاوەتەوە؟" وتی: بەڵێ. ئنجا کاتێ کە موسڵمانان نوێژیان لە خزمەت پێغەمبەردا ﷺ کرد، پێغەمبەر ﷺ وتاری بۆ دان و دوای حەمد و سەنای خوای گەورە فەرمووی: (توفەیل خەونێکی دیوە و بۆ هەندێ کەسی ئێوەشی گێڕاوەتەوە. ئێوە وشەیەکتان دەوت و لە قسەکانتاندا بەکارتان دەهێنا کە من لەبەر شەرم و حەیا نەهیم نەدەکردن لێی، بەڵام وا ئێستا پێتان دەڵێم: مەڵێن: گەر خوا و محمد ویستیان لەسەری بێت)[1].

لەم فەرموودە پیرۆزەوە تێ‌دەگەین لەوەی کە ویستی خوای گەورە بناغەی هەموو شتێکە و جگە لە خوای گەورە کەسی تر دەستی لەو ویستەدا نی‌یە. تەنانەت گەر بە "قەصد"ەوە وا بزانرێت کە جگە لە خوای گەورە کەسی تر دەستی تێدا هەیە، ئەوا بە کوفر و شیرك دادەنرێت.

ب – نموونەیەکی تر سەبارەت بەم بابەتە دەهێنینەوە:

حەزرەتی عبداللّٰهی کوری عەبباس – خوایان لێ ڕازی بێت – دەگێڕێتەوە کە پیاوێك عەرزی پێغەمبەری ﷺ کرد: گەر خوای گەورە و تۆ ویستتان لەسەری بێت. پێغەمبەر ﷺ پێی فەرموو: (منت کرد بە هاوتای خوا؟ بڵێ: گەر تەنها خوا بیەوێت)[2].

کەواتە پێغەمبەر ﷺ سەبارەت بە هەڵس‌وکەوت و کاروبارەکانی خواوەندەوە تەوحیدێکی ڕوون و ئاشکرای پێ‌یە بە چەشنێك کە بوار بە هەڵەی هیچ کەسێك نادات – با هەر نییەتێکیشی هەبێت – بەڵکو هەڵەکەی بۆ ڕاست دەکاتەوە و نایەڵێت کەسی تر هاوبەش بکات لە کاروباری خوای گەورەدا.

---

(١) موسنەدی ئیمامی ئەحمەد: ٥/٧٢.

(٢) موسنەدی ئیمامی ئەحمەد: ١/٢١٤

ج – حەزرەتی ئەنەس دەفەرموێ: پێغەمبەر ﷺ زۆر جار دەیفەرموو: (یـــا مُقَلِّــبَ القُلُوب ثَبِّتْ قَلْبِي على دِينِكَ). عەرزم کرد: ئەی پێغەمبەری خوا! ئێمە باوەڕمان بە تۆ و ئەو ئایینەش هێناوە کە تۆ بۆتهێناوین، ئایا هیچ مەترسی‌یەکت لێمان هەیە؟ فـەرمووی: (بەڵێ، دڵەکان لە نێوان دوو پەنجەی خواوەندی میهرەباندایە چۆنی بوێت ئاڵوگۆڕیـان پێ دەکات)[1].

لە ڕیوایەتەکەی نەوواسی کوڕی سەمعاندا فەرموویەتی: (هیـچ دڵێك نی‌یە کە لـە نێوان دوو پەنجەی خواوەندی میهرەباندا نەبێت، گەر بیەوێت ڕاگـیری دەکـات و گـەر بیشیەوێت لە ڕێ دەیترازێنێت)[2].

لـە ڕاستی‌دا خـوای گـەورە لـەم ئایەتـەی خـوارەوەدا دوعایـەکی وەك ئەمـەمان فـێر دەکات:

﴿رَبَّنَا لا تُزِغْ قُلُوبَنَا بَعْدَ إِذْ هَدَيْتَنَا وَهَـــبْ لَنَا مِـــن لَدُنْـــكَ رَحْـــمَةً إِنَّـــكَ أَنـــتَ الْوَهَّابُ﴾(آل عمران:٨).

بێ گومـان هـەموو دوعـا و نزاکـان "ویستی خوایی" دەچەسپێنن. چونکـە ئێمـە لـە پێشـەکی‌دا باوەڕمـان هەیـە کـە خـوا دەتوانێـت دوعاکانمـان گـیرا بکـات، هـەروەك باوەڕیشمان هەیە بەوەی کە هەر خوای گەورە خۆی دوعاکردنمان ئیلهام دەکات، گەر ویستی لەسەری بێت.

بەم جۆرە، هەموو دوعایەك واتای دانان دەگەیەنێت بـە "ویستی خـوای گـەورە"دا کە ئەویش یەکێکە لە بوعدەکانی قەدەر.

بۆیـە زۆر لەسـەر ئـەم مەسـەلەیە دوایـن، چونکـە پەیوەندی‌یـەکی بـەهێزی بـە "تەوحید"ەوە هەیە.

* * *

سێ‌هەم: مەسەلەی "ئەمری جەبری" و "ئەمری شەرعی".

وا ئێستا لە مەسـەلەیەکی تر دەدوێین کـە پـەیوەندیی بـە هـەمان بابەتـەوە هەیـە و، هەوڵ دەدەیـن پشـت بـەخوا ئـەم مەسـەلە سـەخت و ئـاڵۆزە وا ئاسـان بکـەین کـە دوور و نزیك لێی تێ‌بگەن.

ئەم ئایەتە پیرۆزەی خوارەوە، دەکرێت ببێـت بـە سـەرەتایەك بۆ ئـەم باسـەی کـە لێـی دەدوێن:

---

(١) رواه مسلم: القدر ١٧.

(٢) رواه ابن ماجة: المقدمة ١٣.

﴿أَلا لَهُ الْخَلْقُ والأَمْرُ تَبَارَكَ اللهُ رَبُّ الْعَالَمِينَ﴾(الاعراف:٥٤).

بەڵێ، هەروەك "ئەمر و خەلق" تایبەتە بە خوای گەورەوە، بە هەمان جۆر "حوکم و خەلق"یش هەر تایبەتن بە خۆیەوە.

ئەمر(فەرمان)ی خوای گەورەش دوو بەشە:

یەکەم: ئەمری تەکوینی، یاخود ئەمری جەبری، یاخود ئەمری تەقدیری.

دووەم: ئەمری دینی، یاخود ئەمری شەرعی.

هەر تەنها ئەمری جەبری‌یە کە فەرمانڕەوا و زاڵە لەناو گەردووندا و، هەرشتێك کە خوای گەورە بە ئەمرە جەبری‌یەکەی بەدیی‌دەهێنێت کەس دەستی تێدا نی‌یە و ناتوانێت خۆی تێدا هەڵبقورتێنێت و، هەموان ناچارن گوێڕایەڵ و ملکەچی ئەم فەرمانەی خواوەند بن. چونکە هەر خواوەند خۆی خاوەن موڵکە و چۆنی بوێت وەها لە موڵکی خۆی‌دا ڕەفتار دەکات. جا ئەم هەڵس‌وکەوت و ڕەفتارەی خواوەند لە موڵکەکەی‌دا ئێمە گوێڕایەڵ و ملکەچی خۆی دەکات و چ هێز و توانایەك لە ئاستی‌دا شك نابەین.

هەرچی ئەمری دینی یاخود شەرعیشە: ئەویش بە هەمان جۆر ئاراستەی ئێمە کراوە، جێ‌بەجێ کردن یان جێ‌بەجێ نەکردنی ئەم ئەمر و فەرمانانە بەندە بە "ویست"ی مرۆڤەوە، کە لەم ڕووەوە صەلاحیەتێکی نیسبیی دراوەتێ، هەرچەندەش ئەو ویستە خۆی لە خۆی‌دا خاوەنی بوونێکی زاتی نی‌یە.

جا کاتێ بەم شێوەیە لەم دوو فەرمانە تێ‌دەگەین، ئەوا ئەو کاتە لە واتا و ناوەرۆکی هەموو ئەو ئەمر و فەرمانانە دەگەین کە لە قورئانی پیرۆزدا هاتوون و بە ڕواڵەت ئیختیلافیان تێدا دەردەکەوێت.

کەواتە سەبارەت بە ئەمری "جەبری" یان "کەونی"یەوە، ویست و ئیرادەی خواوەند بە چ شێوە و چۆنێتی‌یەك پەیوەندی بە ئایەتە تەکوینی‌یەکانەوە - واتە یاسا گەردوونی‌یەکانەوە - بکات، ئەوا شتان و ڕووداوەکان بەو پێ‌یە پەیدا دەبن و دێنە وجوود.. بەڵام سەبارەت بە فەرمانی شەرعی‌یەوە، ئەوا خوای گەورە فەرمانی بە کردەوەیەك داوە کە دەیەوێت بکرێت و لێی ڕازی‌یە. کەواتە هەردوو ئەمرەکە ویست و ڕەزامەندیی خواوەندیان تێدایە.

پەرستش و کرداری مەلائیکەتان و پێغەمبەران - علیهم السلام - هەروەها ئەو کردەوە چاکانەش کە بەندە باشەکانی خواوەند ئەنجامیان دەدەن.. هەموو ئەمانە، بە ویستی خواوەندن و خوای گەورە لێیان ڕازی‌یە.. بەڵام هەندێ شت هەن خوای گەورە لێیان ڕازی نی‌یە، هەرچەندەش لە بناغەدا ویستی خوایان لەسەرە، وەك: کوفر و

گوناهەکان و هەموو جۆرێکی کردەوە خراپەکان. ئەم ئایەتە پیرۆزانەی خوارەوە ئاماژە بۆ ئەم جۆرە شتانە دەکەن:

﴿ولا يَرضَى لِعِبَادِهِ الكُفرَ﴾(الزمر:٧).

﴿إِنَّ اللهَ لا يحبُّ الْمُفسِدِينَ﴾(القصص:٧٧).

﴿إنَّهُ لا يُحِبُّ الْمُسرِفِينَ﴾(الأنعام:١٤١).

﴿إنَّه لا يحبُّ المعتَدين﴾(الأعراف:٥٥).

﴿إنَّ اللهَ لا يُحبُّ مَن كانَ مُختَالاً فَخُوراً﴾(النساء:٣٦).

بەڵێ، هەر تەنها خوای گەورەیە کە "خراپە" بەدیدەهێنێت، ئەمەش لەبەر ئەوەی کە "ویست"ی خۆی پەیوەندیی پێوە کردووە، بەڵام لە "خراپە" ڕازی نییە. هەموو جۆرە کردەوەیەکی خراپ بە هەمان جۆرە. جا ئەگەر لەم گۆشەیەوە بڕوانینە مەسەلەکە، ئەوا بە شێوەیەکی ڕوونتر لە هەندێ ئایەتی پیرۆزی قورئان تێدەگەین. دەسا با لەم گۆشەیەوە سەیرێکی ئەم ئایەتە پیرۆزەی خوارەوە بکەین:

﴿وإذا أَرَدْنَا أنْ نُهْلِكَ قَرْيَةً أَمَرْنَا مُتْرَفِيها فَفَسَقُوا فيها فَحَقَّ عَلَيْـهَا الْقَـوْلُ فَدَمَّرْنَاهَـا تَدْمِيراً﴾(الإسراء:١٦).

واتە گەر بمانەوێت شارێك یان شارستانێتییەك لەناوبەرین، ئەوا کەسانی هەرزە و نزمی خۆیان تەنانەت هەرە ستەمکارەکانیان بەسەردا زاڵ دەکەین، تاکو سزای سەختیان بدەن، دوای ئەوەی کە ڕۆژییەکەیان تەنانەت پارووەکەی دەمیشیان لێ زەوت دەکەن. بەڵام خۆ خەڵکی ئەو شوێنە هەر خۆیان ئەو ستەمکارانەیان کرد بە سەرگەورەی خۆیان بەوەی کە بە هەموو جۆرێکی سووکایەتی و ڕسوایی ڕازی دەبوون کە ستەمکارەکان دەیانهێنایانە ڕێیان، تا لە ئەنجامدا پێی ڕاهاتن.

بە ڕواڵەت وا دەردەکەوێت کە ئەو خەڵکە بە ویستی خۆیان ستەمکارەکانیان هەڵبژاردووە و کردوویانن بە سەرۆکی خۆیان، بەڵام ئایا لە حەقیقەتدا وایە؟

"موترەف"ەکان ئەوانەن کە لە گیان و ناوەرۆکدا نزم و بێنرخن، بەڵام جڵەوی کاروباری خەڵکیان گرتووەتە دەست و لەم ڕێیەوە "سووکی و نزمایەتی" بووە بە چارەنووسی نەتەوەکەیان و ئەوانیش دووچاری هەرزەیی بوون، چونکە جڵەوی فەرمانڕەوایی و کاروباری نەتەوەیان خستووەتە ئەستۆ. جا کاری ئەو موترەفانە بریتییە لەوەی خەڵکی بخلافێنن و لە ڕێ دەریان بکەن. خۆ هەرکات کار گەیشتە ئەم ڕادەیە ئەوا کاتی ڕووخان و تیاچوونی ئەو نەتەوەیە یان ئەو شارستانێتییە هاتووەتە پێشەوە.

ئەم فەرمانەی کە لەم ئایەتەدا باسی هاتووە وا دیارە فەرمانێکی "تەکوینی" بێت نەك "شەرعی"، چونکە هەرگیزاوهەرگیز خواوەند بە فەرمانێکی شەرعی فەرمان بە موترەفەکان نادات کە: چ کردەوەیەکی خراپ دەکەن بیکەن. ئایەتی پیرۆزی: ﴿إِنَّ اللّٰهَ لا يَأمُر بالفَحْشَاءِ﴾(الأعراف:٢٨) بەڵگەیە لەسەر ئەمە.

تەوفیقی نێوان ئەم دوو "ئەمر"ەی کە لە هەردوو ئایەتەکەدا هاتووە لەوەدایە کە ئەمری ئایەتی یەکەم ئەمرێکی تەکوینی‌یە، بەڵام هی دووهەم ئەمرێکی شەرعی‌یە. بە وێنەی ئەو ئەمرەی کە لەم ئایەتە پیرۆزەدایە:

﴿إِنَّ اللّٰهَ لا يُغَيِّرُ ما بِقَومٍ حتى يُغيِّرُوا مَا بأنفُسِهِم﴾(الرعد:١١)..

جا ئەگەر جیهانی ناوخۆی مرۆڤ فەسادی تێدا بڵاو بووەوە و، ئەستێرەکانی ئاسمانی "ڕۆح"یشی داکەوتن و، بەختەوەریی کۆمەڵایەتی و شارستانێتیی مرۆڤ بە پێچەوانەوە وەرچەرخا، ئەوا هەموو ئەو ڕووناکی‌یانە دەکوژێنەوە کە زووتر لە پێش‌چاواندا دەدرەوشانەوە.

بۆیە دەبێ زۆر بە باشی لە هەردوو ئەمرەکە تێ‌بگەین.

"جەبری‌یەکان" لەبەر ئەوەی ئەم دوو ئەمرە شەرعی و تەکوینی‌یەیان لە یەك جیا نەکردەوە، لە ڕێ ترازان و بەهەڵەدا چوون. ئەوەبوو ئەم دوانەیان تێکەڵ کرد و ئینکاریی "ویستی مرۆڤ"یان کرد.. "موعتەزیلەکان"یش ویستی مرۆڤیان کرد بە بناغەی ڕێڕەوەکەیان و وتیان: مرۆڤ خۆی بەدیهێنەری کردەوەکانیەتی، بەم جۆرە پێیان لە ڕێی ڕاست ترازا.

بەڵام ئێمە لەسەر ڕاستەشەقامێکی ڕێكدا لایەنە جوانەکانی هەردوو لامان لە لا کۆبوونەتەوە و، دەڵێین: "ویستی خوای گەورە" بناغەیە لە هەردوو فەرمانە شەرعی و تەکوینی‌یەکەدا. بەڵام لە فەرمانە شەرعی‌یەکەدا پلەیەك دراوە بە "ویستی بەندەکان" کە بریتی‌یە لەوەی: بە مەرجێکی عادی دانراوە. خۆ ئەگەر هەر شتێك "ویستی خوای گەورە" وا پەیوەندیی پێوە بکات کە نەیەتە وجوود، ئەوا هەرگیز نایەتە وجوود. بەڵام ئەو شتانەی کە خاوەنی وجوودی خارجین بەم جۆرە نین، چونکە لەو شتانەدا ویستی خوای گەورە تەنانەت پەیوەندی بە شتانی خراپ و ناشیرینیشەوە دەبەستێت، ئەوەندە هەیە خوای گەورە بەو شتانە ڕازی نی‌یە، بۆیە بەندەکان لەسەر کردەوە خراپەکانیان سزا دەدرێن.

بە هەمان جۆر "هیدایەت" و "گومڕایی"ش بەندن بە ویستی خوای گەورەوە. قورئانی پیرۆز لە زۆر ئایەتی‌دا ئەمەی ڕوون کردووەتەوە، وەك ئەم ئایەتە پیرۆزە:

﴿فَمَن يُرِدِ اللهُ أنْ يَهْدِيَهُ يَشْرَحْ صَدْرَهُ لِلإسلامِ وَمَنْ يُرِدْ أنْ يُضِلَّهُ يَجْعَلْ صَدْرَهُ ضَيِّقاً حَرَجاً كَأنَّمَا يَصَّعَّدُ في السَّماءِ كَذَلكَ يَجعَلُ اللهُ الرِّجْسَ عَلى الَّذِينَ لا يُؤمِنُونَ﴾(الأنعام:١٢٥).

سرووەی "ئیمان" بە نەرم و نیانی و سازگاری هەڵدەکات و بەر پەڕەی دڵی مرۆڤ دەکەوێت. ئەم دڵەش شیرینیی بەختەوەری دەچێژێت و ئیمانەکەشی خۆشحاڵیی یەك لە دوای یەکی پێ دەبەخشێت. خۆ هەتا "ئیمان" زیاد بکات شادمانی و خۆشحاڵییەکەشی پتر پەرە دەسێنێت، تاکو بەم ئیمانە دەگاتە چڵەپۆپەی کەماڵی مرۆڤایەتی و سەرتاپا دەبێت بە نموونەیەك بۆ چاکە و مەردایەتی. بێ گومان مرۆڤ بۆ خۆی نەگەیشتە ئەم پایە بڵندە، بەڵکو ئەو خوایە گەیاندی کە بەسەر هەموو شتێکدا بەتوانا و دەستەڵاتە. چونکە هەر ئەو خواوەندەیە کە مرۆڤی بەسەر پلیکانەی هیدایەتدا پلەپلە سەرخست تاکو گەیاندیە ترۆپك و دوا پلەکان.. کەچی زۆر کەس هەن "ژیری" و "زیرەکی"یان دراوەتێ، بەڵام بەهرەمەندی "هیدایەت" نەبوون و بە وێنەی ئاژەڵ دەژین. بەو واتایەی کە هۆکاری "هیدایەت" و "گومڕایی" پەیوەندیی بە توانا و قابیلییەت یاخود ویستی مرۆڤەوە نییە، بەڵکو هیدایەت ئاسەوارێکی پڕ لە حیکمەتی ویستی خواوەندە.

بەم ڕوونکردنەوەیە دەردەکەوێت کە ئێمە بواری دەستتێوەردانی شتان و ڕووداوەکانمان نییە. لەبەر ئەوە، دەتوانین بڵێین: ئێمە جگە لە تەنها هۆکارێك هیچ ڕۆڵێکمان لە "بەدیهێنان"دا نییە. بەڵێ ڕاستە، هیچ شتێك بە بێ ویستی خواوەند نایەتە وجوود، چونکە جگە لەو کەسی تر خاوەنی ئەو توانستە نییە کە شتانی نامومکین و نەگونجاو بکات بە مومکین و گونجاو، هەروەها بە پێچەوانەشەوە. هەر تەنها خواوەندە کە هێز و تواناکەی خۆیی(ذاتی)یە. هەر لەبەر ئەمەشە کە خوای گەورە: "ذو القوة المتين" و "القوي العزيز"ە. ئەو خواوەندەش هەروەك هێزی ئەنجامدانی کاری پێداوین، بەکارهێنانی ویستەکەشمانی بەرەو ئەو ڕووکارە دیاریکراوە پێبەخشیوین. بەڵام هەرچەندە خواوەند ویستی بە ئێمە داوە، هەر هێشتا ویست و مەشیئەت هی خۆیەتی و تایبەتە بە خۆیەوە. لە مەسەلەی هیدایەت و گومڕاییشدا بە هەمان جۆرە و هیدایەتبەخش و ڕێ لێونکەر هەر خوای گەورەیە.

هەر ئەو خواوەندەیە کە هاندەری کوشتنی پێغەمبەری ﷺ خستە دڵی عومەرەوە و بە نیازی کوشتنیەوە بەرەو لای پێغەمبەر ﷺ کەوتەڕێ، کە ڕۆشتنێك بوو بە ڕواڵەت وەك گومڕایی وایە، کەچی خستیە ناو باوەشی گەرموگوڕ و نەرمونیانی هیدایەتەوە! هەر ئەو

خواوەندەشە کە بەهۆی "عارەق"ەوە "ئەعشا"ی[١] لەسەر گومڕایی هێشتەوە. نموونەی ئەمانە هێندە زۆرن کە نەك بە سەدان بەڵکو بە هەزاران دەبن.

جا ئایا دوای ئەمە چی لە بەردەم مرۆڤدا دەمێنێتەوە، جگە لەوەی دان بەوەدا بنێت کە "هیدایەت" و "گومڕایی" بە دەستی خواوەندن؟

بەڵێ، هەردووکیان بە دەستی ئەون.

هاودەم لەگەڵ دانان بە هەموو ئەمانەدا کە باس کران، خوای گەورە "ویست"ێکی ماهییەت نەزانراوی لە ماهییەتی ئێمەدا داناوە، چونکە خوای گەورە کاری نابەجێ و بێهوودەی لێ ناوەشێتەوە. ئنجا خواوەند هەموو ئەو کردارانەی کە ئێمە چ لە ڕابوردوو چ لە ئایندەدا کردوومانن و دەیانکەین، لەسەر ئەو ویستە ماهییەت نەزانراوەی ئێمە بنیاتی ناون، جگە لەوەی کە پێشتر نەخشە و پلانی ئەم بینایەی لە "لەوحی مەحفووظ"دا کێشاوە، بەر لەوەی مرۆڤ بەدیبهێنێت.

کەواتە ئێمە تەنها ئەوەندەمان لە بەردەمدایە کە داوای "هیدایەت" لە خوای گەورە بکەین، چونکە وەك نەختێ پێش ئێستا لە باسی ئایەتەکەدا وتمان: خوای گەورە گەر بیەوێت کەسێك "هیدایەت" بدات: سنگی بۆ ئیمان دەکاتەوە و حەز و ڕەغبەتی ئەخاتە سەر ئیسلام و ڕووی جوان و درەخشانی حەقیقەتی بۆ دەردەخات، ئیتر مرۆڤیش لە لایەنی خۆیەوە هەست بە شەوق و هاندەرێك دەکات بۆ خواستنی حەقیقەت و عەودالبوونی بە دوایدا. هەر کەسێکیش خوای گەورە بیەوێت گومڕای بکات: سنگی تەنگ دەکات و ئەویش بە هیچ فەرمانێکی ئیسلام ڕازی نابێت و پشت لە یادخستنەوە و ئامۆژگاری هەڵدەکات، تا وای لێ دێت کە هەر هەنگاوێك دەنێت، لە ئیسلام دووری دەخاتەوە: ﴿كَأَنَّهُمْ حُمُرٌ مُّسْتَنفِرَةٌ ۞ فَرَّتْ مِن قَسْوَرَةٍ﴾(المدثر: ٥٠-٥١)!

هەموو ئەمانەی کە باسمان کردن تەنها مەرجێکی عادین، ئەویش بریتییە لە: "ویستی مرۆڤ".. لە: "هەست کردن بە ئەنجامدانی کارێك یان ئەنجام نەدانی". لە ڕاستیشدا ئەوەی کە ئەم مەسەلەیە ڕوون دەکاتەوە بریتییە لەوەی کە: مرۆڤ خۆی بە سەربەست دەزانێت و بەرامبەر بە کردەوەکانی لە ناخەوە هەست بە بەرپرسیاریی خۆی دەکات. کەواتە ئەو ویستەی بە مرۆڤ دراوە ڕۆڵی بەردی بناغەی کردەوەکانی مرۆڤ دەبینێت و خوای گەورەش لەسەر ئەم بناغەیە ئەو شتانە بەدیدەهێنێت کە ویستی لەسەریانە.

---

(١) ئەعشا: شاعیرێکی جاهیلییە و ناوی "مەیموونی کوڕی قەیس"ە و لە ساڵی (٨ك - ٦٢٩ز) لە دنیا دەرچووە. یەکێکە لە شاعیرانی خەمر و غەزەلی بێپەردە و مەدحی کەسایەت پێوە کردن. (وەرگێڕ)

وا دابنێ کە ئێوە دەتانەوێت بارودۆخی ئەم دنیایە ڕاست بکەنەوە و بۆ ئەم مەبەستە ئەو "ویست"ەی خۆتان کە لە ناخی خۆتاندا هەستی پێ دەکەن - تا قۆناغێکی دیاری کراو - خستە کار و، کۆشش و سامانیشتان لەو پێناوەدا خەرج کرد تا هەرچی وزە و توانا و سامانتان هەیە، لەو ڕێیەدا خستتانە کار و هەموو ئەو ڕێگایانەشتان گرتەبەر کە دەتانگەیەننە ئامانجەکەتان و ئیتر هیچ شتێکتان لە توانادا نەما. واتە هەموو ئەو شتانەتان لەو پێناوەدا خستەکار کە لە ویستی مرۆڤەوە چاوەڕوان دەکرێن، ئا ئەو کاتە "ویستی خوای گەورە"ش بە نەصرەت و یارمەتیدانی خۆی بە هاناتانەوە دێت و هەموو ئەو هۆکارانەتان پێ دەبەخشێت کە دەتانەوێت و پێویستتانە.

بەڵێ، خوای گەورە گەلێ نیعمەت و چاکەی خۆی بە ویستە نەزانراوەکەتان دەبەخشێت. ئەمەش یاسایەکی خواییە و مەرگیزاوهەرگیز ئاڵوگۆڕی بەسەردا نایەت.

جا دەبێ - بەپێی ئەم تێگەیشتنە - بزانن کە چ کارێکتان دەکەوێتە ئەستۆ و چاوەڕوانی چی لە خوای گەورە دەکەن.

خۆ ئەگەر خوای گەورە هەندێ نیعمەت و بەخشایشی خۆی پێ بەخشین، بێ ئەوەی خۆتان شایانی ئەو بەخششانە بن، ئەوا تەنها لوتف و کەرەمێکی خواوەندە و خوای گەورە پرسیاری لێ ناکرێت چ کارێك دەکات و بۆچی دەیکات.. بەڵام دەبێ بزانرێت کە نابێ کردەوەکانی مرۆڤ لەسەر ئەم لوتف و کەرەمانە بنیات بنرێن.

بەڵێ، دەبێ ئێوە هەموو ئەو کار و پێداویستییانە ئەنجام بدەن کە لە بازنەی "هۆکارەکان"دان و لە ئەستۆی خۆتان و ویستەکەتان نراوە، ئنجا دەستەکانتان بەرز دەکەنەوە و داواکارییەکانتان لە بەردەم خوای گەورەدا دەخەنە ڕوو.

خۆ ئەگەر مەسەلەکە لە سەرەتاوە وەربگرین، ئەوا دەڵێین: خوای گەورە "بەدبەختیی کۆمەڵگای مرۆڤایەتی" لەسەر دەستی ئێوەدا لا دەبات و گۆی زەوی لە دادگەری پڕ دەکات و هەموو کاروبارەکانیش لەسەر صەلاحەت و چاکسازی دادەمەزرێن و جێی خۆیان دەگرن، دوای ئەوەی کە ئێوە هەموو کارەکانی ئەستۆتان بە ئەنجام گەیاند.

ئایا ئەمە وانییە؟

بەڵێ، خوای گەورە نیعمەتی "شەهادەت" بە کەسێك دەبەخشێت کە گیانی خۆی لە پێناوی خوادا بەخت دەکات.. پاشان سەرجەمی نیعمەتەکان، یەك لە دوای یەك، هەر لە نیعمەتی بەهەشتەوە تا دەگاتە نیعمەتی بینینی جوانیی خوای گەورە و نیعمەتە لە ژمارە نەهاتووەکانی تر، بە دوای یەکتردا دێن و بەسەریدا دەڕژێن. وەك بڵێی خوای

گەورە - بە فەزڵ و بەخشندەیی خۆی - عەقد و پەیمانێکی لە نێوان خۆی و مرۆڤدا گرێ دابێت.

لەبەر ئەمە، هەتا هەموو کارەکانی ئەستۆتان جێبەجێ نەکەن، هەرگیز چاوەڕوان مەبن کە حەزرەتی مەسیح - دروودی لەسەر بێت - دابەزێتە خوارەوە و حەزرەتی مەهدییش - خوای لێ ڕازی بێت - سەرهەڵبدات! چونکە خوای گەورە یاسا و عادەتەکانی خۆی کە تەنانەت بۆ پێغەمبەرە بەڕێزەکانیشی - علیهم السلام - نەگۆڕیوە، بۆ ئێوەی ناگۆڕێت.

بەڵێ، هەر لە دێر زەمانەوە شاڕێگا و ڕاستە شەقام هەر ئەمە بووە. ئەوەبوو پێغەمبەر ﷺ چەندەها جاری زۆر گرفتاری برسێتی و تینوێتی دەبوو، هەروەك لە جەنگدا دانەکانی پێشەوەی شکان و سەر کولم و پێکانی بریندار بوون و گەلێ ئەشکەنجە و سەختی و گیروگرفتی هاتە ڕێ. هاوەڵە بەڕێزەکانی دەوروبەریشی بە هەمان جۆر بوون؛ هێندە گیروگرفت و تەنگانەیان تووش بوو هەتا هەر هەموویان هاواریان لێ هەڵسا و وتیان: ﴿مَتَى نَصْرُ اللهِ﴾؟ یارمەتیدانی خوای گەورە کەی دێت بە دەمانەوە؟ ئا لەم کاتەدا یارمەتیدانی خواوەندی فریادڕەس هات بە هانایانەوە و پێیان وترا: ﴿إِنَّ نَصْرَ اللهِ قَرِيبٌ﴾. ئەم ئایەتە پیرۆزەی خوارەوە ئەم حەقیقەتەمان بۆ ڕوون دەکاتەوە:

﴿أَم حَسِبْتُم أَنْ تَدخُلوا الجَنَّةَ وَلَمَّا يَأتِكُم مَثَلُ الَّذِين خَلَوْا من قَبلِكُم مَسَّتْهُمُ البَأسَاءُ والضَّرَّاءُ وَزُلْزِلُوا حتى يقُولَ الرَّسُولُ والَّذينَ آمنُوا مَعَهُ مَتى نصرُ الله ألا إنَّ نَصرَ الله قَريبٌ﴾(البقرة: ٢١٤).

واتە دوای ئەوەی کە هیچ شتێك بە دەستەوە نەما: نە پارووییەك کە مرۆڤ لە برسێتی ڕزگار بکات و.. نە قومێك ئاو کە تینوێتیی بشکێنێت و.. نە پارچە حەسیرێك لەسەری ڕابکشێن.. ئا لەم کاتەدا و بە زمانی حاڵی ڕووداوەکان لە لایەن جیهانی غەیبەوە دەوترێت: ﴿إِنَّ نَصْرَ اللهِ قَرِيبٌ﴾. جا ئێوە دەبێ "ویست"ی خۆتان بخەنە کار و هەر بەردەوامیش بن تا ئەم دەنگە دەبیستن. واتە دەبێ بە وێنەی مۆم بەردەوام دابگیرسێت و کار بکات - کە ئەمەش ئەرکی ئەستۆیەتی - جا کاتێ گەیشتە دواهەمین تروسکایی، ئەو کاتە یارمەتیدانی خوای گەورە بە هانایەوە دێت. ئێوەش بە هەمان جۆرن، دەبێ تا ئەوپەڕی ویستی جوزئیتان و تا دواهەمین خاڵی ئەو ویستە، لێ ببڕێن و تێبکۆشن. ئیتر ئەو کاتە ویستی کوللیی خوای گەورەش دەکەوێتە کار و، زەلیلیتان دەکات بە: "سەربەرزی" و دواکەوتنتان دەگۆڕێت بە "پێشکەوتن"ێکی درەخشان.

جا ئایا پێتان وایە کە ئێستا ئێوە بە ڕاستی و بە هەموو هێز و توانایەکتانەوە "ویست"ی خۆتان خستووەتە کار؟ خۆ ئەگەر وەڵامتان "بەڵێ"یە، ئەوا مژدەتان دەدەمێ و پێتان دەڵێم: (دڵنیا بن ئەو خوایەی کە جڵەوی ئاسمانەکانی لە دەستدایە و توانای بەسەر هەموو شتێکدا هەیە، بە ویستی ڕەهای خۆی دێت بە فریاتانەوە و سەرتان دەخات و فڕوفێڵی چەپەڵی خراپکاران بەسەر خۆیاندا دەشکێنێتەوە و ئێوەش لە هەموو خراپەیەك دەپارێزێت.. عادەتی خوا ئاوایە. جا ئێوەش لەم مژدەیە دڵنیا بن، مادەم هەرچی پێویستی و ئەرکی سەرشانتان هەیە جێبەجێتان کردوون).

بەم ڕستانەی خوارەوە هەموو ئەو شی کردنەوانە کورت دەکەینەوە کە لە بارەی "قەدەر" و "ویستی خواوەند"ەوە بە درێژی خستمانە ڕوو:

خوای گەورە بە "زانینی گشتگیر"ی خۆی دەزانێت ئێمە لە ئایندەدا چ کردارێك دەکەین. ئنجا لە شێوەی نەخشە و پلانێك و لە لەوحی مەحفووظدا ئەم "زانین"ەی خۆی تەقدیر و دەستنیشان و تۆمار دەکات.. پاشان مەلائیکەتە بەڕێزەکان لە چەند کتێبێکدا کردەوەکانی ئێمە تۆمار دەکەن کاتێ کە دەیانکەین. جا ئەم دوو کتێبە بە تەواوەتی وەکو یەك دەردەچن و هیچ جیاوازییەکیان لە نێواندا نابێت. بێ گومان لە هەموو ئەمانەدا ویستی خواوەند دەستبەکار و جێبەجێ کراو بووە، چونکە ئێمەی ئەهلی سوننەت و جەماعەت باوەڕمان وایە کە: هەر شتێك ویستی خوای گەورەی لەسەر بێت، دەبێت.. هەر شتێکیش ویستی ئەو لەسەر "نەبوون"ی بێت ئەو شتە نابێت و نایەتە وجود.

٤ – قەزا و قەدەر لە ڕووی بەدیهێنانەوە.

خوای گەورە بەدیهێنەری هەموو شتێکە. کەواتە "هەموو شت"ێك بەدیهێنراوی ئەوە، ئێمە خۆمان و کردەوەکانیشمان بەشێکین لەو "هەموو شت"ەی کە بەدیهێنراوی ئەون. بۆیە قورئانی پیرۆز دەفەرموێت:

﴿خَلَقَكُمْ وَمَا تَعْمَلُونَ﴾(الصافات:٩٦).

لە فەرموودەی پیرۆزیشدا پێغەمبەر ﷺ دەفەرموێت:

"إنّ الله تعالى صانِعُ كُلِّ صانِعٍ وصنعَتَهُ"[(١)].

هەر کارێك دەکەن.. هەر شتێك ئەنجام دەدەن: بەرد دەتاشن یاخود مەڕمەڕ، بەدیهێنەری خۆتان و بەدیهێنەری کارەکەتان هەر تەنها خوای گەورەیە. ئەو کەسەی

---

(١) كنـز العمال: ٢٦٣/١، البخاري: خلق أفعال العباد، الحاكم والبيهقي في الأسماء عن حذيفة.

توانای بیرکردنەوەی پێ بەخشیون و وای لێ کردوون کە بیر بکەنەوە و پاشان ئەو شتانەش دەربڕن کە بیری لێ دەکەنەوە، هەر تەنها خوای گەورەیە. کەواتە ئیتر کامەیە بەشی "ویست"ی ئێمە؟ ئەرکی سەرشانی "ویست"مان لەم چەشنە مەسەلانەدا چی‌یە؟

ئەو شتەی کە ئێمە ناوی "ویستی مرۆڤ"مان لێ ناوە هێندە بچووکە کە هەرچەندەش ئاسۆی ڕوانینمان قووڵ و فراوانتر بکەین هێشتا هەر ناتوانین ببینین، چونکە خاوەنی بوونی دەرەکی نی‌یە. ئنجا هێندەش بچووکە کە ناتوانرێت بەپێی قاعیدەی "تەناسوبی عیللییەت" هیچ پەیوەندی‌یەك لە نێوان خۆی و ئەو کردەوانەدا دروست بکرێت کە لە ئەنجامی بەکارهێنانیەوە پەیدا دەبن. بەڵێ، ویستی ئێمە هەرچەندەش بچووك بێت، کەچی لوتف و چاکەی خواوەند بەسەرمانەوە یەکجار گەورە و مەزنن.

"بەدیهێنەر هەر خوایە". چونکە قورئانی پیرۆز و سونەتی خاوێنی پێغەمبەر ﷺ و نەتەوەکەشی لە پشت سەریەوە - کە ئێمەش بەشێکین لە نەتەوەکەی - دەست بە دوعا لێی دەلاڵێنەوە کە ئەو شتەی بۆی تەقدیر کردووین خێر بێت، لەمەش‌دا پشت بە میهرەبانیی خواوەند دەبەستین نەك بە ویستی خۆمان. بۆ ڕوونکردنەوەی ئەم مەسەلەیە یەك دوو دوعا دەهێنین:

"اللّهم إني أستخيرُكَ بِعِلمكَ وأستَقدرُكَ بقُدرَتِكَ وأسألُكَ مِن فَضلكَ العظيم، فإنَّكَ تقدِرُ ولا أقدر وتَعلم ولا أعلَم وأنتَ علاّمُ الغُيُوب. اللّهُم إن كنتَ تَعلَمُ أن هذا الأمرَ خيرٌ لي في ديني ومَعاشِي وعَاقبَةِ أمري أو قَالَ عَاجِلِ أمري وآجله، فاقدره لي ويسّره لي ثم بارك لي فيه، وإن كنتَ تعلم أن هذا الأمر شرٌّ لي في ديني ومَعاشي وعَاقبة أمري أو عاجل أمري وآجله فاصرفهُ عَني واصرفِني عَنهُ واقدر لي الخيرَ حيثُ كانَ ثُم رَضِّني بِهِ"[1].

پێغەمبەر ﷺ لەم دوعایەی‌دا هەندێك لە نهێنی‌یەکانی "قەدەر"مان فێر دەکات و تێمان‌دەگەیەنێت کە جگە لە خوای گەورەی بەتوانا کەسی تر نامانگەیەنێت بە "خێر" و کەسی تریش جگە لەو "شەڕ" و بەلاّمان لێ دوور ناخاتەوە. چونکە هەر تەنها ئەوە کە بەوەی تامی ئازاری "خراپکاری‌یەکان" دەرخواردی ویجدانمان دەدات، لە کردەوەی شەڕ و خراپکاری دوورمان دەخاتەوە، کەچی لە بواری خێر و چاکەکاری‌دا سروەی میهرەبانی‌یەکەی بەسەر ویجدانمان‌دا هەڵدەکات و لەم ڕێیەوە ویجدانیشمان

(١) البخاری: التهجد ٢٥، ابن ماجه: الإقامة ١٨٨.

دەگەشێتەوە و هێندە خۆشحاڵ دەبێت کە بە هەموو هێز و توانایەکمانەوە هەوڵ بۆ کردەوەی چاك دەدەین تاکو ئەو خێرە دەخەینە باوەشمان. لە ڕاستیدا هەر تەنها خواوەندە کە "بیده الخیر"ە، واتە خێری بە دەستە. چونکە هیچ کەسێکی تر جگە لەو ناتوانێت خێرمان بهێنێتەڕێ یان دووری بخاتەوە لێمان. جگە لەمە هیچ گرێمانێکی تر لە گۆڕێدا نییە.

هەر تەنها خوای گەورەیە ئەو بەلایەی لە کۆڵ حەزرەتی یوسف کردەوە - درودی لەسەر بێت - کە هاتە ڕێی. ئێمە لێرەدا لەو "بورهان"ە نادوێین کە حەزرەتی یوسف چاوی پێی کەوت، بەڵام دەڵێین: خوای گەورە پێغەمبەرێکی گەورە و بێ گەردی لە شەڕی ئافرەتێك ڕزگار کرد. بۆیە لە قورئاندا بەم جۆرە باس کراوە:

﴿كَذَلكَ لِنَصْرِفَ عَنهُ السُّوءَ والفَحشَاءَ إنَّهُ مِن عِبَادنَا المُخلَصينَ﴾(یوسف:٢٤).

ئالێرەدا لوتف و چاکەی پەروەردگار دێت و دەکەوێتە نێوان "کردەوەی خراپ" و "مەیلی ویستی مرۆڤ"ەوە و، بەم جۆرە ئەو کەسە لەو مەیلەی کە هەیەتی بەرەو خراپکاری ڕزگار دەکات. بەڵام ئالێرەدا شتێك هەیە ئەویش بریتییە لە ئیخلاسی حەزرەتی یوسف - درودی لەسەر بێت - چونکە هەر ئەو ئیخلاسە بوو کە لوتف و چاکەی خواوەندی بۆ خستە کار، ئەوەتا خوای گەورە خۆی دەفەرموێ:

﴿إنه مِن عِبَادنَا الْمُخلَصِينَ﴾.

ئەم واتایە فەرموودەیەکی پێغەمبەر ﷺ ڕوونی دەکاتەوە کە گەلێ واتای گەورە و قووڵی تێدایە، دەفەرموێ:

(ألا وإن في الجسد مُضغةً إذا صَلحت صَلح الجسد كله وإذا فسدت فسد الجسد كله ألا وهي القلب)[1]!

بەڵێ گەیشتنی دڵی مرۆڤ بە ئیخلاس و قوڵپدانی بە خۆشەویستی و شکۆمەندیی خوای گەورە، هۆکارێکە بۆ دوورخستنەوەی ئەو بەڵا و گیروگرفتانەی کە یەك لە دوای یەك بەسەر مرۆڤدا دادەبارێن.

لەو فەرموودەیەشدا کە ئیمامی بوخاری ڕیوایەتی کردووە، پێغەمبەری خۆشەویست ﷺ لە دوعایەکیدا باسی ئەوە دەکات کە خوای گەورە بەدیهێنەری کردەوەکانە، هەروەك بەدیهێنەری هەموو شتێکی تریشە. ئەمەش لە دوعای: "إستفتاح"دا کە هەندێ لە ئیمامەکان دەیخوێنن و ئەمەی خوارەوە بەشێکیەتی:

(١) رواه البخاري: الإيمان ٣٩.

(اللّهُم لامَانِعَ لما أعطَيتَ وَلا مُعطِيَ لِمَا مَنَعتَ وَلا يَنفعُ ذَا الجَدِّ مِنْكَ الجَدُّ)[١].

لەم دوعایەوە تێدەگەین کە هیچ شتێك قەزا و حوکمی خوای گەورە ناگێڕێتە دواوە. کەواتە ئێمە تەنها "مەیل و ڕووتێکردن"مان لە بەردەمدا ماوەتەوە!

لە ڕاستیدا ئێمە هەست بە دڵنیایی و متمانەیەکی گەلێ گەورە دەکەین کاتێ دەزانین کە: خوای گەورە بەدیهێنەری کردەوەکانیشمانە. چونکە ئەمە مزگێنییەکی گەورەی خۆش و بەهێزمان دەداتێ و دڵنیامان دەکات کە خوای گەورە دەست لە ئێمە و کردەوەکانمان هەڵناگرێت و، هەموو کات و ساتێك تەنانەت لە خۆشمان نزیکترە لێمانەوە! باشە ئایا دەبێ چ شتێك هەبێت کە لەمە زیاتر مرۆڤ دڵخۆش و شادمان بکات؟! چونکە ئێمە بەم هەست و نەستانەوە خۆمان دەهاوینە ناو باوەشی میهرەبانیی خواوەند و هەموو کردەوەکانمانی پێ دەسپێرین. جا ئەم ملکەچی و تەسلیمبوونە موتڵەقەمان بۆ خوای گەورە هۆکارێکە بۆ ئەوەی کە ویستی خواوەندمان بە وێنەی شەپۆلی بە تەوژم و تین بۆ بخاتە کار و بمانهاوێتە ناو دەریای ناسینی خوای گەورەوە! ئێمە بەم ئاوات و ئارەزووانەوە چاوەڕوانی ویستی خواوەندین.. جا ئومێدەوارین کە خوای گەورەی بەتوانا لەم چاوەڕوانییەماندا نائومێد و دڵشکاومان نەکات.

لە سەرەتای ئەم باسەدا وتمان کە: "هیدایەت" و "گومڕایی" لە لایەن خوای گەورەوەن و پەیوەستن بە ویست و بەدیهێنانی خواوەندەوە. قورئانی پیرۆز بە تێروتەسەلی ئەم مەسەلەیە ڕوون دەکاتەوە. بەڵام لێرەدا تەنها یەك دوو ئایەت بە نموونە دەهێنینەوە:

﴿مَن يَهْدِ اللهُ فَهُوَ الْمُهْتَدِ وَمَن يُضْلِلْ فَلَن تَجِدَ لَهُ وَلِيّاً مُرشِداً﴾(الكهف:١٧).

﴿وَمَن يَهْدِ اللهُ فَهُوَ المهتَدِ﴾(الإسراء:٩٧).

﴿وَمَن يَهْدِ اللهُ فَمَا لَهُ مِن مُضِلٍّ أَلَيسَ اللهُ بِعَزِيزٍ ذِي انتِقَام﴾(الزمر:٣٧).

ئەو کەسەی کە خوای گەورە هیدایەتی بدات، تیشکەکانی "هیدایەت" دەڕژێنە ناو دڵیەوە تا تیایدا جێگیر دەبن.. خۆ ئەو کەسەش کە خوای گەورە بیەوێت لە ڕێ بیترازێنێت، ئەوا هیچ کەسێك ناتوانێت لەو گومڕاییە ڕزگاری بکات، تەنانەت ئەگەر سەرجەمی وتارخوێن و واعیزەکانیش پێکەوە کۆببنەوە و هەموو ئەو شتانەی بۆ ڕوون بکەنەوە کە پێویست بێت بۆ ڕزگارکردنی لە گومڕایی، ئەوا هەر بێ ئاکام دەبێت، هەرچەندەش ئەوان پاداشتی ئامۆژگاری و

(١) رواه البخاري: القدر ١٢.

ڕێنمایییەكانیان وەردەگرن. چونكە ئەو كەسە قابیلییەتی هیدایەتی لێ داماڵراوە، بۆیە هیچ كارێك لەگەڵیدا سوودی نابێت.

پێم وایە دیمەنی گشتیی ئێستای ئێمە نموونەیەكی سەروزیادی ئەمەیە.

لێرەدا شتێك هەیە دەبێ لە پێش چاومانی دوور نەخەینەوە، كە بریتییە لەوەی: خوای گەورەی بەدیهێنەری هیدایەت و گومڕایی، بەپێی "ویستی مرۆڤ" هیدایەت و گومڕایی بەدیدەهێنێت، هەرچەندەش ئەو ویستە شتێكی گوێڕەیی و ئیعتیبارییە. كەواتە "بەندە" داوای یەكێك لەو دوانە دەكات و، "خواوەند"یش كە خاوەن وەسفی هەردوو ناوی: "الهادي" و "المضلّ"ە هیدایەت و گومڕاییەكە بەدیدەهێنێت، بۆیە خودی "بەندە"كە بە "ضال" واتە "گومڕا" دادەنرێت. هەر لەبەر ئەمەشە كە لە نوێژەكانماندا و لە كاتی خوێندنی سوورەتی "فاتیحە"دا دەڵێین:

﴿غير المغضوب عليهم ولا الضالين﴾(الفاتحة:٧).

پێغەمبەر ﷺ دەفەرموێت:

"المغضوب عليهم": جوولەكەكانن.. "الضالين"یش: گاورەكانن[1].

جا لەبەر ئەوەی باسەكە گەیاندینیە ئەم شوێنە، با كەمێك لەسەر پلە و واتاكانی هیدایەت ڕابوەستین تەوەكو بە هەڵە لێی تێ بگەین.

* * *

(١) موسنەدی ئیمامی ئەحمەد ص ٣٧٨.

بەشی سێهەم

پەیوەندیی نێوان:
قەدەر، ئیرادە، هیدایەت

پێمان وایە "هیدایەت" بەپێی باسەکەمان دوو پلە یان دوو جۆرە:

یەکەمیان: ئەو هیدایەتە جەبرییەی کە بەپێی خواستەکانی شەریعەتی فیطری لەکاردایە.

دووهەمیان: ئەو هیدایەتەی کە ویستی مرۆڤی ڕەچاو کردووە.

١ - ئەو هیدایەتەی کە بەپێی خواستەکانی شەریعەتی فیطری لەکاردایە.

هەر بوونەوەرێك کاتێ بەپێی یاساکانی بەدیهاتنی ڕوو دەکاتە ئەو ئامانجەی بۆی دیاری کراوە، بە چەشنێکی "ئیجباری" بەرەو ئەو ئامانجە دەکەوێتە ڕێ و دەڕوات. ڕاستتر وایە ئەم ڕێبڕینە ناو بنێین "ڕاپێچانی خوایی"(االسَّوْق الإلهي).

هەر لە یەکەم هەنگاوی بەدیهێنانی مرۆڤەوە و ئنجا گەشەکردنی لە ڕەحمی دایكدا تا دەبێت بە زەروو، ئنجا کاتێ کە بەناو یەك لە دوای یەکی قۆناغەکانی ئاوملەدا تێ دەپەڕێت و لە هەر یەکەیاندا ئاڵوگۆڕی تایبەتیی بەسەردا دێت.. هەموو ئەمانە، بەپێی ئەو ڕاپێچانە خوایییە ئەنجام دەدرێن. سەرجەمی بوونەوەرانی تریش بە هەمان جۆرن و تێکڕا بەپێی سوود و بەرژەوەندییەکانیان دەڕۆن و ئاڵوگۆڕیان بەسەردا دێت کە ئەمەش لەم ڕۆژگارانەماندا لای هەموان ئاشکرا و زانراوە.

خۆ هەرچەندە ماددی و سروشتییەکان ناوی "غەریزە" یان "ڕاپێچانی سروشتی"یان لەم کارە ناوە، کەچی جیهانی "ویجدان" یەكدەنگە لەسەر ئەوەی کە ئەمە ڕاپێچانێکی خوایییە.

لە ڕاستیدا "بەڵگەی هیدایەت" یەکێکە لە بەڵگەکانی "تەوحید" و بابەتێکی سەربەخۆیە و، هەرچی بەپێی ئەم ڕاپێچانە خوایی و هیدایەتە پەروەردگارییە ڕوو دەدات، دەیبەستێتەوە بە "بوون" و "یەکتایی" خوای گەورەوە.

هەموو شتێك، هەر لە گەردیلەکانەوە تا دەگاتە گەلەستێرەکان بەم ڕاپێچانە خوایییە ئەرکەکانی ئەستۆیان ڕادەپەڕێنن. واتە هەر لەو ئەلیکترۆنانەی کە بە دەوری ناوکی گەردیلەدا دەسووڕێنەوە تا دەگاتە هەسارە و ئەستێرە و گەلەستێرە مەلەوانەکانی

ناو بۆشایی ئاسمان، تێکڕا بەپێی ئەو نەخشە و پلانە دەڕۆن و دەجوولێنەوە کە خوای گەورە بۆی کێشاون و، بێ ئەوەی بە ئەندازەی سەری پەنجەیەکیش لێی لابدەن، تێ دەکۆشن بگەنە ئەو ئامانجە..

مریشك بەسەر هێلکەکەیدا کڕ دەکەوێت و بە چاوەڕوانیی تەواوبوونی ماوەی کڕکەوتنەکەیەوە ئارام لەسەر برسێتی و تینوێتی و گەرمای زۆر دەگرێت و شوێنەکەی خۆی بەجێ ناهێڵێت! ئایا ئەم مریشکە دەزانێت هێلکەکانی چی هەڵدەهێنن؟ یان بۆچی ئەم هەموو ئەرك و ماندووبوونە هەڵدەگرێت؟ لە کاتێکدا دەزانین کە دوای ئەوەی جووجەڵەکانی گەورە دەبن، دەریاندەکات و نایەڵێت ئەو دانانە بچنەوە و هەڵی بگرن کە خۆی دەیەوێت بە دەنووکی هەڵیان بگرێت! وەڵامی ئەم پرسیارانە سەبارەت بە ئێمەوە ڕوونە، ئەویش بریتی‌یە لەوەی کە: خوای گەورە ڕووەو ئەو کارانە ڕاپێچی دەکات و دەیداتە بەر.

پاشان جووجەڵەی ناو هێلکە هەر ئەوەندەی کاتی ئەوەی دێت بێتە دەرەوە، بە دەنووکە نەرم و ناسکەکەی دیواری هێلکەکە کون دەکات و دێتە دەرەوە بۆ ناو ژیانێکی گەلێ فراوانتر لەوەی ناو هێلکەکە. ئایا لە کوێوە هەستی کرد و چۆن زانیی کە ژیانێکی تری نوێ هەیە تا هەموو هەوڵێکی خۆی خستە کار لەناو هێلکەکە بێتە دەرەوە و بەو ژیانە نوێ‌یە بەهرەمەند ببێت؟

هەروەها مناڵ کە تازە لە دایك دەبێت، خۆی دەنووسێنێت بە سنگی دایکیەوە تاکو مەمکەکانی بمژێت! ئەی ئایا کێ سنگی ئەو دایکەی لە شیری پوخت و خاوێن بۆ پڕ کرد؟ پاشان ڕێنمایی ئەو مناڵەی کرد کە شیر لەو مەمکانەدایە؟ کێ منالەکەی فێری مەمك‌مژین کرد؟! وەڵامی ئەمانە و پرسیارەکانی تری هاوچەشنیان تەنها ئەو تاقانە وەڵامەیە کە: هەموو ئەوانە بە ڕاپێچانی خوایی ڕوو دەدەن.

قورئانی پیرۆز لە زۆر شوێنیدا ئەم ڕاپێچانە خوایی‌یەمان دەخاتەوە یاد، ئەم ئایەتانەی - بۆ نموونە - لێ باس دەکەین:

أ - ﴿وأوحى ربُّكَ إلى النَّحلِ أنِ اتَّخِذِي مِنَ الجِبَالِ بُيُوتاً ومِنَ الشَّجَرِ ومِمَّا يَعرِشُونَ﴾(النحل:٦٨).

بەڵێ، هەنگ بەم چەشنە ڕێنمایی و فێرکردن و هیدایەتە فێری دروستکردنی هەنگوین بووە. چونکە خوای گەورە فەرمان بۆ هەنگ دەردەکات کە لە چیاکاندا و لەناو درەختەکاندا خانە و لانە بۆ خۆیان بنیات بنێن. هەنگ لەم فەرمان و ڕێنمایی‌یە خوایی‌یەوە فێری دروستکردنی شانەی هەنگوین دەبێت. خۆ ئەو ئەندازیاری‌یەی کە

هێندەی پێ نەچوو مێروولەکانی ئەو شارە مێروولەیەی کە یەکێکیان لێ ون بووە، ڕوویان کردە شارە مێروولەکەی تر و بەسەر چیلکەیەکەوە کە لەسەر چاڵەکە دانرابوو، هەموویان پەڕینەوە ئەوبەر و هێرشیان کردە سەر شارە مێروولەکەی تر!

ئایا کێ هەواڵی بەم شارە مێروولەیەدا کە یەکێکیان دیار نییە و لە شارە مێروولەکەی تردایە؟

پسپۆڕەکان بەم جۆرەی خوارەوە ئەم مەسەلەیە لێکدەدەنەوە، دەڵێن:

ئەو مێروولەیەی کە خرایە شارە مێروولەکەی ترەوە، بە چەشنێکی پەنهان و لە ڕێی دروستکردنی چەند شەپۆلێکی کارۆموگناتیسی و بە چەند ئیحدائیەیەکی دیاریکراو، هاوڕێکانی خۆی لەو بەسەرهاتانە ئاگادار کردووەتەوە کە هاتوونەتە ڕێی. جا دوای ئەم گفتوگۆیەی کە زۆر بە پەنهانی لە نێوان خۆی و هاوڕێکانیدا ڕووی دا، داوای لێ کردن بێن بە هانایەوە و ڕزگاری بکەن، بۆیە ئەوانیش هێرشیان بۆ سەر شارە مێروولەکەی تر برد!

کەواتە مێروولە دەدوێت و قسە دەکات. خوای گەورەش "حەزرەتی سولەیمان"ی - دروودی لەسەر بێت - شارەزای زمانی مێروولە کردبوو، بۆیە - وەك ئایەتەکە فەرموویەتی - زەردەخەنەیەك ڕوخساری پیرۆزی ئەوی گەشاندەوە و، ڕووی کردە پەروەردگاری و، بەوپەڕی گەرموگوڕی شوکری ئەم نیعمەتە مەزنەی پێشکەش کرد!

مێروولە سیستەمێکی کۆمەڵایەتییان هەیە کە لە ڕژێمی کۆماری دەچێت، چونکە هەموویان بۆ کۆکردنەوەی خۆراك لە شارەکەیاندا ماندوو دەبن و تێدەکۆشن. تەنانەت یەك مێروولەی تەمبەڵ یاخود کەمتەرخەمیشیان تێدا نییە. خۆ ئەگەر کۆڵی هەر کامێکیان قورس بێت، بانگ لە هاوەڵەکانی دەکات و ئەوانیش هاوکاریی دەکەن لە گواستنەوەی خواردنەکەدا بۆ ناو شارەکەیان. بە درێژایی هاوین مێروولەکان لە کار و کۆششی سەرومڕدان، بەڵام لە وەرزی زستاندا دەرگاکان دادەخەن و خۆراکە پاشەکەوتکراوەکەیان سەروزیادە. هەندێ جار دەنکە دانەوێڵە پاشەکەوتکراوەکان تەڕ دەبن یان شێ دەگرن و پێویست دەکات بخرێنە بەر خۆر، خۆ دوای وشکبوونەوەشیان جارێکی تر دەیانگوێزنەوە بۆ ناو شارەکەیان. هەندێ جاری تر بەشێك لەو دانەوێڵانە چەکەرە دەکەن و سەوز دەبن، یەکسەر مێروولەکان دەیکەن بە دوو کەرتەوە، خۆ گەر هەر کام لەو کەرتانەش سەوز بێتەوە، یەکسەر ئەویش دوو کەرت دەکەنەوە! بەم جۆرە لە چوارچێوەی سوودوەرگرتندا پارێزگاری لەو دەنکە دانەوێڵە پاشەکەوتکراوانەیان دەکەن، چونکە ئەو دەنکانەی کە سەوز دەبن و دەڕوێن تازە ئەوان سوودی لێ نابینن!

ئایا کێ هەموو ئەمانەی فێری مێروولە کرد؟ کێ ئەم مەسەلە ورد و تێکەڵ و پێکەڵانەی فێر کردن لە کاتێکدا کە جەستەی مێروولە لە بارستایی هێزی "حافیظە"ی ناو مێشکی ئێمە بچووك ترە؟

حەزرەتی ئەبوو هورەیرە - خوا لێی ڕازی بێت - دەفەرموێ: لە پێغەمبەرم ﷺ بیست دەیفەرموو: (جارێکیان مێروولەیەك یەکێك لە پێغەمبەرانی گەست، ئەویش فەرمانی دا شارە مێروولەکەیان سووتاند، یەکسەر خوای گەورە وەحیی بۆ نارد کە: نەتەوەیەکت سووتاند تەسبیحاتی خوایان دەکرد)(١).

بەڵێ، هەروەك لە بەرچاودایە، مێروولە نەتەوەیەکی سەربەخۆن و بە زمانێك کە ئێمە لێی حاڵی نابین، تەسبیحات بۆ خوای گەورە دەکەن.

لە ڕیوایەتێکی حاکمدا پێغەمبەر ﷺ فەرموویەتی: (جارێکیان یەکێك لە پێغەمبەران - علیهم السلام - ڕۆشتە دەرەوەی شار بۆ نوێژەبارانە، مێروولەیەکی بینی دەست و قاچەکانی بەرەو ئاسمان بەرز کردبووەوە، یەکسەر بە خەڵکەکەی فەرموو: بگەڕێنە دواوە! چونکە لەبەر ئەو مێروولەیە وا خوای گەورە هات بە هاناتانەوە و دوعای گیرا کردن)(٢)!

کەواتە مێروولە بە ڕاپێچان و ئیلهامی خوایی هەموو ئەو کارانە ئەنجام دەدات.

ج - قورئانی پیرۆز سەرنجی ئێمە بۆ ڕووی "ئیجباریی قەدەر" و بۆ لای ئەوەش کە زیندەوەران چەند نەتەوەیەکی وەك ئێمەن، ڕادەکێشێت:

﴿ومَا مِن دابَّةٍ في الأرضِ ولا طائرٍ يطيرُ بجَناحَيه إلاّ أُمَمٌ أمثالُكُمْ مَا فَرَّطْنَا في الكتَابِ من شَيءٍ ثُم إلى ربِّهم يُحشَرُونَ﴾(الأنعام:٣٨).

ئەبوو داوود ئەم فەرموودەیە لە پێغەمبەرەوە ﷺ ڕیوایەت دەکات کە فەرموویەتی: (ئەگەر سەگ نەتەوەیەك نەبوونایە لە نەتەوەکان، فەرمانم بە کوشتنی هەموویان دەدا، بەڵام تەنها ڕەشە درندەکانیان بکوژن)(٣).

زانایان بە کۆتایی پێهاتنی وەچەی ئەو جۆرە قەلەڕەشانە نیگەران بوون کە لە تورکیادا پێی دەوترێت: (Kelaynaklar) چونکە هەموو بوونەوەرێك لە ڕاگیر کردنی هاوسەنگیی ژینگەدا بارێکی دیاری کراوی هەیە. خۆ نەمانی وەچەی ئەو چەشنە قەلەڕەشش ئەوە دەگەیەنێت کە کەلێنێك کەوتبێتە ئەو هاوسەنگییەوە! ئایا کێ هەموو

(١) رواه البخاري: الجهاد ١٥٣.

(٢) المستدرك: ٣٢٥/١ قال الحاكم: هذا صحيح الإسناد و لم يخرجاه و وافقه الذهبي.

(٣) الدارمي: الصيد ٣.

بوونەوەرێکی فێر کردووە کە جێی خۆی لە ڕاگیرکردنی هاوسەنگیی ژینگەدا بدۆزێتەوە؟

ئێمە بەم مەسەلەیە دەڵێین: "هیدایەتی جەبری" یان ئەو هیدایەتەی کە بەپێی خواستەکانی شەریعەتی فیطری کار دەکات. هەروەها لەم گۆشەیەوە هەڵیاندەسەنگێنین.

٢ - ئەو هیدایەتەی کە ویستی مرۆڤ ڕەچاو دەکات.

خوای گەورە بە ناردنی چەندین هۆکاری هیدایەت و ڕێنمایی، خەڵکی هیدایەت دەدات.. ئنجا هەروەك پێغەمبەران - درووددیان لەسەر بێت - هۆکاری هیدایەتدانی خەڵکین، کتێبە نازڵکراوەکانیش هۆکارێکی تری ئەو هیدایەتەن. هەروەها ئەو کەسانەش کە لە پێناوی تەبلیغ و ڕێنماییدا تێدەکۆشن، چەند هۆکارێکن بۆ هیدایەت، بەم واتا و مەبەستە.

دەبێ بیشزانین کە هەرچەند خوای گەورە گەلێ هۆکاری هیدایەتی ناردووە، کەچی زۆر لە خەڵکی ناکات کە ئەم هۆکارانە وەربگرن، واتە ناچاریان ناکات لە ڕێی ئەم هۆکارانەوە ئیمان بهێنن. هەر لەبەر ئەمەشە کە هەندێ جار کەسی وا بووە هەرچەند لەناو خاوخێزانی پێغەمبەرانیشدا ژیاوە کەچی ڕێی هیدایەتی نەگرتووەتە بەر، یان نەیاری "هیدایەت" بووە! هەندێ جاری تریش لە کۆشکی فیرعەوندا "ئیمانداری ئالی فیرعەون" و "ئاسیا" پەروەردە بوون و ڕێی هیدایەتیان گرتووەتە بەر! چونکە ئەم جۆرە هیدایەتە ویستی مرۆڤی تێدا ڕەچاو دەکرێت. ئەوەتا خوای گەورە هەموو هۆکارەکانی هیدایەت بەدیدەهێنێت، بەڵام بەدیهێنانی خودی "هیدایەت" دەبەستێتەوە بە "ویست"ی خودی مرۆڤەکەوە، ئەو ویستەی کە ماهییەتەکەی نازانرێت و شتێکی نیسبییە، بەڵام مەرجێکی عادییە بۆ بەدیهێنانی ئەو هیدایەتە.

قورئانی پیرۆز لەم جۆرە هیدایەتەی بە زۆری تێدا باس کراوە، لێرەدا یەكدوانێکیان دەهێنین:

١ - ﴿وأما ثَمُودُ فهدَيناهم فاستحبُّوا العَمى على الْهُدى فأخذَتْهُم صاعِقَةُ العذابِ الْهُونِ بما كانوا يكْسِبون﴾(فصلت:١٧).

واتە: "هیدایەت" بە قەومی ئەموود گەیشت، کە حەزرەتی صالح بووە - درووودی لەسەر بێت - کەچی ئەوان، بە ویستی خراپی خۆیان، گومڕاییان پێ باشتر بوو، بۆیە بە "لەخۆباییبوون" و "فیز و دەمار"ەوە پشتیان لە هیدایەت هەڵکرد و لێی هەڵگەڕانەوە، تا گرفتاری دۆزەخ و سزای سەختی کردن.

٢ - خوای گەورە گەلێ پێغەمبەری بۆ لای خەڵکی ناردووە، تاکو بیانوو بۆ ئەو کەسانە دروست نەبێت کە بە ویستی خۆیان لە ڕێ لادەدەن و گومڕا دەبن:

﴿رُسُلاً مُبَشِّرِين ومنذرِين لِئلاّ يكونَ للنّاسِ على الله حجةٌ بعد الرُّسلِ وكانَ اللهُ عزيزاً حكيماً﴾(النساء:١٦٥).

کەواتە ئەوانەی ڕێیان ون کردووە هیچ بەهانە و بیانوویەکیان بۆ گومڕاییەکەیان بە دەستەوە نییە، چونکە یەك لە دوای یەك پێغەمبەران - عليهم السلام - ڕەوانە کراون و ئەوانیش بە ڕوونی و درەخشانی حەقیقەتەکانیان بە خەڵکی ڕاگەیاندووە و ئەنجامی ناهەمواری کردەوە خراپەکانیان بۆ ڕوون کردوونەتەوە، هەروەك چلەپۆپەی ئەو کەماڵاتانەشیان بۆ باس کردوون کە مرۆڤ لە ڕێی کردەوە چاکەکانەوە پێیان دەگات:

﴿إنَّا أرسلْناكَ بالحق بشيراً ونذيراً وإنْ من أُمّةٍ إلاّ خَلا فيها نذير﴾(فاطر:٢٤).

بەڵێ، هەرچی نەتەوە هەیە پێغەمبەری مژدەدەر و ترسێنەریان بۆ ڕەوانە کراوە، کە ئەوانیش حەقیقەتەکانیان بەو نەتەوانە ڕاگەیاندووە. خوای گەورەش هیدایەتی بۆ ئەوانە بەدیهێناوە کە بە ویستی خۆیان گوێبیست و گوێڕایەڵی ئەو پێغەمبەرانە بوون. خۆ ئەوانەش کە گومڕاییان پێ باشتر بووە، ئەوا لەو گومڕاییەدا ماونەتەوە کە خوای گەورە ویستوویەتی تیایدا بن.

﴿وَما كُنّا مُعذِّبينَ حتى نَبعَثَ رَسُولاً﴾(الإسراء:١٥).

بەڵێ، خوای گەورە گەلێ پێغەمبەری ڕەوانە کردووە، تاکو ڕێی بەهانە و بڕوبیانوو بۆ کەس نەمێنێتەوە. ئەو پێغەمبەرانەش - درووودیان لەسەر بێت - بۆ نەتەوەکانیان بوون بە ڕێپیشاندەر و ڕێگایان بۆ ڕوون کردوونەتەوە. بەشی نەتەوەی ئێمەیش لەم ڕێنماییەدا: خۆری ئاسمانی پێغەمبەرایەتی و سەرداری پێغەمبەران و سەروەرمان حەزرەتی محمده ﷺ. بۆیە هەرگیزاوهەرگیز هیچ بەهانە و بیانوویەکمان لە بەردەم خوای گەورەدا بە دەستەوە نییە، چونکە دەنگی پێغەمبەر ﷺ دەبیستین و هەست بە هەناسەی پیرۆزی دەکەین، بە هەمان جۆر ئایەتە مەزنەکانی قورئانی پیرۆزیش ڕۆحەکانمان ڕووناك دەکەنەوە و بەردەوام ویجدانمان بەخەبەر دێنن.

جگە لەمانەش خوای گەورە بە فەزڵ و کەرەمی خۆی "سەری هەموو سەد ساڵێك کەسێك بۆ ئەم نەتەوەیە دەنێرێت کە کاروباری ئایینەکەیان بۆ نوێ بکاتەوە"[1] و

(١) أبو داود: الملاحم ١.

دەروونەکانمان لە چڵك و چەپەڵی پاکژ بکات و مرۆڤی هەموو سەردەمێك بەهۆی ئەو نوێکارانەوە ژیانی ئاینیی خۆیان نوێ بکەنەوە و ژیانی بە بەردا ببوژێننەوە. خوای گەورە هەموو ئەمانە لەگەڵ مرۆڤدا دەکات، کەچی هێشتا سەرباری ئەمانەش هەر ویستی مرۆڤ ڕەچاو دەکات.. واتە هەرچەند خوای گەورە خۆی بەدیهێنەری هیدایەت و هۆکارەکانی هیدایەتە، کەچی هیدایەتدانی "بەندە"ی بەستووەتەوە بە داواکردنی بەندەکە خۆیەوە. کەواتە لێرەدا بە هیچ جۆرێك "هیدایەتی ئیجباری" لە گۆڕێدا نییە.

هەندێ جاری تریش خوای گەورە ڕاستەوخۆ هیدایەت و گومڕایی بەدیدەهێنێت و قابیلییەت و ئەهلییەتی ئەو کەسانە ڕەچاو دەکات:

ئەوەتا خوای گەورە پێغەمبەرە خۆشەویستەکەی ﷺ ڕەوانە دەکات، ئنجا پێغەمبەر ﷺ ئاینەکەی بە "حەزرەتی ئەبوو بەکر" ڕادەگەیەنێت، یەکسەر ئەویش بێدواکەوتن و بێ ئەوەی بەهەڵەدا بچێت، ئیمان دەهێنێت و دڵی بە نووری ئەم ئیمانە ڕووناك دەبێتەوە و بۆ سەر لوتکەی "صیددیقییەت" سەر دەکەوێت..

هەروەها خوای گەورە پێغەمبەرە خۆشەویستەکەی ﷺ ڕەوانە دەکات، کەچی ئەم جارە "ئەبوو جەهل" ڕووبەڕووی دەبێتەوە و، خوای گەورەش سەبارەت بەو "گومڕایی" بەدیدەهێنێت. چونکە بە زانستی ئەزەلیی خۆی دەزانێت کە: ئەبوو جەهل ئەهلییەتی هیدایەتی تێدا نییە، ئەویش بە کردارە گومڕاییەکانی خۆی تەصدیقی ئەم حوکمە دەکات و کوفر و بێنەزانینی خۆی ڕۆژ بە ڕۆژ زیاد دەکات و پتر دەکەوێتە خوارەوە تا لە غەزای بەدردا لە خوێنی خۆیدا دەگەوزێت[1].

٣ – قورئانی پیرۆز لە یەك ئایەتدا هەردوو جۆرەکەی "هیدایەت" کۆ دەکاتەوە و سەرنجیان بۆ لا ڕادەکێشێت:

﴿واللهُ يدعُواْ إلى دار السلام ويَهدِي مَن يشاء إلى صِراطٍ مُستقيم﴾(يونس:٢٥).

خوای گەورە لە ڕێی چەندەها هۆکاری جۆراوجۆرەوە خەڵکی بۆ لای هیدایەت و ڕێی ڕاست بانگ دەکات، بەڵام هیدایەت دەبەستێتەوە بە ویستی خۆیەوە، ئەوەی خۆی ویستی لەسەری بێت هیدایەتی بدات، دەیدات و.. بیەوێت هەر کەسێکیش گومڕا بکات، دەیکات. تەنها لایەنێکی بچووك لە مەسەلەکەدا بۆ مرۆڤ دەگەڕێتەوە، ئەویش لەوەدایە کە ئەگەر بەدەم بانگەوازەکەی خوای گەورەوە ڕۆشت و هەوڵی دا سوود لە

(١) البداية والنهاية لابن كثير: ٣/٢٨٧.

بەشی چوارەم

چەند پرسیار و وەڵامێك لـە بارەی "قەدەر"ەوە

پرسیاری یەکەم:
مەبەست چی‌یە لە: ﴿ألستُ بربّکم قالُوا بَلی﴾دا؟
وەڵام:

ئەم وشانە بەشێکن لەو عەهد و پەیمانەی کە بەدیهێنەر لە بەدیهێنراوان، بە تایبـەتی لـە مرۆڤی وەرگرتووە. چونکە وەڵامی ﴿بلی﴾ بەرامبەر بە پرسیاری: ﴿ألســـتُ بربّکــم﴾ بووە.

ئەم مەسەلەیە دوو ڕووی هەیە:
یەکەم: ئەم پرسیارە لە کێ و چۆن کراوە؟
دووهەم: چ کاتێك کراوە؟
دەتوانرێت ئەم تێبینی‌یانەی خوارەوە سەبارەت بە ڕووی یەکەم پێش‌چاو بخرێن:

أ – ئەمە پرسیار و وەڵام و پەیمانێکە لە ماهییەتێکی "تەکوینی"دا و، کاتێ ئەم پەیمانـە لە مرۆڤ وەرگیراوە کە هێشتا هیچ نەبووە و نەهاتووەتە "وجـوود". وەڵامدانەوەشی بـە ﴿بلـــی﴾ لـە بەرامبـەر ئـەو فەرمانـەی خواوەنـدەوە بـووە کـە بـۆ "هێنانـە وجـوودی" ئـەم دەری کردووە.

ب – کاتێ مـرۆڤ کـە لـە جیـهانی "گەردیلـەکان" بەڵکو لـە جیـهانی جوزئییـاتی گەردیلەکان‌دا بووە، پەروەردگاری هەموو جیهانەکان کە هەموو شتێك بـەرەو کـەماڵ دەبـات ئـەم گەردیلانەشی داوەتـە بـەر و شـەوقی داونـەتێ کـە ببن بـە مـرۆڤ. ئەمـەش وەرگرتنی عەهد و پەیمانەکەیە.

واتە ئەو عەهد و پەیمانە کۆڵنانێکە لە ئەستۆی گەردیلـە کـە زۆر لـە سـەرووی وزە و توانای خۆیەوەیە. وتنی: ﴿بلی﴾یش لـە بەرامبـەر تـەکلیف لـێ کردنی پـەروەردگارەوە بووە بە ئیجادکردن و هێنانەدیی ئەو گەردیلەیە.

جـا ئـەم پرسـیار و وەڵام و تـەکلیف و قبووڵـەی کـە لەسـەر ئـەم شێوەیە بـووە، وەك دیارە، لە شکڵ و شێوەی قسـە و گفت‌وگـۆدا نـەبووە، بۆیە بەشـێك لـە تەفسیرنووسـان وەك "ئیستیعارەی تەمثیلی" ڕوانیویانەتە ئەم گفت‌وگۆیە. واتە وەك بڵێی (ئاوا وترا و بەو

جۆرەش وەڵام درایەوە)[١]. هەر بەمەش ئەم گفتوگۆیە بەهای یاسایی خۆی بەدەست هێنا، دەنا پەیمانێك نی‌یە کە بە قسە و گفتوگۆی ڕوون و ئاشکرا وەرگیرابێت.

لە ڕاستی‌دا گەیشتن بەم حوکمە، بێ گوێدانە سەیرکردنی پێرستی گوفتار و وەڵامی پەروەردگاری عالەمیان کە هەزار و یەك گوفتار و وەڵامی هەیە، هەرگیز لە هەڵە بەدەر نابێت. پشت بەخوا ئەمە لە شوێنی خۆی‌دا باس دەکەین.

ج – ئەم جۆرە داواکردنەی پەروەردگار لە مرۆڤ بۆ: "دان پێدانان" و "پەیمان لێ وەرگرتن"ی – لە ڕاستی‌دا – بریتی‌یە لەوەی کە مرۆڤ خۆی بناسێت و بزانێت غەیری خۆی لە مەسەلەی ئەودا هەیە و تەنها خۆی نی‌یە. هەروەها بریتی‌یە لە: ناسینی "نەفس" و نموونە هێنانەوەیە بۆ حەقیقەتی: "مَنْ عَرَفَ نفسَهُ فقد عرفَ ربَّـهُ"[٢]. بەوەی کە ئاوێنەی ماهییەتی مرۆڤ دەخاتە بەرچاو، بەمەش دەبێت بە شایەت لەسەر ئەو حەقیقەتە جۆراوجۆرانەی کە لەسەر ئاوێنەی هەست و شعووری‌دا دەردەکەون و، پاشان ڕاگەیاندنی ئەم شایەتی‌یەیە. دەبێ بیشزانین کە تێگەیشتنی ئەم ئیجاب و قبووڵ و یادخستنەوە و بێدارکردنەوەیە ئاسان نی‌یە و لەوانەیە لەو جۆرە شتانە بێت کە پێویستیان بە بێدارکردنەوەی زۆر هەیە تاکو مرۆڤ لێیان تێ بگات، ئا لێرەوەیە گرنگیی "ڕێنمایی" دەردەکەوێت.

ئەمانەتی "نەفس" یان "من"[٣] بۆ ئەوە بە مرۆڤ دراوە کە خوای گەورەی پێ بناسێت و دان بە "بوون"ی‌دا بنێت. لە ڕاستی‌دا ئامانجی بوونی مرۆڤ تەنها ئەم زانین و دانپێدانانەیە! هەر لەبەر ئەوەیە کە مرۆڤ بە "بوون"ی خۆی دەبێت بە بەڵگە لەسەر "بوونی خوای گەورە" و، بە "سیفەتە جوزئی"یەکانیشی دەبێت بە بەڵگە لەسەر سامان و دەوڵەمەندیی ڕەهای خواوەند و، بە "کۆڵەواری" و "هەژاری"یەکەشی دەبێت بە بەڵگە لەسەر توانست و چاکەکاری‌یەکانی خوای گەورە. جا ئەم چاکە و بەخششە لە پێش‌دا خواوەند بە فەزڵی خۆی بە مرۆڤی دەبەخشێت، ئنجا ئەو زانین و

---

(١) ئیستیعارەی تەمسیبی لە ڕەوانبێژیی زمانی عەرەبی‌دا بەو جۆرە دەستەواژە مەجازی‌یانە دەوترێت کە لەبەر نیشانە و هۆیەکی تایبەتی لە و تایەکی تری حگە لە واتا ڕ ستەقینەکەیان‌دا بەکارهێنران و، زیاتر ئەو پەندانە دەگرێتەوە کە لەناو خەڵکی‌دا دەماودەمیان پێ دەکرێت. وەك ئەوەی کە دەڵێن: (بە یەك دەست چەپڵە لێ ندرێت)! (وەرگێڕ)

(٢) کشف الخفاء: ٣٤٣/٢. بڕوانە پەراوێزی ژمارە (١) لاپەڕە (٤٩). (وەرگێڕ)

(٣) مەبەست بە "من" لێرەدا خود(ذات)ی مرۆڤە، بەو واتایەی کە مامۆستا نورسی لە کتێبی (من)دا لێکی داوەتەوە. (وەرگێڕ)

هەستکردنەی کە ئەنجامی ئەم یەکەم بەخششەی خواوەندن - لە ڕاستیدا - ڕاگەیاندن و دانناینێکە لە لایەن مرۆڤەوە بە هەستکردنی بە بوونی خوای گەورە کاتێ سەیری هەموو بوونەوەرێك دەكات و، داننانیشە بە نووری خوای گەورە لە هەموو ڕووناكییەكدا. ئەمەش واتای پەیمانی ﴿أَلَسْتُ﴾ و ﴿بَلَى﴾یە.

جا ئەم پەیمانە: ئیجاب و قبووڵێکە و، ئەنجامی زانینی واتاکانی ئەو کتێبە مەزنەیە کە توانست و ویستی خوای گەورە نووسیویانە و، پەیبردنە بە نهێنییەکانی ناو دێڕی ڕووداوەکان.

د - دەبێ ئەم پەیمان و پرسیار و وەڵامە بەپێی شتانی جیسمانی(ماددی) هەڵنەسەنگێنرێن و مرۆڤ لەو ڕووەوە لێی تێنەگات، چونکە خوای گەورە بەپێی ماهییەتی هەموو یەكێك لە بەدیهاتووانی فەرمان بۆ یەك بە یەكیان دەردەكات و، گوێ لە دەنگی هەموویان دەگرێت و، ئاگای لێیانە و، هەریەکەشیان بەپێی جێ و شوێنی خۆیان دەچێت بەدەمیانەوە و خواستەکانیان بۆ دەهێنێتەدی. خۆ ئەگەر بمانەوێت بە زاراوەکانی "زانستی کەلام" ئەمە دەربڕین، دەڵێین: خوای گەورە هەروەك تێدەگات لە هەموو ئەو گوفتارانەی کە مرۆڤ بە لەهجە و زمانە جیاجیا و تەعبیرە جۆراوجۆرەکانیان دەیڵێن، بە هەمان جۆر لە گوفتاری هەموو بەدیهاتوویەکی تێدەگات و دەزانێت چی دەڵێت.. لە هەمان کاتیشدا بە چەندەها زمانی جیاجیا و لەهجەی جۆراوجۆر فەرمانیان بۆ دەردەکات و حەقیقەتەکانیان تێ دەگەیەنێت و ڕاستیی مرۆڤ و گەردوونیان بۆ ڕوون دەکاتەوە و، گوفتاری بەدیهاتووانی وەردەگرێت و عەهد و پەیمانیان لەگەڵدا دەبەستێت، بە چەشنێك کە ڕوونکردنەوە "گوفتاری"یەکانی خواوەند تەنها لەناو دەستەواژەی "کەلامی لەفظی"دا دەمێنێتەوە. پاشان جۆرەکانی گفتوگۆی خوای گەورە هەر لە ئیلهامی زیندەوەرانەوە تا دەگاتە ئیلهامی مەلائیکەت، هەموویان چەند جۆرێکن لە گوفتاری خوای گەورە کە ئەویش یەكێكە لە درەوشانەوەکانی "کەلامی نەفسی"[1].

(١) بۆ تێگەیشتن لە واتای: "کەلامی لەفظی" و "کەلامی نەفسی" بەپێی لێکدانەوەی زانستی کەلامی ئەهلی سوننەت و جەماعەت، دەڵێین: بە ئیجماعی نەتەوەی ئیسلام و تەواتور لە پێغەمبەرانەوە - درووديان لەسەر بێت - چەسپاوە کە خوای گەورە "دەدوێت". خۆ مەحاڵیشە بدوێت گەر خاوەنی سیفەتی "کەلام" نەبێت. کەلامیش - سەبارەت بە خوای گەورەوە - دوو واتای سەرەکیی هەیە: یەکەمیان ئەوەیە کە پێی دەوترێت: "کەلامی نەفسی". کە ئەو سیفەتەیە هەر لە ئەزەلەوە زاتی خوای گەورە هەیەتی و بە جۆرێکە گونجاوە بۆ ئەوەی فەرمان و نەهییەکانی خواوەندیان پێ ئاراستە بکرێت بۆ کەسانی تر و، لە ڕێی وشە و دەستەواژەکانەوە دەردەبڕرێن و، بریتییە لە ڕاستییەکی جیاواز لە ڕاستیی "زانست" و "ویست"ی خوای

ئەم جۆرە گوفتارەی خوای گەورە لە بازنەیەکی یەکجار فراواندا لەکاردایە، هەر لەو واریداتانەی کە دێنە ناو دڵی مرۆڤەوە تا دەگاتە جیهانی مەلائیکەت. ئەوەندە هەیە هەریەك لەو بازنانە لە "وەرگرتن و بەخشین"ی ئەو گوفتارەدا چۆنێتی‌یەکی تایبەتیی هەیە کە جیایە لە هی ئەوانی تر. بۆیە ناتوانرێ بزانرێت چی دێتە ناو بازنەیەکی دیاری‌کراو، هەروەها چیی تر لە بازنەیەکی ترەوە دەردەچێت.

لە ڕاستی‌دا ئیددیعاکردنی ئەوەی کە: "ئێمە دەتوانین لە هەموو شتێك تێ بگەین" هەڵەیەکی گەورەیە! چونکە ئێستا لەم سەردەمەدا هەستمان کردووە کە ئەو شتانەی دەیانزانین و پەی‌یان پێ دەبەین چەند دانەیەکی کەمن لە نێوان ملیۆنێك شت‌دا کە هیچیان لە بارەوە نازانین. هەر بە هەمان ئەندازەش دەتوانین شتان ببینین. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە ئەو جیهانەی دەیبینین و هەستی پێ دەکەین هەر بە هیچ دانانرێت لەچاو ئەو شتانەی کە نایانبینین و هەستیان پێ ناکەین!

خۆ گفت‌وگۆی پەروەردگاری جیهانەکان لەگەڵ گەردیلەکان‌دا و فەرمان دەرکردنی بۆ نیظام و سیستەمەکان و پێکهێنان و هەڵوەشانەوەی شتان لە لایەن ئەو خواوەندەوە، لە چەند دووری‌یەکی بەرز و بڵندی ئەوتۆدا جێ‌بەجێ دەکرێن کە لە تەرازووە بچووکەکانی ئێمەدا جێ‌یان نابێتەوە.

خوای گەورە پەیمان لە گەردیلەکان و، جوزئییات و، خانەکان و، جیهانی گەردیلە و.. لە ڕەحمی دایك‌دا و لە سەردەمی منالی‌دا، وەردەگرێت. ئێمە هەرگیز ناتوانین بە تەرازووەکانی خۆمان ئەم شتانە بە ڕوونی لێك‌بدەینەوە و هەڵیان بسەنگێنین بە تایبەت گەر ئەم گوفتارە ڕووبەڕووە لەگەڵ ڕۆحی مرۆڤ و ئەو ویجدانەدا بێت کە لەو ڕۆحەدایە.

ڕۆح(گیان)ی مرۆڤ خاوەنی وجوودێکی سەربەخۆیە، چونکە ئەمە زۆر بە ڕوونی لەم سەردەمەی ئێستادا چەسپاوە، بە چەشنێك کە بواری موناقەشەی تێدا نەماوە. چونکە لقە جۆراوجۆرەکانی زانستی پاراسایکۆلۆجی کە دەورانەوری جیهانی زانستیان داوە وای لەم بابەتە کردووە کە حەزی مرۆڤ بۆ زانینی ڕۆح و بوون و

گەورە و، سیفەتێکی ئەزەلی‌یە. بەڵام "کەلامی لەفظی" ئەو دەنگ و وشە و پیتانەن کە ئەو گوفتارەی خوای گەورەیان پێ دەردەبڕرێت و خواوەند لە "لەوحی مەحفووط" و حەزرەتی جیبریل و هەر کەس و شتێکی تری غەیری خۆی‌دا بەدیی‌دەهێنێت. کە ئەممیان بەدیهاتووە و ئەزەلی نی‌یە و، بە زاتی خوای گەورەشەوە بەند نی‌یە. بڕوانە: (کبری الیقینیات الکونیة) نووسینی: (دکتۆر محمد سعید رمضان البوطي) ص ١٣٣-١٣٦ الطبعة الثالثة. (وەرگێڕ)

کارمەندی و ئاوات و ئارەزووەکانی ڕۆح بهەژێنێت. تەنانەت هیچ زانستگەیەك و کۆڕێکی چینە پێشکەوتووەکان نەماوە کە لە بارەیەوە نەدوێن. جا لەبەر ئەوەی لە شوێنێکی تردا لە بارەی "ڕۆح"ەوە دواویین ئەوا لێرەدا هەر هێندەی لێ دەدوێین کە پەیوەندیی بە باسەکەی ئێستامانەوە بێت.

ئێمە هەرگیز بەم تەرازووانەی کە بۆ تێگەیشتن و تێگەیاندن هەمانە، ناتوانین لەو ئیجاب و قبوولە تێبگەین کە پەیوەندیی بەو عەهد و پەیمانەوە هەیە، لەو ڕووەوە کە پەیمانێکە لەگەڵ ڕۆحدا بەستراوە، چونکە ڕۆح پێش جەستەی مرۆڤ بەدیهێنراوە. لە لایەکی تریشەوە ماهییەتی ڕۆح لە سەرووی کاتەوەیە. چونکە قسەکردنی ڕۆح وەکو ئەو قسە و هەستکردنانە وایە کە لە خەونەکاندا ڕوو دەدەن. هەرچەندەش دەتوانێت بێ ئەوەی پێویستی بە شەپۆلە دەنگییەکان بێت - بە وێنەی تەلیپاتی - گفتوگۆ و لەیەكحاڵیبوون ئەنجام بدات. خۆ بابەخدانی گەورە و زۆر بەم بابەتە، تەنانەت لە پەکێتیی سۆڤیەتیشدا - کە تەمسیلی جیهانی باوەڕ بە ماددییەت دەکات - ئەوە دەگەیەنێت کە گوفتار و قسەی تایبەتیی ڕۆح لە لایەن گرۆی مرۆڤەوە قبووڵ کراوە و باوەڕی پێ هێنراوە. جا ئەم قسەکردنە تایبەتەی ڕۆح لەوانەیە بە گوفتارێکی تایبەت بە خودی ڕۆحەوە، لە کاتێکی گونجاودا دەربکەوێت و، لە چەند ئامێرێکی تۆمارکەری جیاوازدا تۆمار بکرێت و لە چەند کاسێتێکی ناوازە و جیادا هەڵبگیرێت و زمانی تایبەتیی خۆی بەکار بهێنێت.

جا لەسەر بناغەی ئەمە دەڵێین: لە شوێنی عەهد و پەیمانەکەدا ڕۆحەکان بۆ گفتوگۆ کردن لەگەڵ پەروەردگاری بەخشندەدا بانگ کراون و، ئەوانیش لەبەر ئەوەی کە بەرزەخی جیسمانییەت نەکەوتووەتە نێوان خۆیان و خوای گەورەوە ئەوا هەموو شتێکیان بە ڕوونی دیوە و، سەبارەت بەو پەیمانە وتوویانە: ﴿بلى﴾. بەڵام لەبەر ئەوەی زۆربەی خەڵکی ئەم ڕۆژگارەمان لە "بابی ویجدان"ی کتێبی "ڕۆح"دا بە شوێن ئەمەدا نەگەڕاون، ئەوا ڕێیان لەم پەیمانە نەکەوتووە و هەرگیز ڕێشیان لێی ناکەوێت! چونکە هەروەك لەو جیهانە بێ ئاگان، هێشتا باس و لێکۆڵینەوەشیان تێدا ئەنجام نەداوە.

لە ڕاستیدا ئەو کتێبە بێدەنگەی کە ئەم دوو فەیلەسووفە لێی دواون: یەکەم: "کانت" - بێ ئاوڕدانەوە لەو پێناسەیەی کە لە کتێبەکانیدا بۆ "بەدیهێنەر" کردوویەتی - و دووهەمیش: "بریگسۆن" کە پشتی کردە گەردوون تاکو ئەو کتێبە بێدەنگە بخوێنێتەوە و گوێی لێ ڕابگرێت، بریتییە لەم کتێبە. چونکە پێویست بوو گوێ لە ڕۆح و ئیلهامەکانی ڕابگرێت بۆ ئەوەی چەند ئەزموونگەیەك بۆ تێگەیشتن لە زمانی

"ویجدان" دامەزرێنێت و هەوڵ بدرێت لە رێی ئەو پێرستانەی کە لەسەر ئاوێنەی شعووردا دەردەکەون، رووی حەقیقەت پێش چاو بخرێت.

ئەم کتێبە خۆی لە خۆیدا شایەتێکی راستی بێدرۆیە لەسەر ئەو حەقیقەتە بەرزە کە بریتییە لەو عەهد و پەیمانە. دیارە تێگەیاندنی ئەو کەسانەی کە لەم زمانە بێبەشن هەرگیز کارێکی ئاسان نییە! خۆ ئەگەر ژیرییەکان واز لە خۆبەستنەوە و بڕیارەکانی پێشتریان بهێنن ئەوا مرۆڤ هەست بەو ﴿بلى﴾یە دەکات کە "ویجدان"ی خۆی بۆ ئەو پەیمانە کردوویەتی.

لە ڕاستیدا مەبەست لە بیرکردنەوەی "ئەنفوسی" و "ئافاقی" و باسەکانی سەبارەت بەمانە، هەر تەنها ئەمەیە کە باسمان کرد، چونکە زەینی مرۆڤ لە گومڕاییەکانی خۆی ڕزگاری دەبێت و سەربەستی بە بیری خۆی دەدات و تێدەکۆشێت کە بە زەرەبینی بیری سەربەستانە نووسراوە وردەکانی ناو ویجدانی خۆی بخوێنێتەوە. زۆر کەس هەن کە خۆیان وا ڕاهێناوە لەم ڕێیەوە سەیری ناخی دڵی خۆیان بکەن. ئەو داهاتانەی کە ئەو جۆرە کەسانە بە بینین و هەستیارە ئاسکەکانی ناخی خۆیان بەدەستی دەهێنن هەرگیز ناتوانن لە هیچ کتێبێکی تردا دەستیان بکەوێت. دەتوانرێت لە ژێر ئەم زەرەبینەوە هێما و ئاماژەکانی کتێبە ئاسمانییەکان بە ڕەنگە تایبەتییەکانی خۆیان دەربکەون. جا ئەو کەسانەی کە ناتوانن ئەم ئاسۆیانە ببینن و لەناو چوارچێوەی دەروونی خۆیاندا قەتیس ماون و خۆیان لەوێدا بەند کردووە و لەو قاوغ و چوارچێوەیە دەرنەچوون، هیچ کاتێك ناتوانن شتێك لەم قسانە حاڵیٚ بن!

* * *

با ئێستا لە ڕووی دووهەمی پرسیارەکە بدوێین: چ کاتێك ئەم پەیمانە وەرگیراوە؟

دەبێ پێشەکی ئەوە ڕوون بکەینەوە کە لەناو دەقەکاندا ناتوانین شتێکی گومانبڕمان لەسەر ئەمە دەست بکەوێت. بەڵام دەتوانین ئەو شتانە بهێنین کە تەفسیرنووسەکان لەم بارەیەوە وتوویانە:

ئەم ئیجاب و قبوولە لە کاتی ڕۆشتنی زیندەتۆو (حیمن)ی مرۆڤدا بووە بەرەو پیتاندن و.. لەو کاتەدا بووە کە ئاوەڵە(جنین) شێوەی مرۆڤی لەخۆ گرتووە.. یان ئەو دەمەی کە منداڵ دەگاتە تەمەنی ئاوزان و بالغ بوون. هەریەك لەم ڕا و بۆچوونانە شێوازی تایبەتییان هەیە بۆ بەرگری لەخۆکردن. بەڵام گەلێ دژوارە کە هۆکارێکی یەکلاییکەرەوە بە دەستەوە بێت و یەکێك لەو ڕا و بۆچوونانەی پێ تەرجیح بدرێت.

جا هەروەك ئەم پەیمانە لە جیهانی گیانەکاندا ڕوویداوە، دەشکرێت لە کاتی پەیوەندی کردنی گیان بە گەردیلەکانی خۆیەوە لە جیهانێکی تردا ڕوو بدات.. هەروەك لە یەکێك لە قۆناغەکانی گەشەکردنی ئاوەڵمە لە ڕەحمی دایکدا ڕوویداوە، دەشگونجێت لە هەر قۆناغێکی گەشەکردندا تا کاتی بالغبوون ڕوو بدات.

خۆ ئەو خواوەندە گەورەیەی کە وەکو یەك لەگەڵ "ئەمڕۆ" و "دوێنێ" دەدوێت و بە وێنەی ئەمڕۆ لە دوێنێش ئاگادارە، لەوانەیە لە هەموو ئەم قۆناغانەدا پەیمانەکەی وەرگرتبێت. ئێمە لە قووڵایی ویجدانی خۆماندا دەنگێکی بەم جۆرە دەبیستین لەسەر ئاگاداری و شایەتیی دڵمان لەسەر ئەم پەیمانە.

هەروەك "گەدە" بە زمانی تایبەتیی خۆی برسێتییەکەی خۆی دەردەبڕێت و، "جەستە"ش، بە وشە تایبەتییەکانی، ئازارەکانی ڕادەگەیەنێت.. "ویجدان"یش بە هەمان جۆر، زمان و زاراوە تایبەتییەکانی خۆی دەخاتە کار و، باسی ئەو گفتوگۆ و عەهد و پەیمانانە دەکات و، بەدەست ئازار و دڵتەنگییەکانیشیەوە دەناڵێنێت. ئەم ویجدانە هەمیشە لە دڵەتەپێ و نیگەرانیدایە تاکو بە ڕاستگۆیی لەسەر گفت و پەیمانەکەی خۆی بمێنێتەوە و، لە شێوەی چەند شەپۆلێکی یەك لە دوای یەکیشدا ترپە و ئینفیعالاتەکانی خۆی دەردەخات. هەروەك منداڵ کە بە گریانەکەی سەرنجەکان بۆ لای خۆی ڕادەکێشێت و خۆیشی لەمەدا بە "بەختەوەر" دادەنێت و، گەر نەشتوانێت ئەو داخ و خەمانەی دەربڕێت کە پێیانەوە دەناڵێنێت، ئەوا نائومێدی و دڵشکاویی پێوە دەردەکەوێت.. "ویجدان"یش بە هەمان جۆرە، چونکە ویجدان لە پێشچاوی ئەو کەسانەدا کە دەیخوێننەوە و هەستی پێ دەکەن:

ئاوێنەیەکی خاوێن و درەخشانە بۆ مەزنترین ڕاستییەکان و.. کتێبخانەیەکی یەکجار دەوڵەمەندە و.. تۆمارێکی تایبەتی و.. شوێنێکی بەرز و بڵندی ئەمبارکردن و تێداپاراستنی شتانە.

* * *

پرسیاری دوازدەم:

ئایا بەڵگەی عەقڵی هەیە لەسەر: ﴿ألستُ بربکم قالوا بلی﴾؟

وەڵام: هەندێ مەسەلە و بابەت هەن کە گەلێ سەخت و دژوارە بە عەقڵ و ژیری ڕوون بکرێنەوە. خۆ ئەگەر لە ڕێی ژیرییەوە خەڵکیان لێ تێبگەیەنرێت ئەوا تەنها لەو ڕووەوە دەکرێت تێبگەیەنرێن کە: ئەم بابەت و مەسەلانە لە جۆری "مومکینات"ن، واتە "مەحاڵ" نین.

لە ڕاستیدا مادەم خوای گەورە باسی کردووە، ئەوا هیچ ئیعتیرازێك ڕوو لەم مەسەلەیە ناکات.

دەتوانین لە دوو ڕووەوە لەم پرسیارە بدوێین:

١ - ئایا شتی وا ڕووی داوە؟ ئەگەر ڕووی داوە چۆن دەکرێ بچەسپێنرێت؟

٢ - ئایا کەسێکی ئیماندار ئاگاداری ئەم هەواڵەیە و بینیویەتی؟

پێش هەموو شتێك، ئایا پرسیاری: ﴿ألستُ بربكم﴾ کە خوای گەورە لە ڕۆحەکانی کردووە - ئیتر لە هەر جیهانێکدا بوو بێت -پاشان وەڵامی ڕۆحەکانیش: ﴿بلى﴾ پرسیار و وەڵامێکی قەطعی و بێ گومانە؟

ئەم مەسەلەیە لە دوو ئایەتی قورئانی پیرۆزدا باس کراوە:

یەکێکیان ئەم ئایەتەیە:

﴿وإذْ أخَذَ ربُّك مِن بني آدمَ مِن ظهورِهم ذُرّيّتَهُمْ وأشهَدَهُم على أنفُسِهم ألستُ بِربِّكُمْ قالوا بلى﴾(الأعراف:١٧٢).

کەواتە ئەم پەیمانە وەرگیراوە و بەسەرهاتەکەش ڕوویداوە. تەفسیرنووسان لە کۆن و نوێدا قسەی زۆریان لە تەفسیری ئەم ئایەتەدا کردووە.. بەشێکیان وتوویانە: ئەم پەیمانە لەو گەردیلانە وەرگیراوە کە لە داهاتوودا مرۆڤیان لێ پێك دەهێنرێت و لە ڕۆحەکانیشیان پێکەوە.

هەندێکی تریان وتوویانە: لەو کاتەدا وەرگیراوە کە مناڵ دەکەوێتە ڕەحمی دایکیەوە.

چەند تەفسیرنووسێکی وردەکارتر پشتیان بە فەرموودەیەکی پیرۆز بەستووە و وتوویانە: ئەم پەیمانە لەو کاتەدا لە مرۆڤ وەرگیراوە کە فووی ڕۆح(ژیان)ی تێ کراوە.

لە ڕاستیدا قسە و گوفتاری خوای گەورە لەگەڵ بەدیهاتوواندا گەلێ جیاجیا و جۆراوجۆرە. ئەوەتا ئێمە بە جۆرێکی تایبەتی و شێوەیەکی دیاریکراو دەدوێین، کەچی لەگەڵ ئەمەشدا جۆرە گفتوگۆیەکی ترمان هەیە کە هی هەستە ناوەکی و دەرەکی و ئاشکرا و پەنهانەکانمانن و، قسە و گوفتاری عەقڵ و ڕۆحمان هەیە و، جۆرە گوفتارێکی دەروونی و لەفزیشمان هەیە و، گەلێ جار بە هەموو ئەم زمانانە دەدوێین و هەوڵیش دەدەین ئەوانەشیان پێ تێ بگەیەنین کە لێیان تێ دەگەن.

ئەوەتا "دڵ" زمانی تایبەتیی خۆی هەیە قسەی پێ دەکات، بەڵام هەستی پێ ناکرێت. خۆ ئەگەر پێمان بوترێ: لە دڵی خۆتاندا چیتان دەوت؟ دەڵێین: ئاوا و ئاوا. هەروەها ئەو شتانەش دەگێڕینەوە کە لە دەروونماندا وتوومانن، ئەمەش قسە و گوفتاری دەروونییە. هەندێ جاری تر لە خەونەکانماندا قسە دەکەین و لە خەڵکیش تێ دەگەین، کە هیچ کەسێکی تەنیشتی خۆمان هەستی پێ ناکات، پاشان کە لە خەو هەڵدەستین و

ر دەبینەوە یەك‌بەیەكی ئەو قسانە بۆ کەسانی تر دەگێڕینەوە، دیارە ئەمەش جۆرێکی ترە لە قسە و گوفتارەکانمان.

کەسانێکی تر هەن کە تابلۆکانی جیهانی میسالیان پیشان دەدرێن و لەگەڵ کەسانی جیهانی میسالیش‌دا دەدوێن و گفت‌وگۆ دەکەن. لەوانەیە هەندێ کەس لە ماددی‌یان باوەڕ بەمە نەکەن و بڵێن ئەمە وڕێنەیە. با وازیان لێ بهێنین! چونکە پێغەمبەری خۆشەویست ﷺ چەندین تابلۆی میسالیی جیهانی بەرزەخ و جیهانی میسال پێش‌چاوی بڵند و بەرزی پێغەمبەرانەی دەخرا و ئنجا هەموو ئەوانەش کە چاوی پێیان دەکەوت لێیان تێ‌دەگەیشت و هەستی پێ دەکردن و بۆ کەسانی تری دەگێڕانەوە. خۆ ئەمەش جۆرێکی تری گوفتارە.

بەڵام "وەحی" جۆرێکی تەواو جیایە لەمانە. ئەوەبوو کە وەحی بۆ پێغەمبەر ﷺ دەهات جگە لە خۆی کەسی تر هەستی پێ نەدەکرد و لێی تێ نەدەگەیشت. خۆ ئەگەر وەحی شتێکی ماددی بوایە و بە گوێ ببیسترایە، ئەوا کەسانی نزیکی دەیانبیست و هەستیان پێ دەکرد. کەچی کاتی وا دەبوو کە وەحیی بۆ دەهات سەری لەسەر ڕانی یەکێك لە خێزانەکانی، یان ئەژنۆی بە ئەژنۆی یەکێك لە هاوەڵە بەڕێزەکانیەوە دەبوو، لەو کاتەدا پێغەمبەر ﷺ لەو وەحی‌یە تێ‌دەگەیشت بێ ئەوەی کەسی تری جگە لە خۆی هەستی پێ بکات. ئنجا پێغەمبەریش ﷺ پیت بە پیتی ئەو وەحی‌یەی پێ ڕادەگەیاندن. خۆ ئەمەش دەنگ و قسە و گوفتارێکە لە شێوەیەکی تردا.

"ئیلهام" بۆ دڵی وەلی دێت و شتێك بە گوێی دڵی‌دا دەچرپێنێت، کە ئەمەش جۆرێکی تری گوفتارە و بە وێنەی زمانی مۆرس(بروسکە) وایە، کە چەند جارێکی دیاری‌کراو لێ دەدرێت و کارمەندی بەرپرسیاری بروسکە ڕاستەوخۆ لێی تێ‌دەگات. جا هەندێ شت بە هەمان جۆر لە دڵی وەلی‌دا دادەنرێت، ئنجا ئەویش لە لایەنی خۆیەوە چەندین واتای جیاجیای لێ دەردەهێنێت. بۆ نموونە وەك ئەوەی وەلی‌یەك بڵێت: فڵانی کوڕی فیسار کەس گەیشتە بەردەرگا، کە دەرگا بکەنەوە ببینن لەوێ‌یە و گەیشتووە! خۆ دیارە ئەمەش جۆرێکی تری قسە و گوفتارە.

ئنجا "تەلیپاثی"ش هەیە[1].. ئەوەتا زانایانی ئەمڕۆ بە ژمێرکاری و تاقیکردنەوەکانی خۆیان ڕێ بۆ ئەو ڕۆژە خۆش دەکەن کە پێیان وایە دەتوانن بە تەلیپاثی لەگەڵ یەکتردا بدوێن. کە ئەمەش جۆرێکی تری قسە و گوفتارە.

---

(١) (تەلیپاثی Telepathy): بریتی‌یە لە گۆڕینەوەی بیر و بۆچوون و لەیەکتر حاڵی‌بوون لە نێوان مێشکی چەند کەسێك‌دا، بە بێ بەکارهێنانی زمانی قسە و گوفتار. بڕوانە فەرهەنگی: **Oxford**. (وەرگێڕ)

ڕووتێکردنی دڵ لە دڵ و برووسکە بەیەکدانی مرۆڤ لە ناخەوە جۆرێکی تری دەربڕین و گفتوگۆیە.

لە هەموو ئەمانەوە کە باسمان کردن، تێدەگەین لەوەی کە خوای گەورە چەندین جۆری لەژمارەبەدەری قسە و گفتوگۆی بەدیهێناوە.

ئێستاش با بڕۆینەوە سەر باسەکەمان.

خوای گەورە بە ئێمەی فەرموو: ﴿ألستُ بربکم﴾؟ بەڵام ئێمە نازانین بە کام جۆر لە جۆرەکانی گوفتار فەرموویەتی. خۆ ئەگەر ئەم فەرمایشتەی لە شێوەی لێدانی مۆرس‌دا بوو بێت - دیارە ئەمە نموونەیە و، نموونەش قڕە و بڕەی لەسەر ناکرێت - بە وێنەی قسەکردن لەگەڵ مرۆڤی وەلی‌دا، ئەوا بێ گومان ناتوانین بە گوێکانمان ئەم گوفتارە ببیستین. واتە ئەو گوفتارە "ئیلهام"ە و "وەحی" نی‌یە. خۆ ئەگەر "وەحی"یش بێت "ئیلهام" نی‌یە. گەر گوفتارەکەی ئاراستەی ڕۆح کردبێت ئەوا لەگەڵ جەستەی نی‌یە، ئەگەر ئاراستەی جەستەشی کردبێت ئەوا لە جۆری ئەو گوفتارە نی‌یە کە لەگەڵ ڕۆح‌دا دەکرێت.

ئەم خاڵە گەلێ گرنگە، چونکە کارێکی یەکجار هەڵەیە گەر ئەو شتانەی کە مرۆڤ لە جیهانی "میسال" و جیهانی "بەرزەخ" و جیهانی "ڕۆحەکان"دا دەیانبینێت و هەستیان پێ دەکات، بە تەرازووەکانی ئەم جیهانە هەڵبسەنگێنرێن. ئەوەتا پێغەمبەر ﷺ دەفەرموێت: "کاتێ بەندە خرایە گۆڕەکەی و هاوڕێیانی بەجێیان هێشت و ئەویش گوێی لە دەنگی پێیانە، ئا لەم کاتەدا دوو مەلائیکەت دێن بۆ لای و دای‌دەنیشێنن و پێی دەڵێن: بەرامبەر بەم پیاوە کە محمدە ﷺ لە دنیادا چیت دەوت؟"[1]. ئایا ئەم پرسیارە لە چ لایەنێکی ئەو مرۆڤە دەکرێت؟ خۆ چ لە جەستەی و چ لە ڕۆحی بکرێت، ئەنجامەکەی هەریەکێکە و ناگۆڕێت. گەر مردووەکەش هەست بەم گوفتارە بکات هەرگیزاوهەرگیز ئامادەبوانی دەوروبەری هەستی پێ ناکەن. تەنانەت گەر ئامێرێکی تۆمارکردنیش لە گۆڕەکەی‌دا دابنێن، ئەوا هەرگیز ناتوانن هیچ شتێك ببیستن. چونکە ئەو گفتوگۆیە لە چەند دووری(أبعاد)یەکی تری غەیری دووری‌یەکەی ئێوەدا ئەنجام دەدرێت، بە وێنەی دووری‌یەکانی چوارەم و پێنجەم و دووری‌یەکانی تری وەك ئەمانە کە ئەنیشتاین و غەیری ئەویش دۆزیویانەتەوە. مەسەلەکە - بە هەمان جۆر - بەپێی گۆڕانی جێ و شوێنیش دەگۆڕێت و بە شێوەیەکی تر لە بەردەمتان‌دا دەردەکەوێتەوە. کەواتە: ﴿ألستُ بربکم﴾ گوفتارێکی خوای گەورەیە کە بە ئاراستەکردنێکی تایبەتەوە

---

(١) رواه البخاري: الجنائز ٨٧.

لەگەڵ ڕۆحدا کردوویەتی. لەبەر ئەوە، نابێ چاوەڕوانی ئەوە بم کە پەی بە کاریگەریی ئەم گوفتارە لە خۆمدا بەم، یان لەبەرم کردبێت و لە بیرم مابێت، بەڵکو لە شێوەی هەستکردنێکدا کە لە "ویجدان"ەوە سەری هەڵدابێت دەتوانرێت چاوەڕوانی ئەوە بکرێت. ئەوەتا ئێمە لە ڕێی ئەو ئیلهامانەی کە دێنە ناو ویجدانمانەوە هەستی پێ دەکەین.

لە کاتی ڕوونکردنەوەی ئەم مەسەلەیەدا، یەکێك پێی وتم:

– کوا؟ من هەستم بەمە نەکردووە؟

پێم وت:

– بەڵام من هەستم پێ کردووە! خۆ ئەگەر تۆ هەستت پێ نەکردبێت ئەوە پەیوەندیی بە خۆتەوە هەیە. بەڵام من باش لە یادمە کە هەستی پێ دەکەم. گەر پرسیاریشم لێ بکرێت: بە چ شتێك هەستت پێ کرد؟ دەڵێم: بەو شەوق و تاسەمەندییەی کە لە ناخمدا دانراوە بەرەو "ئەبەد". خۆ هەرچەندە خۆم کۆتاییم پێ دێت، بەڵام لە ڕێی حەزو ئارەزووە بێ کۆتاییەکانمەوە ئەم دەنگەم بیستووە. لە ڕاستیدا لەبەر ئەوەی من سنووردار و پابەندم ناتوانم پەی بە بەدیهێنەری مەزنم بەم، چونکە چۆن بتوانم دەرکی ڕەهای بێ کۆتایی بکەم؟ کەچی بەو حەز و ئارەزووە تاسەمەندەی کە بەرەو "ڕەها" و "پابەند نەبوو" لە خۆمدا هەستی پێ دەکەم، دەتوانم پەیی پێ بەم. ئەوەتا مێرووبەکی سنووردار لەم جیهانە سنووردارە و لە جیهانە بەرتەسکەکەی خۆیدا دەژی، کاتێکیش کە دەمرێت هەموو ئەو شتە سنووردارانەشی لەگەڵدا دەمرن کە لەناو ژیانی ئەودا بوون. منیش وەك ئەو لە جیهانێکی سنووردار و کۆتایی پێهاتوودا دەژیم. بەڵام بیر لە بێسنوور و بێ کۆتایی دەکەمەوە، حەز و ئارەزووشم بەرەو ئەبەد تێدایە و، شەوق و تاسەی "بەهەشت" و "بینینی جوانیی خوای گەورە"شم لە ڕۆحمدا هەڵگرتووە. خۆ ئەگەر سەرانسەری دنیا ببێت بە موڵکی من هێشتا ئەم خەم و حەز و شەوقەم لاناچێت. هەر لەبەر ئەمەش بوو کە وتم: "من هەستی پێ دەکەم". چونکە ئەم حاڵە لە خۆمدا شك دەبەم.

"ویجدان" هەرچییەك بێت، هەمیشە بە هەموو کوللییات و بەشەکانیەوە زمانی بە یاد و ذیکری خوا پاراوە و، هەرگیزاوهەرگیز درۆ ناکات. خۆ کاتێك ئەو شتەی پێ بدرێت کە دەیەوێت و ئارەزووی لێیەتی، یەکسەر دەسرەوێت و دڵنیایی بەدەست دەهێنێت. بۆیە دڵی مرۆڤ کە لایەنێکی ناسك و نیانی پەروەردگارییە لە مرۆڤدا، هەرگیز دڵنیایی بەدەست ناهێنێت هەتا ویجدان نەسرەوێت و نەکەوێتە دڵنیاییەوە. وەك ئەم ئایەتە پیرۆزە ئاماژەی بۆ دەکات:

﴿الذين آمنوا وتطمئن قلوبُهم بذِكرِ الله ألا بذِكرِ الله تطمئنُ القلوب﴾(الرعد:٢٨).

جگە لەمەش "بریگسۆن" و فەیلەسووفەکانی تری هاوچەشنی، لە بواری چەسپاندنی بوونی خوای گەورەدا وازیان لە هەموو بەڵگە عەقلی و نەقلی‌یەکان هێنا و تەنها "ویجدان"یان کرد بە بەڵگە لەسەری. تەنانەت "کانت" لە شوێنێکدا دەڵێت: (من هەموو زانیاری‌یەکانی خۆمم پشت گوێ خست و وازم لێ‌هێنان تاکو بەو شێوەیەی کە شایستەی مەزنایەتیی خوای گەورەیە، خواوەند بناسم)! "بریگسۆن"یش کاتێ کە دەیەوێت ئەم ڕێگایە بگرێتە بەر، تاقە بەڵگەی هەر "ویجدان"ە. ئەوەتا "ویجدان" گەلێ بە "ئینکاریی بوونی خوای گەورە" نیگەران دەبێت و، جگە لە "ئیمانهێنانی بە خوای گەورە" بە هیچ شتێکی تر ناسرەوێت و ئارامی و دڵنیایی بە خۆیەوە نابینێت.

مرۆڤ کاتێ کە گوێ لە دەنگی ئەو ویجدانە ڕادەگرێت کە لە ناخیەوە دەردەچێت، هەمیشە لەو دەنگەدا هەست بە بوونی پەرستراوێکی ئەزەلی و ئەبەدی دەکات. وەڵامی: ﴿بلى﴾ بریتی‌یە لەم حاڵ و دەربڕینەی کە بە چەند وشەیەکی بێ‌دەنگ لە ناخی ویجدانی مرۆڤدا خۆی دەرخست و وەڵامی: ﴿ألستُ بربكم﴾ی گوفتاری خواوەندی پێدایەوە. خۆ هەر مرۆڤێك بە وردی سەرنج لە خۆی بدات، هەست بەو زایەڵەیە دەکات کە لە قووڵایی‌یەکانی ناخی ڕۆحی خۆیەوە بەرز دەبێتەوە. دەنا گەر لە "ژیری" یان "جەستە"دا بە دوای ئەم زایەڵەیەدا بگەڕێت، ئەوا گرفتاری هەڵوێستە دژ بە یەك و نادروستەکان دەبێت. بەڵێ ڕاستە، ئەم زایەڵەیە لە ویجدانی هەموو کەسێکدا هەیە، بەڵام چەسپاندنەکەشی تایبەتە بە مەیدان و بواری خۆیەوە.

جا هەموو ئەهلی تەحقیق و ئەهلی شهود و ئەصفیا و ئەولیا و پێغەمبەران - درودیان لەسەر بێت - بە وێنەی خۆری ڕۆژی ڕووناك ئەمەیان دیوە و پیشانی غەیری خۆیشیانداوە. بەڵام لە ڕێی ژیری‌یەوە ناتوانین بیچەسپێنین و ڕوونی بکەینەوە وەك ئەوەی کە درەختێکی پەڵك یان سنەوبەر ڕوون دەکەینەوە. ئەو کەسەی گوێ لە ویجدانی خۆی ڕادەگرێت و چاوی بەو شتانە دەکەوێت کە لەوێ ڕوو دەدات، بە بێ‌گومانی ئەمە دەبینێت و هەستی پێ دەکات و دەیبیستێت.

* * *

پرسیاری سێ‌هەم

قورئانی پیرۆز ڕوونی کردووەتەوە کە ویستی هەمەکی(ئیرادەی کوللی) تایبەتە بە خوای گەورەوە. خۆ ئاشکرایشە کە مرۆڤ ویستێکی جوزئیی هەیە. ئایا ئەو کەسەی گوناه دەکات، لەسەر بناغەی ویستە جوزئی‌یەکەی خۆی دەیکات.. یان ئیرادەی کوللیی خوای گەورە پاڵی پێوە دەنێت بۆ گوناهکردن؟

وەڵام: ئەم مەسەلەیە بەم چەشنەی خوارەوە کورت دەکەینەوە:

مرۆڤ ویستێکی هەیە و ئێمەش ناوی: "ئیرادەی جوزئی" یان "ویستی بەشەری" یاخود "توانای کەسبی مرۆڤ"مان لێ ناوە. بە بەدیهێنانەکەی خوای گەورەش دەڵێین: "ئیرادەی کوللی" یان "هێزی بەدیهێنان" یان "قودرەت" یان "ئیرادە" یان "تەکوین" (کە هەموو ئەمانەش سیفاتی خوای گەورەن).

جا ئەگەر مەسەلەکە لەو ڕووەوە بگرین کە دەگەڕێتەوە بۆ خوای گەورە، مرۆڤ وا تێدەگات کە وەك بڵێی خوای گەورە شتان ناچار دەکات بۆ پەیدا بوون و هاتنە وجوود. ئیتر بەم جۆرە "جەبر" خۆی دەهاوێتە ناو مەسەلەکەوە. خۆ ئەگەر لەو ڕووەشەوە ئەم مەسەلەیە بگرین کە دەگەڕێتەوە بۆ مرۆڤ ئەوا وای لێ تێدەگەین کە مرۆڤ خۆی بکەری کردەوەکانی بێت. ئەو کاتەش بیری "قەدەرییە - موعتەزیلە" خۆی دەکات بە ناودا کە لەسەر ئەو بناغەیە دامەزراوە گوایا: "بەندە بەدیهێنەری کردەوەکانی خۆیەتی"!

لە ڕاستیدا خوای گەورە بەدیهێنەری هەموو شتێکە لە بوونەوەردا. ئەو ئیرادە کوللی‌یەی کە لە پرسیارەکەدا هاتووە بریتی‌یە لەمە. تەنانەت ئایەتی پیرۆزی: ﴿والله خلقكم وما تعملون﴾(الصافات:٩٦) ڕوونی دەکاتەوە کە خوای گەورە بەدیهێنەری خۆتان و ئەو کردەوانەشتانە کە ئەنجامیان دەدەن. بۆ نموونە: گەر ئۆتۆمبیلێك دروست بکەن یان خانووبەرەیەك بنیات بنێن، ئەوا خوای گەورە بەدیهێنەری هەموو ئەو شتانەیە و چ خۆتان و چ کردەوەکانتان هەموو هی خوای گەورەن. بەڵام تەنها یەك شت تایبەتە بە ئێوەوە، ئەویش کەسب و کارتێداکردنی مرۆڤە، کە مەرجێکی عادی‌یە و وەکو "مەیل" یاخود بە وێنەی دەستلێوەدانی سویچی تۆڕێکی کارەبایە کە دنیا ڕووناك دەکاتەوە. جا هەروەك لەم هەڵوێستەدا ناتوانرێت بوترێ: هیچ دەستێکی ئێوە لەم کارەدا نی‌یە، ناشتوانرێت هەموو شتێکی ئەم کارە هی ئێوە بێت. کارەکە بە تەواوی هی خوای گەورەیە، بەڵام کاتێ خوای گەورە ئەم شتانە بەدی‌دەهێنێت دەستتێوەردانی جوزئیی ئێوەی وەك مەرجێکی عادی قبووڵ کردووە و هەموو ئەو شتانەی کە خۆی دەیانکات و بەدی‌یان‌دەهێنێت لەسەر ئەو جوزئە ئیختیاری‌یە بنیاتی‌ناون.

بۆ نموونە: سیستەمی کارەبای ئەم مزگەوتە، خوای گەورە بەدیی‌هێناوە و، داگیرساندنەوەی سەرلەنوێیشی هەر تایبەتە بە خواوەندەوە. چونکە بەدیهێنانی ڕووناکی لە لافاوی ئەلیکترۆنەکان و ڕووناك کردنەوەی مزگەوتەکە هەریەکەیان

کارێکی سەربەخۆیە لە خۆی‌دا و هەموو ئەم کارانەش ئەو خوایە ئەنجامیان دەدات کە: "نورالنور، منورالنور، مصورالنور"ە، بەڵام بەشی دەستتێوەردان و کاری ڕاستەوخۆی ئێوە لە ڕووناك کردنەوەی ئەم مزگەوتەدا ئەو سیستەمەیە کە خوای گەورە لە کارەبادا دایناوە و بریتی‌یە لەوەی تەنها پەنجە لە سویچی کارەباکە بدەن ئیتر مزگەوتەکە ڕووناك ببێتەوە. بەڵام کاری ڕووناك کردنەوەی مزگەوتەکە بە سیستەمی کارەبا، تایبەتە بە خوای گەورەوە و گەلێ لە وزە و ویستی ئێوە بەرز و باڵاترە.

با ئەمە زیاتر ڕوون بکەینەوە. بۆ نموونە: مەکینەیەکی ئامادە بۆ کارکردن و ڕۆیشتن، کە تەنها ئەرکی پەنجەلێدانی کلیلی خستنەکاری بە ئێوە درابێت. جووڵاندنی ئەم مەکینەیە تایبەتە بەو کەسەوە کە دروستی کردووە، بۆیە بەم دەستلێدانە جوزئی‌یەی کە تایبەتە بە مرۆڤەوە دەڵێین: "کەسب" (واتە بەدەستهێنان) یان "ئیرادەی جوزئی". بەڵام ئەوەی کە تایبەتە بە خوای گەورەوە پێی دەڵێین: "خەلق، ئیجاد" (واتە بەدیهێنان). بەم پێیە ئیرادە(ویست) دەبێت بە دوو بەشەوە:

١ ـ ئیرادەی کوللی.

٢ ـ ئیرادەی جوزئی.

ویست و ئیرادە تایبەتن تەنها بە خوای گەورەوە: ﴿**وما تشَاؤُونَ إلاّ أن يشَاءَ الله**﴾(الإنسان: ٣٠). بەڵام بۆ ئەوەی کەس بە هەڵە تێ نەگات ئەوا کاتێ کە ئەم قسەیە دەکەین لەگەڵی‌دا دەڵێین: بەندەش ئەرکی پەنجەلێدانی سویچەکەی لەم کارەدا بەرکەوتووە، کەواتە ئەویش ئیرادەی هەیە، ئەمەش بۆ ئەوەی نەکەوینە ئەو بۆچوونە دژ بە یەکانەی کە ڕێڕەوی "جەبری" تێی کەوت. کاتێکیش کە دەڵێین: بەدیهێنەری ئەو شتە هەر تەنها خوای گەورەیە، دەمانەوێت ڕوونی بکەینەوە کە ئێمە وەکو ڕێڕەوی "موعتەزیلە" ناڕوانینە مەسەلەکان. بەمەش کارێك دەکەین کە شیرك و هاوبەشایەتی بۆ خوای گەورە دانەنێین، نە لە خوایەتی‌یەکەی‌دا نە لە پەروەردگاریتی‌یەکەی‌دا. چونکە خوای گەورە هەروەك لە زاتی‌دا تاك و تەنیایە، لە بەڕێ کردنی کارەکانیشی‌دا بە هەمان جۆر تاك و تەنیایە و کاری خۆی بە کەسی تر ناسپێرێت و هەر بە زاتی خۆی هەموو شتێك بەدی‌دەهێنێت. بەڵام لەبەر "تەکلیف" و حیکمەت و نهێنی‌یەکانی تری هاوچەشنی، دەستتێوەدانی مرۆڤی لەو کارانەدا وەك مەرجێکی عادی قبووڵ کردووە.

بۆ ڕوونکردنەوەی زیاتر لێرەدا نموونەیەك دەهێنین کە پێشەوایەکی مەزن باسی کردووە:

(ئەگەر منالێکی کۆلەواری لاوازت لەسەر شانت هەلگرت و سەربەستیت دایە دەست خۆی و پێت وت: چ جێگایەکت دەوێت دەتبەم بۆ ئەوێ، منالەکەش داوای کرد بۆ سەر چیایەکی مەزن سەری بخەیت و تۆش بردت بۆ ئەوێ، بەڵام منالەکە لەوێ نەخۆش کەوت یان کەوتە خوارەوە. بێ گومان پێی دەڵێیت: تۆ خۆت داوای ئەمەت کرد. ئیتر سەرزەنشتی دەکەیت و، جگە لە ئازارەکەی خۆی، ئازاری زلل‌ەی تەمێ کردنیشی بۆ زیاد دەکەیت! خوای گەورەش - ولله المثل الأعلى - بە هەمان جۆرە، ئەوەتا ئەو خواوەندەی کە "أحكم الحاكمين"ە، "ویست"ی ئەم بەندەیەی خۆی، کە لەوپەڕی لاوازیدایە، کردووە بە مەرجێکی ئاسایی بۆ ویستە هەمەکی‌یەکەی خۆی)[1].

ئایا لەم نموونەیەدا دەتوانرێ ئینکاریی "ویست"ی منالەکە بکرێت؟ بێ گومان لە وەڵامدا دەڵێین: نەخێر، چونکە خۆی ویستوویەتی و داوای کردووە. بەڵام ئەو کەسەی گەیاندی‌یە ئەو شوێنە بەرزە، تۆ بوویت گەیاندت. بە هەمان جۆر نەخۆشی‌یەکەش منالەکە نەیکردووە و ئەنجامی نەداوە، بەڵکو جگە لە داواکردنی ڕۆشتنی سەر چیاکە هیچ شتێکی تری لێ دەرنەکەوتووە. کەواتە دەبێ ئەمانە لە یەك جیا بکرێنەوە: ئەو کەسەی منالەکەی نەخۆش خست و.. ئەو کەسەی گەیاندی‌یە ئەوێ و.. ئەو کەسەش داوای ئەم گەیاندنەی کرد. ئێمە لەم واتا و تێگەیشتنەوە دەڕوانینە: "قەدەری خوا" و "ویستی مرۆڤ". خۆ جگە لە خوای گەورەی خاوەن تەقدیر کەسی تر حەقیقەتی هیچ شتێك نازانێت.

* * *

پرسیاری چوارەم

قورئانی پیرۆز دەفەرموێت:

﴿مَن يَهدِ الله فهُو المهتَدِ ومَن يُضلِل فلن تجدَ له وليّاً مُرشِداً﴾(الكهف:١٧).

هەروەها لە قورئاندا هەیە کە: خوای گەورە بیر و ژیری و ویستی بە مرۆڤ داوە و، هەردوو ڕێگاکەی پیشان داوە و سەربەستە لە گرتنەبەری هەر کامیاندا. ئایا چۆن ئەم دوو شتە یەك بخەین؟

وەڵام: ئەم پرسیارە دوو کەرتی تێدایە:

---

(١) بڕوانە: سەرجەمی پەیامەکانی نوور، بەرگی یەکەم (وتەکان) نووسینی بدیع الزمان مامۆستا سەعیدی نوورسی ل ٦٦٠ کە بە پشتیوانیی خوای گەورە کردمان بە کوردی. (وەرگێڕ).

ئایا ئەو شتەی ڕوو دەدات بەو ئیرادە کوللی‌یە ڕوو دەدات کە خوای گەورە ویستی لەسەریەتی، یان مرۆڤ ویستی خۆی تێدا دەخاتە کار؟ واتای ئەو هیدایەتەی کە لە پرسیارەکەدایە بریتی‌یە لە: ڕێی ڕاست.. ڕوشد.. ئەو ڕێگایەی کە پێغەمبەران - درووودیان لەسەر بێت - گرتیانەبەر. بەڵام ضەلالەت(گومڕایی) بریتی‌یە لە: ڕێی گومڕایان.. ونبوون لە ڕێی ڕاست.. لادان لە ڕاستەشەقام.

جا ئەگەر بە وردی سەرنج بدرێت دەزانرێت کە هەردوو شتەکە یەك کارن و ئەو ڕووەشی کە پەیوەندیی بە مرۆڤەوە هەیە بریتی‌یە لە کارێکی یەکجار بچووك. جا لەسەر ئەم بناغەیە، دەبێ هەردوو کارەکە بدرێتە پاڵ خوای گەورە، چونکە هەرچی کارە دەگەڕێتەوە بۆ خوا و هیچ کارێك نی‌یە هی ئەو نەبێت. لەبەر ئەوە، خوای گەورە بە داخوازیی ناوی: "المضل"ی خۆی "ضەلالەت" بەدیدەهێنێت و، بە داخوازیی ناوی: "الهادي"شی "هیدایەت" بەدیدەهێنێت. کەواتە ئەو کەسەی هیدایەت دەدات و گومڕاش دەکات هەر تەنها خوای گەورەیە.

بەڵام ئەمە وا ناگەیەنێت کە بەندە لە لایەن خوای گەورەوە بە زۆرەملێ بەرەو "گومڕایی" و "هیدایەت" ڕاپێچ دەکرێت، بێ ئەوەی خۆی هیچ دەستێکی تێدا هەبێت!

دەکرێ بە کورتی و بەم شێوەیەی خوارەوە لەم مەسەلەیە تێ بگەین:

گەر گرتنەبەری ڕێی "هیدایەت".. یان بەربوونەوە بەرەو "ضەلالەت" کارێك بێت قورسایی‌یەکەی - بۆ نموونە - دە تەن(طـن) بێت، ئەوا کارێکی هەڵەیە گەر یەك لە سەدی ئەو قورسایی‌یە بە مرۆڤ بدرێت! چونکە خاوەنی ڕاستەقینەی ئەو کارە هەر تەنها خوای گەورەیە، کەواتە دەبێ کارەکە بدرێت بە خاوەنەکەی.

با ئەمە زیاتر ڕوون بکەینەوە:

خوای گەورە هیدایەتدەرە و گەلێ هۆکاری هیدایەتیشی بۆ مرۆڤ داناوە. بۆ نموونە: هاتن بۆ مزگەوت و.. گوێ‌گرتن لە ئامۆژگاری و.. ڕووناك کردنەوەی بیر و.. گوێ‌ڕاگرتن لە قورئانی پیرۆز و.. بیرکردنەوە و ڕۆچوون لە ناخی واتاکانی‌دا و.. ئامادەبوونی کۆڕی پێغەمبەر ﷺ و.. قوتابێتی کردن بە گوێی دڵ بۆ فەرموودەکانی و.. گوێ لێ ڕاگرتنیان بە گوێی ڕۆح و دڵێکی بێدار و.. خاوێن‌کردنەوەی ویجدان بە وێنەی ئاوێنە بۆ دانەوەی ئەو درەوشانەوانەی کە بۆی دێن.. هەموو ئەمانە، هەندێکن لە ڕێگاکانی هیدایەت و، مرۆڤ خۆی بۆ خۆی لەم ڕێگایانەدا مامەڵە لەگەڵ هیدایەت‌دا دەکات. بەڵێ ڕاستە، هاتن بۆ مزگەوت مامەڵەیەکی جوزئی‌یە، بەڵام خوای گەورە ئەم هاتنە - ئەم مامەڵە جوزئی‌یە - دەکات بە هۆکاری هیدایەتدان. کەواتە هیدایەتدەر

هەر خوای گەورەیە، بەڵام لە دەرگادەری خوای گەورە بۆ گەیشتن بەم هیدایەتە: بەندەکەیەتی، کە ئەم کارەی ناوی "کەسب"ی لێ نراوە.

هەروەها مرۆڤ بە سەردانی لە مەیخانەکان و.. شوێنەکانی هەرزەیی و.. بتخانەکان، لە دەرگای ناوی: "المضل" دەدات و، وەك ئەوە وایە بڵێت: گومڕام بکە! خوای گەورەش گەر بیەوێت گومڕای دەکات و گەر بیشیەوێت چەندین تەگەرەی دەهێنێتە ڕێ تاکو گومڕای نەکات.

کەواتە گەر بە وردی سەیری ویستی جوزئیی مرۆڤ بکەین، دەبینین هێندە کەم و بچووکە کە ناتوانێت هیدایەت و گومڕایی بەدیبهێنێت.

ئایا نموونەتان لەسەر ئەمە دەوێت؟ دەفەرموون بڕوانن:

کاتێ گوێ لە قورئانی پیرۆز و ئامۆژگاری و ڕێنمایی دەگرن، یان کتێبێکی زانستی دەخوێننەوە، ناوەوەتان نوقمی نوور و ڕووناکی دەبێت.. کەچی یەکێکی تر هەر تەنها بە بیستنی بانگی محمدی.. یان ئامۆژگاری.. یان نەرم و نیانترین موناجاتی قەلبی.. هێندە بێزار دەبێت کە سکاڵا لە دەنگی بانگ دەکات!

بەو واتایەی کە "هیدایەت" و "گومڕایی" هەردووکیان بە دەستی خوای گەورەن، بەڵام گەر هەر مرۆڤێك پێی نایە سەر ڕێی گومڕایی - بە وێنەی دەستدان لە سویچی کارەباکە - ئەوا خوای گەورەش بەشە کارە تایبەتی‌یەکەی خۆی کەبریتی‌یە لە ٩٩٩,٩ بەدی‌دەهێنێت و، ئنجا وای لێ دەکات کە مەیلی بە لای گومڕایی‌دا بێت. جا لەسەر ئەم ئارەزووەی بەندەکەی یان سزای دەدات یان لێی خۆش دەبێت.

* * *

پرسیاری پێنجەم

کەسانێکی زۆر دەبینین کە خوای گەورە سامانی زۆر و ئۆتۆمبیلی ڕەنگین و کۆشك و تەلاری گەورە و شان و شەرەفی بەرز و ناوبانگی بڵاوی پێ بەخشیون، کەچی کەسانێکی تر هەن بەدەست برسێتی‌یەوە دەتلێنەوە و گرفتاری ئازار و گیروگرفت و هەژاری و نەخۆشی‌یەکان دەبن. ئایا ئەمانە کەسانێکی بێ کەڵکن و، ئەوانی تریش خواوەند خۆشی دەون کە ئەم هەموو نیعمەتەی بەسەردا باراندوون، لە کاتێکدا کە ئەمان لە ژێر ئەرکە قورسەکانی ژیاندا دەپلیشێنەوە؟!

وەڵام: ئەم جۆرە پرسیارە نابێ بکرێت، مەگەر تەنها بۆ مەبەستی تێگەیشتن و فێربوون، دەنا مرۆڤ - پەنا بەخوا - دەکەوێتە ناو گوناهەوە. لە ڕاستی‌دا ئەو کەسەی کە بەم چەشنە بیرکردنەوەیەوە گیرۆدە بووە ئەم جۆرە پرسیارەی پێویستە.

بەڵێ، خوای گەورە كۆشك و ئۆتۆمبیل و ئەسپ و مەڕ و ماڵات و زەوی و زار بەو كەسانە دەدات كە خۆی ویستی وایە بیانداتێ، هەروەك هەژاری و موحتاجیش بەوانە دەدات كە خۆی دەیەوێت بیانداتێ. بەڵام دەبێ لە هەموو ئەمانەدا ئینكاری ڕۆڵی هۆكارەكانی خێزان و ژینگەی دەوروبەری ئەو كەسە نەكرێت. بۆ نموونە: ناتوانرێت ئینكاری شارەزایی كەسێك بكرێت لە بەدەستهێنانی ساماندا، هەروەك ناشكرێت ئینكاری ئەوە بكرێت كە ئەو زانینەی سەبارەت بە ڕێگاكانی بەدەستهێنانی سامانەوە هەیەتی، بەپێی بارودۆخی دەوروبەری، هۆكارێك بن بۆ ئەو بەدەستهێنانەی. جگە لەمەش خوای گەورە لەو كاتەدا كە ئەهلییەتی هەندێ كەسی دەرخستووە كەچی منداڵ و سامانی نەداوەتێ. لەگەڵ ئەمەشدا لە حەدیسێكی ضەعیفی پڕ واتادا ئەمە هاتووە كە تایبەتە بە باسەكەی خۆمانەوە:

(إنَّ اللهَ يعطي المال مَنْ يُحِبُّ ومن لا يحب، ولا يُؤتي الإيمانَ إلاَّ من أحبَّ. فإذا أحبَّ اللهُ عبداً أعطاه الإيمانَ)[1].

لە لایەكی تریشەوە دەبێ سامان - خۆی لە خۆیدا - بە خێر و چاكە دانەنرێت. بەڵێ، گەر خوای گەورە ویستی لەسەری بێت، هەندێ جار سامان و منداڵ بە هەندێ كەس دەدات و هەندێ جاری تریش نایداتێ و، لە هەردوو حاڵەتەكەدا خێر لە كارەكەدا هەیە، چونكە گەر تۆ مرۆڤێكی باش بیت و ئەو سامانەی كە خوای گەورە پێی بەخشیویت لە كردەوەی چاكدا بەكاریان بهێنیت، ئەوا بۆت دەبێت بە خێر. خۆ ئەگەر مرۆڤێكی خراپ و گومڕا بیت و لە ڕێی ڕاست لاتدابێت، ئەوا خوای گەورە چ سامانت بداتێ و چ نەتداتێ هیچیان خێر نین.

بەڵێ ڕاستە، گەر تۆ ڕێی ڕاستت نەگرتبێتە بەر ئەوا هەژارییەكەت بۆ دەبێت بە دەرگایەك و لەسەر كوفر دەخرێتە سەر پشت، چونكە بەرەو سەرپێچی كردن لە فەرمانەكانی خوا دەتداتەبەر و ڕۆژ لە دوای ڕۆژ سەرپێچی و ملنەدانت بۆ خوای گەورە زیاد دەكات.. بە هەمان جۆر گەر لەسەر ڕاستەشەقام نەبیت و ژیانی قەلبی و ڕۆحیت نەبێت ئەوا دەوڵەمەندییەكەت لێ دەبێت بە بەڵا و گیروگرفت. خوای گەورە دەفەرموێ:

﴿المالُ والبنون زينةُ الحياة الدنيا﴾(الكهف:٤٦).

---

(١) مجمع الزوائد: ١٠/٩٠، ٢٢٨، الديلمي. واتە: خوای گەورە ماڵ و سامان دەدات بەوانەی كە خۆشی دەوێن و بەوانەش كە خۆشی ناوێن، بەڵام ئیمان تەنها بەو كەسانە دەدات كە خۆشی دەوێن. كەواتە گەر خوای گەورە كەسێكی خۆش بوێت، ئیمانی دەداتێ.

زۆر کەس لەم تاقیکردنەوەیەدا تووشی زیان بوون.. ئەوەتا گەلێ کەس لەوانەی کە نوقمی سەروەت و سامانی زۆر و زەبەندە بوون، لەبەر ناشکوریی نیعمەت، هیچ تروسکاییەکی نوور و ڕووناکی لە دڵیاندا نییە. کەواتە سامانداني خوای گەورە بەو چەشنە کەسانە لە ڕاستیدا ئیستیدراجە و هۆیەکە بۆ گومڕاکردنیان. خۆیشیان شایانی ئەم ئەنجامەن، چونکە بە دەستی خۆیان ژیانی قەلبی و ڕۆحیی خۆیانیان مراندووە و ئەو توانا و قابیلییاتانەشیان تێکداوە کە خوای گەورە پێی بەخشیبوون.

لەوانەیە ئەم فەرموودە پیرۆزەی خوارەوە زیاتر ئەم مەسەلەیە ڕوون بکاتەوە:

(كَمْ مِنْ أشـعَثَ أغبَرَ ذي طمرينِ - صاحبِ ثوبين - لا يُؤبَهُ لهُ، لو أقسمَ على الله لأبَرَّه، منهُمْ البرّاءُ بنُ مالِكٍ)[1]!

واتە: گەلێ کەسی تەپوتۆزاوی و قژ ئاڵۆزکاو هەن کە تەنها دەستێك بەرگ و پۆشاکی دڕاویان هەیە و کەسیش بایەخیان پێ نادات، کەچی لای خوای گەورە ئەوەندە خاوەن پلە و پایەن کە ئەگەر سوێند لە خوا بخۆن بۆ هەر کارێك، خوای گەورە سوێندەکەیان ناخات و داواکەیان بۆ جێبەجێ دەکات. یەکێك لەوانە: "بەڕرائی کوڕی مالیك"ە! لە کاتێکدا کە "بەڕرائی کوڕی مالیك"ی برای ئەنەس، نە خواردنی هەبوو بیخوات و، نە خانە و لانەشی هەبوو بڕواتە ناوی. بەڵکو هەر بە هێندە دەژیا کە لە برساندا نەمرێت!

لەوانەیە زۆر کەس هەبن بە وێنەی "بەڕراء" تەپوتۆزاوی و قژ ئاڵۆزکاو بن، بەڵام خوای گەورە کە سەیری دڵە مەزن و ڕۆحە فراوانەکانی کردوون ئەم پلەیەی داونەتێ و وەك لەسەر زمانی پێغەمبەردا ﷺ هاتووە: "لو أقسمَ على الله لأبَرَّهُ"!

کەواتە نە "دەوڵەمەندی" بە تەنها خۆی و نە "هەژاری"ش بە تەنها خۆی، بە موسیبەت دانانرێت، بەڵکو هەریەکەیان بەپێی ڕێ و شوێنەکەی حسابی بۆ دەکرێت، هەژاری لە هەندێ شوێندا و دەوڵەمەندییش لە هەندێ شوێندا، بە نیعمەتی خوای گەورە دادەنرێن.

پێغەمبەر ﷺ بە ویستی خۆی "هەژاری"ی هەڵبژاردووە و، فەرموویەتی: (ئایا ڕازی نابیت بەوەی کە دنیا بۆ ئەوان بێت و ئەودنیاش بۆ ئێمە)؟[2]. حەزرەتی عومەریش - خوای لێ ڕازی بێت - تەنها ژیانی مایەی بژێو (کفاف)ی بۆ خۆی هەڵبژارد و هیچ لەم ئەندازەیە زیاتری نەویست، تەنانەت لەو کاتەشدا کە گەنجینەکانی دنیای هێنرانە بەردەست!

---

(١) رواه الترمذي: المناقب ٥٥.

(٢) رواه البخاري و مسلم.

بەڵام جۆرە هەژاری‌یەك هەیە کە - خوا پەنامان بدات - وەختە لەگەڵ کافری‌دا یەکێك بێت.. بۆ نموونە گەر ئەو چەشنە پرسیارە کەسێکی ئیماندار نەیکات، بەڵکو هی کەسێك بێت کە کافر و ناشکور بێت بە نیعمەتەکان، ئەوا ئەو کەسەی کە بەو جۆرە سکاڵا لە نیعمەتەکانی خوا دەکات، بە کافر دادەنرێت!

بەو واتایەی کە "هەژاری" لە شوێنی خۆی‌دا نیعمەتە و.. "دەوڵەمەندی"ش لە شوێنی خۆی‌دا نیعمەتە. بناغەی مەسەلەکەش بریتی‌یە لە بوونی تەصدیق لەناو دڵدا.

دەسا ئەی پەروەردگارم! هەرچی لە تۆوە بێت هەمووی هەر جوانە و پێم خۆشە: خەڵات بێت یان کفن.. چ گوڵێکی پشکوتوو بێت یاخود دڕکوداڵ. چونکە لوتف و قەهرت هەردووکیان جوان و ڕەنگینن.

خەڵکی خۆرهەڵاتی ئەنادۆڵ(کوردستان) هەمیشە ئەم گوفتارە دەڵێنەوە:

(خوایە! هەرچی لە لایەن تۆوە بێت جوانە)[1]!

بەڵێ، گەر مرۆڤ لەناو دەریای سامان و دەوڵەمەندی‌دا بێت و لەگەڵ خوای گەورەدا بێت، ئەوا بە وێنەی شێخی گەیلانی - قدس سره - پێی لەسەر شانی ئەولیاکان و پێی پێغەمبەریش ﷺ لەسەر شانی ئەو دەبێت. بەڵام گەر هیچ شتێکی لەگەڵ خوادا نەبێت ئەوا مرۆڤی هەژار دنیا و ئاخیرەتی لەدەست چووە و، دەوڵەمەندیش ئەنجامەکەی هەر زیان و زەرەرمەندی دەبێت هەرچەندەش لە ڕواڵەتدا لەناو بەختەوەری و ناز و نیعمەت‌دا بێت.

* * *

پرسیاری شەشەم

بۆچی خوای گەورە بەندەکانی خۆی "یەکسان" دروست نەکردووە؟ ئەوەتا هەندێکیان کوێر و هەندێکیان شەلن؟

وەڵام:

١ - خوای گەورە خاوەنی موڵکی دنیا و قیامەتە و بە ویستی خۆی ئاڵوگۆڕ بەسەر موڵکەکانی‌دا دەهێنێت و هەڵس‌وکەوتیان تێدا دەکات و، هەرگیز هیچ کەسێك خۆی لە کاروبارەکانی‌دا هەڵناقورتێنێت. ئەو کەسەی کە گەردیلەکانی جەستەی تۆی بەدی‌هێناوە و بەشەکانی ئەو جەستەیەشی ڕێك‌خستووە: خوای گەورەیە.. ئەو کەسەی تۆی بە مرۆڤ بەدی‌هێناوە: هەر خوای گەورەیە. تۆ لە پێش هەموو ئەمانەدا هیچ شتێکت بە خوای گەورە نەداوە هەتا ئیددیعای ماف بکەیت بەسەریەوە. چونکە گەر لە

(١) لای خۆمان دەڵێن: (هەرچی لە لایەن خواوە بێت خۆشە)!

پێشەكی‌دا شتێكت بە خوای گەورە بدایە لەوانەیە مافی ئەوەت ببوایە كە بت‌وتایە: دوو چاوم بدەرێ نەك یەكێك، دوو دەستم بدەرێ نەك یەك دەست.. خۆ تۆ هیچ شتێكت بەو نەداوە تا – پەنا بەخوا – ستەمی بدەیتە پاڵ. چونكە ستەم لە ناحەقی و ماف‌نەدانەوە سەرچاوە دەگرێت. ئایا تۆ چ مافێكت بەسەر خوای گەورەوە هەیە پێی نەدابێت تاكو ئیددیعای ستەمی لەسەر بكەیت؟ خوای گەورە تۆی لە "نەبوون"ەوە هێناوەتە "بوون" و ئنجا كردوویتی بە مرۆڤ. خۆ ئەگەر كەمێك سەرنج لەو بوونەوەرانە بدەیت كە زۆر لە خوارووی تۆوەن، دەزانیت نیعمەتی زۆرت دەست كەوتووە.

٢ – هەندێ جار خوای گەورە تەنها یەك پێ لە مرۆڤێك دەسێنێتەوە، بەڵام لە دواڕۆژدا گەلێ شتی دەداتێ، چونكە بەم لێ‌سەندنەوەیەی ئەو بەشە وا لەو مرۆڤە دەكات كە هەست بە: دەستەوسانی و لاوازی و هەژاریی خۆی بكات و، لەم ڕێیەوە خوای گەورە دڵی ئەو بەندەیەی بۆ لای خۆی ڕادەكێشێت. خۆ ئەگەر خوای گەورە دڵی ئەم مرۆڤە بكاتەوە و شادمانی و چاوكراوەیی پێ ببەخشێت ئەوا زۆری پێ بەخشیوە و كەمیشی لێ وەرگرتووەتەوە! لە ڕاستی‌دا ئەمە لوتفی خوای گەورە دەگەیەنێت بەو بەندەیەی، هەرچەندەش لە ڕواڵەت‌دا ئەو لوتفە دەرناكەوێت، وەك ئەوەی كە "پلەی شەهیدی" بە یەكێك ببەخشێت و بیخاتە بەهەشتەوە و بە حوزووری خوای گەورە شاد و بەهرەمەندی بكات. كە ئەمەش پلەیەكە صیددیقان و پیاوچاكان خۆزگەی پێ دەخوازن، تەنانەت هەر كەسێك دەیبینێت دەڵێت: خۆزگا ئێمەش وەك ئەو بە پلەی شەهیدی شەرەفمەند دەبووین. كەواتە ئەم مرۆڤەی كە شەهیدیی خەڵات كراوە، گەر پارچە پارچەش بكرێت هێشتا هەر كەمی بەخشیوە. چونكە ئەوەی دەستی كەوتووە گەلێ زیاترە لەوەی بەخشیویەتی!

بە دەگمەن ڕوو دەدات كە هەندێ كەس لەوانەی هەندێ ئەندامی جەستەیان لەدەست داوە، لە ڕێ بترازێن و هەست بە ناتەواوی بكەن و ڕەخنە و بەهانە لە كاری خوای گەورە بگرن و بێزاری و ڕەش‌بینی‌یان تێدا بێت. چونكە زۆربەی ئەو كەسانە ناتەواوی‌یەكانیان بۆ بووە بە هۆكارێك كە ڕوویان پێ بكاتە خوای گەورە. لەبەر ئەوە، نابێ ئەو چەند كەسە كەمانە بە نموونە بهێنرێنەوە كە وەك مێرووی زیانبەخش وان و هەندێ ئەندامی جەستەیان لەدەست داوە. بەڵكو دەبێ بزانرێت كە بناغە و ئەسڵی ئەم مەسەلەیە بریتی‌یە لە بێداركردنەوەی گیانی شەوق و تاسمەندی بۆ ئاخیرەت لە دڵ و دەروونی خەڵكی‌دا، كە هەر لە بناغەدا بۆ ئاخیرەت بەدی‌هێنراون.

واتە ئەم چەشنە شتانەی كە دێنە ڕێی مرۆڤ، خاوەنەكەیان بۆ لای خواوەند دەگێڕنەوە و، هەندێ كەسی تریش پەندی لێ وەردەگرن و متمانە و دڵنیایی پێ پەیدا

دەکەن بە خوای گەورە. خۆ دیارە بەمەش ئەو ئامانجە حەکیمەی کە لەم چەشنە حاڵەتانەدایە، دێتەدی.

هەموو لەدایكبووان و کۆچکردووانی ئەم جیهانە بابەتی تاقیکردنەوە و ئیمتیحانن. چونکە هەروەك "بوون"ی هەر شتێك بەڵگەیە لەسەر بەدیهێنەرێك کە لە پشت پەردەوەیە، بە هەمان جۆر "مردن" و کۆتایی پێهاتنی ئەرکی سەرشانیشی بەڵگەیە لەسەر ئەبەدییەتی ئەو بەدیهێنەرەی پشت پەردەکە، کە سەرەتا و کۆتایی بۆ نییە.. ئنجا هەروەك ئێمە و سەرجەمی بوونەوەران لە عەدەم و هیچەوە هاتووینەتە وجوود و بە "بوون"ی خۆمان دەبین بە بەڵگە لەسەر بوونی بەدیهێنەر و بە "بیستن" و "بینین" و "زانست"یشمان دەبین بە بەڵگە لەسەر زاتێکی تەنیای بینەر و بیسەر و زانای ڕەها.. بە هەمان جۆر، بە وازهێنان و دەستهەڵگرتنیشمان لە ئەمانەتی ئەستۆی درێژایی ژیانمان، دەبین بە بەڵگە لەسەر خواوەندی "تاك وتەنیا":

﴿الذي خَلق الموتَ والحياةَ ليبلوكُم أيّكم أحسنُ عَملاً﴾(الملك:٢).

گرنگترین شت سەبارەت بە مرۆڤەوە: پەیبردنیەتی بە نهێنیی هاتنەدنیا و، بڕینی تاقیکردنەوەی وجوود و، خۆ ئامادەکردن بۆ ماڵئاوایی.

ئێستاش دوای ئەم سەرەتایە، لەم بابەتە دەدوێین کە: ئایا ئەو کەسانەی پێکەوە کۆچی دوایی دەکەن، ئەجەلیان پێکەوە هاتووە؟

بەڵێ، ئەجەلی هەموویان پێکەوە هاتووە و هەرگیز هیچ ڕێگرێك لەمەدا نییە. چونکە هەروەك ئەو خواوەندەی کە جڵەوی سەرجەمی بوونەوەرانی لەدەستدایە، هەموو شتێك و هەموو خەڵکی پێکەوە و بەپێی قەدەری خۆی، هەر لە گەردیلەکانەوە تا گەلەستێرەکان، بەدیدەهێنێت.. هەر ئەو خوایەش دەتوانێت هەموویان پێکەوە بمرێنێت و، جیاوازیی شوێنەکانیان و وەسف و چۆنێتییە جۆراوجۆرەکانیان، هیچ ڕێیەك لەم کارەی نەگرن. بێ گومان هێنانەوەی نموونەیەك کە بە تەواوی توانستی ڕەهای خوای گەورە دەربخات، کارێکی یەکجار دژوارە.. بەڵام دەتوانرێت گەلێ نموونەی زۆر لەو شتانەدا بهێنرێتەوە کە دەگونجێ ببن بە ئاوێنەی ئەو توانستە و بیری مرۆڤ ڕوون بکەنەوە..

بۆ نموونە: ئەو بوونەوەرانەی کە لە وەسف و چۆنێتیدا لە یەکتر ناچن و ڕوویان لە خۆرە، ژیانی خۆیان بە ڕووکردنە خۆر دەبەنە سەر، بێ ئەوەی "خۆر" ژیانیان لێڵ بکات. ئەوەتا هەموو ئەوانە لە ژێر ڕووناکیی خۆردا جوانترین حاڵەت دەگرنە خۆیان و لە ڕەنگێکەوە بۆ ڕەنگێکی تر دەگۆڕێن و، بە هەڵهاتن و ئاوابوونی خۆریش پێ

دەگرن و گەشە دەکەن، ئنجا دەکوژێنەوە و کۆچ دەکەن.. هەمان حاڵ لەو شتانەشدا بەدیدەکرێت کە لە بەهاردا دەپیتێن و لە هاویندا بڵاودەبنەوە و زیاتر گەشە دەکەن و پاشان لە پایزدا زەرد دەبن و دەژاکێن. بەڵام هەموو یەکێك لەوانە نەخشە و "قەدەر"ی خۆی هەیە، چونکە هەموویان بەپێی ئەو ڕێ و نەخشە و پلانەی کە "زانستی ڕەها" بۆی کێشاون و، بە ئاراستە کردنی "ویستی ڕەها"ش دێنە وجوود و دەڕۆن، نەك بە هەڕەمەکی و بەپێی حەز و ئارەزووی خودی بوونەوەرەکە، بەڵکو بە ویستی خوای گەورە:

﴿ويعلمُ ما في البرّ والبحر وما تسقط من ورقة إلاّ يعلمُها ولاحبّة في ظلمات الأرض ولا رطب ولا يابسٍ إلاّ في كتاب مبين﴾(الأنعام:٥٩).

جا ئەگەر "ژیان" و "مردن" و "گەشەکردن" و "بەروبووم"ی درەخت و گژوگیا و ناوك و تۆوەکان تا ئەم ڕادەیە بە جیددی گەرموگوڕی چاودێری بکرێت، ئایا دەگونجێت مرۆڤ پشت گوێ بخرێت کە کاملترینی بوونەوەرانە؟ بێ گومان ئەو خواوەندە خاوەن موڵکەی کە "بیستن" یان "بینین"ی هیچ شتێك ڕێی بیستن و بینینی شتی تری لێ ناگرێت، بایەخ بەم مرۆڤە دەدات کە ناوازەترین سنعەت و ئازیزترین بەدیهاتووی خۆیەتی و، هەر نیعمەتێکی بە "جۆر" و "ڕەگەز"ی بەدیهاتووانی تر بەخشیوە بە هەموو "تاك"ێکی مرۆڤیشی دەبەخشێت و، بە تایبەتی چاودێریی مرۆڤ دەکات کە پێرستی جیهانە و، چاکە و فەزڵ و بەخشایشی لە ئەندازە بەدەری خۆی پێ دەبەخشێت و، بە چەشنێکی تایبەتی دەیداتەبەر تا شەرەفمەندی حوزووری خۆی دەکات.

جا ئەم بانگێشتن و ڕاپێچ کردنە خواییە، هەندێ جار لەسەر جێ و، هەندێ جار لە مەیدانی جەنگ و، هەندێ جاری تریش بە موسیبەت و گرفت و ڕووداوێك دەبێت. تەنانەت هەندێ جار دانە دانە و هەندێ جاری تریش بە کۆمەڵ دەبێت، چونکە هیچ کام لەمانە لە گۆشەی ڕوانینی بەدیهێنەرەوە بۆ مرۆڤ هیچ کارێك ناکاتە سەر ئەنجام. خوای گەورە خاوەنی زانست و توانستی ڕەهایە و، هەناسەی هەموو زیندەوەرێك و جڵەوی هەموو مرۆڤێکی بەدەستە و، چ کاتێك بیەوێت جڵەوی بۆ شل دەکات. کەواتە کارێکی گەلێ ژیرەکی و مەنتیقی یە کە بەپێی ئەو قەدەرەی لای خۆی نووسراوە گیانەکان بکێشێت، چ هی یەکێکی دیاری کراو بێت یان هی کۆمەڵێك بێت. پێم وایە پێشتر لەمە دواین و وتمان: وەك ماوەی تەسریح کردنی تیپێکی سوپایە بە فەرمانی سەرکردەی گشتی، کە پێشتر ئەو ماوە و کاتە، لای سەرکردە، دیاری کراو بووە.

جگە لەمەش گەلێ مەلائیکەتی زۆر هەن کە ئەرکی گیان کێشانیان لە ئەستۆدایە و، دەتوانن لە تەنها یەك کات و لەو شوێنانەدا کە دەرد و ئافاتیان تێدا بڵاوبووەتەوە، بە تەقدیر و سەرپەرشتی کردنی خاوەنە مەزنەکەیان گیانەکان بکێشن. تەنانەت لەوانەیە چەند مەلائیکەتێك هەبن کە بتوانن بەپێی ئەو کتێبەی کە لە بەردەستیاندایە: چاوپێکەوتن لەگەڵ هەموو کەسێکی مردوودا ساز بکەن و لەگەڵیاندا بدوێن.

لەم چەشنە کارەسات و موسیبەتانەدا گەر بە وردی سەرنج بدرێت، تەقدیری پێشتر و پێکەوە هاتنی ئەجەلی هەموو مردووان دەبینرێت و، لەوانەیە پێویستمان بە چەند بەرگێکی کتێب هەبێت تاکو هەموو ڕووداوە سەرسووڕهێن و نائاسایی یەکانی ئەم بوارەیان تێدا تۆمار بکەین، جگە لەوەی کە ئەوانەی تا ئێستا تۆمار کراون لە چەندین بەرگ تێپەڕ دەکەن. ئەوەتا ڕۆژ نی یە لە چاپەمەنی یەکاندا چەند ڕووداوێکی ئاوا نائاساییمان پێش چاو نەکەوێت.

بۆ نموونە: ئەو بوومەلەرزە سامناکانەی کە شارەکان هەڵدەگێڕنەوە و سەروبنیان دەکەن.. سەرباری ئەو هەوڵ و تەقەلا سەرومڕانەی کە لەو کاتانەدا دەدرێت، کەچی هێشتا ناتوانرێت چەند هەزار کەسێك ڕزگار بکرێن. دەبینیت ئا لەم کاتەدا سەدان منداڵ لەوانەی کە ناتوانن پارێزگاری لە خۆیشیان بکەن، لە ژێر زەوی وداروپەردووی خانووبەرە ڕووخاوەکاندا بە زیندوویی و بێ ئەوەی هیچ زیانێکیان پێ گەیشتبێت، دەدۆزرێنەوە! یان عەرەبانەیەکی کرێکارەکان هەتا ناو کەناڵی ئاوێك تلێر دەبێتەوە و هەموو کرێکارەکانی ناوی دەمرن، کەچی بە چەند ماوەیەکی دوور لە شوێنی ڕووداوەکەوە منداڵێك لەناو قوماتدا و بەسەر ئاوەکەوە دەدۆزرێتەوە کە هیچ ئازارێکی تووش نەبووە! بە هەمان جۆر لە کەوتنەخوارەوەی فڕۆکەشدا ڕوو دەدات کە هەرچی یەکی تێدا بووە تەنانەت فڕۆکەوانە کارامەکانی ناویشی دەسووتێن، کەچی لە دووریی دووسەد مەترەوە منداڵێکی خۆشەویستی خنجیلانە دەدۆزرێتەوە کە هیچ زیان و ئازارێکی پێ نەگەیشتووە! جا ئەم ڕووداوانە و هاوچەشنەکانیان دەری دەخەن و دەیچەسپێنن کە "ژیان" و "مردن" جڵەویان بۆ بەرنەدراوە و بە هەڕەمەکی ڕوو نادەن، بەڵکو کارسازێکی بیسەر و بینەر دەیانسازێنێت و ڕێکیان دەخات!

هەموو بەدیهاتووان کە دێنە ژیان، چ لە شێوەی تاك تاکدا و چ لە شێوەی کۆمەڵدا بن، کاتێ بەپێی هاتنی ئەجەلی هەریەکەیان ئەو کار و ئەرکانە ئەنجام دەدەن کە خراوەتە ئەستۆیان و لە تۆماری بنەڕەتیی کردەوەکانیاندا تۆمار کراون و، دوای ئەنجامدانی ئەرکی فیطرەتیان و تێگەیشتن لە نهێنی و لایەنە وردەکانی فیطرەت و پەردەلادان لەسەر نهێنی یەکانی پشتی پەردەی سروشت و، دوای ئەوەی کە بوون بە ئاوێنەی

تیادەركەوتنی ناوەكانی ئەو خواوەندەی كە هەموومانی ڕەوانەی ئێرە كردووە و، دوای تەواوبوونی تەمەنیان، هەر هەموویان چ بە تاك تاك و چ بە كۆمەڵ كۆمەڵ لە ئەركی ژیان تەسریح دەكرێن!

"زانین"ی هێنانی بوونەوەران و پاشان دەستپێهەڵگرتنیان لە كارەكانیان، واتە كۆتاییهێنان بە ئەركی سەرشانیان و هێنانە پێشەوەی ئەجەلیان لە یەك كاتدا، كارێكی گەلێ ئاسانە سەبارەت بەو خوایەی كە خاوەنی زانستی ڕەهایە بە: سەرەتا هەتا كۆتایی هەموو شتێك. ئەمە جگە لەوەی كە دەزانین خواوەندی زانای ئاشكرا و پەنهان ژمارەیەك مەلائیكەتی گەلێ زۆری لە دەوری مرۆڤ داناوە و ژمارەیەك مەلائیكەتی زۆریشی بۆ گیانكێشان ئامادە كردووە.

لەوانەیە بەم شێوەیەی خوارەوە ئیعتیرازێك لەم باسە بگیرێت:

لەم چەشنە موسیبەتانەدا گەلێ كەسی بێتاوان لەگەڵ ئەوانەدا تیادەچن كە شایستەی ئەو بەڵایەن. ئایا ئەم كارەمان بۆ ڕوون دەكەنەوە؟

لە پێشەكیدا دەڵێین: هەڵەیەك لە عەقیدە و بۆچوونی ئەو كەسەدا هەیە كە ئەم پرسیارە دەكات و، پرسیارەكەشی لەو هەڵەیەوە سەرچاوە دەگرێت! چونكە ئەگەر "ژیان" هەر تەنها ئەم ژیانەی دنیا بوایە و ژیانی ئەودنیا وجوودی نەبوایە، لەوانەیە ئەم ئیعتیرازە تا ڕادەیەك جێی خۆی بوایە. كەچی لە ڕاستیدا ئەم دنیایە تەنها بریتییە لە كێڵگە و، مەیدانی كار و، هۆڵی چاوەڕوانی. بەڵام ئەودنیا خەرمان و شوێنی دروێنەی داهات و هاتنەبەری بەروبووم و گەیشتن بە بەختەوەری و ڕزگاربوونە لەو شتانەی كە لەم دنیایەدا مرۆڤ بێزار دەكەن.

لەبەر ئەوە، هەرگیز پێكەوەمردنی "باش" و "خراپ" و "بێتاوان" و "تاوانبار" كارێكی نامۆ نییە، بەڵكو ڕوودانی ئەم كارە بەم جۆرە مردنە زیاتر لەگەڵ مەنتیق و ژیریدا یەك دەگرێتەوە، چونكە هەموو مرۆڤێك كە لەودنیادا زیندوو دەبێتەوە، بەپێی نیەت و ڕەفتار و كردارەكانی ئێرەی وجوودێكی نوێی دەدرێتێ و هەر بەو پێیەش مامەڵەی لەگەڵدا دەكرێت: یان ژیانی بەختەوەرییەكی هەمیشەیی.. یان بەدبەختییەكی بەردەوام.

پوختەی قسە:

"مردن" و "ئەجەل" بریتین لە: كۆتاییهاتنی ماوەی مانەوە و كاركردن لەم دنیایەدا. جا ئەم چەشنە ماوەیە بریتییە لەو نەخشەیەی كە پێشتر خواوەندی بیسەری زانا كێشاویەتی و لە تۆمارە بنەڕەتییەكاندا تۆمار كراون و، هەر بە فەرمانی خواوەند

خۆیشی لە کاتی دیاری کراودا جێبەجێ دەکرێن و، لە ڕووی مەنتیق و ژیریشـەوە هیـچ جیاوازی‌یەك لـەوەدا نی‌یە کـە ئەم کـارە بـە "دانە دانـە" یـان لــە شـێوەی "کۆمـەڵ"دا جێبەجێ بکرێت.

من لەو باوەڕەدام کە هۆکاری یەکەمی لەرێترازانی مرۆڤ لەم مەسەلەیە و گەلـێ مەسـەلەی تـردا، دەگەڕێتـەوە بۆ: جەهل و تێنەگەیشـتن لـە "زانسـتی ڕەهـا"ی خـوای گـەورە و "توانستی بێسنوور"ی. هـەروەك هۆکـارێکی تـر: هەڵـەکردنی مرۆڤـە لـەو گۆشەی ڕوانینەی کە لێیـەوە دەڕوانێتـە شتان و ڕووداوەکـان. چونکە ئەگـەر نـەتوانین خۆمـان لـە چەمکەکانی: "سروشـت" و "ڕێکـەوت" دابمـاڵین و لــە ناخمانـەوە بەسـەر "ملنەدان" و "ئینکاری کردن"دا زاڵ نەبین، ئەوا ناوەوەمان لـە چەمکـە هەڵـە و سـاختە و پووچەکان پڕ دەبێت و وەك گۆڕەپانێکی لـێ دێت بۆ ململانێی وەسوەسەکانی شـەیتان لە دەمی ڕووبەڕووبوونـەوەمان لەگـەڵ ڕووداوەکـاندا. خۆ جگـە لـە لاوازیی جیهـانی ڕۆحیمان و خۆراك پێنەدانی بە شێوەی پێویسـت و سـەرباری ئەمـە، هـەموو ڕۆژێکیـش ئەو گومان و دوودڵی‌یانـەی دەرخـوارد دەدرێـت کـە هیـچ بەڵگـە و پاڵپشـتێکیان نی‌یـە. ئەمەش گیروگرفت و موسیبەتێکی گەلـێ سامناکە، چونکـە نـەك هـەر تەنـها دەبێـت بـە هۆی لەرێترازانی وەچەی نوێ، بـەڵکو پارێزگـاری کردنـی مانـەوەی بـەرەی ئێسـتاش لەسەر ڕاستەشەقام دەکات بە کارێکی سەرسووڕهێن و دژوار.

لەوانەیە کەسێك هـەبێت پێی وابێـت کـە ئـەم چەشـنە مەسـەلە و بابەتـە سـادە و ساکارانەی کە بە ڕواڵەت زۆر گرنگ نـین زیـاد لـە پێویسـت لەسـەریان نووسـرابێت و بەڵگەیان لەسەر هێنرابێتەوە. بەڵام ئێمە سەبارەت بە "بابەتـەکانی ئیمـان"ەوە هاوبەشـی کەس ناکەین لــەم چەشـنە بیر و بۆچوونـەدا، چونکە بچووکترین مەسـەلە و بابـەت کـە پەیوەندیی بە عەقیدەوە ببێت لە ڕاستی‌دا بە ئەندازەی هەموو جیهان گەورەیە. هەر لەبەر ئەوەشە کـە هـەتا زیـاتر لێی بدوێین و قسـەی تێدا بکـەین هێشـتا هـەر ئەوە دەهێنێـت و شایەنیەتی. تکامان وایە ئەو برایانەی کە لـەم گۆشـەیەوە دەڕواننـە ئەم مەسـەلانە، بێزار نەبن و چاوپۆشیمان لـێ بکەن.

* * *

پرسیاری حەوتەم

ئەگەر زووتر کات و چۆنێتیی ئەجەل دەستنیشان کراوە، ئیتر تاوانی بابای "قـاتڵ" چی‌یە؟

وەڵام: بەڵێ، کات و چۆنێتیی مردن ـ وەك هی هـەموو شـتێکی تـر ـ پێشـتر دیـاری و دەستنیشان کراوە. بەو واتایەی کە ئەو شتەی سەبارەت بـە سـەرجەمی بوونەوەرانەوە

واریدە و ڕوودەدات، سەبارەت بە ژیان و مردنی مرۆڤیشەوە بە هەمان جۆرە. چونکە ئەو حەقیقەتەی کە لەم بوارەدا ناتوانرێت پشت گوێ بخرێت بریتی‌یە لە: هاتنە وجوودی هەموو بوونەوەرێك بە چەند ڕێگایەکی تایبەتی و ئنجا بەسەربردنی ژیانیشی بەپێی چەند بناغەیەکی دیاری کراو، پاشان دوای تەواوکردنی ماوەیەکی دەست‌نیشان کراویش، لەسەر شانۆی ژیان دەکشێتە دواوە.

بەڵێ، هەموو شتێك بەپێی نەخشە و پلانێکی دەست‌نیشان‌کراو کە بۆی کێشراوە و لە ناوەندی بازنەیەکی گشتی و تەواو فراوانی قەدەردا: لە دایك دەبێت و.. گەشە دەکات و.. ئنجا دەمرێت. ئەمە یاسا و سیستەمێکی گشتی و ئەزەلی‌یە کە هەرگیز ئاڵوگۆڕی بەسەردا نایەت.

بەپێی دەستوور و بناغە گشتی و ڕەگ‌داکوتاوەکانی زانستی نوێ، کە لە ناخی ئەم گەردوونەوە هەڵقوڵاون، ئەو گەردوونەی کە بەپێی سیستەمێکی یەکجار ورد و پێکەوەگونجانێکی ناوازەی سەرسووڕهێن کار دەکات.. لەم دەستوور و بناغە گشتی‌یانەوە دەردەکەوێت کە: هەموو شتێك، هەر لە گەردیلەکانەوە تا دەگاتە گەلەستێرەکان: پێشتر تەقدیر و دەست‌نیشان‌کردنێکی تایبەتیی هەیە و، گەر بەم چەشنە دەست‌نیشان کردن و نەخشە و پلانە پێش‌وەختە نەبێت هەرگیز ناتوانرێت ڕێسای ناوازەی گەردوون و پێکەوەگونجانی ڕەنگینی ناوی ڕوون بکرێنەوە، تەنانەت ناشتوانرێت لە زانستە ڕووتەکاندا هیچ پێشکەوتنێك بەدەست بهێنرێت.

هەر ئەو سیستەمە ورد و ئەندازیاری‌یە ڕەنگینەی ناو ئەم گەردوونەیە - کە بەپێی چەند یاسایەکی بیرکاریی ورد کار دەکەن - مرۆڤیان هانداوە کە بەپێی چەند بناغەیەکی دیاری کراو لە ئەزموونگەکانی فیزیادا باس و لێکۆڵینەوەکانیان ئەنجام بدەن و، بەپێی چەند دەستوورێکی تایبەتیش لە زانستی توێژکاری(علم التشريح) بکۆڵنەوە، یان بڕۆنە ناو قووڵایی گەردوونەوە. چونکە گەردوونێك گەر ڕێسای تێدا نەبێت و.. جیهانێك گەر نەخشە و پلانی بۆ دانەڕێژرابێت و.. کۆمەڵە بەشێکی سروشت کە بەپێی سیستەم و ڕێسا کار نەکات، هەرگیز ناتوانرێت بابەتە زانستی‌یەکانیان تێدا باس بکرێت. تەنانەت سەرجەمی "زانستەکان" لە حەقیقەتدا بریتین لە چەند کامێرایەك بۆ پیشاندانی هەندێ دەستوور و یاسای ناو گەردوون و، هەر لەم ڕێ‌یەشەوە لە ژێر ناونیشانی "زانستەکان"دا ڕۆشتوونەتە ناو دووتوێی کتێبەکانەوە!

بێ گومان ئێمە مەبەستمان ئەوە نی‌یە لە گرنگی و شان‌وشکۆی زانستەکان و دۆزینەوە نوێکان کەم بکەینەوە، نەخێر.. بەڵکو دەمانەوێت ڕێ و شوێنیان یاد

بخەینەوە و سەرنجی مرۆڤیش بۆ لای شتێکی لە زانستەکان گرنگتر ڕابکێشین کە بریتی‌یە لەو سیستەم و پێکەوەگونجانە ناوازەیەی کە هەر لە مێژە لە گەردووندا هەن، تەنانەت پێش ئەوەش زانستەکان بیاندۆزنەوە و پەردەیان لەسەر هەڵبماڵن، ئەو ڕێسایەی کە بە وێنەی دڵێکی لێدەر و زیندوو وایە لە جەستەی ئەم گەردووونەدا.

ئەو "توانست"ە چەندە مەزنە کە بەپێی نەخشەیەکی "قەدەری"ی پێشتر بایەخی بەم ڕێسا ناوازەیە داوە و کردوویەتی بە بناغەیەك بۆ سەرتاسەری گەردوون! تەنانەت هەندێ لە زانایانی "کۆمەڵناسی" دەیانەوێت ئەم یاسا زاڵ و فەرمانڕەوایانەی ناو جیهان (کە لە شوێنێکی سەرووترەوە نازڵ بووە) بەسەر کۆمەڵگاکانی مرۆڤیشدا پیادە و جێبەجێ بکەن! خۆ هەرچەندەش بانگەشە کردن تا ئەم ڕادەیە بۆ "قەدەر" یان بە دەربڕینێکی ڕاست و دروست بۆ: "جەبرییەتی زیاد لە پێویست" هەمیشە ڕەخنە و ئیعتیرازی ئاراستە دەکرێت، بەڵام لە ڕووی دانناندا بەو ڕێسا فەرمانڕەوایەی ناو جیهان و بەو نەخشە و پلانە ئەزەلی‌یە پێشینە، جێی بایەخە و ناوەڕۆك و واتایەکی قووڵی تێدایە!

لە ڕاستی‌دا هەر "حەقیقەت"ێك کە پەیوەندیی بە "عەقیدە"وە بێت، پێویستی بە پشتگیری و تەسدیقی دەرەوەی خۆی نی‌یە. بەڵام وەچە و بەرەی بێ‌بەختی ئێستا، کە بەهۆی گەلێ ڕوانین و بۆچوونی بیانی، چاوی گرفتاری نابینایی بووە و دڵیشی لە ڕێی چەند ورێنەیەکی دەرەکیی بیانی‌یەوە لە ڕێ ترازاوە، کاتێ کە پێی دەڵێین: بۆ سەر بیر و ژیری و هۆشی خۆت بگەڕێرەوە، دەبێ لەگەڵ ئەم ڕێنمایی‌یەدا - تەنانەت گەر بە ئاماژە بۆ کردنیش بووبێت - ئەو ناسازی(تناقض)یەی بۆ ڕوون بکەینەوە کە لە گوفتاری ئەو کەسانەدا بەدی‌دەکرێن کە ئەمانیان - بێ‌سوود - لە ڕێ ترازاندووە! هەر لەبەر ئەمەش بوو کە درێژەمان بە قسەکانمان دا و ڕۆشتینە دەرەوەی باسەکە. دەنا جموجوڵی سەرتاسەری گەردوون، هەر لە گەردیلەکانەوە تا دەگاتە گەلەستێرەکان، بەپێی ڕێسایەکی یەکجار ورد و پێکەوەگونجانێکی کامڵ و ناوازە و تەقدیر و دیاری‌کردنێکی پێشتر کە هەموو شتێکی ناو گەردوون پێکەوە گرێ دەدات، ئەنجام دەدرێن و، ئەمانەش هێندە ڕوون و ئاشکران کە لە پێش‌چاوی هەموو کەسێکدان. خۆ ئەمەش بەڵگەیە لەسەر فەرمانڕەوایەتی‌یەکی زاڵ و ڕەها. جا هەموو جیهانەکانی ناو گەردوون هەر لەو دەمەوە کە خوای گەورە بەدیی‌هێناون و تا ئێستا، ملکەچی ئەم فەرمانڕەوایەتی‌یە ڕەهایەن و، لە هەموو جموجوڵ و ئاڵوگۆڕێکیاندا بە تەواوەتی سەریان بۆ نەوی کردووە.

هەرچەندەش "بەدیهێنانی یەکەم" سەبارەت بە سەرجەمی بەدیهاتووانەوە تەنانەت مرۆڤ و ئەوانەش کە وەك مرۆڤ خاوەنی ویست و سەربەستین، بەدیهێنانێکی "جەبری" بووە بە تەواوەتی، کەچی لە پاشاندا ئەم بوونەوەرە خاوەن ویست و سەربەستییانە، لەو شتانەدا کە سەر بە ویستی خۆیانن، لە بەدیهاتووانی تر جیا دەبنەوە. هەر لەبەر ئەم جیابوونەوەیەشە کە "دەستنیشانکردنی پێشین"ی ئەوان شێوەیەکی تایبەتیی لەخۆ گرت.

لە ڕاستیدا پرسیارەکە لە پەینەبردنەوە بەم لایەنە جیاوازەی مرۆڤ سەری هەڵداوە و، هی ئەوەیە کە مرۆڤیشی وەك شتانی تر داناوە. بۆیە ئێمە پێمان وایە کە هەستکردن بەم جیاوازییەی نێوان مرۆڤ و بوونەوەرانی تر - تەنانەت جیاوازیی لەگەڵ هەندێکیاندا - گرێی ئەم مەسەلەیەمان بۆ دەکاتەوە. بەڵام پاشماوەی مەسەلەکە لە ڕاستیدا بریتییە لە قبووڵکردنی گشتگیری(إحاطـــة)ی زانستی ئەزەلیی خواوەند سەبارەت بە هەموو شتێك.

بەڵێ، مرۆڤ - بە پێچەوانەی بەدیهاتووانی تر - قابیلییەت و توانای سەربەستی و ویست و مەیل و ئیختیاری تێدایە و، بەپێی هەموو ئەمانەش: "خێر و شەڕ" و "پاداشت و سزا"ی دەدرێتە پاڵ.

خۆ هەرچەندەش ویست و مەیلی مرۆڤ لە بەردەم گەورەیی ئەنجام وداهاتەکانی ئەو ویست و مەیلەدا بچووك بێت، کەچی خوای گەورە وەك مەرج و هۆکارێك ویستی مرۆڤی قبووڵ کردووە تاکو ئەم شتە جوزئییەی کە پێی دەڵێین: "ویستی مرۆڤ" لە شێوەی مەیلکردنی مرۆڤدا بەرە و "خێر" یان "شەڕ" دەربخات و، ئیتر مرۆڤیش لە ئەنجامی ئەمەدا و بە گوێرەی ئاراستەکردنی ئەو ویستەی خۆی بەرەو کردەوەی چاك یان خراپ بە "تاوانبار" یان "بێ تاوان" لە قەڵەم دەدرێت. خۆ ئەو ڕووداوەی کە ئەنجامی ئەم مەیلەی مرۆڤە، با زۆر قورسیش بێت و لە توانادا نەبێت لە کۆڵی مرۆڤ بنرێت، کەچی هەر لە ئەستۆی مرۆڤدایە، چونکە خۆی داوای کردووە و مەیلی بەلایدا بووە و خواستوویەتی. بۆیە تۆڵە و پاداشت بۆ مرۆڤەکە دەستنیشان دەکرێن و، خوای گەورە هەرگیز مەسئوولییەتی ئەو کارانەی نادرێتە پاڵ کە تەقدیری کردوون و لە کاتی دیاریکراویشدا بەدیی هێناون.

با لە ڕووناکیی ئەم نموونەیەی خوارەوەدا لەمە تێ بگەین:

گەر بەدیهێنەری مەزن ڕووداوێکی گەورەی وەك گۆڕینی وەرزەکانی بە هەناسە هەڵکێشان و هەناسە دەردانی ئێمەوە بەست و، فەرمووی: ئەگەر زیاد لەم ڕادەیە

هەناسە هەڵبکێشن و دەری‌بدەن ئەوا باری جوغرافیای شوێنەکەتان بۆ دەگۆڕم و، ئێمەش بەپێی دەستووری: "تناسب العلیة" پەیوەندیمان لە نێوان هەناسەدانی خۆمان و وەرز گۆڕیندا نەبینی و، لەم ڕێیەوە لە فەرمانی دەرچووین و، ئەویش بەپێی بەڵێنەکەی خۆی وەرزەکەی ئێمەی گۆڕی.. ئەوا "بەرپرسیاری" تەنها لە ئەستۆی خۆماندایە، چونکە خۆمان بووین بە هۆکاری ئەو ئاڵوگۆڕە، با ئەو کارەش گەلێ لە سەرووی وزەی خۆمانەوە بێت.

هەر بە وێنەی ئەم نموونەیە: هەموو مرۆڤێك بەپێی ئیختیار و ویستی جوزئیی خۆی و لەبەر ئەوەی هۆکاری هاتنەدیی ئەو ئەنجامانەیە کە لەم ویست و ئیختیارەیەوە پەیدا دەبن، بە "تاوانبار" یان "بێ‌تاوان"دادەنرێت.

با ئێستاش نەختێ لەسەر کەرتی دووهەمی مەسەلەکە بدوێین، واتە چۆنێتیی یەکخستن لە نێوان: "زانستی هەمەلایەنگری خواوەند" و "ویستی مرۆڤ"دا:

هەموو شتێك لە زانستی خوادا لەگەڵ شتانی پشت و تەنیشتیەوە و هاودەم لەگەڵ هۆکار و ئەنجامەکانیدا هەموو پێکەوەن، بە ڕادەیەك کە: پێشتر و دواتر، هۆکار و ئەنجام، کوڕ و باوك، بەهار و هاوین، هەموویان لە یەك خاڵدان و، تێکڕا دوو ڕووی یەك شتن و، "پێشتر و دواتر" و "هۆکار و ئەنجام" پێکەوە دەزانرێن.

کەواتە هەر کەسێك مەیلەکەی لە هەر شێوە و بە هەر ئاراستەیەکدا بێت و ویستی خۆیشی - کە مەرجێکی عادی‌یە - بە هەر لایەکدا بەکاربهێنێت، پێشتر لە زانستی خوادا هەموو ئەمانە زانراون. هەر لەبەر ئەمەشە کە تەقدیر و دەست‌نیشان کردنی ئەو ئەنجامانەی کە لەم هۆکارانەوە پەیدا دەبن، نە ویستی مرۆڤ دەبەستنەوە و نە زۆریشی لێ دەکەن بۆ هیچ شتێك، چونکە کاتێ ئەم تەقدیرانە سەبارەت بە مرۆڤ تەقدیر کراون مەیلی مرۆڤیان تێدا ڕەچاو کراوە. کەواتە ویستی مرۆڤ لە مەسەلەکەدا وەرگیراوە و گرنگیی دراوەتێ. نموونەی ئەمە وەك ئەوەی کە:

ئەگەر کەسێکی مەزن بە خزمەتکارەکانی بڵێت: هەرکات کۆکەی خۆتان گرت و نەکۆکین و نەتانهێشت دەنگتان دەربێت ئەوا دیاریی زۆرتان دەدەمێ، بەڵام گەر کۆکەی دەستکردتان لە خۆتان هێنا، ئەوا لەو دیاریانە بێ‌بەش دەبن. کەواتە لێرەدا ئیرادە و ویستی ئەوانی وەرگرتووە و ڕەچاوی کردووە.

لێرەشدا بە هەمان جۆرە، چونکە گەر خوای گەورە بە یەکێك لە بەندەکانی خۆی بڵێت: "گەر مەیلت بەم لایەدا دەربخەیت ئەوا منیش ئەو شتەت بۆ بەدی‌دەهێنم کە مەیلت لایەتی و، هەر لە ئێستاشەوە تەقدیر و دەست‌نیشانی دەکەم بەپێی مەیلەکەی خۆت". کە ئەمەش وا دەگەیەنێت خوای گەورە گرنگیی‌یەکی بە "ویستی مرۆڤ" داوە.

لەسەر ئەم بناغەیە، دەتوانین بڵێین: هەروەك خوای گەورە لە تەقدیر و دەست‌نیشان‌کردنی سەرەتادا هیچ کەسێکی نەبەستووەتەوە و پابەندی نەکردووە، بە زۆرە ملێش شتێکی لە کردەوەکانی مرۆڤی بە پێچەوانەی ڕەزامەندیی مرۆڤەکە بەدی نەهێناوە.

پاشان دەبێ بزانین کە قەدەر و دەست‌نیشان‌کردنی سەرەتا و پێش‌وەخت بریتی‌یە لە نەخشە و پلانی زانستی خوای گەورە، گەر ئەم تەعبیرە دروست بێت. واتە خوای گەورە بە زانستی هەمەلایەنگیری خۆی پێشتر دەزانێت کە چ مرۆڤێك مەیلی بە چ ئاراستگەیەکدا هەیە و لە دواییش‌دا ئەو مەیلەی بەو جۆرە بۆ بەدی‌دەهێنێت و هەموو ئەمانەشی لە نەخشە و پلانێك‌دا بۆ دادەنێت.

خۆ ئەم "زانین"ەی خواوەندیش - کە وجوودێکی عیلمی‌یە - هیچ شتێك لە دەرەوەدا بە هیچ شێوەیەك بەدی‌ناهێنێت، بەڵکو "توانست" و "ویست"ی خواوەندی بەدیهێنەر ئەو شتە لە دەرەوە لەسەر شێوەیەك بەدی‌دەهێنن بەپێی ئەو مەیلانەی کە مرۆڤ دەری‌خستوون. کەواتە ئەو شتانەی هاتوون یان دێنە وجوود لەبەر ئەوە نەهاتوون کە زووتر لە لایەن خواوەندەوە زانراوە بەم جۆرە دێن، بەڵکو عیلمی ئەزەلی و هەمەلایەنگری خواوەند زانیویەتی بەو شێوە و جۆرانە دێن بۆیە هەر بەو جۆرەش زانراون. کە ئەمەش بریتی‌یە لەو تەقدیر و دەست‌نیشان‌کردنە بنەڕەتی و پێشینەی یەکەم جار.

زانایانی کەلام ئەم چەمکەیان بە: "العلم تابع للمعلوم" دەربڕیوە. واتە ئەو شتە لە دوایی‌دا لەسەر چ شێوە و چۆنێتی‌یەك بێت، پێشتر بەو جۆرە دەزانرێت، نەك بە پێچەوانەوە، واتە نەك: بۆیە وا هاتووەتەدی چونکە پێشتر وا زانراوە! چونکە هەروەك نەخشە و پلانە زانستی‌یەکانمان ئەوە ناگەیەنن کە تەنها بە نەخشەدانانەکە ئەو شتانەی تەسەوورمان کردوون، بێنەدی.. بە هەمان جۆر مەرج نی‌یە دەست‌نیشان‌کردنە بنەڕەتی‌یەکان، کە بە نەخشە و پلانی بەدیهێنەریان دادەنێین، هیچ شتێك لە دەرەوەدا بهێننە وجوود.

پوختەی قسە:

خوای گەورە بە زانستی فراوان و هەمەلایەنگری خۆی و ئاگاداریی لە شتانی پێشین و شتانی دوایین - بە وێنەی زانین و ئاگاداریی لە ئەنجامەکان - لە هۆکارەکانیش ئاگادارە و.. بە وێنەی زانین و ئاگاداریشی لە هۆکارەکان، زانا و ئاگادارە بە ئەنجامەکانیش. چونکە خوای گەورە بە زانستی ئەزەلی و ڕەهای خۆی پێشتر زانیویەتی

کە چ کەسێك نییەتی باشی هێناوە کردەوەی چاك بکات و، کێی تریش دەیەوێت کردەوەی خراپ بکات. ئنجا بەپێی ئەم نییەت و هەوڵانەی مرۆڤەکان ئەو شتانەی لە کاتی ئەنجامدانی ئەو کردەوانەدا و بەپێی مەیل و نیاز و نییەتی بەندەکەی ئەو شتانە بەدیدەهێنێت کە ویستی خۆی پێشتر تەقدیری کردوون.

لەبەر ئەوە، دەستنیشانکردنی سەرەتا و پێشینی مردنی کەسێك و چۆنێتیی مردنەکەی و ئەوەش کە یەکێکی تر هۆکار بووبێت لە ڕووداوەکەدا، هەرگیز "بەرپرسیاری" لەسەر هۆکارەکە هەڵناگرێت، چونکە ئەو تەقدیرە پێشینە ویست و سەربەستیی مرۆڤی تێدا ڕەچاو کراوە، بۆیە تاوانەکەی دەدرێتە پاڵ و موحاسەبە دەکرێت لەسەری.

پێمان وایە سەردانەوە لە سەرچاوە بنەڕەتییەکان بۆ ئەم مەسەلە قووڵەی "قەدەر" و لێکۆڵینەوەی یەك لە دوای یەك تیایدا، کارێکی پێویست بێت. چونکە ئەوەی کە لێرەدا ڕوونمان کردەوە تەنها ڕوونکردنەوەیەکە بۆ "ئاستی عەوامەکان" لە ناوەندی بناغە مەحکەم و قایمەکانی زانایانی سەلەفدا.

* * *

پرسیاری هەشتەم

"ئیرادەی کوللی" و "ئیرادەی جوزئی" چین؟

وەڵام: ئیرادەی کوللی ئەو ویستەیە کە لە لایەن عەوامەوە دەدرێتە پاڵ خوای گەورە. بەڵام ئەم زاراوەیە لە سەردەمی هاوەڵان و تابیعین و شوێنکەوتووانی تابیعیندا نەبووە و، هەرگیز ئەوان بە ویستی خواوەندیان نەوتووە: "ئیرادەی کوللی" و بە هی مرۆڤیشیان نەوتووە: "ئیرادەی جوزئی". لەگەڵ ئەوەشدا وا دیارە بە ڕواڵەت هیچ ڕێگرێکی ئەوتۆ لە دانانی زاراوەیەکی وەك ئەمەدا نەبێت، تاکو ئەم مەسەلەیە لە عەوامەکان بگەیەنرێت. ئەوەش هەیە کە دەرگای ئەم قسەیەم لەسەر پشتە بۆ ئاراستەکردنی هەر ڕەخنەیەك.

لە ڕاستیشدا زاراوەی وەك ئەمە: تەعبیر و هەڵسەنگاندنێکی سروشتییە بۆ ئەنجامی بەسەرهات و ڕووداوەکان و لەوێوە سەرچاوەی گرتووە. لەبەر ئەوە، دەتوانرێت بە "خاڵێکی پشت پێبەستن"ی ڕاست و دروست دابنرێت. مەبەست لەو "ئیرادە کوللی"یەی کە بۆ ویستی خوای گەورە بەکارهێنراوە ئەم واتایانەی خوارەوەیە کە بریتین لەوەی: (هەرچی ویست و ئیرادە هەیە تایبەتە بە خوای گەورەوە و شەی

"ئیرادە" ناوە بۆ ویستی خوای گەورە و، هەرکات ویستی لەسەر بەدیهێنانی هەر شتێك بێت بەدیی دەهێنێت، بێ ئەوەی سەیری ویستی کەسی تر بکات).

لێرەدا دەمانەوێت سەرنجتان بۆ لای شتێك ڕابکێشین کە زووتر باسمان کرد و بریتی یە لەوەی هەندێ کەس دەڵێن: "خوای گەورە ئەو شتەی ویستی لەسەری بێت بەدیی دەهێنێت، بەڵام ئەو شتانەی ئیرادەی نی یە بۆیان، بەدی یان ناهێنێت". ئەم گوفتارە گوفتارێکی هەڵەیە! ڕاستەکەشی بریتی یە لەوەی کە: هەر شتێك خوای گەورە ویستی لەسەری بێت بەدیی بهێنێت، بەدیی دەهێنێت.. هەرشتێکیش ویستی لەسەری بێت بەدیی نەهێنێت، بەدیی ناهێنێت: (ما شاء الله كان وما لم يشأ لم يكن)!

گەردوون "جەبر"ی تێدا زاڵ و فەرمانڕەوایە. ئەوەتا کاتێ خوای گەورە گەردوونی بەدیهێناوە، پرسی بە کەس نەکردووە و جگە لە ویستی خۆی ویستی هیچ کەسێکی تری نەکردووە بە بناغەی ئەم کارەی، چونکە خواوەند: ﴿فَعَّالٌ لِمَا يُرِيدُ﴾ (البروج:١٦).
بەڵام لە کارە ئیرادی یەکانی مرۆڤدا "ویست"ی بە مرۆڤ بەخشیوە و ئەو ویستەش هۆکارێکە بۆ "بەرزبوونەوە" یان "نزمبوونەوە"ی مرۆڤ. بەخشینی ئەم ویستەش لە لایەن خواوەندەوە بە مرۆڤ پەیوەندیی بە دوو ناوی: "الرحمن الرحيم"ی خواوەندەوە هەیە. واتە ئەم ویستەی کە بە مرۆڤی داوە، لوتفێکی خواوەندە کە بە دەرەوشانەوەی ئەم دوو ناوەی پێی بەخشیوە. دەنا گەر لە گۆشەی ئیسمی ئەعظەم و لەفظی جەلالە(الله)وە سەیری شتان بکەین، دەبینین سەرتاسەری گەردوون لە جەبرێکی ڕەهادایە. بەڵێ، دەستووری: "مالك الملك يتصرف في ملكه كيف يشاء" لە هەموو بوونەوەراندا دەستبەکارە، جگە لە کردەوە ئیرادی یەکانی مرۆڤ. چونکە مرۆڤ لەو کردەوانەدا ویستێکی ماهییەت نەزانراوی دراوەتێ و ئەو ویستەشی لەو کردەوانەیدا ڕەچاو دەکرێن. خۆ هەرکات مرۆڤ ئەم ویستەی خۆی بەرەو کاری چاکە و خێر ئاراستە کرد، خوای گەورە "خێر"ی بۆ بەدیدەهێنێت و، گەر بەرەو شەڕیش ئاراستەی کرد "شەڕ"ی بۆ بەدیدەهێنێت، گەر ویستی لەسەر بێت. تەنها پشتبەستنیشمان بە ڕەحمانییەت و ڕەحیمییەتی خوای گەورە ئێمەی بەرەو پڕکێشی و جورئەت کردن لەم حوکمەدا دایەبەر!

واتە ئێمە باوەڕمان وایە کە هەر کات ویستمان لەسەر ئەنجامدانی کردەوەی خێر بوو، ئەوا بە بێ گومانی خوای گەورە بەدیی دەهێنێت بۆمان. بەڵام هەندێ جار – بە لوتف و کەرەمی خۆی – ئەو "شەڕ"ە بەدی ناهێنێت کە ویستی مرۆڤی بۆ ئاراستە دەکرێت. بۆ نموونە: کەسێکی گومڕا دەیەوێت هەموو هۆکارێك بخاتە کار و مرۆڤێك

گومڕا بکات و لە ڕێ بیترازێنێت و، ئەمیش مەیلی دەچێت بەلای‌دا، بەڵام خوای گەورە نایەوێت لە ڕێ بترازێت و گومڕایی سەبارەت بەو بەدی‌ناهێنێت، لەبەر کردەوەیەکی چاکی ئەو مرۆڤە کە زووتر کردوویەتی، یان لە ئایندەدا دەیکات و زانستی خوا ئاگای لێ‌یەتی. تەنانەت هەندێ جار خوای گەورە تەگەرەیەك دروست دەکات کە بە هۆیەوە لەو کردەوە خراپە دووری دەخاتەوە. کە ئەمەش بەخششێکی پەروەردگاری‌یە. تەنانەت بەهەشت خۆیشی، لەبەر ئەوەی لە ڕوویەکەوە پەیوەندیی بە خستنەگەڕی ویستی مرۆڤەوە هەیە، ئەوا خوای گەورە ئەو شتانەی تێدا بەدی‌دەهێنێت کە بە نیاز و ناوی خێرەوە مرۆڤ ویستی لەسەریان بووە و، هەر هێندە بەسە کە مرۆڤ گوناهێکی وا گەورە ئەنجام نەدات کە هەموو خێرەکانی بسڕێتەوە و لە شایستەیی چاکە و بەخششی خوا بێ‌بەشی بکات.

* * *

پرسیاری نۆهەم

تکایە یاسای: "بەخششی خوای گەورە"(عطاء الله)مان بۆ ڕوون بکەرەوە.

وەڵام: بەخشش(العطاء) لە زماندا بە واتای لوتف و چاکە و بێ‌بەخشین دێت.

ئەوەش کە لەم مەسەلەیەدا پەیوەندیی بە باسەکەمانەوە بێت ئەو لایەنەی "عطــــاء"ە کە پەیوەندی بە قەزا و قەدەرەوە هەیە..

مرۆڤ گەر ویستی لەسەر کردەوەی خراپ بێت خوای گەورە ئەو کردەوە خراپەی بۆ تەقدیر دەکات، چونکە تەقدیراتی لەمەڕ مرۆڤ "ویستی مرۆڤ" ڕەچاو دەکات.

بۆ نموونە: گەر پێش ئەوەی دەستم بەرز بکەمەوە، "دەست بەرزکردنەوە"م بۆ تەقدیر کرابێت ئەوا لەبەر ئەوە بۆم تەقدیر کراوە کە زانستی ڕەها و هەمەلایەنگری خواوەند زانیویەتی من مەیل و ویستی خۆم بەرەو ئەو کارە دەخەمە گەڕ. چونکە سیفەتی "زانستی خوای گەورە" دەوراندەوری هەموو شتێکی، کە بووە یان دەبێت، تەنانەت دەوراندەوری زاتی مەزنی خواوەندیشی داوە. بۆیە دەزانێت من چ کارێك ئەنجام دەدەم، ئەویش لەسەر ئەو شێوەیە تەقدیری دەکات بۆم: (فلانە بەندەم مەیلی ئاراستەی بەرزکردنەوەی دەستی دەکات، منیش ئەو بەرزکردنەوەیەی لەو کاتەدا بۆ بەدی دەهێنم) یان (ئەمەم بەم جۆرە نووسیوە). کە ئەمەش بریتی‌یە لە "قەدەر". واتە نووسینی ئەمە بەم شێوەیە بریتی‌یە لە "قەدەر". بەڵام کاتێ کە دەستم بەرز دەکەمەوە ئەوە "قضاء"ە، واتە هێنانەدیی ئەو شتەیە کە پێشتر بۆم تەقدیر کرابوو.

بەڵام بەخشش(العطاء) دەتوانین بەم شێوەیەی خوارەوە لێی تێبگەین:

"بەندە" ویست و مەیلی خۆی بەرەو کردەوەی خراپە و شەڕ دەخاتە کار، بەڵام خوای گەورە بەخششێکی تایبەتیی بۆ دەخاتە کار و نایەڵێت گرفتاری ئەو خراپە و شەڕە ببێت، ئیتر چ لەبەر بارودۆخێکی باشی ئەو بەندەیەی بێت، یان لەبەر ئەوە بێت کە دڵێکی خاوێنی لە خۆدا هەڵگرتووە، یان لەبەر کردەوەیەکی باشی ئەو بەندەیەی، ئیتر بەم بۆنەیەوە ئەو شتە خراپەی کە بۆی تەقدیر کرابوو سەبارەت بەو تەنفیز و جێبەجێ ناکرێت. کەواتە: "عطاء" کاری لە "قەدەر"دا کرد و قەدەریش کاری لە "قضاء"دا کرد. بەڵام هەموو ئەمانە لە تۆماری کوژانەوە و نووسین(لوح المحو والإثبات)دا ڕوو دەدەن و، هەرگیز هیچ ئاڵوگۆڕێك لە زانستی خوادا ڕوو نادات. کەواتە تۆماری کوژانەوە و نووسین لە ڕوویەکەوە بریتییە لە دەفتەری کردەوەی تایبەت بە هەموو مرۆڤێك و، دەگونجێ ئاڵوگۆڕی تێدا ڕوو بدات. بەڵام هەرگیز ئاڵوگۆڕ لە "لەوحی مەحفووظ"دا ناکرێت.

"عطاء" لوتفێکی خواییە و، لوتفیش شایستەیی و ئەهلییەت ڕەچاو ناکات و بە مەرجی ناگرێت.

جا ئەگەر لەم گۆشەیەوە بڕوانینە مەسەلەکە، دەبینین کە هەرچی کردەوەی چاکمان هەیە هەموویان بەخششی خوای گەورەن.

* * *

لە دەمی بانگی عەسری ڕۆژی شەممەی ڕێکەوتی ٢٥/ڕەمەزانی/١٤١٨ کۆچی، بەرامبەر ١٩٩٨/١/٢٤ز خوای گەورە، بە عەتا و بەخشش و لوتفی خۆی، وەرگێڕانی ئەم کتێبە بەنرخەی لەسەر دەست ئاسان کردین. لە خوای گەورەی لێبوردەی میهرەبان دەلاڵێینەوە کە بە عەتاء و لوتفی خۆی ئەم کارەمان بە: "صەدەقەی جاریە" و "زانستی سوود لێ وەرگیراو" بۆ بنووسێت و بمانخاتە ڕیزی ئازادکراوانی مانگی ڕەمەزانی پیرۆزەوە. تکاشمان لە خوێنەری بەڕێز ئەوەیە کە لە پاش ملە دوعای خێر بە تایبەتی دوعای لێخۆشبوونمان لە حوزووری خوای گەورەدا بۆ بکات.

وصلى الله على سيدنا محمد وآله وصحبه أجمعين والحمد لله رب العالمين.

فاروق رسول يحيى

پوختەیەك لە ژیانی دانەر:

(مامۆستا محمد فتح الله گولەن)

☐ لە ساڵی ١٩٣٨ز دا لە گوندی "کۆروجوك"ی قەزای "پاسینلەر"ی سەر بە پارێزگای "ئەرزڕۆم" لە دایك بووە.

☐ باوکی ناوی مامۆستا "ڕامیز" و، ئیمامی مزگەوت بووە.. دایکیشی ناوی ڕەفیعەخان بووە.

☐ دووهەم منالی خێزانەکەیەتی کە هەشت منالبوون، شەشیان کوڕ و دوانیان کچ.

☐ لە تەمەنێکی بچووکدا هەموو قورئانی پیرۆزی لەبەر کردووە و، لە لای زانا بەناوبانگەکانی شاری ئەرزڕۆم بە تایبەت لای مامۆستا "عوسمان بەکتاش" وانەکانی خوێندووە. هەروەها ئامادەی وانەی گەورە پیاوانی تەصەووفی ناوچەکەیان بووە.

☐ چوار ساڵ پێش‌نوێژ و وتاربێژ بووە لە سێ مزگەوتی "ئەدیرنە"دا.

☐ دوای ماوەیەك لە "کرك لارەلی" بۆ ماوەی ساڵێك بە "واعیظ" دامەزراوە.

☐ لە ساڵی ١٩٦٦دا بە هەمان ئەرکی "واعیظ"ی ئەقلی ئیزمیر کراوە و، لە مزگەوتی "کەستانە پازاری" ئامۆژگاریی پێشکەشی خەڵکی کردووە و هاودەم لەگەڵ ئەوەش‌دا سەرپەرشتیی خولی فێربوونی قورئانی لە "کەستانە پازاری"دا کردووە. لەم ماوەیەدا و هەتا ساڵی ١٩٧١ وەکو واعیظی گەڕۆکی هەرێمەکە ، لەسەر وەعظ و ئامۆژگاری و وانە وتنەوە لە قەزا و ناحیەکانی هەرێمی "ئیجە"دا بەردەوام بووە.

☐ هەرچەندە لە بڕیارێکی ساڵی ١٩٧١دا لە کارەکەی دوور خرایەوە، بەڵام بە کەڵك وەرگرتنی لە یاسای لێبوردن گەڕایەوە بۆ سەر کارەکەی.

☐ دوابەدوای ئەم بڕیارە لە قەزای "ئەدرەمیت"ی سەربە شاری بالیکەسیر و لە شارۆچکەی "مانیسا"ش‌دا بەردەوام بووە لە جێبەجێ کردنی ئەرکی وەعظ و ئامۆژگاری، هەتا گواسترایەوە بۆ قەزای "بۆرنۆڤا"ی سەر بە پارێزگای ئیزمیر، ئنجا لەوێش هە تا ١٢/٩/١٩٨٠ لەم کارەی‌دا بەردەوام بوو.

❐ لە دەمی كوودەتای سەربازی و لە پاش كوودەتاكەشدا نزیكەی شەش ساڵ لە كارەكەی دابڕا، چونكە بڕیاری دەستگیركردنی درابوو. بەڵام لە ساڵی ١٩٨٦ لە ئەنجامی بڕیاری دادگای ئاسایشی دەوڵەت گەڕایەوە بۆ ژیانی ئاسایی خۆی.

❐ لەبەر داوایەكی زۆری خەڵكی، بێبەرامبەر، دەستی كردەوە بە وەعظ و ئامۆژگاری لە "ئیزمیر" و ئەستەمبووڵ هەتا ساڵی ١٩٩٢.

❐ جگە لە زمانی توركی، عەرەبی و فارسیش دەزانێت.

❐ لە چەندەها گۆڤار و ڕۆژنامەدا بابەتی بڵاو كردووەتەوە.

❐ ئەمەش ناوی هەندێكە لە بەرهەمە بڵاوكراوەكانی:

١ - بەرەو بەهەشتی نادیار.

٢ - چاخ و نەوە.

٣ - پارچە زێڕەكانی كات.

٤ - ئەو ڕۆژانەی پشوو بە بەهار دەدەن.

٥ - پێوانە، یان ڕووناكییەكانی ڕێگا (چوار بەرگ).

٦ - نووری بێ كۆتایی (سێ بەرگ).

٧ - لە سێبەری باوەڕدا (دوو بەرگ).

٨ - ژیانی دوای مردن.

٩ - كەوانەی ڕەنگەكان (دوو بەرگ).

١٠ - لە وەرزێكەوە بۆ وەرزێكی تر.

١١ - وەڵامی دوودڵییەكانی سەردەم (چوار بەرگ).

١٢ - تەپۆڵكە زمرووتییەكانی دڵ. (دوو بەرگ).

١٣ - قەدەر لە ڕووناكیی قورئان و سوننەتدا

١٤ - جیهاد، یان ئیعلای "كلمە اللە".

١٥ - دیوانێكی شیعر.

❐ وەعظ و ئامۆژگارییەكانی بە كاسێتی ئاسایی و كاسێتی ڤیدیۆ تۆمار كراون و، لە لایەن خەڵكییەوە سوودیان لێ وەردەگیرێت.

تا ئێستا دوو كتێب لەسەر ژیاننامە و بەسەرهاتەكانی بڵاوكراونەتەوە.

* * *

پێرستی بابەتەکان

بەشی یەکەم:
قەدەر و لایەنە جیاجیاکانی

باس	لاپەڕە
واتاکانی قەدەر لە "زمان" و "زاراوە"دا	١٢
ئەو قەدەرە "جەبری"یەی کە بەسەر گەردووندا زاڵە	١٤
قەدەر مەسەلەیەکی "ویجدانی"یە	١٩
ئەو دەستکەوتەی کە "ئیمان بە قەدەر" بە مرۆڤی دەبەخشێت	٢٠
"قەدەر" و "ویستی جوزئی" دژایەتییان لە نێواندا نییە	٢٢
"قەدەر" جۆرێکە لە "زانستی خوایی"	٢٣
ئەرکی سەرشانی "ویست"ی مرۆڤ	٢٦
ویستی خوای گەورە و.. ویستی مرۆڤ	٣٢
قەدەر لە ڕووناکیی ئایەتەکانی قورئان و فەرموودە پیرۆزەکاندا	٣٤

بەشی دووەم
پەیوەندیی "قەزا" بە "قەدەر"ەوە

باس	لاپەڕە
قەزا و قەدەر لە ڕووی "زانست"ی خواوەندەوە	٦٠
قەزا و قەدەر لەو ڕووەوە کە خوای گەورە هەموو شتێك دەنووسێت	٦٦
قەزا و قەدەر لە ڕووی "ویست"ی خواوەندەوە	٧٢
قەزا و قەدەر لە ڕووی بەدیهێنانەوە	٩٤

بەشی سێهەم
پەیوەندیی نێوان: قەدەر، ئیرادە، هیدایەت

باس	لاپەڕە
ئەو هیدایەتەی کە بەپێی خواستەکانی شەریعەتی فیطری لەکاردایە	٩٩
ئەو هیدایەتەی کە ویستی مرۆڤ ڕەچاو دەکات	١٠٥

بەشی چوارەم
چەند پرسیار و وەڵامێك لە بارەی "قەدەر"ەوە

پرسیاری یەکەم:

١ - مەبەست چییە لە: ﴿ألستُ بربّكم قالُوا بَلى﴾دا؟ ١١٠

پرسیاری دووهەم:
ئایا بەڵگەی عەقڵی هەیە لەسەر: ﴿ألستُ بربكم قالوا بلى﴾؟ ١١٦
پرسیاری سێهەم:
ئەو کەسەی گوناهـ دەكات، ئایا لەسەر بناغەی ویستە جوزئی‌یەكەی
خۆی دەیكات.. یان ئیرادەی كوللیی خوای گەورە
پاڵی پێوە دەنێت بۆ گوناهـكردن؟ ١٢١
پرسیاری چوارەم:
قورئانی پیرۆز دەفەرموێت: ﴿مَن يَهدِ اللهُ فهُو المهتَدِ ومَن يُضلِل فلن
تجدَ له وليّاًمُرشِداً﴾(الكهف:١٧). لە هەمان كاتدا خوای گەورە بیر و
زیری و ویستی بە مرۆڤ داوەو، هەردوو ڕێگاكەی پیشان داوە و سەربەستە
لە گرتنەبەری هەر كامیاندا. ئایا چۆن ئەم دوو شتە یەك ئەخەین؟ ١٢٤
پرسیاری پێنجەم:
كەسانێكی زۆر خوای گەورە سامانی زۆر و شان و شەرەفی بەرزی
پێ بەخشیون، كەسانێكی تریش گرفتاری ئازار و گیروگرفت و هەژاری و
نەخۆشی‌یەكان دەبن. ئایا ئەمانە بێ كەڵكن و، ئەوانی تریش خاوەند
خۆشی دەون ؟! ١٢٦
پرسیاری شەشەم:
بۆچی خوای گەورە بەندەكانی خۆی "یەكسان" دروست نەكردووە؟
ئەوەتا هەندێكیان كوێر و هەندێكیان شەلن؟ ١٢٩
پرسیاری حەوتەم:
٧ - ئەگەر زووتر كات و چۆنێتیی ئەجەل دەستنیشان كراوە، لیتر تاوانی
بابای "قاتل" چی‌یە؟ ١٣٥
پرسیاری هەشتەم:
"ئیرادەی كوللی" و "ئیرادەی جوزئی" چین؟ ١٤١
پرسیاری نۆهەم:
تكایە یاسای: "بەخششی خوای گەورە"(عطاء الله)مان بۆ ڕوون بكەرەوە ١٤٣

* * *

(پێڕستی ئایەتەکانی قورئانی پیرۆز)

کە لەم کتێبەدا هێنراون

بەپێی سوورەتەکانیان

سوورەت و ئایەت و ژمارەکەی — ژمارەی لاپەڕە

سوورەتی: (الفاتحة)

﴿غير المغضوب عليهم ولا الضالين﴾(الفاتحة:٧). ٩٨

سوورەتی: (البقرة)

﴿كُتبَ عَلَيكُمُ القِتَالُ وَهُوَ كُرْهٌ لَكُم وعَسى أن تَكرهُوا شَيئاً وَهُوَ خَيْرٌ لكم وَعَسى أن تحبوا شيئاً وَهُوَ شرٌّ لكم والله يَعْلَمُ وانتم لا تعلمون﴾(البقرة:٢١٦). ٦١

﴿تِلكَ الرُّسُل فَضَّلْنَا بَعْضَهُمْ عَلى بَعْضٍ مِنْهُمْ مَنْ كَلَّمَ الله وَرَفَعَ بَعْضَهُمْ دَرَجات وَآتَيْنَا عِيسى ابْنَ مَرْيَمَ الْبَيِّنَات وَأَيَّدْنَاهُ بِرُوحِ الْقُدُسِ وَلَوْ شَاءَ اللهُ مَا اقْتَتَلَ الَّذِينَ مِنْ بَعْدِهِم مِنْ بَعْدِ مَا جَاءَتْهُمُ الْبَيِّنَاتُ وَلكِنِ اخْتَلَفُوا فَمِنْهُمْ مَنْ آمَنَ وَمِنْهُمْ مَنْ كَفَرَ وَلَوْ شَاءَ اللهُ مَا اقْتَتَلُوا وَلكِنَّ اللهَ يَفْعَلُ مَا يُرِيْدُ﴾(البقرة:٢٥٣). ٧٤

﴿أم حَسِبْتُم أنْ تَدخُلوا الجَنَّةَ وَلَمَا يَأتِكُم مَثَلُ الَّذِين خَلَوْا من قَبلِكُم

مَسَّتْهُمُ البَأساءُ والضَّرَاءُ وَزُلْزِلُوا حتى يقُولَ الرَّسُولُ والَّذينَ آمنُوا مَعَهُ
مَتى نصرُ اللهِ ألا إنَّ نَصرَ اللهِ قَريبٌ﴾(البقرة:٢١٤). ٩٣
﴿هُدىً للمتقين﴾(البقرة:٢). ١٠٨
﴿أُولئكَ على هُدىً من ربِّهم﴾(البقرة:٥). ١٠٨
﴿لله مَا في السَّموات ومَا فِي الأرضِ وإنْ تُبْدُوا مَـا في أنفُسكُم أو
تُخفُوهُ يُحَاسِبْكُم بِهِ اللهُ فَيَغفِرُ لِمَنْ يشَاءُ وَيُعَذِّبُ مَنْ يَشَاءُ وَاللهُ عَلـى
كُلِّ شَيءٍ قَدِيرٌ﴾(البقرة:٢٨٤). ٨١

سوورەتی: (آل عمران)

﴿إنْ يَمْسَسْكُمْ قَرْحٌ فَقَدْ مَسَّ الْقَوْمَ قَرْحٌ مِثْلُهُ وَتِلْكَ الأَيَّامُ نُداوِلُها بَيْنَ
النَّاسِ وَلِيَعْلَمَ اللهُ الَّذِينَ آمَنُوا وَيَتَّخِذَ مِنكُمْ شُـهَداءَ واللهُ لا يُحِـبُّ
الظَّالِمِينَ﴾(آل عمران:١٤٠). ٧٦
﴿قُل اللَّهُمَّ مَالكَ الملكِ تُؤْتِي الملكَ مَن تَشَاءُ وَتَنْزِعُ الْمُلْكَ مِمَّنْ تشَاء
وتُعِزّ من تَشَاءُ وتُذِلُّ مَن تشَاءُ بِيَدِكَ الخَيرُ إنَّكَ علـى كُـلِّ شَـيءٍ
قَديرٌ﴾(آل عمران:٢٦). ٨٠
﴿ربَّنا لا تُزِغْ قُلوبَنَا بَعدَ إذْ هَدَيْتَنا وَهَبْ لَنا من لدُنكَ رَحْـمَةً إنـكَ
أنتَ الوَهَّاب﴾(آل عمران:٨). ٨٦

سوورەتی: (النساء)

﴿مَا أصَابَكَ مِن حَسَنَةٍ فَمِنَ اللهِ وَمَـا اَصَـابَكَ مِـن سَـيِّئَةٍ فَمِـن
نَفْسكَ﴾(النساء:٧٩). .... ٢١،٥٤
﴿إنْ يَشأْ يُذهِبْكُمْ أيُّها النَّاسُ وَيأْتِ بِآخَرِينَ وكانَ اللهُ علـى ذلـك
قديراً﴾(النساء:١٣٣). ٧٦
﴿إنَّ اللهَ لا يُحبُّ مَن كانَ مُختَالاً فَخُوراً﴾(النساء:٣٦). ٨٨
﴿رُسُـلاً مبشّرين ومنذرين لئَلاَّ يكونَ للنّاسِ على اللهِ حجـةٌ بعـد
الرُّسل وكانَ اللهُ عزيزاً حكيماً﴾(النساء:١٦٥). ١٠٦

سوورەتی: (المائدة)

﴿وَأنْزَلْنَا إلَيْكَ الْكِتابَ بالْحَقِّ مُصَدِّقًا لما بَيْنَ يَدَيْهِ مِنَ الْكِتَاب وَمُهَيْمِناً
عَلَيْهِ فَاحْكُمْ بَيْنَهُمْ بمَا أنْزَلَ اللهُ وَلا تَتَّبِعْ أهْواءَهُمْ عَمَّا جَـاءَكَ مِـنَ
الْحَقِّ لِكُلٍّ جَعَلْنَا مِنكُمْ شِرْعَةً وَمِنْهاجاً وَلَوْ شَاءَ اللهُ لَجَعَلَكُـمْ أُمَّـةً

وَاحِدةً وَلكِنْ لِيَبْلُوَكُمْ فِي مَــا آتــاكُم فاسْــتَبِقُوا الْخَــيْرَاتِ إِلى اللهِ
مَرْجعُكُمْ جَميعاً فَيُنَبِّئُكُمْ بِمَا كُنتُمْ فِيهِ تَخْتَلِفُونَ﴾(المائدة:٤٨). ٧٩
﴿يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمنوا مَنْ يَرتَدَّ مِنكُم عَن دِينه فَسَوفَ يَأْتِي اللهُ بقَــومٍ
يُحِبُّهُم وَيُحِبُونَهُ أذلَّةٍ عَلَى الْمُؤْمِنينَ أعِزَّة عَلى الكَافِرينَ يُجَــاهِدُونَ في
سَبِيلِ الله وَلا يَخَافُونَ لومَةَ لائِمٍ ذلكَ فَضْلُ الله يُؤتِيهِ مَن يَشَـــاءُ واللهُ
واسِعٌ عَليم﴾(المائدة:٥٤). ٧٧

سوورەتی: (الأنعام)

﴿وعِندَهُ مَفَاتِحُ الغَيب لا يَعلَمُهَا إلاّ هو ويَعلَمُ مَا فِي البَرِّ وَالبَحرِ ومَــا
تَسْقطُ مِن وَرَقَةٍ إلاّ يَعلَمُهَا ولا حَبَّةٍ فِي ظُلُماتِ الأرضِ وَلا رَطْــبٍ وَلا
يَابسٍ إلاّ في كتاب مُبين﴾(الأنعام:٥٩). .... ١٠٤،١٢
﴿وَمَا مِن دَابَّةٍ فِي الأرضِ وَلا طَائر يَطيرُ بجَنَاحَيهِ إلاّ أُمَمٌ أمثالُكُم مَــا
فَرَّطْنَا فِي الكِتَابِ مِن شَيءٍ ثُمَّ إلى رَبِّهِم يُحْشَرُونَ﴾(الأنعام:٣٨). ٧١
﴿وإنْ كانَ كَبُرَ عَليكَ إعْرَاضُهم فإنْ استَطَعْتَ أنْ تبتَغِــيَ نَفَقَــاً في
الأرضِ أو سُلَّماً فِي السَّمَاءِ فتَأْتِيَهُمْ بآيةٍ وَلَو شَاءَ الله لَجَمَعَهُم علَــى
الْهُدى فلا تَكُونَنّ منَ الْجَاهِلِينَ﴾(الأنعام:٣٥). ٧٥
﴿وَحَاجَّهُ قَومُه قَالَ أتحاجُونّي فِي الله وقَد هدان ولا أخَافُ مَا تُشرِكُونَ
بِهِ إلاّ أن يشَــاء رَبِّي شَــيئاً وَسِــعَ ربي كُــلَّ شَــيءٍ عِلمــاً أفَــلا
تَتَذَكَّرُونَ﴾(الأنعام: ٨٠). ٨٣
﴿إنهُ لا يُحِبُّ الْمُسرفِينَ﴾(الأنعام:١٤١). ٨٨
﴿فَمَن يُرِد اللهُ أنْ يَهْدِيَهُ يَشْرَحْ صَدْرَهُ لِلإسلام وَمَنْ يُرِدْ أنْ يُضِلَّــهُ
يَجْعَلْ صَدْرَهُ ضَيِّقاً حَرَجاً كَأنّمَا يَصَّعَّدُ فِي السَّماءِ كَذَلكَ يَجعَــلُ اللهُ
الرِّجْسَ عَلى الَّذِينَ لا يُؤمِنُونَ﴾(الأنعام:١٢٥). ٩٠
﴿ويعلمُ ما في البرّ والبحر وما تسقط من ورقة إلاّ يعلمُها ولاحبّــة في
ظلمات الأرض ولا رطبٍ ولا يابسٍ إلاّ في كتاب مبين﴾(الأنعام:٥٩). ١٣٢

سوورەتی: (الأعراف)

﴿وإذ أخذَ ربُّكَ مِن بَني آدمَ مِن ظُهورهِم ذُرِّيَّتَهُم وَأشْــهَدَهُم علــى
أنفُسِــهِم ألَستُ بِرَبِّكُم قَالُوا بَلى شَهِدنا أن تقولوا يوم القيامة إنّا كنّــا
عن هذا غافلين ﴿ أو تقولوا إنما أشركَ آباؤنا من قَبل وكنّا ذرية مــن

بعدهم أفتهلكنا بما فَعَل الْمُبطِلون﴾(الاعراف:١٧٢-١٧٣). .... ١١٧،٤٥
﴿أَلَستُ بِربِّكُم﴾(الاعراف:١٧٢). ... . ٥٠،٤٧،٤٦
،١١٠،٥١،
،١١٧،١١٦
١٢١،١١٩
﴿قُلْ لا أملكُ لِنَفسي نَفعاً وَلاضَراً إلاَّ مَا شَاءَ اللهُ وَلَو كُنتُ أعلَمُ الغَيبَ لاستَكثَرتُ مِنَ الخَيرِ وَمَا مَسَّنِي السُوءُ إنْ أنَا إلاَّ نَذيرٌ وبَشيرٌ لِقَومٍ يُؤْمِنُونَ﴾(الاعراف:١٨٨). ٨١
﴿ألا لهُ الْخَلْقُ والأمْرُ تَبَارَكَ اللهُ رَبُّ الْعَالَمِين﴾(الاعراف:٥٤). ٨٧
﴿إنه لا يحبُّ المعتَدين﴾(الأعراف:٥٥). ٨٨
﴿إنَّ الله لايَأمُر بالفَحْشَاءِ﴾(الأعراف:٢٨). ٨٩

سوورەتی: (يونس)

﴿قُل لا أملكُ لِنَفْسِي ضَرّاً وَلانَفعاً إلاَّ مَا شَاءَ الله، لِكُلِّ أُمَّةٍ أَجَلٌ اِذَا جَاءَ أَجَلُهُم لا يَستَأخِرُونَ سَاعَةً وَلا يَستَقدِمُونَ﴾(يونس:٤٩). ١٣
﴿ولَو شَاءَ رَبُّكَ لآمَنَ مَنْ فِي الأرضِ كُلُّهُم جَميعاً أفَأنتَ تُكرهُ النَاسَ حَتَّى يكُونُوا مُؤْمِنِينَ﴾(يونس:٩٩). ٧٥
﴿واللهُ يدعُوا إلى دار السلام ويَهدِي مَن يشَاء إلى صِراطٍ مُستقيم﴾(يونس:٢٥). ١٠٧

سوورەتی: (هود)

﴿قَالُوا يَا نُوحُ قَدْ جَادَلْتَنَا فَأكْثَرتَ جِدَالَنَا فَأْتِنَا بِما تَعِدُنَا إنْ كُنتَ مِنَ الصَادقين﴾(هود:٣٢). ٨٢
﴿قالَ إنَّما يأتيكُم بِهِ اللهُ إنْ شَاءَ ومَا أنْتُمْ بمُعْجزِين ﴿ وَلا ينفَعُكُم نُصْحِي إنْ أردتُ أنْ أنصحَ لكم إنْ كَانَ اللهُ يُرِيدُ أنْ يُغوِيَكُم هو ربُّكم وإليهِ تُرجَعُونَ﴾(هود:٣٤-٣٣). ٨٠

سوورەتی: (يوسف)

﴿أُدخُلُوا مصرَ إنْ شَاءَ اللهُ آمِنِينَ﴾(يوسف:٩٩). ٧٤
﴿كَذَلك لِنَصْرِفَ عَنهُ السُّوءَ والفَحشَاءَ إنَّهُ مِن عِبَادِنَا الْمُخْلَصِينَ﴾(يوسف:٢٤). ٩٦

سوورەتی: (الرعد)

﴿الله يَعلَمُ مَا تَحْمِلُ كُلُّ أنثى وَمَا تَغِيضُ الأرحَامُ ومَا تَزدَادُ وَكُلُّ شَيءٍ عِندَهُ بمِقْدَار ۞ عَالِمُ الغيبِ وَالشَّهَادَةِ الكَبيرُ المُتَعَال ۞ سَواءٌ مِنكُم مَن أسَرَّ القَول وَمَنْ جَهَرَ بِهِ وَمَنْ هُوَ مُستَخفٍ بِالليلِ وَسَاربٌ بالنَّهَارِ﴾(الرعد:٨-١٠). ١١٤
﴿إنَّ الله لا يُغَيِّر مَا بِقَومٍ حتى يُغَيِّرُوا مَا بأنفُسِهم﴾(الرعد:١١). .... ٨٩،٦٩
﴿الذين آمنوا وتطمئن قلوبُهم بذِكرِ الله ألا بذِكرِ الله تطمئنُ القلوب﴾(الرعد:٢٨). ١٢٠

سوورەتی: (الحجر)

﴿وَإنْ مِن شَيءٍ إلا عِنْدَنَا خَزَائِنُهُ وَمَانُنَزِّلُهُ إلاّ بِقَدَرٍ مَعْلُومٍ﴾(الحجر:٢١). ١٤

سوورەتی: (النحل)

﴿وأوحى ربُّكَ إلى النَّحلِ أنِ اتَّخِذِي مِنَ الجِبَالِ بيُوتاً ومِنَ الشَّجَرِ ومِمَّا يَعرِشُونَ﴾(النحل:٦٨). ١٠٠
﴿إنَّ الله مع الذينَ اتَّقَوا والَّذِينَ هُم مُحسِنُونَ﴾(النحل:١٢٨). ٣٩

سوورەتی: (الإسراء)

﴿وَكُلَّ إنْسَانٍ ألزَمْنَاهُ طائِرَهُ في عُنُقِهِ ونُخرِجُ لَهُ يَومَ القِيَامَةِ كِتَاباً يَلْقَاهُ مَنْشُوراً﴾(الإسراء:١٣). .... ٦٦،٢٥
﴿ربُّكم أعْلَمُ بكُم إنْ يَشَأْ يَرْحَمْكُم أو إنْ يَشَأْ يُعَذِّبْكُم وَمَا أرسَلنَاكَ عَلَيهِم وَكِيلاً﴾(الإسراء:٥٤). ٨١
﴿وإذا أرَدْنَا أنْ نُهلِكَ قَرْيَةً أمَرْنَا مُتْرَفِيها فَفَسَقُوا فيها فَحَقَّ عَلَيْهَا القَوْلُ فَدَمَّرْنَاهَا تَدْمِيراً﴾(الإسراء:١٦). ٨٨
﴿ومَن يَهدِ الله فَهُوَ المهتَدِ﴾(الإسراء:٩٧). ٩٧
﴿وَما كُنَّا مُعذِّبِينَ حتى نَبعَثَ رَسُولاً﴾(الإسراء:١٥). ١٠٦

سوورەتی: (الكهف)

﴿وَلاتقُولَنَّ لِشَيءٍ إنّي فاعلٌ ذلكَ غداً ۞ إلاّ أن يشَاءَ الله واذْكُر رَبَّكَ إذا نَسِيتَ وَقُل عَسَى أن يَهدِيَن رَبِي لأقرَبَ مِن هَذا رَشَداً﴾(الكهف:٢٣-٢٤). ٧٢

﴿إنَّكَ لَنْ تَستَطِيعَ مَعِيَ صَبْراً﴾(الكهف:٦٧). ٨٤
﴿ستجدُني إن شاءَ اللهُ صابراً ولا أعصي لك أمراً﴾(الكهف:٦٩). ٨٤
﴿مَن يَهْدِ الله فهُوَ المُهتَدِ ومَن يُضْلِل فلَن تَجِدَ لَه وَلِيّاً مُرشِداً﴾(الكهف:١٧). .... ٩٧،١٢٤
﴿المالُ والبنون زينةُ الحياة الدنيا﴾(الكهف:٤٦). ١٢٧

سوورەتی: (الأنبياء)

﴿إنَّكم ومَا تعبُدونَ مِن دُونِ الله حَصَبُ جَهنَّمَ أنتُمْ لهَا وارِدُونَ﴾(الانبياء:٩٨). .... ٥٥،٥٦
﴿إنَّ الذينَ سَبَقتْ لهُم مِنا الحسنى أولئِكَ عنهَا مُبعَدُونَ﴾(الانبياء:١٠١). ٥٦
﴿ولَقد كَتَبْنا في الزّبورِ مِن بَعدِ الذِّكرِ أنَّ الأرضَ يرِثُهَا عِبادِيَ الصَّالحُونَ﴾(الانبياء:١٠٥). ٦٧

سوورەتی: (النور)

﴿وَعَدَ الله الَّذِينَ آمَنُوا مِنكُم وَعَمِلُوا الصَّالِحَاتِ لَيَسْتَخْلِفَنَّهُم في الأرضِ كمَا استَخْلفَ الَّذِينَ مِن قَبلِهِمْ وَلَيُمَكِّنَنَّ لَهُمْ دِينَهُم الَّذِي ارْتَضَى لَهُم وَلَيُبَدِّلَنَّهُمْ مِنْ بَعْدِ خَوْفِهِم أمْناً يَعبُدُونَني لا يُشرِكُونَ بي شَيئاً وَمَن كَفَرَ بَعْدَ ذلكَ فأُولَئِكَ هُمُ الفَاسِقُونَ﴾(النور:٥٥). ٧٠

سوورەتی: (النمل)

﴿وَمَا مِنْ غَائِبَةٍ في السَّمَاءِ والأرضِ إلاَّ في كِتَابٍ مُبِينٍ﴾(النمل:٧٥). ١٣
﴿حتى إذا أتَوْا على وَادِ النَّملِ قَالَت نَملَةٌ يا أيُّهَا النَّمْلُ ادْخُلُوا مَسَاكِنَكُم لا يَحْطِمَنَّكُم سُلَيمَانُ وَجُنُودُه وَهُم لا يَشعُرُونَ﴾(النمل:١٨). ١٠٢

سوورەتی: (القصص)

﴿إنَّ اللهَ لا يحبُّ المُفسِدينَ﴾(القصص:٧٧). ٨٨
﴿إنما أوتيتُه على عِلمٍ عِندي﴾(القصص:٧٨). ٤٠

سوورەتی: (الروم)

﴿لا تَبديلَ لخَلقِ اللهِ﴾(الروم:٣٠). ٦٩

سوورەتی: (فاطر)

﴿إنَّا أرسلْناكَ بالحق بشيراً ونذيراً وإنْ مِن أُمَّةٍ إلاَّ خَلا فيها

نذير﴾(فاطر:٢٤). ١٠٦

سوورەتی: (يس)

﴿إنّا نَحْنُ نُحيِي الْمَوتَى وَنَكتُبُ مَا قَدَّمُوا وآثـارَهُم وكُـلَّ شَـيءٍ
أحْصَيناهُ في إمَامٍ مُبينٍ﴾(يس:١٢). .... ١٣،٧١

سوورەتی: (الصافات)

﴿وَاللهُ خَلَقَكُمْ وَمَا تَعمَلونَ﴾(الصافات:٩٦). .... ٢٠،٣١،٩٤،
١٢٢

﴿يَا أبَتِ افْعَل مَا تُؤْمَرُ﴾(الصافات:١٠٢). ٨٤

﴿ستَجِدُنـي إنْ شَاءَ اللهُ مِنَ الصَّابِرينَ﴾(الصافات:١٠٢). ٨٤

سوورەتی: (الزمر)

﴿ولا يَرضَى لِعبَاده الكُفْرَ﴾(الزمر:٧). ٨٨

﴿ومَـن يَـهدِ اللهُ فمَـا لـهُ مِـن مُضِـل ألَيـسَ اللهُ بعَزيـزٍ ذِي
إنتِقَام﴾(الزمر:٣٧). ٩٧

سوورەتی: (فصلت)

﴿وأما ثمودُ فهدَيناهم فاستحبُّوا العمى على الهُدى فأخذَتْهُم صاعِقَـةُ
العذابِ الهُونِ بما كانوا يكْسِبون﴾(فصلت:١٧). ١٠٥

سوورەتی: (الشورى)

﴿وكَذلكَ أوحَينَا إلَيكَ رُوحاً مِن أمرِنَا مَا كُنتَ تَدري مَا الكِتَابُ وَلا
الإيمَانُ ولكن جَعَلنَاهُ نُوراً نَهدِي به مَن نشَاءُ مِن عِبَادِنَا وَإنَّكَ لَتَـهدِي
الى صِرَاطٍ مُستَقِيم ۞ صِرَاطِ اللهِ الذي لهُ مَا في السَّـموات ومَـا في
الأرضِ ألاَ إلى اللهِ تَصيرُ الأمور﴾(الشورى:٥٢-٥٣). ١٠٨

سوورەتی: (ق)

﴿ولَقَدْ خَلَقنَا الإنسَانَ ونَعلَمُ مَا تُوَسْوِسُ بهِ نَفسُهُ ونَحْنُ أقْرَبُ إليهِ من
حَبلِ الوَرِيدِ﴾(ق:١٦). ٨١

سوورەتی: (النجم)

﴿وأنْ ليسَ لِلإنسَانِ إلاّ مَا سَعَى﴾(النجم:٣٩). ٢٢

سوورەتی: (الرحمن)

﴿وَالسَّمَاءَ رَفَعَهَا وَوَضَعَ المِيزَانَ﴾(الرحمن:٧). ١٥

سوورەتی: (الحديد)

﴿مَا أَصَابَ مِن مُصِيبَةٍ فِي الأَرضِ وَلَا فِي أَنْفُسِكُم إلاّ فِي كِتَابٍ مِن قَبلِ أن نَبْرَأَهَا إنَّ ذَلِكَ عَلَى اللهِ يَسِيرٌ﴾(الحديد:٢٢). ٣٤

سوورەتی: (الملك)

﴿وَيَقُولُونَ مَتى هَذا الوَعْدُ إنْ كُنتُم صَادقِينَ ۞ قُل إنَّمَا العِلْمُ عِنْدَ اللهِ وَإنَّمَا أَنَا نَذِيرٌ مُبِينٌ﴾(الملك:٢٥-٢٦). ١٣

﴿الذي خَلق الموتَ والحياةَ ليبلوكُم أيّكُم أحسنُ عَملاً﴾(الملك:٢). ١٣١

سوورەتی: (المدثر)

﴿سأُرهقه صَعُوداً﴾(المدثر:١٧). ٤١

﴿كَلاّ إنَّهُ تَذكِرَة ۞ فَمَنْ شَاءَ ذَكَرهُ ۞ وَمَا يَذكرُونَ إلاّ أنْ يَشَاءَ اللهُ هوَ أَهلُ التَّقوَى وأهلُ المَغفِرَة﴾(المدثر:٥٤-٥٦). ٥٥

﴿كَأنَّهُم حُمُرٌ مُستَنفِرَةٌ ۞ فَرَّتْ مِنْ قَسْوَرَة﴾(المدثر:٤٩-٥٠). ٩١

سوورەتی: (الإنسان)

﴿وَمَا تَشَاؤُونَ إلاّ أَنْ يَشَاءَ اللهُ﴾(الإنسان:٣٠). .... ١٢٣،٧٣،٥٤

سوورەتی: (الانفطار)

﴿كِرَاماً كاتِبِينَ ۞ يعلَمُونَ مَا تفعَلُونَ﴾(الانفطار:١١-١٢). ٦٦

﴿إنَّ الأبرارَ لفي نَعيمٍ ۞ وإنَّ الفُجَّارَ لفي جَحيمٍ﴾(الانفطار:١٣-١٤). ٤٤

سوورەتی: (البروج)

﴿بَل هُوَ قُرآنٌ مَجيدٌ ۞ فِي لَوحٍ مَحفُوظ﴾(البروج:٢١-٢٢). ١٣

﴿فَعَّالٌ لِمَا يُرِيد﴾(البروج :١٦). .... ١٤٢،٨٠،١٩

سوورەتی: (الليل)

﴿فَأَمّا مَن أعطَى وَاتقَى ۞ وَصَدّقَ بالحُسنَى ۞ فَسَنُيَسِّرُهُ لليُسرَى ۞ وَأَمّا مَن بَخِلَ واستَغنَى ۞ وَكَذّبَ بالحُسنى ۞ فَسَنُيَسِّرُهُ للعُسرَى﴾(الليل:٥-١٠). ٣٩

(پێرستی فەرمودە پیرۆزەکان)

کە لەم کتێبەدا هاتوون

بەپێی یەکەم پیتیان

گەلێ فەرمودەی پیرۆز لەم کتێبەدا هێنراون و لە پەراوێزەکاندا تەخریجێکی پوختیان بۆ دانراوە. هەندێك لەو فەرمودانەش واتاکەیان بە کوردی و لەوانی تریش دەقەکانیان بە عەرەبی نووسراوە. جا ئەم پێرستە تەنها ئەم بەشەی دوایی دەگرێتەوە. (وەرگێڕ)

دەقی فەرمودەکە	لاپەڕەکەی

پیتی (أ)

(اعملوا؛ فكلٌّ مُيَسَّرٌ لِما خُلِقَ له: أمَّا أهلُ السعادة فَيُيَسَّرُونَ لِعملِ أهلِ السعادة، وأمَّا أهلُ الشَّقاوةِ فَيُيَسَّرُونَ لِعملِ أهلِ الشقاوة). ٣٨-٣٩

(إرمِ فداكَ أبي وأمي). ٥٩

(ألا وإن في الجسد مُضغةً إذا صَلحت صَلح الجسد كله وإذا فسدت فسد الجسد كله ألا وهي القلب)! ٩٦

(اللهم! أحسِنْ عاقبَتَنا في الأمورِ كُلِّها وأجِرْنا مِنْ خِزيِ الدنيا وعذابِ الآخرة). ٣٩

(اللَّهم إني أستخيرُكَ بِعلمكَ وأستَقدرُكَ بقُدرَتِكَ وأسألكَ مِن فَضلِكَ

العظيم، فإنَّكَ تقدِرُ ولا أقدر وتَعلم ولا أعلَم وأنتَ علاَّمُ الغُيوب. اللّهُم إن كنتَ تَعلَمُ أن هذا الأمرَ خيرٌ لي في ديني ومَعاشِي وعَاقبَةِ أمري أو قَال عَاجلِ أمري وآجله فاقدره لي ويسّره لي ثم بارك لي فيه، وإن كنتَ تعلم أن هذا الأمر شرٌّ لي في ديني ومَعاشي وعَاقبة أمري أو عاجل أمري وآجله فاصرفهُ عَني واصرفني عَنهُ واقدر لي الخيرَ حيثُ كانَ ثُم رَضّني بهِ). ٩٥
(اللّهُم لامَانعَ لما أعطَيتَ وَلا مُعطِيَ لِمَا مَنَعتَ وَلا يَنفَعُ ذَا الجَدِّ مِنكَ الجَدّ).. ٩٧
(اللّهُم يا مُقَلّبَ القُلُوب ثَبّتْ قَلْبِي على دِينِكَ). ٨٦
(إنّ الله تعالى صانعُ كُلِّ صانعٍ وصنعَتَهُ). ٩٤
(إنّ الله يعطي المالَ مَنْ يُحِبُّ ومن لا يحب، ولا يُؤتِي الإيمانَ إلاّ من أحبَّ. فإذا أحبَّ الله عبداً أعطاه الإيمانَ). ١٢٧

پیتی (ب)

(بُعِثْتُ مُبَلِّغاً أنا وداعياً وليس إلَيَّ من الهدى شيءٌ، وَخُلِقَ إبليسُ مُزَيِّناً وَمُبْغِياً وليس إليه من الضلالة شيءٌ). ١٠٩

پیتی (ش)

(الشقيُّ مَن شَقِيَ في بطنِ أمِّهِ والسَّعيدُ مَنْ سَعِدَ في بطنِها). ٥١

پیتی (ك)

(كتبَ اللهُ مقاديرَ الخلائقِ قبلَ أنْ يخلقَ السموات والأرض بخمسين ألف سنة. قال: وعرشه على الماء). ٣٥
(كُلُّ مَولودٍ يولَدُ على الفِطرة، ثُمَّ أبواهُ يُهَوِّدانهِ أو يُنَصِّرانهِ أو يُمَجِّسانهِ). ٤٧
(كانَ اللهُ ولَم يكنْ شيءٌ غيرَه، وكان عرشُه على الماءِ، وكتبَ في الذكرِ كُلَّ شيء، وخلَقَ السَّموات والأرضَ). ٧١
(كَمْ مِنْ أشعَثَ أغبَرَ ذي طمرينِ - صاحبِ ثوبين - لا يُؤبَهُ لهُ، لو أقسمَ على الله لأبَرَّهُ، منهُمْ البرّاءُ بنُ مالِكٍ)! ١٢٨

پیتی (م)

(ما شاءَ اللهُ كان وما لم يشأ لم يكن). .... ٧٤، ١٤٢
(ما منكم من أحدٍ، ما من نفسٍ منفوسةٍ، إلاّ وقد كتبَ اللهُ مكانها من الجنةِ والنار، إلاّ وقد كُتِبَتْ شقِيَّةً أو سعيدةً). .... ٣٨، ٦١
(مَنْ عَرَفَ نَفسَهُ فقد عرفَ ربَّهُ). .... ٤٩، ١١١

پیتی (لا)

(لا إله إلا الله وحده لا شريك له له الملك وله الحمد وهو على كل شيء قدير). ٣٨

پیتی (ی)

يا بني! إنك لن تجِدَ طعمَ حقيقة الإيمان حتى تعلمَ أنَّ ما أصابَكَ لم يكنْ لِيُخطِئَكَ وما أخطأَكَ لم يكنْ لِيُصيبَكَ. سمعْتُ رسول الله ﷺ يقولُ: (إنَّ أوَّل ما خلَقَ اللهُ القَلَمَ، فقال اكتبْ. قالَ: رَبِّ وماذا أكتُبُ؟ قالَ: اكتبْ مقاديرَ كلِّ شيءٍ حتى تقومَ السّاعة). يا بنيّ! إنّي سمعتُ رسول الله ﷺ يقولُ: (مَنْ ماتَ على غيرِ هذا فَلَيسَ مِنّي). ٣٦

(يا غلام! إنّي أعلِّمُكَ كلمات: احفظِ اللهَ يحفظْكَ، احفظِ اللهَ تجدْهُ تجاهَكَ، إذا سألتَ فاسألِ اللهَ وإذا استعنتَ فاستَعِنْ باللهِ. واعلم أنَّ الأمةَ لو اجتمعَتْ على أنْ ينفعوكَ بشيءٍ لم ينفعوك إلاّ بشيءٍ قد كتبَهُ اللهُ لكَ، ولو اجتمعوا على أنْ يضرُّوك بشيءٍ لم يضرُّوك إلاّ بشيءٍ قد كتبَهُ اللهُ عليكَ، رُفِعَتِ الأقلامُ وجفَّتِ الصُّحُفُ). ٣٦

* * *

تێبینییەك:

ئەم بەرهەمەی کە ئێستا لە بەردەستی خوێنەری بەڕێزدایە چەند دەستێکی ڕەنگین بەشداریی ئیجابی و لەبەرچاویان لە قۆناغەکانی ئامادەکردنیدا کردووە. جا هەرچەند من گومانم لەوەدا نییە کە حەز بە ناوهێنانیان ناکەن و قبووڵبوونی لای خوای گەورەیان سەروزیادە، بەڵام وەك ئەمەکدارییەك وا ناوی هەندێکیان دەنووسین و، هیواداریشین لای خوای گەورە پاداشتێکیان بدرێتەوە کە شایانی کەرەمی خواوەند بێت:

کاك شازاد: نووسینەوەی ڕەشنووس و پاکنووسی ئەم کتێبە.

کاك هۆشیار: تایپی کۆمپیوتەر.

کاك شێخ خالید: لەگەڵ ئەو دوو ناوبراوەدا هاوبەشیی ورد و لەسەرخۆی لە بژارکردن و هەڵەگیریی چاپ و پێداچوونەوەیدا کردووە.

کاك ئەحمەد: پوختە ژیانەکەی دانەری لە زمانی تورکییەوە کرد بە کوردی.

خێرەومەندێکیش – کە داوای کرد ناوی نەهێنم – ئەرکی چاپی گرتەئەستۆ.

* * *

القدر

في ضوء الكتاب والسنة

ألفه باللغة التركية العالم الفاضل الشيخ:

محمد فتح الله گولَن

نقله من التركية إلى العربية الأستاذ:

إحسان قاسم الصالحي

ترجمه من العربية إلى اللغة الكردية:

فاروق رسول يحيـــى

* * *

ژمارەی سپاردن (١٢٥) ساڵی (٢٠٠١)

چاپخانەی (نـــازە / هـەولێر)

ئەم کتێبە

لەو کاتەوە کە مرۆڤ لەسەر ئەم هەسارەیەدا خۆی بینیوەتەوە و بیری لە دیاردەکانی دەوروبەری کردووەتەوە، دەیان پرسیاری لەبارەی "قەدەر" و "ویست"ی خوای گەورە و "ویست"ی مرۆڤەوە لە لا گەڵاڵە بوون. ئایینی ئیسلامیش لە ناوەندی ئایەتەکانی قورئانی پیرۆز و سوننەتی خاوێنی پێغەمبەرەوە ﷺ وەڵامی ئەو پرسیارانەی مرۆڤی داوەتەوە و لە سەرسامی‌یەکانی ڕزگاری کردووە.

ئەم کتێبەش هەوڵێکی پێشکەوتووە لە خستنەڕووی ئەو لایەنەی قورئان و سوونەتدا بۆ مرۆڤی بەویژدانی هاوچەرخ ، بە تایبەت لە وەڵامی ئەو پرسیارانەی کە زیاتر لەم سەردەمەدا ورووژێنراون و لە بێ‌ئاگایی و نەشارەزایی مرۆڤەوە لە سروشتی پەیوەندیی نێوان بەندە و خواوەندی پەروەردگارەوە سەرچاوەیان گرتووە.